# ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان و خەڵکی بۆکان
# لە سەردەمی موسەدیق



٢٠١٩ی زایینی

www.rojhalat.de

www.bokan.de

سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە (NNS ROJ)

http://www.nnsroj.com

# پێرست:

پێشەکییەکی کورت ........................................................................ ٣
پێشکێشە بە یادی ئەمیر حەسەنپوور ............................................................. ٥
بابەتی یەك: ڕاپەڕینی جووتیاران........................................................................ ٨
بابەتی دوو: ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان........................................................ ١٠
بابەتی سێ: ڕا پەڕینی جووتیارانی دەوروبەری بۆکان و مەهاباد ........................ ٢١
بابەتی چوار: ڕاپەڕینی جوتیارانی ناوچەی بۆکان ........................................ ٢٤
بابەتی پێنج: یادی٥٠ ساڵەی جوڵانەوەی جوتیارانی بۆکان ............................ ٢٩
بابەتی شەش:ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ ی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵابەگی ........ ٣١
بابەتی حەوت: ڕاپەڕینی وەرزێران لە ناوچەی موکریان..................................... ٣٨
بابەتی هەشت: « بەڵگەنامەیەك» سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵابەگی بۆکان................. ٤٥
بابەتی نۆ: راپە رینی جوتیاریی سالی ١٣٣١ بە ریوایە تی "حە مە دە مین شە شە"................................. ٥٢
بابەتی دە: بزووتنەوەی وەرزێرانی کورد ( ١٩٥٣-١٩٥٢) : لایەنێکی وونبوو لە خەباتی کورد لە ئێران دا ........ ٦٦
بابەتی یازدە: راپەڕینی وەرزێرانی موکریان لە ١٣٣١-١٣٣٢ (١٩٥٢-١٩٥٣) دا: پرۆژەی لێکۆڵینەوەیێك ........ ٩٩
بابەتی دوازدە: مشتومڕی مامۆستا و قوتابییەك سەبارەت بە ڕاپەڕینێکی مێژوویی ................................ ١٤٦
بابەتی سێزدە: هەڤپەیڤین لەگەڵ ئالان حەسەنیان لە سەر: بزووتنەوەی وەرزێران لە موکریان ٥٣ - ١٩٥٢ ....... ١٦٣

**پێشەکییەکی کورت**

ئامادەکار و ڕێکخەری ئەم وتارانە، ڕێزدار حەسەنی قازییە کە بۆ ڕێزگرتن لە یادی نەمر مامۆستا ئەمیری حەسەنپوور ماوەیەک دوای مەرگی ئەو بلیمەتە کوردە، گردوکۆی کردن و لە سەر ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ(NNS ROJ) بڵاوی کردنەوە. ئێمەش لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان بەهۆی گرنگایەتی باسەکەوە، بە باشمان زانی جارێکی دیکە سەرجەم وتارەکان بڵاو بکەینەوە و ئەم پێشەکییەی لێ زیاد بکەین.

وتارەکان لە دەوری تەوەرێکی دیاریکراو دەگەڕێن، ئەویش تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکی قووڵی چینایەتی بوو لە لایەن ڕەشایی و وەرزێرانی کوردەوە، کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٣١ەوە تا کۆتاییەکانی هاوینی ساڵی ١٣٣٢ ی هەتاوی (١٩٥٣ ی زایینی)دا سەرەتا لە بەشی فەیزوڵڵابەگی ڕۆژهەڵاتی بۆکان و سەقز سەریهەڵدا، ئینجا مەشخەڵی ڕاپەڕین بەرەو باکووری ئەو ناوچەیە کشا و لە هەندێک شوێنی دیکەی موکریان گڕی سەند کە یەکیان ناوچەی شارویرانی نێوان میاندواو و مەهاباد بوو.

دیارە ئەو تەقینەوەیەی ناوچەی فەیزوڵڵابەگیش دیاردەیەکی بە هەڵکەوت و بێ بنەما نەبوو و سەرچاوەکەی کێشەیەکی چینایەتی مێژوویی بوو کە بە درێژایی ساڵانێکی زۆر لە ناو شاری بۆکان کەوتبوە نێوان ڕەعیەت و خاوەن مڵکەکانی شارەوە و لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بە بێ چارەسەر مابووەوە.

لە ڕاستیدا مەشخەڵی ڕاپەڕینەکانی فەیزوڵڵابەگی و شوێنەکانی دیکەی موکریانیش لە ماکی ئەو ئاگرە سوورەی خەباتی خەڵکی ناو شاری بۆکان دژ بە خاوەن مڵکەکانی شار سەری هەڵدا بوو. هەر لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنێکیش سەبارەت بەو ڕاپەڕینە وەرزێرییانەی ساڵی ١٩٥٣ ی پانتایی ناوچەکە بەڕێوە بچێت، بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەو بنەما سەرەکییە کە خەباتی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ناوشاری بۆکان بێت، هەڵە و بێ بنەما دەبێت.

وتارەکان لە شوێن و ڕێکەوتی جیاجیا و لەلایەن کەسانی جیاوازەوە نووسراون. ئامانجی هەرکام لە نووسەران دەبێ تیشک خستنە سەر لایەنە تاریکەکانی ئەو ڕووداوە مێژووییەی کۆتاییەکانی سیستەمی ئابووری- کۆمەڵایەتیی فیئۆدالیتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بێت، بەڵام بە هۆی نەبوونی سەرچاوەی نووسراو و لێکۆڵینەوەی زانستییانەوە، نووسەران تەنیا پشتیان بە بیرەوەری شەخسی یان گێڕانەوەی کەسانی هاوسەردەمی خۆیان لە گوندێک و شار و شاروچکەیەکی دوور لەوانیتر بەستووە و ئەوە خۆی بۆتە هۆکار بۆ جیاوازیی بیروڕا و تەنانەت بەرپەرچدانەوەی جاربەجاری هەواڵە ڕاگەیێنراوەکانی نووسەرانی تر.

نەمر کاک ئەمیر، وەک دەستپێشخەری لێکۆڵینەوەکە، لە عەینی کۆکردنەوەی بابەتەکان، خەریکی هەڵسەنگاندن و ئەنجام وەرگرتن لە بیروڕا جیاوازەکان بە مێتۆدێکی زانستییانەی دوور لە ڕقەبەریی تاکەکەسی و حزبی و دەمارگیریی ناوچەیی بوو و بەختەوەرانە پێش ئەوەی مەرگێکی بێ وادە بەرۆکی بگرێت، کتێبێکی بە ناوەرۆکی هەمان ئەو ڕووداوانەوە بە زمانی فارسی گەڵاڵە کرد و ئێستا، وەک لە سەرەتاکەی مامۆستا حەسەنی قازیدا ڕاگەیێنراوە، هەموو ئەوانەی وا گرنگایەتی بەو

خەباتە مەزنە چینایەتییەی ڕەعیەتی کورد لە ناوچەکە دەدەن، چاوەڕوانی دەرکەوتنی کتێبەکەن بۆ ئەوەی شێوەی کاری مامۆستا ئەمیر لە هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان و دەوری کەسایەتییە شۆڕشگێرەکانی ئەو خەباتە مەزنە بە چاو ببینن و ڕاستەقینەی ڕووداوەکان لە زمان ئەوەوە بژنەون.

ئاشکرایە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئەم وتارانەدا زانیاری سەبارەت بە ناوەڕۆکی ڕاپەڕینەکە و جوغرافیای ڕووداوەکان گەلێک کەم بوو و سەرچاوەش بە ڕادەی ئەمڕۆ لەبەر دەستدا نەبوو. هەر بۆیە دوور نییە هەڵە وپەلە کەوتبێتە نووسراوەکانەوە.

کتێبەکەی کاک ئەمیر بە فارسی نووسراوە و جێی خۆی دەبێت دەست بەجێ لە لایەن کەس یان کەسانی شارەزای بابەتەکەوە بکرێتە کوردی و بکەوێتە بەردەستی نەوەی نوێی گەلەکەمان بۆئەوەی ئاگاداری ڕابردووی پڕ لە چەرمەسەریٚ و زوڵم و زۆری باو وباپیرانیان لە ژێر دەستی دەرەبەگ و خاوەن مڵکە چەوسێنەرەکان بن.

ئەوە ئێوە و هەموو ئەو ١٣ وتارەی وا مامۆستا حەسەنی قازی گردوکۆی کردوون، بە بێ دەست تێوەردان.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان

٢٠١٩/٠٤/٢٩

## پێشکێشه به یادی ئەمیر حەسەنپوور

بەو زووانە لێکۆڵینەوە بە نرخەکەی ماموستای نەمر ئەمیر حەسەنپوور سەبارەت بە ڕاپەینی وەرزێرانی کورد لە ساڵانی ١٩٥٢ – ١٩٥٣ دا بڵاو دەبێتەوە. ئەو لێکۆڵینەوەیە کە حەسەنپوور بە ساڵانی درێژ مادە و کەرەستەی بۆ کۆ دەکردەوە بڕیارە لە ٢ بەرگ دا بە زمانی فارسی بڵاو بێتەوە و بە پێی زانیاری تا مانگێکی دی کاری ئێدیت کردنی تەواو دەبێ. پێشتر لە مانگی ژووییەی ساڵی ٢٠١٦ کاک ئەمیر بابەتێکی بە زمانی کوردی بۆ ناساندنی ئەم کارە بە ناوی 'ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان لە ١٣٣١ – ١٣٣٢ ( ١٩٥٢ – ١٩٥٣) دا: پڕۆژەی لێکۆڵینەوەیێك ' نووسی کە بڕیار بوو هەر ئەم ساڵە لە ژمارەی ١ی گۆ واری ' دەروازە ' دا بە ئەلفوبێی لاتینی بڵاو بێتەوە. بەڵام لەبەر وەدوا کەوتنی بڵاو بوونەوەی ئەو گۆوارە بابەتەکە لە مانگی مەی ٢٠١٧ لە ژمارەی ١-ی دەروازە دا دەرکەوت. وابزانم ئەمن یەك لەو کەسانە بووم کە ماموستا لە ٢٧ی ژووییەی ٢٠١٦ بەر لە بڵاو بوونەوە نووسینەکەی خۆی بۆ نارد بوم و داوای لێ کردبووم بیخوێنمەوە و بۆچوونی خۆمی بۆ بنووسم، منیش دەستبەجێ خوێندمەوە و وولامم بۆ نووسییەوە کە لێرە بە دوای بابەتەکەی حەسەنپوور دا ئەو نووسینە کورتە و ناوەرۆکی ئی مەیلەکەی ویش دادەنێم.

ئەمن وای بۆ دەچم بە بڵاو بوونەوەی لێکۆڵینەوەکەی حەسەنپوور مێژووی ئەو بڕگەیە لە خەباتی زەحمەتکێشانی کورد لە زۆر ڕووەوە ڕوون دەبێتەوە. لەو ساڵانەی دواییدا بە بڵاو بوونەوەی دوو بەرگ کتێب لە سەر بۆکان * نووسینی نەمر ڕەحمان محەمەدیان زۆر بەڵگەی شاراوە بۆ یەکەمجار پێیان زاندراوە. بە خۆشییەوە حەسەنپوور لەو سەرچاوە بەنرخەش کەلکی وەرگرتووە. حەولم داوە ئەوەی لەو بارەیەوە نوسراوە ، لێرە بە سەریەکەوە بڵاو کەمەوە، بەڵام هەر ئەوانەی خوارەوەم کەوتووەتە بەرچاو و بە پێی بەرواری بڵاو بوونەوەیان پێشکێش دەکرێن.

حەسەن قازی

٩-سێپتامبری ٢٠١٨

**بابەتەکان**

١-هێمن، موکریانی . ڕاپەڕینی وەرزێران، کورتەیەك لە سەر ئەو ڕاپەڕینە لە پێشەکی ' تاریك و ڕوون ' دا ١٣٥٣ی هەتاوی / ١٩٧٤ی زایینی

٢-کەریم ،حسامی . 'ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان ' ، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی – یەکەم، ١٩٨٦

٣- د.عەبدولڕەحمان، قاسملو . ' ڕاپەڕینی جووتیارانی دەوروبەری بۆکان و مەهاباد ' لە چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی دا ١٣٧٠ی هەتاوی / ١٩٩٠ ی زایینی

٤-غەنی، بلوریان . ' ڕاپەڕینی جوتیارانی ناوچەی بۆکان ' لە ' ئاڵە کۆك، بەسەرهاتی ژیانم ' دا ١٩٧٧ ،

٥- ح.س.سۆران / 'یادی ٥٠ ساڵەی جوڵانەوەی جوتیارانی بۆکان ' ، ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات، ٢٠٠٢

٦- ئەنوەر،سوڵتانی. ' ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵا بەگی( بە بۆنەی یادی ٥٠ ساڵەی ئەو ڕاپەڕینە شکۆدارە ) ، گۆواری گزینگ ، ژمارەی ٣٦، پاییزی ٢٠٠٢

٧- عومەر، عەسری. ڕاپەڕینی وەرزێران لە ناوچەی موکریان ، گۆواری گزینگ ژمارەی ٣٧، زستانی ٢٠٠٣

٨- ئەنوەر، سوڵتانی. نووسین و وەرگێران ، ' "بەڵگەنامەیەك" سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵابەگی بۆکان، گزینگ ژمارەی ٣٨ ، بەهاری ٢٠٠٣

٩- حەمەدەمین، شەشە. ڕاپەڕینی جوتیاریی ساڵی ١٣٣١، حەوتوونامەی پەیامی کوردستان. مارسی ٢٠٠٥ پەیامی ئەمیر حەسەنپوور بە بۆنەی کۆظی دوایی حەمەدەمین شەشە.

١٠- ئالان، حەسەنیان. بزووتنەوەی وەرزێرانی کورد ( ١٩٥٣ – ١٩٥٢) : لایەنێکی وونبوو لە خەباتی کورد لە ئێراندا ، بە زمانی ئینگلیسی، ٢٠١٦. وەرگێرانی کوردی حەسەن قازی، ٢٠١٨

١١- ئەمیر،حەسەنپوور. ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان لە ١٣٣١ – ١٣٣٢ ( ١٩٥٢ – ١٩٥٣) دا: پڕۆژەی لێکۆڵینەوەیێك. گۆواری دەروازە، ژمارەی ١، مەی ٢٠١٧ بە ئەلفوبێی لاتینی ( ئەو بابەتە لە ساڵی ٢٠١٦ نوسراوە) نامەی من بۆ حەسەنپوور ٢٨ی ژووییەی ٢٠١٦ وولامی حەسەنپوور بۆ من ، ٢٩ی ژووییەی ٢٠١٦

١٢- ئەنوەر سوڵتانی ، مشتومڕی مامۆستا و قوتابییەك سەبارەت بە ڕاپەڕینێکی مێژووی ، گۆواری دەروازە، ژمارە ٢. ئاوریلی ٢٠١٨

١٣- هەڤپەیڤینی ئالان حەسەنیان و حەسەن قازی لەسەر : بزووتنەوەی وەرزێران لە موکریان ٥٣- ١٩٥٢ ، بەرنامەی ڕاوێژ، تێلێڤیزۆنی ستێرك، بەرواری ئاستە کردن ١٢ی ئووتی ٢٠١٨/ بڵاو بوونەوە ١٩ی ئووتی ٢٠١٨

*محەممەدیان، رەحمان. بۆکان لە سەدەی بیستەم دا. بەرگی یەکەم. تهران: کولە پشتی، ١٣٨٩ (٢٠١٠).

بۆکان لە سەدەی بیستەم دا: مێژوو، سیاسەت، فەرهەنگ، ئەدەب. بەرگی دوو. تهران: کولە پشتی، ١٣٩٤ (٢٠١٥).

## بابەتی یەك: ڕاپەڕینی جووتیاران

### هێمن



... بە درێژایی حکوومەتی دوکتور موسەدیق کۆنەپەرستی لە ئێران دا بەرەو کەم هێزی دەچوو و لە هێندێك جێگا دا تەواو بێ دەسەڵات بوو. بەڵام بە داخەوە لە کوردستان دا هەرچەند هێز و گوڕی جارانی نەبوو هێشتا بە تەواوی لێ نەکەتبوو، ئەڕتەش بە پشتیوانی دەرەبەگەکانی خۆ وڵاتی زۆر جار بەرەنگاری خەباتی گەلی کورد دەبوو و زەبری لێ دەوەشاند.

جووتیارەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٣١ ــ ١٩٥٢ دا لە دژی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی دەرەبەگەکان ڕاپەڕین و بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستانی ئێران دا ناتەبایی چینایەتی گەیشتە ڕادەی تەقینەوە و چینی چەوساوەی وڵاتەکەمان بۆ ماوەیەکی کورت لە بەشێکی کوردستان دا توانی بە سەر چینی دەستەڵات دار دا زاڵ بێ.

جووتیارەکان هەر بە هێزی خۆیان توانیان لە بەری فەیزوڵابەگیان و چۆمی بۆکان و چۆمی مەجید خان و شامات و بەشێکی محاڵ بێ خوێن ڕێژی و ئازار دان و خراپە لەگەڵ کردن ئاغاکان لە گوندەکان دەر بکەن و بە خاو و خێزانەوە لە شاری بۆکانیان پەسێون و لەوێش دا گەمارۆیان بدەن و بە پەلە خەریکی چەکدار بوون بن.

بێ گومان ئەگەر لەو سەردەمەدا ڕابەرایەتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان درووشمی خەباتی چەکدارانەی هەڵبگرتبایە و ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی هەبایە و جڵەوی ئەو ڕاپەڕینەی بە دەستەوە گرتبایە و چین و توێژەکانی دیکەی بۆ یارمەتی و پشتیوانی جوتیاران هان دابایە ،ئەو ڕاپەڕینە زۆر زوو دەبوو بە ناوەندی شۆڕش . شۆڕشێکی ڕەسەن و بەرین، شۆڕشێکی سەرانسەری کوردستان و لە وانە بوو زۆر زوو بتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکڕات دا بچەسپێنێ و جووتیارانی کوردستان ڕزگار بکا. داخی گرانم ئەو هەلە لەبارە و ئەو دەرفەتە باشە کەلکی لێ وەرنەگیرا .بێ ئەزموونی خۆمان پتر لە هەموو هۆیەك شۆڕشی کوردستانی ئێرانی وەدوا

خست. چین و توێژەکانی دیکەی کوردستان یارمەتی ڕاپەڕینی جووتیارانی کوردستانیان نەدا و دەستیان لە سەر دەست دانا.

سەرتیپ موزەفەری فەرماندەی تیپی مەهاباد بە سوپا و لەشکر و تانك و تۆپەوە بە هاواری دەرەبەگەکانەوە چوو و ڕاپەڕینی جووتیاران و وەرزێرانی زۆر بێ ڕەحمانە و بە توندی سەرکوت کرد.

دەرەبەگەکانی فەیزوڵابەگی و دێبۆکری بە پشتیوانی ئەرتەش و یارمەتی قوڵە ئاغاکانی محاڵ و شارویران لە وەرزێران وەخۆ کەوتن. لێ یان دان، دەریان کردن ، تاڵانیان کردن و کوشتیانن و لاشەی دەیان وەرزێری شۆڕشگێر و تێکۆشەریان بە چۆمی بۆکان دادا.

## بابەتی دوو: ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان

کەریم حیسامی



جووڵانەوەی کرێکاری و وەرزێری لە سەرانسەری ئێران پەرەی دەگرت. پێ بە پێی خەباتی دژی ئیمپریالیستی و دژی کۆمپانییەکانی نەوت و دژی دەربار کە حیزبی توودەی ئێران پێشقەرەوڵ و هاندەر و رێبەری بوو ، لە کوردستانیش خەبات دژی زوڵم و زۆری دەرەبەگان پەرەی دەگرت. و وەرزێری کورد چاوی دەکراوە. دەیویست خۆ لە چنگ ژێر دەستی دەرەبەگان ڕزگار بکا. ە هەر وەك گوترا ئێمە لەو هەلە دەرفەتمان وەرنەگرت و جارێك مەسەلەی نەتەوایەتیمان نەهێنا گۆڕێ و لەگەڵ خەباتی کۆمەڵایەتی تێکەڵمان نەکرد. ح حیزبی توودەش بە جارێك لەو سەر دەمە دا مەسەلەی نەتەوایەتی خستە پشت گوێ و باسی نەکرد.

لە مانگی بەفرانباری ١٣٣١ (١٩٥٢) کۆمیتەکانی وەرزێری لە ژێر ڕێنوێنی ڕێکخراوەکانی حیزب بۆ کورت کردنەوەی دەستی دەرەبەگان کەوتنە کار. ێ ئەمجار ئیبتیکاری جوانیان بە کار دەهێنا. ل لە مزگەوت دەبوونەوە سوێندیان کە خەیانەت بە یەکتر نەکەن. پ پووڵیان کۆ دەکردەوە بۆ شکایەت و هاتوچۆی شار و کێشە و هەرای ژاندارم. ل لەم خەباتە دا زۆر لە مەلاکانی کوردستان دەوری جوان و پیرۆزیان هەبوو. ڕ ڕۆژنامەکانی تاران دەیان نووسی کوردستان بۆتە کۆمۆنیستی.

لە گوندی " گۆل" ناوچەی محاڵی یەختەچی زەماوەند ساز دەکرێ، ماڵە برایماغای قارەمانی کە یەکێك لە دەرەبەگە ناسراوەکانی جاسووس و سەر بە دەربار بوو دەیانەوێ بیانوو بە مەلا عەوڵای مەلای گوند بگرن و بە زۆری کیژی مەلا بەرنە نێو شایی. و وەرزێران لێ یان وەخۆ دەکەون و

ماڵە ئاغا پەلامار دەدەن . ئ ئاغاكان لە گوند دەردەكەن. دەرەبەگەكانی ناوچە خەریك دەبن بە هاواری برایماغاوە بێن كۆمیتەكانی حیزب لەو مەڵبەندە داوای لە وەرزێران كرد كە هەر خاوەن مڵكێكی بە هاواری برایماغاوە بچێ، لە گوند دەری بكەن . وەرزێران لە سەرانسەری ناوچە لە دەرەبەگان وەخۆ كەوتن. گ گوندەكانی " گۆل، مەڵالەر، عەمبار، ناچیت ، شاریكەند، ڕەحیم خان و ناوچەی فەیزوڵابەگیان " ناوەندی ڕاپەڕینی وەرزێری بوو. لەهەموو گوندێك ئاغاكانیان وەدەرنان. دەربەگەكان پەنایان بۆ بۆكان برد و شاری بۆكان بوو بە مەكۆ و پەنای دەرەبەگە هەڵاتووەكان. و وەرزێران بۆ دیفاع دەستەی چەكداریان پێك دەهێنا. بە داخەوە كۆمیتەی سەركردەیی لە مەهاباد و ڕێبەرانی حیزبی توودەش نەیانتوانی ڕاپەڕین بە هێز بكەن و بۆ لای شۆڕشێكی ڕاستەقینە پاڵی پێوە نێن. ك كۆمیتەی مەهاباد غەنی بلووریان و عەزیزی یۆسفی كردە مەعموور كە بگەنە ناوەندی ڕاپەڕین و ڕێبەرایەتی بكەن. ب بەڵام ئەوان لە میاندواوە دەچنە تەورێز و لەوێوە دەچنە كرماشان و لە تاران سەریان هێنا دەر. س سەرتیپ موزەفەری فەرماندەی سوپای مەهاباد لەشكری بە تانك و تۆپەوە بە هاواری دەرەبەگانەوە . ق قاسم ئاغای ئێلخانی زادە سەرۆكایەتی دەرەبەگە هەڵا تووەكانی گرتە دەست و چەكی لە ژاندارمە وەرگرت و بە پشتیوانی تانك و تۆپی لەشكر، وەرزێران سەركوت كرا. د دەرەبەگ و كۆنەپەرستی ناوچە لە هەموو لایەك لە وەرزێران وەخۆ كەوتن. محێیدینی بابانزادە لە دۆستاڵی پەنا سابڵاخەوە بۆ سەركوت كردنی ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی بۆكان كەوتە ڕێ و دەستی گڵاوی بە خوێنی وەرزێران سوور كرد. ئ ئەم گوندانەی كە خاوەن مڵكەكانیان لە ترسی وەرزێران ڕایان كرد بوو كەوتنە بەر پەلامار و هێرشی دەرەبەگ و ژاندارم. د دەستیان كرد بە كوشتار و تاڵانی وەرزێران . م منداڵی بەرمەمكانیان بە بێشكەوە خستبوە چۆمی تەتەهوو، لە ناوچەی شامات خەڵك بێشكەی منالی خنكاو و تەرمی كوژراوەكانیان دەگرتەوە. ه لە هەموو ناوچە مەلاكانیان لە گوندی وەدەر دەنا و وەرزێرە سەربزێوەكانیان دەر دەكرد. د دەرەبەگەكانی ناوچەی بۆكان و بەشی بەگزادە مەڕ و گاڕانی تاڵان كراوی وەرزێرەكانیان دەنارد بۆ بازاڕی مەحمەد یار لە سندووس بیفرۆشن.

كۆمیتەی نەغەدە كۆبوونەوەی تەواوی لە ئەندامان پێك هێنا و پاش لێكۆڵینەوەی ڕووداوەكان ئەم بڕیارانەی ژێرەوەی پەسند كرد و هەر یەك شەو لە سەرانسەری سندووس بە ڕێكخراو و كۆمیتەكانی حیزبی ڕاگەیاند.

١-شانە و ڕێكخراوەكانی حیزبی لەگەڵ كۆمیتەكانی وەرزێری لەو پەڕی وریایی و ئامادەیی دا بن و هەموو خەبەر و جم و جووڵی دەرەبەگەكان بۆ كۆمیتەی نەغەدە بنێرن.

٢-هێزی بەرگری لە لاوان پێك بێنن و شەو و ڕۆژ لە ئامادەیی و كێشك دا بن.

٣-ئەو گوندانەی ئاغایان لێ نیشتەجێ نیە، ڕێگا مەدەن كە ئاغا بێتە نێو گوند.

٤-برادەرانی گوندەكانی " قەرە قەسساب و خەلیفەلیان و مەمەلیان " لە سەر ڕێگاكانی " شەڕگە و زینوێ باراملووان" كێشك بكێشن و مەڕ و ماڵاتی تاڵان كراوی وەرزێرەكانی ناوچەی بۆكان و یەختەچی كە بۆ بازاری مەحمەد یار بێ، بیهەستێنن و بیهێنن بۆ نەغەدە و تەحویلی كۆمیتەی نەغەدەی بدەن. ق قادری سۆفی هەمزە لە قەرەقەسساب بە مەسئولی ئەم بەشە دیاری دەكرێ.

٥- هاوڕێیانی حیزبی لەگەڵ كۆمیتەكانی وەرزێری خەریكی كۆ كردنەوەی یارمەتی پیتاك بۆ لێقەوماو و دەركراوەكانی ناوچەی بۆكان.

٦- هەموو ڕێکخراو و ئەندامانی کۆمیتە پێوەندی دائمی یان لەگەڵ مەسئوولی تەشکیلات هەبێ. "

ماڵەکەی من وەك مزگەوتی لێ هات. شەو ورۆژ لە سەرانسەری ناوچەوە برادەران دەهاتن و خەبەریان دەهێنا. لە زۆربەی گوندەکان ئاغان لە ژووری دا وەك حەپس وا بوون و نەدەهاتنە دەر. ب چاوەڕوان بووین کە لە مەهابادەوە دەستووری ڕاپەڕین بدرێ. ب بۆ ئەوە جم و جووڵەکە تۆزێ لە بەر چاوی ژاندارم ون بێ، برادەران بڕیاریان دا بۆ چەند ڕۆژ من نەیەمە نەغەدە و هەر لە باڵغچی بم. کا حەمەدی قادریش لەگەڵ من بێ. تازە ژنم هێنا بوو ڕۆژێك دایك و بابم لە ماڵ نەبوون لەگەڵ خێزانم دانیشتبووین پێکەوە نانمان دەخوارد . ل لە پڕ هاوڕێیەکی خەڵکی گۆلێ وەژوور کەوت . کە ئێمەی دیت پێکەوە نان دەخۆین حەبەسا. کوتم وەرە پێش بۆ وا مات بووی. دانیشت و نان و چای خوارد و وەڵامی نامەکانی وەرگرتەوە و ڕۆیی. کە چوو بووە بە برادەرانی : هەرئەومان پیاو لە نێو دابوو ئەویش هیچ. "

پرسیبوویان بۆ چ بوە ؟

-چون کە چوومە ژوور لەگەڵ ژنەکەی نانی دەخوارد

برادەرانی قەرەقەسساب و خەلیفەلیان نیزیکەی ٥٠٠ سەر مەڕ و ڕەشەوڵاخیان لە نۆکەر و چڵکاوخۆری دەرەبەگان ئەستاند بوو کە هێنا بوویان لە بازار بیفرۆشن. ل لە نەغەدە دوو کاروانسەرامان دیاری کرد بوون ئەم ئاژەڵ و ماڵاتەمان لە وێ ڕادەگرت و خەبەرمان دا بە مەهاباد کە ڕابگەیەنن خاوەنەکان بێن مەڕو ماڵاتیان بەرنەوە. ئەوانەی بۆ فرۆشتنیان هێنا بوون لە نەغەدە بە گرتنمان دان.

دەرەبەگەکانی لاجان و سندووس و شنۆ ناوچەیان بە جێ هێشتبوو چووبوونە ورمێ. ك کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی شارستانی ورمێ بڕیاری دابوو کە هێندێ لەو کەسانە بگرێ کە لایان وا بوو ئاژاوە دەنێنەوە. فەرماندەی ژاندارمەری ورـی و جێگری فەرماندەی ژاندارمە و بەخشدار و سەرۆکی ئیدارەکان کۆبوونەوەیان هەبوو.

من وەك هەواڵدەری ڕۆژنامە چوومە بەخشداری و چوومە دیوی کۆبوونەوە. فەرماندەی گوردانی ژاندارمە پرسی: " ئاغای حیسامی کارێکت هەبوو؟

-ویستم بزانم جەنابت بۆ هاتۆتە نەغەدە؟ بۆ پێشگیری لە کوشتار و تاڵانی وەرزێرانی ناوچەی بۆکان چ هەنگاوێکتان ناوە؟

-فەرموو تەشریفت ناوێك لەو دیوە دابنیشی وڵامەکانت ئەدەمەوە.

چوومە دیوەکەی تر و چایەکیان بۆ هێنام چام خواردەوە و گروبانێك و دوو ژاندارم هاتنە ژوور و گوتیان: " ئاغای حیسامی  فەرموو بۆ ئیدارەی ژاندارمە.

- من کارم بە ئیدارەی ژاندارمە نیە بۆچی دێم ؟

- تۆ حەپسی و فەرموو بۆ ئیدارە.

چار نەبوو وەپێشیان کەوتم و لە ئیدارەی ژاندارمە خستیانمە زیندانەوە . زۆری پێ نەچوو یەك یەك و دوو دوو برادەرانی کۆمیتە و هێندێ هاوڕێی تێکۆشەری دیکەشیان هێنان. گیراوەکان بریتی بوون لە :

کاك حەمەدی قادری ، مستەفای ئاغا مەجید، کاك سەعدە، ئەحمەد حەڵەب، مەحموود حەڵەب، سدیقی عەلائی ، حەمەدی خانمی ، هەمزە ئاشەوان، محەمەدی سۆفی ڕەسوو، قاسمی پینەچی .

هەموویان لە ژوورێك دا کۆ کردینەوە. شەو لە ماڵەوە ڕا نان و پێ خەفیان بۆ هێناین. بەیانی چوارشەمۆ  و ڕۆژی بازاڕی نەغەدە بوو. ئوتوبۆسێکیان هێنا و گوتیان نەفەری سی تمەن بدەن بۆ ورمێ تان دەبەین.

- هیچ نادەین. ئێوە دەمان بەن بۆ ورمێ ، پووڵی ئوتوبۆشیش بدەن .

ئاجودان هات گوتی : " ئیدارە بودجەی نیە. دەبێ خۆتان کرێی ئوتوبۆس بدەن. دەنا بە پێ دەتان نێرین. "

- پێمان خۆشە  بە پێ بمان نێرن. دەبێ بیست أاندارمەمان لەگەڵ بێت. دە ڕۆژ بەڕێوە دەبین. لە ڕێگا خەڵك دەمان بینێ ، هەر ئەوەمان دەوێ.

چەقەیەکی زۆری کرد جوابمان نەداوە. برێك جنێوی بە فەرماندەی ژاندارم دا و سواری ئوتوبۆس بووین. بە شۆفێری ئوتوبۆسم گوت ناسیار بوو، لە نێو بازاڕ ڕایگرێ هێندێ پووڵ لە برادەرێك وەردەگرم.

گەیشتینە نێو بازاڕ و ئوتوبۆسی ڕاگرت. خەڵك بە جارێك لێمان کۆ بووەوە. من لە ئوتوبۆس دەر و چوومە سەر پێشی ئوتوبۆسەکە. سەودا و مامڵە ڕاوەستا و لە دەورمان کۆ بوونەوە. ژاندارم هاتنە خوار و لە چەخماخی تفەنگیان دا و گوتیان  وەرە خوار. گوێم نەدانێ و دەستم پێکرد.

" برایانی بەڕێز زەحمەتکێشانی شار و گوند! وەك دەبینن حکوومەتی دوکتور مصدق لە هەموو  شوێنێ پشتیوانی لە دەرەبەگەکان دەکات. ئێستا بە پشتیوانی لەشکری مەهاباد بە تانك و تۆپەوە چوونە سەر وەرزێرانی  ناوچەی بۆکان و فەیزوڵا بەگی . ئەو زەحمەتکێشانەی داوای مافی ژیانیان

دەکرد و دەیانگوت با ئاغا چیدی نرمان چەوسێننەوە خراونە بەر هێرشی چەکدار و لێ یان کوژراوە و تاڵان کراون. ئێمە لێرە ٥٠٠ سەر مەڕ و ماڵاتی تاڵانکراومان ئەستاندۆتەوە و خەبەرمان داوە بێن وەری گرنەوە. ئاغاکانی سندووس و لاجان و شنۆ ئێستا لە ورمێ کۆ بوونەوە و داوای چەکیان کردووە کە لەم وڵاتەش ئەو تاوانە دووپاتە بکرێتەوە. ئێمە کە بەرهەڵستی ئەم جنایەتەمان دەکرد و پشتیوانیمان لە ماف و خەباتی ئێوە زەحمەتکێشان دەکرد ئەوە گرتوویانین و بۆ ورمێ مان دەبەن. بەڵام نابێ ئێوە بێڵن بە گرتنی ئێمە خەبات ڕاوەستێ. دەبێ کۆمیتەی وەرزێران کە دامەزراوە بە هێزتری بکەن. پشتی یەك بگرن. لە تێلگرافخانە شکایەت بکەن. برادەرانی ئێمە زۆر لە دەرێ ماون و لە گەڵ ئەوان هاوکاری بکەن ."

ژاندارم کردیانە هەرا و هاواریان برد بۆ ژاندەرمەری. ئاجودان هات. گەیشتێ من قسەکانم دەهات تەواو بن . یەك دوو جار گوتی: " تکا دەکەم وەرە خوارە" . هایمە خوار. دوو برادەر ١٧٠ تمەنیان هێنا گوتیان ئێستا لێرە کۆمان کردۆتەوە. ئوتوبۆس لە نێو شوعار دان و چەپڵەڕێزان دا کەوتە ڕێ.

گەیشتینە ورمێ. لە گاراژ دابەزین و بە پێ بە شەقام دا ژاندارمە وەپێش خۆیانیان داین. خەڵکی ورمێ لەو بەر ئەوبەری شەقام ڕاوەستا بوون و سەیریان دەکرد. یازدە کەس بە جلی کوردی لایان وابوو داخوا ڕێگرن. بە ژاندارمەکانم گوت با بە فایتوون بچین لە خوڵایان دەویست.

فایتوونێکم ڕاگرت و سەرکەوتم. تا فایتوونی تر دەهات دەبوایە ڕاوەستین. لە سەر فایتوون هەستام و بە ترکی ڕووم کردە خەڵك و گوتم: " هاونیشتمانانی ئازەربایجانی پێتان وا نەبێ ئێمە لە سەر دزی یا شەڕ و کێشە گیراوین . ئێمەیان بە تاوانی دیفاع لە مافی زەحمەتکێشان و پشتیوانی لە خەباتی وەرزێران گرتووە. لە بۆکان دەرەبەگ و ژاندارم و لەشکرد دەیان وەرزێریان کوشتوە و تاڵانیان کردوون . نەك هەر لە کوردستان لە سەرانسەری ئێران ئازادیخواز کەوتوونە بەر پەلاماری حکوومەت . ئێستا ٢٥ تێکۆشەری خەڵکی ورمێ لە زیندان دان ئێمەش بۆ لای ئەوان دەبەن. ژاندارمەکان کردیانە هەرا و فایتون هاتن و بردیانین بۆ ئیدارەی ژاندارمە.

دوو ڕۆژ لە ژاندارمەری ڕایان گرتین و بێ ئەوەی کە هیچمان لێ بپرسن. ڕۆژی سێهەم کردمان بە هەرا و گوتمان: " ژاندارم هەقی نیە ئێمە ڕابگرێ نەمان بەن بۆ دادسەر نان ناخۆین. دوای نیوەڕۆ بردیانین بۆ دادسەرا و قازی بڕیاری ڕاگرتنمانی دا.

ئێمەیان برد بۆ زیندانی شارەوانی. کاتێك ئێمە گەیشتینە زیندان ٢٥ هاوڕێی ئازەربایجانی لە زیندان ئازاد دەکران . لێفە و دۆشەگ و قاپوقاچاخ و هەموو ستومەکی پێ یان بوو بۆ ئێمەیان بە جێ هێشت. ئەو دەم زیندانی سیاسی ڕۆژی ١٧ قڕان جیرەیان دەدایە. نان و چێشتیان لە زیندان دا بۆ خۆ دروست دەکرد. ڕۆژێ بە دەیان کەس دەهاتە مولاقات، پۆلیس هەموو شتێکی پێویستی بۆ زیندانی دەکڕی. زیندان کتێبخانەی هەبوو، کتێبی باش دەهاتنە زیندان و لە واقیع دا مەکتەبێکی سیاسی بوو. دوو ڕۆژ بێدەنگ دانیشتن و ڕۆژی سێهەم پاش نانی بەیانی گوتم: " کاغەز و قەڵەم بێنن تا شکایەت بکەین و تێلگراف بکەین بۆ مصدق و بۆ ڕۆژنامەکان و بۆ شوێنە بەرزەکانی دەوڵەتی. بزانین ئێمەیان لە سەر چی گرتوە؟ " .

کا حەمەدی قادری بە ڕەحمەت بێ گوتی: " دەتەوێ چبکەی؟ نووسینی چی؟
-تێلگراف بکەین شکایەت بکەین خۆ نابێ هەر وا بێدەنگ دابنیشین.

-هەر سێك تەڵاقم کەوێ قەڵەمی پێدا ناهێنی لێمان گەڕێ با تۆزێك بحەسێینەوە و یەك دوو جەمی خۆش بخۆین. خۆ من بە نان و شیرێژی " سەرووکانی" چاوم کویت بوون.

هێندێ برادەرانم دڵخۆشی داوە. کردمانە بەرنامە ڕۆژی چوار سەعات ئێوارە و بەیانی باسی سیاسی و خوێندنەوەی کتێبمان هەبوو، گروبانێکی ئەرتەشی هەبوو بە ناوی " شەوقەلی" بە خێر ئازادیخواز بوو بەڵام هەمیشە لە زیندان بوو. ئازادیان دەکرد پاش دوو ڕۆژ دەچوو کۆنە بەیانێکی دەدۆزیەوە و لە پێش ستادی لەشکر بڵاوی دەکردەوە دیسان دەیانگرتەوە. برا ئازەربایجانییەکان دەیانگوت هاوڕێ شەوقەلی لە دوو شت دەترسێ ، یەکەم ئیعدام، دووەم ئازاد کردن. هەر کەس هاتبا زیندان و لە بەندی سیاسیان بایە بێ ئەوە کە بزانێ کێ یە و لە سەر چی گیراوە شەوقەلی دەچوە پەنای و دەیگرت و باسی سیاسی بۆ دەکرد و بە ئیستلاحی خۆی " ڕوونی دەکردەوە". دەستی لە کابرا هەڵنەدەگرت و پشووی لێ دەبڕی.

ڕۆژێکیان دوای نانخواردن شەوقەلی ئەحمەد حەڵەبی گرت و بە بن دیوار دا هاتوچۆی پێ دەکرد و قسەی بۆ دەکرد. تا سەعات بوو بە یەك پشووی پێ نەدا. سەعات یەك بانگمان کردن نان بخۆین . کە دانیشتین ئەحمەد حەڵەبی یادی بە خێر بێ گوتی: ڕاوەستن قسەم هەیە. گوێ ڕاگرن. بڕیارم دا بوو هەتا دەمرم دەست لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی هەڵنەگرم بەڵام تەڵاقم کەوێ ئەم جارە بچمە دەر تازە کارم بە سیاسەت و تێکۆشان نابێ. بەڵکوو جارێکی دیکەش گیرام و شەوقەلی هەر لێرە بوو میشکی سەرم دەبا و ماڵ وێران دەبم . کوڕە ئەتۆ چت لە من کرد؟

سەتمان کرد بە بنووسین و شکایەت. لە نەغەدە و مەهاباد لە سەر گرتنی ئێمە تێلگرافی سکاڵا و ئیعتیراز بۆ تاران دەنێردران. بە دوای سەرکەت کردنی ڕاپەڕینی وەرزێران لە ناوچەی بۆکان و گرتنی ئێمە لە سندووس، دەرەبەگەکان لەم ناوصانە کەوتنە خۆ و دەستیان کرد بە دەر کردنی وەرزێران لە گوندان. ئەوەی دەیانزانی سەربزێوە و بۆنی حیزبایەتی لێ دێ دەریان کردن. لە فوندەکانی قارنە و قەڵاتان و دیلان چەرخ ١٣ ماڵی قەرە و جووتبەندەیان دەر کرد بوون . لە باڵغچی میرزا سەدیقی مامی غەنی بلووریان ماڵی ئێمەی دەر کرد بوو. لە ناوچەی بۆکان بە دەیان ماڵیان دەر کرد بوون و لە هیچ کوێ ڕایان نەدەگرتن.

پیاوەتی و ئینسانییەت و ئازاتەتی خانمە خانمی سەدری قازی نابێ لە بیر بچێتەوە. زۆر لەو ماڵانەی دەر کران ئەو لە گوندەکانی گوێگجەلی و برایمابات [ موشیراباد دروستە] خانوونی دەدانێ و ڕایدەگرتن. چەند کەس لە دەرکراوانی سندووس هاتنە زیندان و گوتیان لە هیچ کوێ ڕامان ناگرن".

گوتم: " ئەگەر لە حەڵب و کوێکان ڕاتان بگرن چۆنە ؟

-زۆر باشە لە دەخڵ و دانمان نیزیك دەبین و هەر وەك لە سەر جێ وڕێیخۆمان بین وایە". نامەیەکم نووسی بۆ مام وسێنی خەلیل و مستەفای خەلیل ( پاشایی) لە حەڵب و کوێکان . ئەوان خۆیان بە دۆستی حیزب دەزانی و نێوانیان لەگەڵ من زۆر خۆش بوو. بۆم نووسین ئێستا ڕۆژی ئیمتیحانە تکا دەکەم ئەو ١٣ ماڵە ڕابگرن و جێگا و ڕێگای باشیان بدەنێ ."

برادەران گەڕانەوە. پاش دوو ڕۆژ محەمەدی کوڕی مام وسێن هاتە مولاقات. هەموو برادەرەکانی بانگ کرد گوتی بابم ناردوومی دەیگوت ئێمە خاوەن مڵك نین بۆ هەموو هاوکاریەك ئامادەین. هەر ١٣ماڵیان ڕاگرتبوون و حاوا بوونەوە.

ڕۆژێکی دیکە میرزا مەولوود و کەریم لیتان هاتنە زیندان. بانگیان کردم و پاش چاك و خۆشی گوتیان: "خەراب قەوماوە هەموو کوردستانمان کردوە لە هیچ کوێ ڕامان ناگرن." ماڵە برایم لیتان لەو کەسانە بوون کە لە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی بۆکان دا دەورێکی پیاوانەیان هەبوو. میرزا مەولوود و میرزا کەریم ئازا و نەترس و بەکار بوون. برایم لیتان پیاوێکی بە ناوبانگ و دەستکەرەوە بوو. ئاغاکان بۆ ڕاگرتنی برایم لیتان ڕقەبەریان دەکرد بەڵام پاش هەرای بۆکان لە گوندی " عەمبار" دەریان کرد بوون و لە هیچ کوێ ڕایان نەدەگرتن. چوو بوونە دەستەبێل و مەرگەوەریش جێگایان وەگیر نەکەوتبوو. گوتیان: " وەزعەکە ئاوایە و هاتووین بزانین تەگبیر چییە؟ گوتم: " ئەگەر بچنە ئاڵیاوێی شنۆیە نامە بۆ موزەفەر خان دەنووسم خانوو و جێگاتان بداتێ.

- ئەگەر وا بکەی لە بیرمان ناچێ. چووینە شنۆیە جێگامان وەگیر نەکەوت.ئاڵیاوێ زۆر جێگای چاکە و لە خوڵامان دەوێ".

نامەیەکم نووسی بۆ موزەفەرخان داوام لێ کرد کە ئەو ماڵانە ڕابگرێ و جێگای باشیان بداتێ. موزەفەرخان بێجگەلەوە کە برای خێزانم بوو کوڕێکی پێشکەوتنخواز بوو و خۆی بە لایەنگری حیزب دەزانی. میرزا مەولوود و میرزا کەریم گەڕانەوە پاش دوو حەوتوو هەر دووکیان هاتنەوە زیندان. ماڵەکەیان هێنابوە ئاڵیاوێ و باش دامەزرابوون. هێندێ پارۆڵ و ڕێ و شوێنی خەباتم لە ناوچەی شنۆ پێ نیشان دان و گەڕانەوە.

هێشتا لە زیندان بووم مستەفای موئمنی هات. مستەفای موئمنی برادەرێکی حیزبی بوو لە ورمێ مامۆستای وەرزش بوو. کوڕێکی هەڵسووڕ، ماڵەکەی مزڵ و ماڵی هەموو برادەرانی حیزبی بوو بە کاری خەڵکەوە ماندوو بوو. ڕابیتی ئێمە بوو لە گەڵ برادەرانی ئازەربایجانی ، بە داخەوە پاشان دەستی لە خەبات هەڵگرت و لە تاران کاسبی دەکرد. مستەفا هات و گوتی: " تاهیر خان تووتنی بردوونە دوخانیە و هاتووم نامەیەك بۆ مسیۆ بنووسی کە توتنەکانی باش بۆ بقەبڵێنێ . نامەم بۆ مستۆ نووسی و پاش چەند ڕۆژ تاهیر خانی سمکۆ هاتە لام و سوپاسی کرد.

پاش ٢٥ ڕۆژ لە بازپورسی بانگیان کردین بازپورس گوتی: " ئێوە ئازاد دەکرێن بەو شەرتەی لە شاری ورمێ نەچنە دەرەوە و لێرە بمێننەوە." گوتم: " ئێمە لێرە گیر نابین خەرجی ئێرەمان نیە. ئەگەر تاوانبارین دادگاییمان بکەن، ئەگەر تاوانێکمان نیە لێرە گیر نابین و لەم گرتنەش خۆش نابین.
"

- ئەگەر ئەوانیش بچنەوە تۆ پێویستە لێرە بی.

برایانی ئازەربایجانی خەبەری ئازادی ئێمەیان زانیبوو. نیزیکەی ١٠٠ کەس بە دەستە گوڵەوە هاتبونە دەرکی زیندان، هێندێ کوردی شنۆ و نەغەدەش هاتبوون و بە شێوەیەکی شایی و پێشوازیەکی فەرم لە زیندان هاتینە دەر. چووینە موسافیرخانەی ژالە . هێندێ لە برادەران ناڕەحەت بوون و بۆ چوونەوە بە پەلە بوون. گوتم ئەوەی دەیەوێ بچێتەوە من لیرە دەبم و وڵام دەدەمەوە. چەند کەس لە برادەران چوونەوە و پاش دوو ڕۆژ هاتنەوە ورمێ. دوای چوار ڕۆژ بڕیارمان دا بچینە فەرمانداری

و ڕابگەیەنین کە یا دەچینەوە یا دەبێ لێرە موخاریجمان بکێشن. لە بەر دەرگای موسافیرخانەی جەهان نوما تووشی کاك ئەحمەدی سەرووکانی برای کاپیتان قادری بووین گوتی:

- وەرن چایەك بخۆنەوە ئێمەشیان بۆ فەرمانداری بانگ کردووە و پێکەوە دەچین . کە چووینە ژوور عەوڵای بایزئاغا لە وێ بوو. دانیشتین و کاك ئەحمەد گوتی: " عەوڵا ئاغا ئەوە کاك کەریمی حیسامی یە نایناسی؟

عەولاغا هەستا و هات لە کن من دانیشت گوتی: " دەڵێم تۆ بۆ دە ئاغایانت هەڵپێچاوە؟ چت لە گیانی ئێمە دەوێ؟

- عەوڵاغا خەراپیان حاڵی کردووی . من دەڵێم کورد بۆ خۆ میللەتە/ زمانی خۆی هەیە، خاوەنی مێژوو و ڕابردووی خۆیەتی بۆچی دەبێ کورد هیچ دەستەڵاتی نەبێ و هەر عەجەم حوکماتی لە سەر بکا؟ من دەڵێم لە جیات مەعمووری تورك و فارس بۆ کورد لە کوردستان مەعموور نەبن؟ ، من دەڵێم با چیدیکە کورد ژێر دەست نەبن و بۆ خۆیان دەستەڵاتی وڵاتی خۆیان هەبێ . ئەوەیە تێکۆشانی من .جا ئەوانەی نۆکەری عەجەمانیان پێ خۆشە دژی من قسە دەکەن."

کاك ئەحمەدی سەرووکانی گوتی: " عەوڵاغا حیسامی بۆ کورد هەوڵ دەدا خەراپیان حاڵی کردووی ." عەوڵاغا گوتی : " ئێستا ئەوە حاڵی بووم بە مرەقەدی شێخی بورهانی دەبێ بێ یە ترکەش و خەڵاتیشت دەکەم".

کە چووینە فەرمانداری کۆمیسیۆنی ئەمنیەت کۆبوونەوەی هەبوو. دەیانویست بڕیار لە سەر ئەوە بدەن کە ئێمە ئازاد بکرێین یا دوورمان خەنەوە. من دانیشتم و لە بەر بێ کورسی برادەران ڕاوەستان. ڕووم کردە فەرماندار و دادستان وگوتم: " ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بووین کە فەرماندەی ژاندارمەری تەمبێ بکرێ. ئەو بێ ئیجازەی دادستان ئێمەی هێناوەتە ئێرە و ٤٨ سەعات لە ژاندارمەری ڕایگرتووین. ئێمە بە نووسین شکایەتمان کردوە و ئێستاش داوا لە دادستان دەکەم بە شکایەتی ئێمە ڕا بگا".

فەرماندەی ژاندارمە هەستا و گوتی: " لە بەر قانوون نەبایە تۆم نەدەهێنا زیندان لە بن داران دا دەمکوشتی ."

گوتم: " ئەگەر قانوون هەبایە کۆنە قازاخی وەك تۆ بەم چەشنە ڕاوڕووتی نە دەکرد"، بۆ فەرماندار و دداستان شەرمە کە ژاندارمەیەك بە ئاشکرا لای ئەوان هەڕەشەی کوشتن دەکا."

دادستان ڕووی کردە کابرای ژاندارمە و گوتی: " لە کۆبوونەوە ڕەسمی دا پێویستە رعایەتی قسە بکرێ ."

بە فەرماندارم گوت: " بە گوێرەی کام قانوون ئێمەتان لێرە ڕاگرتوە؟ ئێمە بە گوێرەی کام قانوون مانگێك زیندانی کراوین؟ ئەگەر تاوانمان هەبوە بۆچی بازپورس هیچی لێ نەپرسیوین؟ "

دادستان گوتی : " دەوڵەت کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی داناوە. کۆمیسیۆن هەقی هەیە تا شەش مانگ یەکێك زیندانی بکا ئیستا ئێوە بڕۆنەوە کارێکی وا مەکەن کە ناوچە ئاڵۆز بێ."

ئێمە وەدەرکەوتین و گەڕاینەوە بۆ نەغەدە. ئەم جار ئەو ئاغایانەی وەرزێریان دەر کرد بوون کەوتبوونە کلکە سووتە و ڕۆژێ دەهاتن کەو با بێنەوە سەر شوێنی خۆیان. کۆمیتەی وەرزێرانمان تێ گەیاند کە دراوی تووتن و چەوەندەر بۆخۆیان وەربگرن و نەهێکن ئاغا وەری بگرێ. نامەی بە کۆمەڵمان پێ دەنووسین بۆ دوخانیە و کارخانەی قەند کە دراوای تووتن و چەوەندەر مەدەن بە ئاغاکان. پێشتر وەرزێر نەیدەتوانی دراوی تووتن و چەوەندەر وەر بگرێ ، نەیدەزانی چەندی هەیە.

پاش هاتنەوەم لە زیندان ڕۆژێك هاوڕێیانی دەربەند بانگیان کرد بووم لەگەڵ دوو سێ برادەر چووینە دەربەند. گوتیان سەید مارفی کامووسی مردوە لەگەڵمان وەرە بچینە سەرەخۆشی. منیش کوڕەکانی سەید مارفم دەناسی و چووینە کامووس.

دانیشتبووین و میوان زۆر بوون ڕادیۆ تاران خەبەری دەگوت و باسی شەڕی کورە و سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکانی دەکرد. سەید ڕەحمانی کوڕی سەید مارف گوتی: " کاك کەریم چونکە کۆمۆنیستە ئەو خەبەرەی چەند پێ خۆشە"،

گوتم: من هاوڕێیانی دەربەند هێنایانم دەنا نایەمە ماڵی تۆ. ئەوە دەڕۆم و مەگەر بە لەشکر بێمەوە ماڵت ، هەستام وەدەر کەوتم. وەزێرەکان کاموس چوونە کارخانە و پووڵی چەوەندەریان وەرگرتبوو. سەید ڕەحمان هەموو ڕۆژێ دەهات دەیگوت:

- پووڵەکەیان وەرگرتوە هیچ، بەڵام ڕێگا نادەن کە پەیمانی چەوەندەر ببەستم. -هەقی خۆیانە بۆ تۆ پەیمان ببەستی؟ تۆ چەوەندەر ناکەی ، کوێرەوەری ناکێشی ئەولادی پێغەمبەریش بەستە، قاوەخانەی سەید کاکە ببوە مەکۆ و جێگای کۆبوونەوە و هاتووچۆی خەڵك و جێگای سکاڵا و نامە نووسین. ڕۆژێ جارێك دەچووم قسەم بۆ خەڵك دەکرد و بۆ یەکێتی و درێژەی خەبات هانم دەدان.

کە لە زیندان هاتمە دەر ماڵەکەی ئێمەشیان دەر کرد بوو. بابم هاتبوو لە نەغەدە خانوویەکی لە حەسارێکی گرتبوو دیسان بێ کار و کاسبی مابۆوە. کوێخا مەحموودی باڵغچی زۆر پیاوانە ماڵەکەی بە عارەبەی خۆی هێنا بووە نەغەدە. ئاوردوو و دار و بار و شتی پێویستی بۆ هێنابوون. چاکە و پیاوەتی کوێخا مەحموودم لە بیر ناچێ و نەچووە. ئامۆزایەکم هەبوو لە قەڵاتان سەڵت و کارداری خەڵکی دەکرد. بیستبووم گەنمی هەیە. ئێوارەیەك چوومە قەڵاتان و بە ئامۆزاکەم گوت: " هاتووم ئەو گەنمەی هەتە و دە چاڵت کردووە بە قەرز بمدەیەی."

-قەرزی چی؟ خۆ دەزانم نامدەیەوە سبەی چاڵەکە دەر بێنە و ببیە.

برادەران فوتیان شەو مەوچۆوە بەیانی چاڵ دەردەهێنین و بە عارەبە بۆت دەبەینە نەغەدە. ڕاوەستابووین قسەمان دەکرد، برایماغا هات سلاوی کرد و گوتی: " هاتووم شەو میوانی من بی. "

- میوانی تۆ نابم. ڕابردوویەکی خاوێنت نیە. مەسەلەی هەڵبژاردنم لە بیرە.

- با وەدوای ڕابردوان نەکەوین هاتووم میوانم بی.

زۆری پێ داگرت. چەند برادەرێکی حیزبیم برد و چووینە دیوەخانی ئاغا. کە چووین کاك سەعیدی کوڕی حاجی سەید حەسەنی کۆنە قەڵا لەوێ بوو. کاك سەعید کۆلکە مەلایەکی خەر موقەدەس بوو هیچی نەدەزانی و لە بەر خاتری حاجی سەید حەسەن کرد بوویانە مەلای قەڵاتان و ئاغاکان بە مەلائیکەتیان دەزانی. لەگەڵ کاك سەعید چاك و خۆشیمان کرد و سەعات حەوت کاتی بڵاو بوونەوەی دەنگ و باس بوو.

گوتم: " برایماغا کوا ڕادیۆت نیە؟ کاتی ئەخبارە با بزانین دنیا چ باسە
-کاك سەعید تەشریفی لێرەیە

جا چبوو ؟ کاك سەعیدیش وەك ئێمە گوێ دەداتێ.

- ئیجازە نادا!

ڕووم لە کاك سەعید کرد و گوتم: " ئیجازە دەفەرمووی گوێ بدەینە دەنگوباس؟
- کاك کەریم حەرامە حەرام

- بۆ حەرامە؟

- بۆی ناوێ حەرامە و بڕایەوە

- کاك سەعید خۆ تۆ لەگەڵ عەبیز کاکیل قسان ناکەی، لەگەڵ من قسە دەکەی پێم بڵێ بۆ حەرامە تا منیش گوێ نەدەمێ.

- حەرامە. کافر دروستیان کردووە و ئێمەش موسوڵمانین!

- دە وا بفەرموو تا دەلیلەکە بزانین و ئێمەش قانیع بین. کە وام گوت کاك سەعید پێی خۆش بوو و وای زانی بە ڕاستیمە و بێدەنگ دەبم. گوتم کاك سەعید پێم نالێی ئەو کەوا و پانتۆڵەی لە بەرت دان و نوێژیان پێوە دەکەی کێ دروستی کردووە؟ ئەو مەندیلەی لە سەرت هاڵاندووە کێ دروستی کردووە؟ ئەو شاڵەی لە پشتت بەستووە و جوولەکە شینیان کردووە کێ دروستی کردووە؟ تا کەی بەو قسانە و بە ناوی ئیسلام خەڵك گێژ دەکەن ؟ بە ناوی حەڵاڵ و حەرام چاوی خەڵك دەبەستن ؟

ڕادیۆ هاتە دیوەخان و برایماغا گوتی: " خوا وەتحەسێنێ لە چنگ کاك سەعید ڕزگار بووم، بەیانی برادەران چاڵە گەنمیان دەرهێنا و بردم لە نەغەدە فرۆشتم .

سەرچاوە: کەریمی حسامی ، لە بیرەوەریەکانم بەرگی – یەکەم ، لە منداڵیەوە تا ساڵی ١٩٥٧ ، وەشانا ژینا نوو، چاپی یەکەم ئادار ١٩٨٦ ، ئووپسالا، سوێد ل ٢٠٦ ــ ٢١٨

وێنەکان: لە کتێبی ڕەحمان. محەمەدیان ، بۆکان لە سەدەی بیستەم دا، کۆی ٨١ بەڵگە نامە، بەرگی یەکەم ، تهران ،

کولە پشتی سال ١٣٨٩ وەرگیراوە

## بابەتی سێ: ڕا پەڕینی جووتیارانی  دەوروبەری بۆکان و مەهاباد

### عەبدولڕەحمان قاسملو



لە مانگی ڕەزبەری ١٣٣١ دا دەوڵەتی موسەددیق قانوونێکی پەسند کرد  بە ناوی قانوونی  سەدی بیست. ئەم قانوونە لە سەر دابەش کردنی بەرهەم  لە نێوان وەرزێر و خاوەن مڵك دا بوو. بە پێی ئەو قانوونە پاش ئەوەی حاسڵەکە لە نێوان وەرزێر و خاوەن مڵك دا  دابەش دەکرا،  سەدی بیستی بەشی خاوەن مڵك دەبوو لێی وەربگیرێ ، سەدی دەی بدرێ بە وەرزێرەکان و سەدی دەشی بە هۆی شووڕای ئاوەدانی یەوە خەرجی ئاوەدان کردنەوەی  گوندەکە بکرێ. ئەو  قانوونە، قانوونێکی شۆڕشگێڕانە نەبوو، بەڵام ئەگەر وەزعی پێوەندیی نێو وەرزێر و خاوەن مڵکی ئەو کاتە بخەینە بەر چاو ، هەنگاوێك بەرەو پێش بوو، چونکە دەوڵەتێك کە لە سەر کار بوو ئەو قانوونەی پەسند کرد بوو.  ێ ئەو قانوونە لە زۆر جێگا وەرزێرانی بۆ وەرگرتنی هەقی خۆیان  دا.

ئەوە بوو کە لە زستانی ١٣٣١ دا لە کوردستان بەڕێوەبردنی ئەو قانوونە بوو بە هۆی ڕاپەڕێنێکی پان و بەرین و توندی جووتیارانی دەورو بەری بۆکان و مەهاباد واتە ناوچەی موکریان. لە دەوروبەری بۆکان، هەر وەها لە شامات، چۆمی مەجید خان و شاروێران و سندووسیش جووتیاران کۆمیتەی خۆیان پێك هێنا و داوایان کرد کرد کە قانوونی  سەدی بیست تەتبیق بکرێ. تەنانەت بۆ ئەوەی بتوانن  بەرامبەر بە ئیدارەکانی دەوڵەتی ڕابوەستن یا نەهێڵن قسەی خاوەن مڵەکەکان لە

ئیدارەکانی دەوڵەتی دا بچێتە سەر لە نێو خۆیان دا دراویان کۆ کردەوە و کۆمیتەکانی خۆیان وەکار خست و نوێنەرانی خۆیان نارد بۆ شارەکان.

ئەو کاتە لە لایەن دەسەڵاتی حوکم دارەوە لە سەرانسەری ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان دا دوو سیاسەت بەڕێوە دەچوو، یەکێکیان سیاسەتی دەوڵەتی موسەددیق بوو، ئەوەی دیکەیان سیاسەتی ئەرتەش بوو کە ڕاستەوخۆ ئەمری لە شا وەر دەگرت . هەر چەند دەوڵەتی دوکتور موسەددیق قانوونی سەدی بیستی پەسند کرد بوو، بەڵام ئامرازی تەتبیقی ئەو قانوونە لە ڕاستی دا بە دەست دەوڵەتەوە نەبوو، ئامرازی وەدی هێنانی ئەو قانوونە هەر پێك نەهاتبوو. چونکە ئەرتەش خۆی لە هەموو ئێران دا خاوەن دەسەڵات بوو و بە تایبەتی لە کوردستان کە ناوچەیەکی میلیتاریزەکراو بوو و زۆربەی زۆری دەسەڵاتی دەوڵەتیش بە دەستی ئەرتەشەوە بوو. ج جووتیاران زۆر ئازایانە دژی خاوەن مڵکە گەورەکانی بۆکان و دەوروبەری مەهاباد ڕاپەڕین و لەم ڕێگایە دا ئەندامانی حیزبی دێمۆکڕات هەم ڕێنوێنی یان کرد و هەم یارمەتی یان دان.

بزووتنەوەی جووتیاران زۆر پەرەی گرت و تەنانەت تەئسیریشی کردە سەر شاری بۆکان. بۆکان هەر چەند لەو کاتەش دا هەر بە شار لە قەڵەم دەدرا بەڵام لە ڕاستی دا زۆربەی زۆری خانووبەرە و دوکانەکانی بۆکان مڵکی بنەماڵەی حاجی ئێلخانی و بە تایبەتی قاسم ئاغای ئێلخانی زادە بوون و ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی بۆکان وەك ڕەعیەتی خۆیان دەجووڵانەوە و زۆر و زوڵمیان لێ دەکردن.

جووڵانەوە لە گەڵ بەرهەڵستی یەکگرتووی ئەرتەش و بەشێك لە دەزگای دەوڵەتی و هەر وەها خاوەن مڵکەکان و سەرۆك عەشیرەتەکان بەرەو ڕوو بوو. لەو کاتە دا هەر چەند پاش تێك چوونی کۆماری کوردستان، ڕێکخراوەکانی حیزبی بە تەواوی نە بووژابوونەوە، ئەندامانی حیزبی دێمۆکڕات لە دوو بارەوە یارمەتی یان بە جووتیاران دەدا. لە لایەکەوە ڕاستەوخۆ ڕێنوێنییان دەکردن کە چۆن هەقی خۆیان بە پێی قانوونی پوسند کراو وەر بگرن. هەر وەها تێیان دەگەیاندن کە جێ بە جێ کردنی ئەو قانوونە پاشەکشەیەکی گەورەیە بۆ خاوەن مڵکە گەورەکان و ڕێگا بۆ خەباتی دوارۆژ خۆش دەکا. ل لە لایەکی دیکەشەوە تێ دەکۆشان ڕاپەڕین و تێکۆشانی جووتیاران لە چاپەمەنییەکانی پێتەخت دا کە ئازادییەکی نیوەچڵی تێدا بوو دەنگ بداتەوە و تەئسیری سیاسی دابنێ و بە ڕاستیش لەو بارەوە کارێکی یەکجار زۆر بە نرخ کرا. بەڵام دەرەبەگەکان بە یارمەتیی ئەرتەش و ژاندارمری توانیان ئەو ڕاپەڕینە کە هەتا بەهاری ساڵی ١٣٣٢ درێژەی هەبوو سەرکوت بکەن.

دەرەبەگەکان لە لایەن ئەرتەشەوە چەکیان درایە و ئەو چەکانەیان بە دژی جووتیاران بە کار هێنا و زۆر کەسیان لێ کوشتن و زۆریشیان ماڵ وێران کردن و ناچاریان کردن وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵن و دەرنەدەر بن. [١] هەرچەند ئەو ڕاپەڕینە سەرکوت کرا ، بەڵام لە ئاکامی دەنگ دانەوەی لە تاران و هەر وەها یارمەتیی حیزبی دێمۆکڕات بە جووتیاران دا ، دەوڵەت پاش ماوەیەك پێشی بە هێندێك لە دەرەبەگەکان گرت و نەیهێشت درێژە بە کوشتار و ئازاری جووتیاران بدەن. تەنانەت چەند کەسێك لە دەرەبەگەکان گیران و تاوانبار کران کە خەڵکی ئاسایی یان کوشتوە یا دەر بە دەریان کردوون. نفووزی زۆر بوو و بە تایبەتی سەرتیپ موزەفەری کە ئەو کاتە فەرماندەی تیپی مەهاباد بوو ، وەك ئەفسەرێکی بەرتیل خۆر ناسرابوو. د دەرەبەگەکان بە دانی بەرتیل و بە پشتیوانی ئەو توانیان خۆیان لە دادگاکانی دەزگای دادپەروەریی ئێران ڕزگار بکەن و ئازاد بن...

*[١] بۆ وێنە حاجی قاسم کە لە سەرۆکە چالاکەکانی ئەم ڕاپەڕینە بوو پەنای بۆ عێراق برد.*
*سەرچاوە : د. عەبدولڕەحمان قاسملو،چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی ، فەسڵی سێهەم ١٣٣٢-١٣٢٦چاپی یەکەم. ١٣٧٠ / ١٩٩١. لل ٦٦ – ٦٣*

## بابەتی چوار: ڕاپەڕینی جوتیارانی ناوچەی بۆکان

### غەنی بلوریان



لە کۆتایی پایزی ساڵی ۱۳۳۱ی هە ( ۱۹۵۲ ز ) دا، بەربەرەکانێکی زۆر توند وتیژ لە نێوان دوکتور موسەدیق و بنەماڵەی پەهلەوی دا زەق ببووەوە. دوکتور موسەدیق لە پەڕلماندا بڕیاری وەرگرتبوو بیست لە سەدی داهاتی خاوەن مڵکەکان وەربگیرێ ، دە لە سەدی بدرێ بە وەرزێرەکان و دە لە سەدەکەی تریشی خەرجی بێهداشت و ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان بکرێ. ئەو مەسەلەیە فەزایەکی لە باری بۆ خەبات و هەڵسووڕانی سیاسی پێکهێنا بوو.

ژمارەیەك لە دەرەبەگەکانی ناوچەی بۆکان زەوی و مڵکیان بە جوتیاران و خەڵکی شاری بۆکان فرۆشتبوو. ئەوان پارەی زەوی و مڵکەکانیان لە خەڵکەکە وەرگرتبوو، بەڵام ئامادە نەبوون قەباڵەی زەوییەکان بدەن بە کڕیارەکان. خەڵکەکە بە کەلك وەرگرتن لە جەوی پێکهاتوو داوایان لەو تاقمە خاوەن مڵکانە کرد بوو کە قەباڵەی فرۆشتنی زەوی و مڵکەکانیان بدەنێ ، بەڵام دەرەبەگەکان بە هەڕەشە وڵامیان دابوونەوە.سەرئەنجام یەکێك لە دانیشتوانی بۆکان بە ناوی' حاجی قاسم' کە بەرگ درووییەتی دەکرد و زەوی لە ئاغاکان کڕیبوو کڕیارەکانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و ئەوانی بە گژ خاوەن مڵکەکان دا کرد و ژاندارمەش کە هەمیشە هەوڵیان دەدا بە هەر شێوەیەك بۆیان بلوێ ئێران بشڵەژێنن و بە ساز کردنی ئاژاوە و نائەمن کردنی ئێران ڕێگای ڕووخاندنی حکوومەتی

دوکتور موسەدیق خۆش بکەن بە پشتیوانی دەرەبەگەکان بەرەنگاری جوتیاران و دانیشتوانی ناوچەی بۆکان بوون.

لە کۆمیتەی بۆکانەوە ئاگاداریان کردین خەریکە لە بۆکان و دەوروبەری ڕووداوێکی دڵتەزێن دەخولقێ، جووتیارەکان لە بەشێك لە گوندەکاندا دەیانەویست دژی دەرەبەگەکان ڕاپەڕن. ئێمە کۆمیتەی مەهاباد کۆ بووینەوە تا ڕێگا چارەیەك بۆ پێشگیری کردن لە توندوتیژ بوونی ڕووداوەکە بدۆزینەوە. بڕیار درا بچینە بۆکان و بە شێوەیەك شکڵی سیاسی بە ڕاپەڕینەکە بدەین و بە جووتیارەکان بسەلمێنین بۆ وەرگرتنی قەباڵەی مڵکەکانیان بچن لە تێلگرافخانەی بۆکان مان بگرن و خەڵکی بۆکانیش بە داکۆکی کردن لە ئەوان دووکان و بازاڕ داخەن و مان بگرن.

من و کاك سارمەدینی سادق وەزیری لە مسافیرخانەی " حەقیقەت " لە تاران چاومان بە حاجی قاسم کەوت. لەو چاوپێکەوتنە دا بۆمان دەرکەوت حاجی قاسم پێوەندی بە " جبهەی میللی " وە گرتووە و ئەوان هانیان داوە دژی خاوەن مڵکەکان ڕاپەڕێ. ئێمە لەگەڵ حاجی قاسم دانیشتین و داوامان لێکرد شکڵی سیاسی بە کارەکانی بدات و لە حاڵەتی تەقینەوەی دەر بێنێ، چونکە چاوەڕوان دەکرا دارو دەستەی شا دەستی تێوەردەن و دژی حکوومەتی موسەدیق کەڵکی لێوەرگرن. کەچی جبهەی میللی بیری لەو دیاردەیە نەدەکردەوە و نەیدەزانی کە لایەنگرەکانی بنەماڵەی پەهلەوی ، ئاغا و خاوەن مڵکەکانیان هان دەدا لە دانی قەباڵەی زەویە فرۆشراوەکان و بیست لە سەدی داهاتەکەیان خۆ بپارێزن و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ خەریکی ساز کردنی ئاژاوە بوون.

من دیاریکرام بچم بۆ بۆکان و بۆ بەرگری لە تەقینەوەی ئەو ڕووداوە هەوڵ بدەم و پاشان بچم سەر لە کۆمیتەکانی سەقز و سنە بدەم. کۆمیتەی سنە پێشتر لە لایەن حیزبی تودەوە دامەزرابوو ، و ئێمە تازە ئەم کۆمیتەیەمان لە حیزبی تودە وەرگرتبۆوە. من پێشنیارم کردبۆ ئەنجامی ئەو مەئمووریيەتانە عەزیزی یۆسفی م لەگەڵ بێ. ئەو ماوەیەکی زۆر نەبوو لە زیندان ئازاد کرا بوو . چونکە ئەرتەش دەوری بۆکانی گەمارۆ دابوو ، و هاتووچۆی خەڵکی خستبۆ ژێر چاوەدێری؛ ئێمە نەمانتوانی بە ئوتومبێل بچین بۆ بۆکان و ناچار بووین بە ڕێگای گوندەکانی ' بەیرەم و بەرەجۆ' دا بە پێ و بە پرسیار کردن بەرەو بۆکان وەڕێ کەوین. هەوا ساردی کرد بوو ، و بەفر پەڵە پەڵە لە سەر کێوەکان دەبیندرا. گەلێك جاران لوورەی گورگانمان دەبیست، بەڵام تووشیان نەبووین ، تا سەرئەنجام بە سواری "لۆتکە" لە چۆمی بۆکان پەڕینەوە.

خزمێکم هەبوو بە ناوی " ئەحمەد سالحیان " کە لە بۆکان مامۆستای قوتابخانە بوو. من و عەزیز چووینە ماڵی ئەحمەد و ئەومان نارد بچێ بۆ ماڵی " حوسێنی فاتحی " بەرپرسی کۆمیتەی بۆکان و ئەو لەگەڵ خۆی بێنێ. ناوبراو هات ، ئێمە بڕیاری حیزبمان پێراگەیاند و داوامان لێکرد بە ناوی حیزب پێوەندی بە حاجی قاسمەوە بگرن و هەوڵ بدەن ئەو هێمن بکەنەوە و شکڵی سیاسی و قانوونی بە ڕاپەڕینەکە بدات و بە مان گرتن و شکایەت کردن لە حکوومەتی دوکتور موسەدیق بخوازن، نەهێڵێ مافیان بفەوتێنن. ئێمە لەگەڵ ژمارەیەك لە وەرزێرەکانی ئەندامی حیزبیش دانیشتین و داوامان لێکردن بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ بدەن و نوێنەری خۆیان بنێرنە بۆکان لە مانگرتندا بەشداری بکەن.

ئێمە زۆرمان هەوڵدا بۆکان ئارام بکەینەوە، بەڵام بنەماڵەی ' ئێلخانی زادەکان ' بە پشتیوانی تیپی مەهاباد بە سەرۆکایەتی ' سەرتیپ موزەفەری زەنگەنە ' کۆڵیان نەدا. سەرئەنجام ڕاپەڕینەکە شکڵی عەمەلی بە خۆوە گرت. لە ژمارە گوندێکدا ، فئوداڵەکان گوندییەکانیان پەلامار دا و لە ژمارە

گوندێکی تر گوندییەکان ئەو کارەیان کرد. ئەوان ماڵ و عەنباری چەند فئوداڵیان تاڵان کرد و چاڵە گەنمی ئەوانیان دەر هێنا. جوتیارەکان چەکدار نەبوون و بە شەنە و داسان هێرشیان دەکردە سەر ماڵی چۆلکراوی ئاغاکان. بنەماڵەی ئێلخانی زادە، ماڵی حاجی قاسمی خەیاتیان لە بۆکان سووتاند. حاجی قاسم ڕایکرد و من ساڵی ١٣٣٢ / ١٩٥٣ ئەوم لە ' زینوێ شێخی ' دیتەوە کە بەرگ دروویەتی دەکرد.

لە درێژەی ئەو ڕووداوە دا، دەرەبەگەکان ، بە پشتیوانی ئەرتەشی ئێران هێرشیان کردە سەر خەڵکی بۆکان و خەریکی دەستدرێژی بۆ سەر نامووسی خەڵك بوون کە ١٢ کچ لە ترسان خۆیان لە چۆمی بۆکان هاویشت و خنکان و لە گوندەکانیشدا ماڵی وەرزێرەکانیان تاڵان کرد و بەمجۆرە بە سەر بزووتنەوەی جوتیارانی ناوچەی بۆکاندا زاڵ بوون. من و عەزیز ئەو کاتە لە سەقز بووین و پاشان بڕیار بوو بە ناوچەی ' هۆبەتوو ' دا بچین بۆ سنە، بەڵام چونکە هۆبەتوو پتر لە دوو میتری بەفر لێ کەوتبوو، بە ناچار گەڕاینەوە و بە ' میاندواو ' و ' تەورێز ' و ' هەمەدان ' دا چووین بۆ سنە و پێوەندیمان بە ' ڕەحمەتی شەریعەتی ' بەرپرسی کۆمیتەی سنە گرت و ئەوانمان خستە سەر کۆمیتەی مەهاباد و لەگەڵ عەزیز گەڕاینەوە بۆ مەهاباد .

دوای دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ حیزبی تودە داوامان لێکرد بوو، کە کۆمیتەکانی سنە و کرماشان بداتەوە بە حیزبی دێمۆکرات. ئەو کۆمیتەی سنەی داینەوە، بەڵام ئامادە نەبوو کۆمیتەی کرماشان مان بداتەوە و ئەوێی بە مەڵبەندی کرێکاری دا دەنا. دیارە لەگەڵ ' فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان ' یش لە سەر ڕێکخراوەکانی دەورو بەری 'ورمێ' و ' ماکۆ ' و ' میاندواو ' ناکۆکیمان هەبوو. ئێمە ئەو سنوورانەمان بە کوردستان دەزانی کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە کوردستان دەناسران، بەڵام فیرقەی دێمۆکرات ئامادە نەبوون ئەو ڕاستی یە بسەلمێنن و ئەو شوێنانەیان بە ئازەربایجان دەناسی.

تیپی مەهاباد ٧٠ – ٨٠ جوتیاری گرتبوو. بنەماڵەی ژمارەیەك لەو جوتیارانە هاتبوون بۆ مەهاباد و لە کاروانسەرای ' کۆسە ' و ' تاجر باشی ' دەمانەوە. ئێمە بە ناوی حیزب پێوەندیمان پێوە گرتن . ئەو کات ' حاجی مەلا خالیدی دەربەندی ' ئیمام جومعەی مەهاباد بوو. ناوبراو ئەندامی نهێنی حیزب و پیاوێکی ئازا و نەترس بوو. ئێمە داوامان لێکرد دژی جینایەتی دەرەبەگەکان و کردەوەی ڕێژیم ڕاوەستێ. مەلا خالید لە نوێژی جومعە دا ڕەخنەی لە ئاغاکان و حکوومەت گرت و بە خەڵکی مەهابادی ڕاگەیاند بە هەر شێوەیەك بۆیان دەکرێ، یارمەتی گوندییەکان بدەن. ئێمە هەر وەها بە ژمارەیەکمان گوت بچن لە تێلگرافخانەی مەهاباد دژی جینایەتی ناوچەی بۆکان مان بگرن. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە مالیك و فئوداڵەکانیش هاتبوون بۆ ناوچەی مەهاباد. ' برایمی باپیرئاغای ' ، ' حوسێنە زەرد' ، ' هەمزە خەلیل ' لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان ەوە هاتبوون لە مسافیرخانەی ' گوڵشەن ' دەمانەوە و دەستیان لە کارەساتی بۆکان دا هەبوو.

ئێمە بیستمان ئەو ئاغایانە پارەیان داوە بە " عەلی یە شەل " ی قومارباز تا گیرو گرفت بۆ بنەماڵەی بەندی کراوەکان پێك بێنێ. عەلی یە شەل کابرایەکی شەڕانی و قوماربازێکی ناسراوی مەهابادی بوو، کە لەگەڵ ژمارەیەك قومار باز و شەڕانی و لاتوو لووت و چەقۆکێش دەچوو لە ناوچەکانی " میاندواو " ، " بناو " و " ورمێ " قوماری دەکرد.

ماوەیەك بەر لە ڕوودانی ئەو کارەساتە، ڕۆژێك خەریك بووم بە بەر گاراژ دا دەڕۆیشتم بە هەڵکەوت چاوم بە عەلی یە شەل کەوت کە لە بن دیواری گاراژ دانیشتبوو، و لەگەڵ ژمارەیەك لە نەوچەکانی وەك " شێرەی عاشیرەتی " ، " سەدیقە درێژ " و " سمایل تی تی " توویان دەقرتاند. سمایل تی تی برای ئەو کاکە مینەیە بوو کە لە ماڵی ئێمە کاری دەکرد و منی بەرەو خەباتی کوردایەتی هان دا و خزمی دایکم بوو. سمایل تی تی کە منی دیت، هەستا و سڵاوی کرد و ئەوانی تریش هەستانە سەر پێ و سڵاویان کرد. من وڵامی سڵاوەکەم دانەوە پرسیم:

- بۆچی لێرە بە بێکاری دانیشوون ؟

- " چ بکەین ! ئەوە لە شاروێران زەماوەندە و ئێمە لێرە بێ پارە ماوینەتەوە و ناتوانین بچین قومار بکەین. "
-پێویستیتان بە چەندە ؟

- " ٥٠٠ " تمەن " .

سمایل تی تی و عەلی یە شەلم لەگەڵ خۆم بردە کن " حەمە غەریبی دەباخی " کە لە نزیك گاراژ دووکانی بەقاڵی هەبوو. حەمە غەریب ئەندامی حیزب بوو . من داوام لێکرد پێنج سەد تمەن بە حیسابی من بدات بە کاك سمایل. ئەوان پارەکەیان وەرگرتوو چوون بۆ شایی . دوای سێ ڕۆژ، سمایل تی تی و عەلی یە شەل هاتنە ماڵێ و گوتیان دوو هەزار تمەنیان بردۆتەوە و ئامادەن هەزار تمەنی بە یارمەتی بدەن بە حیزب. من قەبووڵم نە کرد و گوتم بچن پێنج سەد تمەنەکەی غەریبی دەباخی بدەنەوە و پێویست ناکا یارمەتی بە حیزب بکەن، ئێوە بۆ خۆتان فەقیرن و باشترە دەردێکی خۆتانی پێ دەرمان بکەن.

کە بیستم ئاغاکان پارەیان داوە بە عەلی یە شەل و خەریکن ئەو دە گیانی بنەماڵەی جوتیارە بەندیکراوەکان بەر دەن، کە پەنایان بۆ مەهاباد هێناوە ، تا حیزب یارمەتی یان پێ بکات. من ناردم سمایل تی تی و عەلی یە شەل بێنە ماڵمان. ئەوان بە پەلە هاتن. ٧ -٨ کەس بوون ، کارەساتی بۆکانم بۆ گێڕانەوە و پاشان گوتم:

- بە داخم کە پارەتان وەرگرتووە جوتیارەکان نائومێد بکەن. ئەوان لێ یان قەوماوە و پەنایان بۆ خەڵکی شاری ئێمە هێناوە تا یارمەتی یان پێ بکەین، بەڵام ئێوە خەریکن بە پیلانی ئاغاکان ئومێدیان کوێر دەکەنەوە . من چاوەڕوانی ئەوە نەبووم کە ئێوە ئەو جۆرە کارانە بکەن. عەلی گوتی:

- " کاکە من بەو کارەم نەزانیوە . ئێمە نەخوێندەوارین. کەم تێدەگەین و لەوانەیە منداڵێکیش فریومان بدات. ئێستا کە تۆ ڕوونت کردینەوە ، دەزانین چ بکەین . "

عەلی یە شەل و و دارو دەستەکەی هەستان و یەك ڕاست چووبوونە مسافیرخانەی گوڵشەن تا ئاغاکان ببینن، کەچی دەبینن ' فەتحی ' سەرۆکی بەشی پاراستنی شەهرەبانی مەهاباد و ئاغاکان بەیەکەوە لە ڕەستوڕانی مسافیرخانەکە دانیشتوون. عەلی یە شەل لێیان دەچێتە پێش و ئاغاکان وەبەر پلاری جنێو و قسەی سووك دەدا و دەڵێ:

- "ئێوە دوو هەزار تمەنتان داوینێ بچین ئەو خەڵکە چارەڕەشە ئازار بدەین، کە بۆخۆتان زوڵمتان لێکردوون و بوونەتە هۆی ئاوارە بوونیان . فەتحی سەرۆکی بەشی پاراستنە، ئەگەر ڕۆژێك ئێمە ئارەقی بۆ نەکڕین ، پارەی ئارەق خواردنەوەی نیە. " عەلی یە شەل بەمجۆرە فەتحی لە لای ئەوان دەشکێنێ و پاشان درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێ:

- "ئێمە باکمان لە حکوومەت نیە و لە زیندان و لێدانیش ناترسین. هیچ لەوەش ناترسین کە خەڵك پاش ملە قسەمان پێ بڵێ و بڵێین ئابڕوومان دەچێ. ئێمە ئەو شتانە لە بەر چاو ناگرین، بەڵام ئێوە ئاغاوەتن و خۆتان بە پیاوی ماقووڵ و خاوەن ئابڕوو دەزانن. من دەتوانم لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵمن لە نێو شەقامەکانی مەهاباد دا بتانگرم و لە بەر چاوی خەڵك نێفەکتان ببڕم و کارێکی واتان بە سەر بێنم کە قەت ڕووی هاتنەوەتان بۆ مەهاباد نەبێ. "

عەلی بە دوای ئەو گوتنانەی دا دوو هەزار تمەنەکە داوێتە پێش ئاغاکان و مسافیرخانەی گوڵشەن بە جێ دێڵێ و لەگەڵ هاوڕێیەکانی دەچێتە کاروانسەرای " کۆسە " و " تاجرباشی " و گشت جوتیارەکان لەگەڵ خۆی دەباتە کەبابخانەی " حەمە شەل " و کەبابیان بۆ دەکڕێ و پاشان دەیانباتە چایخانەی " عیمادی " چای یان دەداتێ و سەرئەنجام دەچێ ئوتوبووسێك بە کرێ دەگرێ هەموان سوار دەکات و لەگەڵ هاوڕێیەکانی دەیانباتەوە بۆ گوندەکانیان و بە ئاغاکان ڕا دەگەیەنێ کە ئەگەر دەست لەوانە بدەن نێفەکیان دەبڕن.

دوای ئەمە ، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان نوێنەرانی حکوومەت و ئاغاکان پێکهات لە فەرمانداری مەهاباد. ئاغاکان لەو کۆبوونەوەیەدا ، داوایان لە کاربەدەستانی حکوومەتی کرد ژمارەیەك بە تاوانی هاندانی خەڵك بۆ بەشداریکردن لە ڕاپەڕین لە گوندەکان دەر بکرێن. حکوومەت داوای ئەوانی بە جێ گەیاند، بەڵام بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو داوایە پێشتر بەندییەکانی لە بەندیخانە ئازاد کرد و پاشان ئەوان و ژمارەیەکی تری بە بنەماڵەوە بە زۆرەملی لە گوندەکان برد بۆ گوندێکی تازە سازکراو بە ناوی " داشخانە " لە نزیك " دوڕگە " لە نێوان مەهاباد و نەغەدە، کە ئێمە پێمان دەگوت ئاوایی " سوور " . دوای تەواو بوونی کارەساتی ناوچەی بۆکان ، مەسەلەی ڕێفراندۆم هاتە کایەوە.

سەرچاوە: غەنی بلوریان ، ' ئاڵە کۆك ، بەسەرهاتەکانی ژیانم، چاپخانەی فۆرفاتارێس بووك مەشین، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧، لاپەڕەی ١١٩ ـ ١٢٤

## بابەتی پێنج: یادی ٥٠ ساڵەی جوڵانەوەی جوتیارانی بۆکان

### ح.س.سۆران



مێژوو لە ڕووداوەکانی ڕۆژانە پێك دێ. نووسینەوەی ڕووداوەکان و تۆمارکردنی بەسەرهاتەکان( کۆمەڵایەتی, سیاسی, فەرهەنگی و زانستی ), دەتوانێ ببێتە پاڵپشت بۆ ئیسپات کردن نەتەوە و ئەندامانی, لەم ڕێگایەشەوە ڕێگای داهاتوو دەتوانێ ڕۆشنتر بێ. کورد بەشێکی بەسەرهات و سەربوردەکانی لە ڕێگای ئەدەبیاتی زارەکی یەوە پاراستووە و بەشی زۆرتری یان فەوتاوە یان لە زمانی خاس وخراوی نووسەرانی دۆست و دوژمنی کوردەوە نووسراوە. ئەوەش کورد خۆی ئەمڕۆ چەندە بە زمان و قەڵەمی ڕاستی ڕووداوەکانی ئەمڕۆی تۆمار دەکات پرسیاری جێگەی باسە. بۆکانیش بستێك خاکی کوردستانە و وەك هەر شوێنێکی تر, ڕووداوەکانی فەرامۆش دەکرێن, بەڵام پرسیار مرۆڤ هان دەدا کە وڵام پەیدا بکات. زۆر کەس باسی جوڵانەوەی جوتیاران و خەیاتەکانی بۆکانی دەما ودەم بیستوە, بەڵام تا ئێستا پاش تێپەڕ بوونی ٥٠ ساڵ هێشتا نووسراوەێکی باوەڕ پێکراوە لە بەر دەست دا نیە. بۆ ڕێزگرتن لەم ڕووداوە گرینگەی ناوچەی بۆکان و ڕێزگرتن لە ئەو کەسانە کە نیو سەدە بەر لە ئەمڕۆ دژی زۆرداری وەستان, ئەم کورتە نووسراوەیەی نووسەر حەسەن سەلاح سۆران بڵاو دەکەینەوە و لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکە دەخەینە ئەستۆی ئەو کەسانە کە دەتوانن بە شوێن بەڵگەنامەکاندا بگەڕێن یان گوێ بۆ ئەو کەسانە بگرن کە بەشدار یان ئاگاداری ڕووداوەکە بوون.

ماڵپەڕی بۆکان

من خۆم جوڵانەوەی جوتیارانم چاك لە بیرە. بریا کەسێك کتێبێکی لە سەر نووسیبا. بە کورتی بەم چەشنە بوو:

لە ساڵی ١٣٣٠(١٩٥١) بزوتنەوەی جوتیاران دەستی پێکرد کە لە ڕێبەرانی بزوتنەوەکە لە ناوچەی بۆکان ئەمانە بوون:

- حاجی قاسم, خەیات بوو, خەڵکی بۆکان,

- عەبدولا ئێرانی خەڵکی بۆکان

- سەید کاکە خەڵکی گوندی یەکشەوە,

- عەلی رەحیم بەگ خەڵکی گوندی یەکشەوە.

لوتکەی جوڵانەوەکە, لە پاییز و زستانی ۱۳۳۱دا بوو, کە دوکتور موسەدیقش لە تاران لە گەڵ شا کێشەی بوو. بەم چەشنە بوو, کە جوتیاران دْیانوویست زەوی ببێ بە هی خۆیان و بێگاری و شت نەکەن. خاوەن مڵکەکانیش دژی ئەمە بوون. دیارە جوتیاران خۆیان بە لایەنگری موسەدیق دەزانی. هەر کەس ئەندامی ئەو بزوتنەوەیە بوو سوێندی بە قورئان خواردبوو, کە بەو جوڵانەوەیە وەفادار بێ. جا ئەوانەی کە سوێندیان خواردبوو, زۆرتر بە شەو دەچوونە گوندەکان و وەك نوێنەری جوڵانەوە, خەڵکیان سوێند دەدا. دەتوانم بڵێم نوختەی بەرزی بزووتنەوەکە لە گوندی ئاڵبلاغ بوو. تا وای لێهات نیزیکەی ۱۰۰۰۰(دە هەزار) نەفەر وەرزێر( چ جوتبەندە, چ قەرە), لە زستانی ۱۳۳۱ دا, لە گوندی ئاڵبلاغ کۆبوونەوە و چەند کەسیان بە گروگان(بارمتە) گرت و دەیانوویست بێن بۆکان لە دەست هێزی دەوڵەت دەربێنن, کە لایەنگری شا بوون. لەم کۆبوونەوەدا, شەڕێك ساز بوو لە نێوان وەرزێران و دژی وەرزێران دا,کە وەرزێران کەسێکیان بە ناوی « رەسو کەمەرە شل» , کە خەڵکی ئاڵبلاغ بوو بە کوتەك, دەسکە تەور و شتی وا لەت لەت کردو کوشتیان. لە ئەو شەڕەدا , وەرزێران چەکی گەرمیان نەبوو, ئەوە بوو کە هەر کەس دەبوو کوتەکێکی بزمارریزکراوی پێ بێ. بەڵام پێش ئەوەی کە دوکتور موسەدیق لە تاران تێك بشکێ لە ۲۸ی گەلاوێژ۱۳۳۲(۱۹ی نوامبری ۱۹۶۳), وەرزێرەکان تێکشکان, هەڵاتن و بڵاوبوون.

لە مانگی رەشەممەی ۱۳۳۱دا, نزیکەی ۳۰۰ ماڵ بە خێزانەوە(تەقریبی), وەك پەناهێنەر هاتن بۆ گوندی ئێمە(ساروقامیش), پەنایان هێنا بۆبابم, کە بە پیاوێکی زانا, لایەنگری هەژار و دڵسۆز بەناوبانگ بوو. لە بیرم دێ, یەك لەو ماڵە پەناهێنەرانە کەسێك بوو بە ناوی بایز خەڵکی تیکان تەپەو هەر چۆن بوو, بابم ئەو گشتە حەشیمەتەی لە مردن نەجات دا و تەنانەت جارێکیش کە هاتن بیانگرن, بابم بەربەرەکانی کرد و نەیهێشت خوێن لە لوتی هێچ پەناهێنەرێك بێ.تا گەیشتە مانگی جۆزەردانی ساڵی ۱۳۳۲, ئیدی هەوا خۆش ببو و پەنابەرەکان, هەر یەك پەرەوازەی گۆشەێکی دنیا بوون, تا تۆڵەیان لێ نەسێن و نەیانکوژن. برێك لەو پەنابەرانە ئەمانە بوون:

- میرزا حەمە ڕەسوڵ زیجی, خەڵکی تیکان تەپە,

- مام کرکرە, خەڵکی قەلەنەر(قەڵەندەر),

- میرزا حەمە سەعید,

- وەستا رەحمان, خەیات,

- محەمەد و عەلی, دوو برا بوون, ڕەنگە شۆرەتیان خاتەمی یا خادمی بوو.

چون ۵۰ ساڵ لە ئەوە دەگوزەرێ, ناوی کەسی دیکەم لە بیر نەماوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی بۆکان/ ڕۆژەڵات

## بابەتی شەش:ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ ی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵابەگی

### ئەنوەر سوڵتانی



**(بە بۆنەی یادی ٥٠ ساڵەی ئەو ڕاپەڕینە شکۆدارە )**

ڕێزدار کاك حەسەن سەلاح ( سۆران) یادداشتێکی کورتی لە سەر یادی ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵابەگی بۆکان لە ماڵپەڕی " بۆکان " دا نووسیبوو و ئەرکی بە جێنەهاتووی ڕووناکبیرانی کوردی بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەکە وەبیر هێنابووەوە. ئەم کارەی کاك حەسەن گەلێك بەجێ و ڕێ بوو بەڵام خۆزگە خۆی کە خەڵکی ناوچەکەیە، قوڵی لە کارەکە هەڵماڵیبایە و دڵنیام توانای ڕاپەڕاندنی کارەکەشی هەبوو.

ئەوەندەی من بزانم، جیا لە هەڵسەنگاندنی حیزبە سیاسییەکان، یەکەم کەسێك کە لە مەسەلەکەی وەك دیاردەیەکی سەربەخۆ کۆڵیبێتەوە ، نەمر دوکتۆر " عەلی گەلاوێژ" بوو، ناوبراو نامەی دوکتورای خۆی – ئەگەر هەڵە نەکەم لە ئازەربایجانی سۆڤیەتی پێشوو ، بە ڕووسی لە سەر ئەم بابەتە نووسیوە و ، سەد بریا شارەزایەکی زمانی ڕووسی وەری بگێڕایەتە سەر کوردی.

هەر وەها بەڕێز د. ئەمیری حەسەنپوور چەند ساڵێك پێش ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی سەرچاوە لە سەر ئەم بابەتە بوو و وەك ڕاستەوخۆ لە خۆییم بیست ، دوو چاوپێکەوتنیشی لەگەڵ بەڕێزان کاك سەلاحی موهتەدی و مەلا عومەری عەسری تۆمار کرد بوو، کە من پێمگوت سەرنجەکانی کاك سەلاح بێگومان جێگای کەلکی زۆرن بەڵام نابێ لە بیر بکرێ کە کاك سەلاح و هەموو بنەماڵەی ئێلخانیزادە لە بەرەی دژی بزووتنەوەکە دا بوون و لە ڕاستیدا هێزی سەکوتکەری بزووتنەوەکە واتە ئێلخانیزادەکان، دەسەڵاتی ناو شاری بۆکانیان بە دەستەوە بوو.[١]

کاك ئەمیر لە ساڵی ١٩٩٩ ، کاتێ هاتبوە لەندەن و دایکیشم بۆ سەردانی ئێمە لەوێ بوو، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ دایکمدا تۆمار کرد و لە سەر مەسەلەکە هێندێك پرسیاری لێکرد ،نوسخەیەك لە شریتەکەشی دواتر بۆ من ناردەوە کە پاراستوومە. هیوا دارم کاك ئەمیر نەخۆشییەکەی ئێستای چاك بێتەوە و بپەرژێتە سەر ڕێکخستنی یادداشتەکانی لە مەڕ ئەو ڕووداوە گرینگەی ناوچەکە.

من پێمخۆشە لێرە دا چەند خاڵێك لە درێژەی یادداشتەکانی کاك حەسەن سەلاحدا زیاد بکەم.

١)بە بۆچوونی من ناوبردنی ڕاپەڕینەکە بە بزووتنەوەی جووتیارانی موکریان " هەڵەیەکی تەواو" ە [٢]، لە بەر ئەو هۆ ئاشکرایەی کە ئەو ڕاپەڕینە، جگە لە ناوچەی فەیزوڵابەگی لە ڕۆژهەڵات و بەشێك لە باکووری بۆکان، هیچ شوێنێکی دیکەی نەتەنیەوە و هەرگیز لە چۆمی تەتەهووش نەپەڕیەوە. بنکە و بنەمای ڕاپەڕین شاری بۆکان بوو کە خەڵکەکەی دژ بە ئاغاوات ڕاپەڕیبوون ، بەڵام ڕەنگدانەوەی چالاکییە سیاسییەکانی بۆکان تەنیا لە ناوچەی فەیزوڵابەگیی بینرا و پێش ئەوەی پەل بهاوێتە شوێنەکانی تر، لە لایەن هێزی هاوبەشی ئاغاوات و حکوومەتی ئێرانەوە تێکشکا. بۆیەش لێرە دا ئاغاوات وەپێش حکوومەت دەخەم کە لە ڕاستیدا ئەوان بوون ڕاپەڕینەکەیان تێکشکاند و لە زۆر جێگا هیچ نیازێکیان بەو چەند جەندرمە و پۆلیسە نەبوو کە مۆڵگەیان لە بۆکان بوو .

٢)ئەم ڕاپەڕینە لە فەزای ئاواڵەی سیاسی نێوان ساڵانی ١٣٢٩ و ١٣٣٢ ( ١٩٥٠ – ١٩٥٣)ز)ی ئێران و سەردەمی "جبیهەی میللی " و " حیزبی توودەی ئێران" واتە حکوومەتی دوکتۆر موسەدیق هاتە کایەوە و ڕاستەوخۆ لە ژێر تەئسیری بێگومانی فەزای دژ بە شا و چەوسێنەران کە لە ئێرانی ئەو ساڵانە دا گەیشتبوە لووتکەیەکی بەرز، پەرەی سەند ، بەڵام تایبەتمەندیی ئەوتۆشی هەبوو کە نەك هەر لە هەموو شوێنێکی ئێران نەبینرا بەڵکوو کەوتە پێش هەر بزووتنەوەیەکی هاوچەشن لە کوردستان و تەنانەت موکریانیش.

٣)ناسراوترین ڕوخساری دژ بە ئاغاوات لە ناو شاری بۆکان، حاجی قاسمی کەریمی بوو، کە خۆی و مێرزا حسێنی برای، بە بنەماڵەکەیانەوە، کەوتنە بەر هێرشی ئاغاواتی ئێلخانیزادە و هەر دوو ماڵەکەیان لەگەڕەکی حەمامی قاسم ئاغای بۆکان لە لایەن ئاغاکانەوە سووتێنرا و بوو بە خۆڵەمێش . بەرەبەیانی ڕۆژی دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ی هەتاوی ( ١٩٥٣ ز) بو، ئەو دەم من منداڵێکی دە ساڵان بووم و وەك هەموو منداڵانی هاوتەمەن چووبوومە سەیری مەشخەڵانی ئاگرەکە. ئیتر حاجی قاسمی خوالێخۆشبوو هەر ئەو هەڵاتنە بوو کە لە ترسی گیانی هەڵات و لە ئەنجامدا لە هەولێر گیرسایەوە و لەم چوار پێنج ساڵەی دواییدا لە هەولێر سەیری نایەوە( یادی بە خێر بێت).

پێویستە ئەوەش بڵێم کە حاجی قاسم، کارگەیەکی قەندی هەبوو لە ڕووبەڕووی حەوزە گەورە و من نەمزانیوە خەیات بوو بێت، کەچی دووریشی نازانم ئەو قسەیە ڕاست بێت، بەڵام میرزا حسێنی برای، مامۆستای خۆم بوو لە قوتابخانەی بۆکان.

٤)بەگشتی، دەوری خەیاتەکانی بۆکان نەك هەر لەو ڕاپەڕینە بەڵکوو لە بزووتنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی ناوچەی بۆکاندا گەلێك بەرچاوە وجێگەی لێکۆڵینەوەی تایبەتە. خەیاتەکانی بۆکان خاوەنی وشیاری چینایەتی زۆر بوون کە دواتر کەوتە دۆخی نەتەوایەتی کوردییەوە. لە وان میرزا حەمە ڕەئووفی حافظ القرآن وا هەیە وەك کەسایەتی دووهەمی ڕاپەڕینەکەی ناو شاری بۆکان سەیر بکرێت. ناوبراو دوا بە دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ هەڵات و پاشان لە سلێمانی گیرسایەوە و لەوێوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێراندا هاوکاری دەکرد. تا ئەوەی لەم ساڵانەدا کۆچی دوایی کرد ( یادی گرشەدار بێت).

جگە لەوان ، لە بەرگدرووەکانی بۆکان، ناوی خوالێخۆشبوو " حسین تەهایی" م لە بیرە کە دواتریش دژ بە ئاغاوات و چەوسێنەران خەباتی دەکرد و ئێستا لە ناوماندا نەماوە.

باوکم " میرزا عەبدوڵای سوڵتانی" یش هەر خەیات بوو بەڵام ئەوەندەی بزانم لەو ڕووداوانە دا چالاك نەبوو، سەرەڕای ئەوەش لە ڕۆژی ئاگرتێبەردانی ماڵی حاجی قاسمدا لە لایەن خوالێخۆشبوو سەید حەمەدەمین ( سەیدە شینە) وە لە بەرەی ئاغاکان، هەڕەشەی گیرانی لێکرابوو و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە ماڵ نەدەچوە دەرەوە. بە داخەوە ناوی خەیاتەکانی تری بۆکانم لە بیر نییە جگە لە کاك محەمەدی شاقوڵی کە دواتریش باسی لێوە دەکەم.

جیا له خەیاتەکان، پێویسته ناوی " عەلی میرەبەگ " ببەم، که ئەگەر قەسساب نەبووبێت نازانم ئیشی چ بووه. ئەو و نەمر " عەبدوڵا ئێرانی " قەپاندار، هەر دوو، له چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەکه بوون. هەر وەها کاك " ئەحمەد حەدە"ی شەربەتفرۆش و کاك " حوسێن فاتحی" له ژوور هەموانەوه سەید تەهای تەنەکەساز که دوکانەکەی له سەر شەقامی نوێی بۆکان ( نزیك بانکی صادراتی ئێستا) بوو.نەمر سەید تەها پێش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ به تاقه کەس هێرشی برده سەر خوالێخۆشبوو قاسم ئاغای موهتەدی و به لێدان خستیه ناو جۆگەی ئاوی شەقامەکەی بۆکانەوه و بەوه هەیبەت و جەبەڕووتی ئاغاکان لەبەر چاوی خەڵکی بۆکان به یەکجاری شکاو توایەوه.قاسم ئاغا وەك مێشکی بەڕێوەبەر و ڕێبەری هەموو هێزەکانی ئاغاوات سەیر دەکرا و له ڕاستیشدا هەر وا بوو ، گەرچی حەمەدەمین ئاغا و به گشتی بەرەی ماڵی مەحموود ئاغا گەلێك لەو توندوتیژتر و دژی خەڵکتر بوون.

٥)جگه له خەیات و دوکانداری بۆکان ، گەنج و لاوەکانیش بەشدارییەکی چالاکانەی ڕووداوەکانیان دەکرد. ئەو دەم مامۆستایەکی قوتابخانەکانی بۆکان به ناوی " شوقاقی " که تا ئەم ساڵانەی دواییش هەر مابوو ، و کوردیش نەبوو ، دەورێکی باشی له پەروەردە کردنی لاوان و قوتابیان و ڕاکێشانیان بەرەو بیری چەپ و حیزبی توودە گێڕا. گەلێك له قوتابیانی ئەو دەمی بۆکان شاگردی ئەو بوون و شوێنی ئەویان له سەر بوو.لەو قوتابییانه هەندێکیان دوا به دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ چ له لایەن ئاغاکان و چ له لایەن حکوومەتەوه گیران و جەربەزە دران. ناوی ئەو کەسانەی له بیرم مابێت ئەوانەن:

خوالێخۆشبوو " مەحموود ڕەزایی " ، کاك " برایمی حەریری " ، کاك " ڕەشید حەسەنزادە " و کاك عومەری سوڵتانی (وەفا) برای خۆم. له وانه ، کاك مەحموودی ڕەزایی له لایەن ئاغاکانی بۆکانەوه دوا به دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و تێکشکانی ڕاپەڕینەکه گیرا و خرایه حەوزی ماڵی قاسم ئاغای موهتەدییەوه و دارکاری کرا ئینجا بەر درا.

کاك عومەر سوڵتانی، ئەو دەم تازە قوتابخانەی بەجێهێشتبوو و به تەنیشت دوکانی خەیاتی باوکمەوه ڕۆژنامەفرۆشێکی دانابوو. کاکم به گشتی ڕۆژنامەکانی بەرەی پێشکەوتنخواز واته " جیبهەی میللی" و حیزبی توودەی ئێرانی دەفرۆشت . ئەویش دوا به دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ له بۆکان گیرا و نێرڕایه مەهاباد و دوای ئەوەی ماوەی ٢ مانگ زیندانیان کرد، به کەفالەت بەریاندا.

بەڵام ڕەشیدی حەسەنزادە ئاغاکان گرتیان و دایانه دەست پۆلیس، ئینجا سەریان چوارقاش تاشی و به ناوه ڕاستی شەقامی بۆکاندا بردیان بۆ گاراج و لەوێوه بۆ مەهاباد بۆ دادگا. کاك ڕەشید ئەو دەم و دواتریش هەر له بەرەی دژ به ئاغاواتدا وەستا و، بەشێکیش هەر له ترسی ئەوان بوو کاتێ دایرەی ساواك له ساڵی ١٣٣٦ ( ١٩٥٧) له مەهاباد دامەزرا، بوو به کاربەدەستی ساواك و ئیتر له خزمەتی ئەواندا کەوته گیانی خەڵکانی سیاسی و نەتەوەپەروەرانی ناوچەکه و له هیچ توند وتیژی نواندنێك دژ به خەباتکاران و گرتن و ئەشکەنجه کردنیان ڕانەوەستا. حەسەنزادە له ماوەی پێوەندییەکانی ساواك و ڕێژیمی شا لەگەڵ شۆڕشی ئەیلولدا ( ٧٥ – ١٩٦١) خزمەتێکی زۆری به ساواك کرد و هاوڕێ لەگەڵ سەرهەنگ مودەڕیسی و سەرهەنگ پەژمان پێوەندی ڕۆژانەی لەگەڵ بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی شۆڕشی ئەیلوول هەبوو . به گوێرەی زانیاری من ، کاك ڕەشید ئێستا له مەهاباد دەژی و لام وایه یەك لەو کەسانه بێت که زانیاری زۆری له سەر ڕووداوه سیاسییەکانی ساڵانی نێوان ١٣٣٢ تا ١٣٥٧ ( ١٩٥٣ تا ١٩٧٩) هەیه و جێگەی خۆی دەبێ ئەگەر ڕاستەوخۆ بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوه یاخود ڕووناکبیرانی شاری مەهاباد و بۆکان چاوپێکەوتنێکی له گەڵدا بکەن.

لێره به دواوه ، ئاغاکانی بۆکان پەلاماریان برده سەر هەر بیرێکی نوێ و به ناوی " تودەیی" یەوه هەر کەسیان ویست گرتیان و دارکاری یا خود دەربەدەریان کرد و تەنانەت کوشتیان و به چۆمی

بۆکانیان دادا. پۆلیس و جەندرمە بە گشتی سیستەمی حکوومەتی ئێرانیش لەو ماوەیە دا پشتی ئاغاوەتیان گرت و ئەوەی ئەوان بۆیان نەکرا، ئەمان ڕاستەوخۆ کردیان.

٦)ئەو ڕووداوانەی بۆکان و بە گشتی ئێران ، ڕەنگدانەوەیەکی ئیجابیان لە ناو گوندنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆکاندا هەبوو. ئەوەی کە بۆچی وەرزێر و بە تایبەت ڕەشاییەکانی ڕۆژهەڵاتی شار وا بە توندی ڕاپەڕین و خۆیان ڕێکخست بەڵام لە بەری ڕۆژئاوای شار تەقینەوەیەکی ئەوتۆ ڕووی نەدا جێگەی سەرنجی تایبەتە و تەنانەت ئەوەش کە بۆچی بۆکان بە گشتی بوو بە ناوەندی بزووتنەوەیەکی جەماوەری چینایەتی، بەڵام بۆ نموونە ڕاپەڕینی خەڵك لە مەهاباد زیاتر ڕوخساری نەتەوایەتی هەبوو و لە ژێر ڕێبەرایەتی حیزبە سیاسییەکان ( حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی تودەی ئێران) دا بوو، جێگەی لێکۆڵینەوەی تایبەتە .

بە بۆچوونی من، زەخت و زۆری ئاغاواتی بۆکان لە سەر خەڵك، یەك لە هۆ سەرەکییەکانی ئەم جیاوازییەن. بۆکان شارەدێیەکی گەورە بوو، تایبەتمەندیی شار وەك ناوەندێکی ئابووری – ئیداری تێدا بوو. بەڵام جیاواز لە هەموو شوێنێکی هاوچەشنی ناوچە، سەرجەمی شارەکە بە مڵکی هی بنەماڵەیەك لە ئاغاواتی دێبۆکری بوو (ئێلخانیزادە و موهتەدی) کە خۆیان و ئامۆزا و بن ئامۆزایان لە گوندەکانی ڕۆژئاوای بۆکان خاوەنی دەسەڵاتی سەرەکی بوون (عەلیار و مەعرووفی و ...). دانیشتووانی گوندی ئەو خاوەن مڵکانە دەرەتانی ڕاپەڕینی جەماوەرییان دژ بە ئاغاکان نەبوو، گەرچی لە هەندێ گوندی وەك " داشبەند " و " عەمبار" بزووتنەوەیەکی بەربەستکراوی خەڵك بەرچاو کەوت. دڵنیام لەو بوارە و لە هەموو مێژووی ئەو ساڵانە دا، بەڕێز کاك محەمەدی نووری (عەتری گڵۆلانی) شاعیری بە نرخی کورد زانیارییەکی زۆری هەیە و ئەوەی من لێرە دا دەینووسم لە چاو ئەوەی ئەو دیتوویە و ڕاستەوخۆ بەشداری تێدا کردووە، قەترەیە لە بەرانبەر دەریا دا. خۆزگە ئەویش ئاورێکی لە مەسەلەکە بدایەتەوە. هەر وەها خەڵکانی وەك کاك محەمەدی ئەفخەمی کە لەگەڵ کاك محەمەدی نووری دا دانیشتووی " داشبەند " بوون دەنگیان هەڵبڕیبایە.

هۆیەکی دیکەی ئەم جیاوازییە وا هەیە دەوری ڕووناکبیرانە و پێشکەوتنخوازانەی هەندێ لە ئاغاواتی فەیزوڵابەگی بووبێت کە گوندنشینەکانی ناوچەی خۆیانیان لەگەڵ چەمکی یەکسانی و بەرانبەریی ماف و هەر وەها دابەشکردنی زەوی ئاشنا کردبێت.

هەرچۆنێك بێت بزووتنەوەی شاری بۆکان لە ناوچەی فەیزوڵابەگی ڕۆژهەڵاتی شار ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو. گوندنشینەکان بە تایبەت لە هەندێ گوند وەك " گۆل " ، " یەکشەوە " ، " ئاڵبلاغ" و " تیکان تەپە و .. دژ بە ئاغای گوندی خۆیان ڕاپەڕین. لە هەندێ شوێندا ئەم ڕاپەڕینە ڕەنگی هێرشکردنە سەر ماڵی ئاغا و دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زار و تەنانەت ماڵی ئاغاکانی بەخۆیەوە گرت، کە هەندێ جار هاوڕێبوو لەگەڵ توند و تیژی نواندن و ڕووخاندنی ماڵ یا دەرهێنانی دەرگا و پەنجەری ماڵی ئاغا . لە هەندێ شوێنی تر، کارەکە ڕێك و پێکتر و بە ڕێ و جێ تر بوو. لە ئاڵبلاغ و یەکشەوە ، بزووتنەوەکە کەوتبوە ژێر ڕێبەرایەتی کەسانی وەك میرزا فەتحوڵاە و بەرەو ئەوە دەچوو کە ئەگەر زوو تێکنەشکابایە شێوازی ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی و تەنانەت نەزم و تەرتیبی حیزبی بە خۆیەوە بگرتایە.

بەم شێوەیە ئاغاکانی فەیزوڵابەگی یا لە گوندەکانی خۆیان دەرکران یا خۆیان ماڵیان پێچایەوە و لە ڕۆژانی پێش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ بارگەیان بردە بۆکان، کە ببوە قەڵای بەرەی چەوسێنەران و زۆرداران، گەرچی سەرەڕای دەسەڵاتی ئاغاکانی بۆکان و پۆلیس و جاندەرمە، هیچ ئاغایەك لە ترسی ڕاپەڕیوانی شار نەیدەتوانی لە ماڵ بێتە دەرەوە. ئەم بارودۆخە تا ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، درێژەی هەبوو. هەر ئەوەندەی هەواڵی کودەتا و ڕووخانی حکوومەتی میللی دوکتور موسەدیق لە ڕادیۆ بڵاو بووەوە ، دارەدەست و نۆکەر و دەست و پێوەندی ئاغاکان وەربوونە ناو شار و گوند و، ڕاپەڕیو و ئازادیخوازان یا گیران یا کوژران [٣] یا خود هەڵاتن و لێرە و لەوێ خۆیان شاردەوە. من ئەو ڕۆژەم لە بیرە! لە ماڵی خاڵم لە گەڕەکی گۆلی مەردانبەگ و ماڵی قازی کاکە حەمە گیرم

خواردبوو. هەموو دەرگای ماڵێك داخرابوو، باب نۆكەر و دارەدەستی ئاغاوات بە كۆڵانەكاندا وەربببوون، جنێویان دەدا و پێلەقە دەرگای ماڵانیان دەشكاند. ژێرخانی ماڵان ئاوەدان ببوونەوە و خەڵك خۆیان تێدا شاردبووەوە. ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی دواتر، لە بۆكان لە لایەن ئاغاوات و حكوومەتەوە خۆ پیشاندان ساز درا لە بەر قەپانی قاسم ئاغا كە ئەو دەم حوكمی گۆڕەپانی شارەكەی هەبوو خەڵكیان كۆ كردبووەوە و وتاریان دەدا. من ئەو شانۆیەم هەر لەبەر چاوە كە كاك سەلاحی موهتەدی چووە بوە سەر بەرزاییەك و قسەی بۆ خەڵك دەكرد.

بە گشتی ، ڕۆژانێكی ڕەش بوو، دژایەتی شەخسی و تایفەیی دەوری دەبینی، هەر كەس سەر بە دەسەڵاتی ئاغاكان بوایە، ناحەزەكانی خۆی بەوە تاوانبار دەكرد كە " تودەیی" ن [٤] و هەر ئەوەش بۆ گیران و لێدران و لەوە خراپتر پێكرانیان لە لایەن پۆلیسی شا و " حكوومەت نیزامی " ی تەیمووری بەختیارەوە بەس بوو. پیاوی ئاغاكان نامەیان دەگێڕا و بە دوكاندار و حاجی و دەوڵەمەندیان مۆر دەكرد و داوای گیران و موحاكەمە كرانی ڕاپەڕیوەكان وەك خوالێخۆشبووان " عەبدوڵا ئێرانی " و " عەلی میرە بەگ " و حاجی قاسم و ئەوانی تریان دەكرد. [٥] حكوومەتی كودەتا واتە شا و سەرلەشكر زاهیدی لە تاران دەستیان بە ئیعدامی ئازادیخوازان كرد بوو، چالاكانی سیاسی لە مەهاباد گیرابوون و هەندێ كەسی وەك كاك حوسێنی فاتحی و میرزا " محەمەدی شاقوڵی" یش كە خەیات بوو لە بۆكان گیران . باوكم كە ئەویش هەر خەیات بوو ، لە كاتی دوای تەواوبوونی شەوكار و گەڕانەوە بۆ ماڵ ، پۆلیسی بۆكانی دیتبوو كە میرزا محەمەدیان گرتووە و خستوویانەتە جۆگەی ئاوی سەرخەیابانەوە و بە باتووم و دار لێی دەدەن. دواتر خوالێخۆشبوو " عەبدوڵا سامبەگی" و میرزا حەمە ڕەسووڵی ئیسماعیلزادە و میرزا حەمە ساڵحی كەریمی هەر لەو پێوەندییە دا گیران و لە ورمێ و تاران خرانە زیندانەوە. بیرەوەرییەكانی مامە غەنی بلووریان ، لە سەر هەندێ لەو ڕووداوانە و هەر وەها دەوری حیزبی دێمۆكڕاتی كوردستان لە كێشەكانی بۆكان و دەوروبەریدا گەلێك بە نرخن. بە گشتی حوكمی شا و كودەتا بە گرتن و لێدان و شاربەدەر كردنی خەڵك لە بۆكان و دەوروبەری دامەزرایەوە و قارەمانانی ونی ئەو ڕاپەڕینە پڕ شانازییەش لە شار و گوند ئاوارە و دەربەدەر كران، یادی هەموویان بە خێر بێت.

لە پێوەندیی ئەم وتارە دا، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند خاڵێك بكەم:
یەكەم: من ڕاپەڕینی گوندنشینانی فەیزوڵابەگیم وەك ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕینێكی بەرفراوانتر سەیر كردووە كە ڕاپەڕینی خەڵكی ناو شاری بۆكان بێت و ڕاپەڕینەكەی بۆكانیشم لە ژێر تەئسیری ڕاستەوخۆی بزووتنەوەی میللی ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتی جیبهەی میللی و شەخسی دوكتۆر موسەدیق ، هەر وەها چالاكییە سیاسی – چینایەتییەكانی حیزبی تودەی ئێران و حیزبی دێمۆكڕاتی كوردستانی ئێران لە ناوچەكە دا بینیوە.

دووهەم: ئەم شێوە بۆچوونە نابێتە هۆی چاو پۆشین لە هەندێ تایبەتمەندیی كۆمەڵایەتی خەڵكی شاری بۆكان هەر وەها گوندنشینەكانی ناوچەی فەیزوڵابەگی.گوندنشینانی ئەو ناوچەیە دەبێ خاوەنی سوننەتێكی كۆنی خەبات و چالاكی چینایەتی بن . بەڵگە بۆ قسەكەم ئەوەیە كە لە ماوەی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ( ١٩٧٩)ی ئێران و شەش مانگی دوای سەركەوتنی شۆڕشەكەدا كە بۆكان بە دەست هێزە سیاسییە كوردییەكانەوە بوو و دەسەڵاتی حكوومەتی ناوەندی ئێرانی لێ نەمابوو، دوو ڕێكخراوی چەپ واتە " فیدائیانی ئەكسەرییەت " و " كۆمەڵەی زەحمەتكێشان" لە هەوڵی دابەشكردنی زەوی و زاری ئاغاواتی دەوروبەری بۆكاندا بوون، زیاتر هاو دەنگی لە لایەن گوندنشینانی هەمان ناوچەی فەیزوڵابەگی هاتە كایەوە و ئەمجاریش بەشێك لە ئاغاواتی فەیزوڵابەگی لە گوندەكانیان دەر كران، [٦] دەست بە زەوی و زاریاندا گیرا و بە سەر ڕەشایی و بێ زەوی و كەم زەویدا دابەشكرا.
من ئەو دەم ڕاستەوخۆ لە بۆتەی كارەكە دا بووم و لە عەینی كاتدا كە پێ لە زۆر هەڵە و پەڵە و توند وتیژی ڕێكخراوەكەمان ( فیدائیانی ئەكسەرییەت) و شەخسی خۆم دەنێم، ئێستاش و بۆ هەمیشەش بە ڕێزەوە سەیری ئامادەیی خەباتكاران و بە گشتی هەموو دانیشتووانی گوندەكانی فەیزوڵابەگی تا " سەراو " و " ڕەحیمخان " ی نزیك میاندواو دەكەم. و وەك دیتمان، لەم دەرفەتەشدا گوندنشینەكانی

فەیزوڵابەگی سەروگەردنێك لە پێش خەڵكی ناوچەكانی تری دەوروبەری بۆكان بوون و بۆكانیش جارێكی تر ببوە جەرگەی خەباتی چینایەتی و ڕاپەڕینی دژ بە ئاغاوات لە هەموو كوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

سێهەم و كۆتایی قسە: لە بارو دۆخی كۆمەڵایەتی – سیاسی ئیستای كوردستان و بۆكاندا، بە با كردنی كای كۆن و بیرهێنانەوەی ڕووداوەكانی ڕابوردوو نابێ ببێتە هۆی ئاڵۆز كردنی پێوەندییەكانی كۆمەڵگا.

زۆرێك لەوانەی كە ئەو دەم خۆیان وبنەماڵەیان لە بەرەی چەوسێنەراندا بوون ئێستا بە كردەوە لە خزمەت خەڵكدان. كوڕ و كوڕەزای هەر ئەو ئاغاواتە ، ئەمڕۆ لەچالاكانی بزووتنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی گەلی كوردن و وا هەیە پێچەوانەكەشی لە بەرەی ئەو لا هەبێت. ناوهێنانی ئەشخاس لەم یادداشتانە تەنیا بۆ ڕوونكردنەوەی ڕووداوەكانە ، دەنا بۆ نموونە كاتێ ناوی كاك سەلاحی موهتەدی دێنم، ڕێزی زۆرم بۆی هەیە و دەزانم كە ئەمڕۆ كەسایەتییەكی دڵسۆزی گەل و نیشتمانە و لەم ڕێگایە دا تووشی ئاوارەیی و ماڵوێرانی هاتووە.كوڕ و كوڕەزای زۆربەی ئاغاكانی ئەودەمیش ئەمڕۆ ڕێبەرانی ڕێكخراوە سیاسییەكانی كوردستانن و لە بەرەی دژ بە ڕێژێمدا دەجەنگن. هیوایە ئەم دێڕانە نەبنە هۆی قووڵبوونەوەی برینی دووبەرەكی و دژایەتی نێوان خەڵك و تەنیا وەك بابەتێكی مێژوویی سەیر بكرێن یا شارەزایان لە سەر ئەم بابەتە گرینگە بنووسن و ئەگەر هەڵە بە بنووسی مندا هاتبێ بۆ مێژووی ڕاست بكەنەوە.

هاوینی ٢٠٠٢

***پەراوێزەكان***

*١-ئاغاكانی ناوشاری بۆكان، لە دوو بەرەباب (ئامۆزای یەكتر )بوون:بەرەی حاجی بایز ئاغا و بەرەی مەحموود ئاغا ، ناسناوی هەر دوو لاشیان ئێلخانیزادە بوو .بەڵام دواتر – ئەوەندەی من بزانم لە ساڵانی دوای ١٩٥٣ دا بەرەی ماڵی حاجی بایز ئاغا،جگە لە ئەحمەد ئاغا ناسناوی خۆیان گۆڕی و كردیانە موهتەدی و دوای ئەو ساڵە،هەموو كوڕانی حاجی بایز ئاغا كە بە داخەوە ئێستا هەموویان كۆچی دواییان كردووە ، بە موهتەدی دەناسرێن نەك ئێلخانیزادە. بەرەی حاجی بایز ئاغا لەم ئاغاواتە پێك هاتبوون ڕەحمان ئاغا، ئەحمەد ئاغا ( باوكی كاك سوارە)، قاسم ئاغا ( كە لە ڕاستیدا وەك بەڕێوەبەری هەموو بنەماڵەكە و ئاغای شاری بۆكان سەیر دەكرا) ، حاجی ئەبو بەكر ئاغا و كاك سەعد..*
*بەرەێ مەحموود ئاغا ، بنكەی سەرەكییان لە دەرەوەی بۆكان لە گوندی حەمامیان بوو و چەند گوندێكی دیكەشیان لە ڕۆژئاوای بۆكان بە دەستەوە بوو. لەو بەرەیە، ئەوانەی وا دانیشتووی بۆكان بوون و حوكمی شاریان دەكرد بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان : حاجی سمایل ئاغا ، برایم ئاغا و حەمەدەمین ئاغا . حوكم زۆرتر بە دەست حەمەدەمین ئاغا بوو كە لە شاریدا كەسی خۆش نەدەویست و هەندێ دەستوپێوەندی وەك ڕەشیدی ڕۆستەم پاڵەوانی هەبوو، كە لە زوڵم و زۆر دا نموونە بوون .*

*٢-ئەم تەعبیرە لە ئەدەبیاتی حیزبی بە تایبەت لە حیزبی دێمۆكڕاتی كوردستانی ئێراندا باوە و لە*

بیرەوەرییەکانی خوالێخۆشبوو کاك کەریمی حیسامی و بەڕێزان غەنی بلوریان و جەلیلی گادانی و ئەوانی تریشدا هاتووە .

٣-من ئەو دەم تەنیا دەمبیست تاقە یەك کەس کوژرابێت و جەنازەکەی خرابێتە چۆمی تەتەهوو هوە بەڵام دواتر لە نووسین و بیرەوەرییەکانی خەڵکانی تر دا قسە لە " کووژراوان " دەکرا نەك لە " کوژراوێك " .

مامۆستا هێمن لە سەرەتای " تاریك و ڕوون " دا دەنووسێ:

" لاشەی دەیان وەرزێری شۆڕشگێر و تێکۆشەریان بە چۆمی بۆکان دادا " .

٤-پێیان دەگوتن: " تووتەیی "

٥-یەك لەو نامانە لە ناو فایلەکانی ئیدارەی شەهرەبانی بۆکاندا بوو و دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا و دەسەڵات سەندنی پێشمەرگەی کورد، لەگەڵ بەڵگەنامەکانی دیکەی شەهرەبانی و ژاندارمەری و بەخشداریی کەوتە دەست " کۆمیتەی ئینقیلابی" ی بۆکان. سێ مامۆستای قوتابخانەکانی بۆکان و من لە لایەن " کۆمیتەی ئینقیلابەوە کراینە مەئمووری ڕاگەیشتن بە بەڵگە نامەکان . من ئەو بەڵگەنامەیەم دا بە کاك ئەسعەدی ئێرانزادە کوڕی خوالێخۆشبوو عەبدوڵای ئێرانی. بەڵگەنامەکە بریتی بوو لە نامەیەکی مۆر کراو لە لایەن بازاڕی وتاجر و پیاوماقووڵانی شارەوە کە داوای موحاکەمەی چەند کەس و یەك لە وان"عەبدوڵای ئێرانی" یان لە حکوومەت کرد بوو .

٦-دەڵێن شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆی دەخوات. ژمارەیەکی زۆر لە ئاغاواتی فەیزوڵابەگی لە ماوەی شۆڕشی ١٩٧٩ لە ڕیزی خەڵك دا بوون و شان بە شانی جووتیارانی گوندەکانی خۆیان خەباتیان دەکرد. بۆ نموونە عومەرخان و عەلی خانی بەگزادە، بەڵام خۆیان و زۆری تر لە ئاغاواتی خزمیان زەوی و زاریان لێ دابەشکرا و تەنانەت توند و تیژی دژ بە هەندێکیان کرا. لە کاتێکدا کەس بۆ لای مڵکی ئێلخانیزادە و موهتەدی و عەلییار نەچوو.

***

سەرچاوە: گۆواری گزینگ، ژمارەی ٣٦، پاییزی ٢٠٠٢ ، لل ٤٩- ٤٦ سوێد

## بابەتی حەوت: ڕاپەڕینی وەرزێران  لە ناوچەی موکریان



**عومەر عەسری**

زۆر لە مێژە چاوەڕوانم خێر خوایەك ، شتێکی باش و تێر و تەسەلی بە بەڵگە و سەنەد لە سەر ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی موکریان لە ساڵەکانی ٣٢ – ١٣٣١ ( ٥٣ – ١٩٥٢ ) دا بنووسێ.

بە داخەوە، ئەوەی هەتا ئێستا لە سەر ئەو ڕووداوە گرینگە مێژووییە نووسراوە و گوتراوە، کەمتر بە شێوەیەکی زانستییانەی خۆماڵییانەی هەمەلایەنەی بێلایەن باسی لێوە کراوە، تەنانەت بە بەڵگە و دەلیلەوە لێی نەکۆڵدراوەتەوە و هۆی پێکهاتن و سەرهەڵدانی دیاری نەکراوە و ، هەر وەها بارودۆخ و سەردەمی ڕووداوەکە و زەمینەی ناوچەیی و کیشوەری لە بەرچاو نەگیراوە، هۆی کپبوون و دامرکاندنەوەی بۆ کۆمەڵانی خەڵك بە گشتی و زەحمەتکێشان بە تایبەتی ڕوون نەکراوەتەوە.

هەر کەس بە پێی زەوق و سەلیقە و پێخۆشبوونی خۆی شتێکی لە سەر نووسیوە، لێی زیاد کردووە و بە دەمییەوە داوە، یان سەروگوێلاکی تێککردووتەوە و بە بێژینگی بیروباوەڕی خۆی دایبێژاوە. هێندێك جاریش مەیدانی چالاکییەکەیان لە قارەمانانی ڕاستەقینەی چیرۆکەکە ئەستاندووەتەوە و بە ناحەق لە بەرۆکی ئەم یان ئەو حیزبیان داوە.

ساڵی ١٩٩٠، بەڕێز کاك "ئەمیری حەسەنپوور"، بۆی نووسیبووم: خەیاڵم هەیە شتێك لە سەر شۆڕشی جووتیارانی ناوچەی موکریان بنووسم و لە گۆڤاری مێژووی کوردستان دا بڵاوی بکەمەوە. هەر وەها نووسیبوشی، وتارێکم سەبارەت بە شۆڕشەکە، لە کۆنفرانسی ساڵانەی " جەمعیەتی بنکەی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" لە تورنتۆ پێشکەش کرد، بەڵام ئەو وتارەم بە پەلە ساز کرد بوو، زیاتر لە ١٥ دەقیقەم فرەسەت نەبوو بۆ پێشکەشکردنی . ئاماژەشی بەو سەرچاوانە کرد بوو کە کەڵکی لێوەرگرتبوون، وەك " تاریك و ڕوون " (مامۆستا هێمن )، " کاروانی شەهیدان " و "لە بیرەوەرییەکانم " (کەریمی حیسامی) ، ڕۆژنامەی " کوردستان" ( ساڵی ١٩٧٣). ڕۆژنامەی ئیتیلاعات (ساڵەکانی ٣٢-٣١) ، نووسراوەی گۆڤارێکی چاپی ڕووسی [ ڕووسیا] سەبارەت بە شۆڕشی جووتیاران لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان و ، هەر وەها وتووێژێکی کاك جەعفەری حەسەنپوور دەگەڵ کاك سەلاحی موهتەدی. داواشی لە من کرد بوو ئەگەر لەو بارەیەوە شتێك دەزانم بۆی زەبتکەم یان بۆی

بنووسم. منیش وتووێژێکی دوورو درێژم لەسەر بابەتەکە، دەگەڵ کاك جەعفەری حەسەنپوور پێکهێنا. دیارە، ئەمن وەك کوڕە وەرزێرێك کە خۆم بەشداری ڕووداوەکەم کرد بوو، چیم دیتبوو یان بیستبوو، بە وردی و بێ کەم و زیاد بۆم باس کرد. دواتریش نامەیەکم لەو بارەوە بۆ بەڕێز کاك ئەمیر نووسی.

من لام وایە، دوو هۆی ئەساسی و سەرەکی ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی موکریان و خەڵکی شاری بۆکانیش بریتی بوون لە :یەکەم ، ئەو زوڵم و زۆرییە لە ڕادەبەدەرەی ئاغاواتی ناوچەی موکریان، ئەو هەموو خەرج و پیتاك و بێگارە ناڕەوا و تاقەتپرووکێنەی کە بە پشتیوانی ڕێژیمی شا، بە سەر خەڵکی فەقیر و هەژاری دێهاتدا فەرز کرابوون، ئەو گشت پەیمان و بڕیارانەی لە نێوان ئاغاکاندا دژی وەرزێران بەسترابوون، ئەو هەموو سووکایەتییەی بە سەر خەڵکیان دەهێنا بە تایبەتی لە ناوچەی فەیزوڵابەگی ... ئەو کات شاری بۆکانیش وەکوو گەورە دێیەك ئیدارە دەکرا، دەسەڵاتی تەواوی لە دەستی ئاغاکاندا بوو، عەزڵ و نەسبی مەئموورینی دەوڵەتیش هەر بە دەستووری ئەوان بوو. تەنانەت زۆر بنەماڵەی بۆکان خاوەنی زەوی و زار و مەڕ و ماڵات بوون و ، هەموو خەرج وپیتاکێکی باوی ئەوێدەمێی موکریانیان لێدەستێندرا. بە واتەیەکی تر، نیزامی ئاغا و ڕەعییەتی بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە بە سەر شارەکەدا حاکم بوو. دووهەم، ئینقیلابی میللی دێمۆکراتیك و دژی سەلتەنەتی ئیستیبدادی بە ڕێبەریی موسەدیق و جیبهەی میللی لە ئێراندا، بە تایبەتی تەسویبی قانوونی ( سەدی بیست) کە پشتیوانییەکی ئاشکرا بوو لە وەرزێران و دژایەتییەکی تەواو بوو لە ئاست دەرەبەگ و خاوەنملکەکان و زۆربەی دەمڕاستان و کاربەدەستانی حکوومەتی و سیستمی ئاغا و ڕەعیەتی.

بە پێی ئەو قانوونە، لە سەدا بیستی ئەو دەو دوو ، یان سێ یەکی دەغڵودان وحاسڵاتی پاییزی و بەهاری کە ئاغاوات لە وەرزێرانیان هەڵدەگرت، لە ئاغاکانیان دەستاندەوە و نیوەیان دەداوە بە وەرزێرەکان و نیوەکەی دیکەشی دەدرا بە شووڕاکان هەتا سەرفی پاك و خاوێنی و ئاوەدانی دێهاتەکانی بکەن.

ئەو پشتیوانییە ئاشکرا و بێوەێنەیەی دەوڵەت لە وەرزێران و ، بوونی کەشوهەوایەکی لە باری سیاسی لە سەرتاسەری ئێراندا، هاندەرێك بوون بۆ ئەوەی وەزێران دەستبکەن بە سرتوخورت، دانیشتن ، کۆبوونەوە و یەکگرتنەوە، سوێند خواردن و بڕیاری جوابنەدانەوەی ئاغاکان و نەدانی خەرج و پیتاك و بێگاری نەکردن و ، دانانی شووڕا لە زۆربەی دێهاتەکانی ناوچەی موکریان. ئەو کات هیچ ماڵە وەرزێر و ڕەشاییەك نەبوو کە عەکس ( وێنە)ی د،موسەدیقی تێدا هەڵنەوسرابن. کەم عەکسی شا لە ماڵان مابوون کە چاویان هەڵنەکۆڵدرابن. شیعاری یا مەرگ یا موسەدیق ویردی سەرزاری گشت منالە وەرزێرێکی موکریان بوو . ئێستاش ساڵی موسەدیق لە ناو خەڵکی موکریاندا مادە تاریخە.

هەر لە سەرەتای پاییزی ۳۱ ( ۱۹۵۲) ەکەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ناکۆکیی نێوان ئاغا و گوندنشینەکان لە زیادبووندا بوو، پێوەندیی نێوانیان بە تەواوی پسا بوو، دەسەڵاتی ئاغا بە سەر مسکیندا نەمابوو. شووڕاکان کاروباری خەڵکیان ڕادەپەڕاند. ئاغا و لایەنگرەکانیان جورئەتی خەڵك و سەفەری ئەملا و ئەولایان نەبوو. ڕێگای چوونە بازاڕ و مزگەوتیان لێگیرابوو. لە زۆربەی دێهاتەکانی ناوچەی موکریان شەوانە خەڵك کێشکیان هەبوو.

دڵنیام ئەگەر وەزعەکە هەتا هاوین و فەسڵی خەلە و خەرمان و ئەستاندنی خەرج و پیتاك و بێگار درێژەی هەبا، هیچ وەرزێر و ڕەشاییەکی موکریان خەرج و پیتاکی بە ئاغا نەدەدا و کەسیش نەبوو بتوانێ بێگاریان پێبکات.

له شاری بۆکانیش خەڵك له دژی ئاغاکان ڕاپەڕییوون. " حاجی قاسم" خەڵکی هاندەدا بۆ بەربەرەکانی و جوابنەدانەوە و سوور بوون له سەر داخوازییه ڕەوا و بەرحەقەکانیان. ئەو وەك ڕێبەر و ڕێکخەری خەڵك ناسرا بوو. پێوەندی به دێهاتەکانەوە هەبوو. لایەنگری موسەدیق و جیبهەی میللی بوو. چەند جار چووەبوە تاران و چاوی به "کەریمی سەنجابی" کەوتبوو، دەستووراتی پێویستیشی لێ وەرگرتبوو.

هەتا ئەو کات هێزی سەرکوتکەر و گۆپاڵی دەستی ئاغاکان ژاندارمه بوو. بەڵام له دەورەی دەسەڵاتی موسەدیق و جیبهەی میللی و پاشەکشەی شا دا، ژاندرمەری لایەنگری د.موسەدیق و جیبهەی میللی بوو. چونکه ژاندەرمەری سەر به وەزارەتی داخلّی بوو. هەر بەو دەلیلەش بوو له کاتی هێرشی دارودەستەی ئاغاکانی بۆکان بۆ سەر ماڵی حاجی قاسم و حوسێنی برای و ئاگرتێبەردانی ماڵەکانیان، ژاندارمه تەقەیان لێکردن و کەسێکیان به ناوی " عەزیز ئاغا " لێکوژرا و دوو کەسیش به ناوەکانی " ئەحمەدی ڕەسووڵ ئاغا " و " سەید برایم" بریندار کران و ئیتر هێزی ئاغاکان شکان و هەڵاتن.

تا دەهات ناکۆکییەکه له شار و دێ پەرەی دەستاند. وەزعەکه ئاڵۆزتر و پەرەگرتووتر و، خەڵکەکه یەکگرتووتر دەبوون. له گوندەکانی گۆلێ ، مەلالەر، عەمبار، ئاجیکەند، کانیتۆمار، قاجر، شاریکەند، قاراوا، ئاڵبلاغ، بەردە زەرد و تیکانتەپه شکڵ و شێوەیەکی توند و تیژی بەخۆیەوە گرت. له دێی گۆلێ خەڵك و ئاغا – له سەر به زۆر بردنی کچ و ژنی وەرزێران بۆ شایی و ڕەشبەڵەك که به ئیفتیخاری " موزەفەری " فەرماندەی لەشکری مەهاباد ساز کرا بوو ، پێکهەڵپڕژان. خەڵك هاواریان برد بۆ " مامۆستا شێخ عێزەدین " ، ئەویش داوای بەربەرەکانی و جوابنەدانەوەی کرد و گوتی: با ئاغاکان کچ و ژنەکانی خۆیان بێنن و بۆ موزەفەری هەڵپەڕێنن!! له چەند گوندی ناوچەی فەیزوڵابەگیش،خەڵك دەستیان به سەر چاڵ و عەمباری گەنم و دەغڵودانی ئاغاکاندا گرت و ، زۆربەی ئاغاکان له دێهاتەکان دەرکران.له گوندی ئاڵبلاغی نزیك بۆکان و شاری بۆکان گیرسانەوە.

خەڵك له ترسی هێرش و تۆڵه ئەستاندنەوەی ئاغاکان، هێزی بەرگرییان پێکهێنا. ئارمی تایبەتییان هەبوو (که بریتی بوو له دەسرەیەکی سپی که له ملیان دەهالاند). چەکی دەستیان داس و شەنه و تێلا بوو. ڕەمز و نیشانەی شەڕ و پێکهەڵپڕژان ،سەرکەوتن و چوونه پێش ، یان پاشەکشه و شکستیان دانابوو. له نێوان گوندەکانی ئاڵبلاغ ( مەرکەزی ئاغاکان ) هەتا گوندەکانی یەکشەوە ، قاتانقوڕ و قورە بەراز تەرمەکه دڕوو دانرابوون که ئاگر تێبەردانی هەر یەك لەوانه حاڵەتێکی له دەستپێکردنی شەڕ .شکست و پاشەکشه، یان سەرکەوتنی نیشاندەدا. ل له گوندی تیکانتەپەی قوچخان ، نمایشتێکی زۆر ساده و ساکاریان ساز کرد بوو که ئێواران له ناو دێ نیشاندەدرا و خەڵکیان پێ هاندەدرا! سەرەنجام ئەرتەش، به هانای ئاغاکانەوە هات. سەرەتا پێوەندیی نێوان بۆکان و دێهاتەکان پچڕا . خەڵك هێرشیان کردە سەر ئەو ئاغایانەی که له ئاڵبلاغ بوون و، هەموویان له مزگەوتدا به گرەوگان گرتن. ئەرتەش و خەڵك له پشت ماڵی ئاڵبلاغ پێکهەڵپڕژان. یەکەمجار ئەرتەش پاشەکشەی کرد، بەڵام له درێژەی شەڕەکەدا ئەرتەش به تانکەوە هێرشی کردە سەر خەڵك و تێکی شکاندن و ٢٠ تا ٣٠ کەسی لێگرتن و ناردنی بۆ مەهاباد.

پاش دەخالەتی ئەرتەش و شکستی خەڵکەکه له ئاخری زستانی ساڵی ١٣٣١ ( ١٩٥٢) دا هێزێکی گەورە له ئاغایانی دێبۆکری و فەیزوڵابەگی و دەورو بەر بۆ سەرکوتکردنی گوندنشینەکان پێکهات. پێشەکی هەڵیانکوتایه سەر دێهاتەکانی فەیزوڵابەگی . خەڵکێکی زۆریان تاڵانکرد، سەدان سەر مەڕ و ماڵاتی خەڵکیان به تاڵان برد. دەیان ماڵیان جەریمه کرد، یا پووڵی نەغدیان لێدەستاندن

یان قەبزی عیندەلموتالەبەیان لێوەردەگرتن . دەیان ماڵە مەلا ، وەرزێر و ڕەشایی لە دێ دەرکران و ، چیان بۆ کرا بە سەر ئەو خەڵکە هەژار و داماوەیان هێنا.

لە دێهاتەکانی تری ناوچەکەش هەر لە گەردیکلان و قاراوای سەر بە سەقزەوە هەتا گوندەکانی شاریکەند، قاجر، سەیداوا، ئاجیکەند، کانیتومار، عەمبار، داشبەند، مەلالەر، گۆلیی چۆمی مەجید خان ، تالاو، بەفرەوان، قزلقوپی و دێی مەنسووری شاماتی میاندواو، هێزی ئاغاکان خەڵکیان دارکاری کرد. ئەزیەت و ئازاریان دان و دەیان ماڵە وەرزێر و مەلا و ڕەشاییان لە دێهاتەکان وەدەرنا. بە تایبەت شووڕاکان و ئەو مەلایانەی لایەنگر و هاندەری وەرزێرەکان بوون. لە گۆلێ ماڵی مامۆستا شێخ عێزەدین ، مەلا حوسین. مەلا عەولا و چەند ماڵی تر دەرکران و ، کوڕێك بە ناوی حوسێن کوژرا. لە مەلالەر، مەلا محەمەدی وەلزی، مەلا محەممەدی خاتوونباغی و چەند ماڵە وەرزێر؛ لە دێی عەمبار، ماڵە مەلا ئەحمەدی وەلزی و چەند وەرزێر دەرکران. هەر وەها لە ئاجیکەند و کانیتومار چەند وەرزێر، لە قاجر و قاراوا مەلا حەمەدەمینی ئەحمەدی و مەلا عەولای محەمەدی سیپاڵیان وەدەرنرا ، لە دێهاتی شاماتیش دەیان ماڵ دەرکران.

ئەو لێدان و بەهانەپێگرتنە، ئەو جەریمە و دەرکردنە کەم تا زۆر هەتا ساڵی ١٣٤١ ( ١٩٦٢) و تەسویبی قانوونی ئیسلاحاتی ئەرزی و هەڵوەشانەوەی نیزامی ئاغا و ڕەعیەتی و، پسانی کۆت و زنجیری کۆیلەتی، لە هەموو ناوچەی موکریاندا درێژەی هەبوو. لەو ماوەیەدا سەدان ماڵە وەرزێر لە جێگا و ڕێگای خۆیان و بابوباپیرانیان وەدەرنران و ڕەنجخەسار و ملکەچ لە ناوچەکانی تر گیرسانەوە و، بۆ هەتاهەتایە بۆ شوێنەکانی پێشووی خۆیان نەگەڕانەوە.

لە شاری بۆکانیش دارودەستەی ئاغاکان، هەڵیانکوتایە سەر ماڵی حاجی قاسم و میرزا حوسێنی برای و ئاگریان تێبەردان و ئەوان و ماڵی " میرەبەگ " و " عەولا ئێرانی " ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکەیان لە بۆکان دەرکرد و زۆر کەسی تریشیان ئەزیەت و ئازار دا.

بۆ شیکردنەوەی زیاتری باسەکە و، بۆ نیشاندانی ڕووی ڕاستی ڕووداوەکە و ڕاستکردنەوەی هەڵەی هێندێك کەس و لایەنی سیاسی ، کە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی موکریان بە حیسابی ئەم یان ئەو حیزب دادەنێن، یان بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان ناو و ناوەرۆکەکەی دەگۆڕن، ئاماژە بە چەند خاڵ پێویستە.

خاڵی یەکەم: بە چەند دەلیل حیزبی توودە و دێمۆکڕات ، ڕێبەر و ڕێکخەری ئەو ڕاپەڕینە نەبوون. جا با ئەندامان و لایەنگرانیشیان بەشداری ڕووداوەکەیان کردبێ : ١) حیزبی توودە لە ئەساسدا ئەوەندە لایەنگری سیاسەت و کار و کردەوەکانی د.موسەدیق و جیبهەی میللی نەبوو،هەتا لە کوردستاندا لایەنگرییان لێبکات. ٢) چۆنە حیزبی توودە زیاد لە هەموو ناوەند و شارە گەورە سەنعەتییەکانی ئێران ، ناوچەیەکی دوور و دواکەوتووی هەڵبژاردووە بۆ خەباتی چینایەتی و دامەزراندنی سۆسیالیسم و کۆمەڵگای یەکسانی، ٣) کوا ئەو کات حیزبی توودە لە کوردستاندا ، ئەوەندە خۆشەویست و جێگای متمانەی کوردی بوو ، هەتا ببێکەنە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری خۆیان ؟ تازە هەر ٥-٦ ساڵێك بوو کە یەکێتی سۆڤیەت کوردی بە گورگانخواردوو دابوو. کوردستان و کۆمارە ساواکەشی بە هیوای چەند بۆشکە نەوتی شیمال بە " قەواموسەلتەنە" فرۆشتبوو. ٤) چۆن دەکرێ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران ، ناوچەی فەیزولابەگی هەڵبژاردبێ بۆ شەڕی ئاغا و گوندی کە زۆربەی ئاغاکانی خزمی پێشەوای نەمر قازی محەمەد بوون و ، لە کۆی ١٢ شەهید کە بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستاندا لە شاری سەقز و بۆکان لە دار دران ، ٧تا ٩ کەسیان لە

ئاغایانی فەیزوڵابەگی بوون ، ٥) مامە غەنی  کە خۆی ئەو کات نوێنەری حیزبی دێمۆکڕات و دۆستی نزیکی حیزبی توودە  بوو و لە کاتی ڕووداوەکەشدا سەری ناوچەکەی داوە دەڵێ: " ...خەبەریان داینێ  کە لەشاری بۆکان و دەوروبەری  خەریکە ڕووداوێکی دڵتەزێن دەخولقێ .. من و کاك سارمەددینی سادق وەزیری  لە تاران چاومان بە حاجی قاسم کەوت . لەو چاوپێکەوتنەدا بۆمان دەرکەوت حاجی قاسم پێوەندی بە جیبهەی میللییەوە گرتووە و ئەوان هانیان داوە  دژی خاوەن ملکەکان خەڵك ڕاپەڕن و .." (ئاڵەکۆك ، غەنی بلوریان...)

خاڵی دووهەم:  ئەو ئامار و ئەژمارانەی هەتا ئێستا بۆ کوژراو و خنکاوانی ئەو ڕاپەڕینە نووسراون ڕاست نین  و، هەتا ئێستا  لە لایەن هیچکەس و لایەنێکەوە پشتڕاست نەکراونەتەوە  و نێو و شۆرەتی هیچیەك لەو دوازدە کچەی  کە دەڵێن گۆیا  لە ترسی ئاغاکان خۆیان خستووەتە چۆمی بۆکانەوە و خنکاون ، یان ئەو جەنازە و لانك و بێشکەیەی کە دەڵێن خراونەتە  چۆمی " تەتەهوو" وە نەبیستراون.

خاڵی سێهەم و ئاخر قسە: بەڕێز کاك ئەنوەری سوڵتانی  لە ژمارە ٣٦ی گزینگدا، بە بۆنەی ٥٠ هەمین ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی موکریانەوە کورتە باسێکی نووسیوە، کە لە هەموو ئەو شتانەی  هەتا ئێستا لە سەر ئەو ڕووداوە نووسراون و گوتراون ، تێکەڵپێکەڵتر و سەرنجڕاکێشتر و ، بە هێندێك لێبوردنەوە و کەمێك لێکۆڵینەوە و ڕێکخستنەوەی سەروبەری قسەکانی، بۆت دەردەکەوێ  کە چۆن کاك ئەنوەر بۆ مەبەستێکی تایبەتی و بە گوێرەی ئیدەئۆلۆژییەکەی خۆی، جارێکی تریش ڕووداوێکی گرینگی مێژوویی و جەماوەری لە کوردستاندا  دەشێوێنێ و تەحریفی دەکا  و ناو ناوەرۆکەکەشی دەگۆڕێ!!

کاك ئەنوەر چونکە خۆی جیهانوەتەنی یە و، بڕوای بە هیچ داوا و داخوازییەکی نەتەوایەتی و چینایەتی ناوچەیی و مەحەلی نەبووە و نییە، پێیوایە گشت خەبات و شۆڕش و بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە کوردستاندا، هەر لە کۆنەوە هەتا ئێستا، دەستکردی " پالیزبان "  ئەم و ئەو  ، سەر بە  ئیمپریالیزمن.یان سەرێکیان  بە حیزبی چەپی سەرتاسەری و دۆستی یەکێتی سۆڤیەتی قەدیمەوە بەندە و ، ڕەنگ و شەقڵی کوردایەتی و ناوچەییان پێوە نەبووە و نییە ، بەڵکوو بەشێکن لە خەباتی سەرتاسەری چینی کرێکاری  ئێران !!

بە پێی ئەو تێڕوانین و جیهانبینییەوەیە کە کاك ئەنوەر شۆڕشی جووتیارانی ناوچەی موکریانیش  دەشێوێنێ و مەیدان و مەوداکەی تەنگ و بەرتەسك  دەکاتەوە و، لە بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەری ڕەشوڕووتی موکریانەوە دەیکاتە ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان و فەیزوڵابەگی و، ئەویش دەیکاتە  کاری چەند خەیات و لاوی سەر بە حیزبی توودە !  جا بۆ ئەوەی بە تەواویش بیکاتە ڕاپەڕینی کۆمۆنیستی و توودەئیستی و ئینترناسیۆنالیستی، کۆنە عەجەمێکی بە نێو ئاغای " شوقاقی" دەدۆزێتەوە!!

کاك ئەنوەر دەنووسێ: " بە بۆچوونی من، ناوبردنی ڕاپەڕینەکە بە " بزووتنەوەی جووتیارانی موکریان"  هەڵەیەکی تەواوە ، لە بەر ئەو هۆ ئاشکرایەی  کە ئەو ڕاپەڕینە، جگە لە ناوچەی فەیزوڵابەگی لە ڕۆژهەڵات و بەشێك لە باکووری بۆکان ، هیچ شوێنێکی دیکەی نەتەنیەوە و هەرگیز لە چۆمی تەتەهووش نەپەڕیەوە." بڵێی! بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەو، شۆڕشی جووتیارانی موکریان ، شوێنی دیکەشی تەنیوەتەوە و لە چۆمی تەتەهووش پەڕیوەتەوە .  هەر لە دێی مەنسوور ، بەفرەوان ، و تاڵاوی شامات ( نزیك میاندواو) و گۆلێ و مەلالەری چۆمی مەجید خان، عەمبار، ئاجیکەند، کانیتومار، قاجر و شاریکەندی ئەوپەڕی چۆمی تەتەهوو ، تا دەگاتە قاراوا و گەردیکلانی سەر بە تورجان و سەقز . دەیان ماڵە وەرزێر ، ڕەشایی و مەلا دەرکران و سیپاڵیان وەدەرنرا ، تەنانەت  لە دێی گۆلێی ئەوبەری تەتەهوو خەڵکیش کوژرا.

کاك ئەنوەر پێیوایە خەیاتەکانی بۆکان ٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا خاوەنی هەستی چینایەتی بوون و لە پێشدا چەپ و پاشان بوونەتە ڕاست ! هەر وەها لاشی وایە کە خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی لە کوردستان ، دوو شتی جودا و دژ بە یەکن . دەنووسێ: " خەیاتەکانی بۆکان خاوەنی وشیاریی چینایەتی زۆر بوون کە دواتر کەوتنە دۆخی کوردایەتی ". بۆ هەستە چینایەتییەکەیان کەمێك سەیرە! بەڵام دەزانم ٥٧ ساڵ بەر لە ئێستا و ٧ ساڵ پێش ڕاپەڕینەکەی وەرزێرانی ناوچەی موکریانیش ، هەموو خەڵکی بۆکان و ناوچەکە بە خەیاتەکانیشەوە هەتا گوندی عەلیاباد ، چوون بەرەو پیری ئاڵای کوردستانەوە و هێنایانە بۆکان و بردیانە سەر قەڵای سەردار و تێگرا گوێیان بۆ بیستنی ئەو شێعرە: بێ ببینێ ئەو کەسەی پێیوابوو کورد سەرناکەوێ...

کاك ئەنوەر نەك هەر ناو و ناوەرۆکی شۆڕشی جووتیارانی گۆڕیوە، بەڵکوو کات و زەمانەکەشی دەستتێوەرداوە، هەتا جووت و هاوکاتی بکات دەگەڵ کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و شکستی جیبهەی میللی و گرتنی ئازادیخوازان و ئەندامانی حیزبی توودە !! مێژووی ڕاپەڕینەکە، ئاخری زستانی ٣١ و هەوەڵی ساڵی ٣٢ بوو نەك هاوین و مانگی گەلاوێژی ٣٢ (٥٣).

کاك ئەنوەر لە درێژەی باسەکەیدا و پاش کەمێك ئەمبەر و ئەوبەر و هەزار و دوولایی کردن و بەسەر کردنەوەی هەموو حیزبەکان دێتە سەر باسی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ ( ١٩٧٨) و، پاش ڕەخنەیەکی زۆر نەرم و خشکەیی لەخۆی وسازمانەکەی(ئەکسەرییەت) ، بە چاو قووچان و بازدان بە سەر ئەو شۆڕشە پان و بەرینەی گەلی کوردستاندا و ، بە بێ ئەوەی کەمترین ئاماژە بکات بەو هەموو دژایەتی و دوژمنایەتییەی دەگەڵیانکرد و، ئەو هەموو ناوناتۆرەی لێیاننا بە خاتری جمهووریی ئیسلامی دژی ئیمپریالیستی ، با دەداتەوە سەر خەڵکی بۆکان و فەیزوڵابەگی و، پاش کەمێك تاریف و سپاس دەنووسێ: " ... دەبێ خەڵکی ناوچەی فەیزوڵابەگی خاوەنی سوننەتێکی کۆنی خەبات و چالاکی چینایەتی بن ، دەلیلەکەشی ئەوەیە کە ئەمجارەش جیا لە هەموو کوردستان زەوی ئاغاکانی ئەوێ بەشکرا و درا بە خۆشنشینەکان ." تۆ بڵێی کاك ئەنوەر کە ئەمجارەش لە سەرتاسەری موکریان و تەنانەت لەهەموو کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، وەرزێران و زەحمەتکێشانی شار و دێ، خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتییان پێکەوە گرێدا. لە لایەك دژی داگیرکەرانی ئیسلامی زیدی ئیمپریالیستی ڕاوەستان و ، لەو لاشەوە لە سەر داوا و داخوازییە چینایەتییەکانیشیان سوور بوون. دەیان یەکێتی جووتیاران و شووڕای شار و گوندیان پێکهێنا. لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستان، زەوی ئاغاکانیان بە سەر ڕەشاییەکاندا دابەشکرد ، تەنانەت لە ناوچەی تیلەکۆ ٤ ــ ٥ ئاغاش کوژران.

کاك ئەنوەر جوغرافیای ناوچەکەشی گۆڕیوە، دەنووسێ: " ئێستاش و بۆ هەمیشەش بەرێزەوە سەیری ئامادەیی خەباتکاران و هەموو گوندنشینانی فەیزوڵا بەگی تا سەراو و ڕەحیمخانی نزیك مياندواو دەکەم." من بزانم فەیزوڵابەگی ناگاتە سەراو و ڕەحیمخان ، بەڵکوو لەو بەینە دا یەکدوو عەشیرەت هەن. سەراو مڵکی کوڕەکانی شەهید " حەمە حوسێن خانی قازی " یە و ڕەحیمخانیش مڵکی ئەردەوێڵی یە.

کاك ئەنوەر لە هەموو ناوچەی موکریان و لە ماوەی ٥٠ ساڵدا ، تەنها سێ کەس شکدەبا بتوانن شتێك لە سەر ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی موکریان لە ساڵەکانی ٣٢ ــ ٣١ دا بنووسن. میرزا محەمەد نووری ، ڕەشیدی حەسەنزادە و عەلی گەلاوێژ . ئاواتە خوازە میرزا محەمەدی نووری و ڕەشیدی حەسەنزادە بیرەوەرییەکانیان بنووسن و کوردێکی ڕوسیزانیش تێزەکەی عەلی گەلاوێژ بکاتە کوردی.

ئا لێرە دا منیش دەڵێم بریا میرزا محەمەد ( کە دڵنیام دەشزانێ و دەشتوانێ) شتێکی لە سەر ئەو

ڕاپەڕینە بنووسیبا. ئەگەرچی ئەو دەمی ماڵی لە گۆلێ بوو نەك داشبەند ، وەك كاك ئەنوەر دەڵێ و لایەنگری ڕاپەڕینەكەش نەبوو. بریا ڕەشیدی حەسەنزادەش ( كە گۆیا لە داخی ئاغاكان بوو بە ساواكی) بیرەوەرییەكانی خۆی بنووسیبایەتەوە هەتا بمزانیبا لە ماوەی نزیك بە ٣٠ ساڵ چەند هەزار كوردی ئازادیخوازی گرت و، ئەشكەنجەی كردن بە ئیعدامكردنی دان. بریا لە هەزارەی سێهەمدا كوردێكی ڕووسیزان پەیدا ببایا و تێزەكەی كاك عەلی گەلاوێژی وەرگێڕابایاتە سەر زمانی كوردی، بەڵكوو خێرێكی بۆ كاك ئەنوەر تێدابایا و، بیگوتبایا من بووم كاتی خۆی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵابەگیم فێری خەباتی چینایەتی كرد بوو. هەر چەند وا بزانم لە كاتی ڕاپەڕینەكە دا، ئەو لە ئازەربایجانی شووڕەوی بوو. چونكە كاتێك بارزانی نەمر پاش شكستی شۆڕشی كوردستانی باشوور و یارمەتی و پشتیوانیكردنی كۆماری كوردستان و ، ئەو ڕێپێوانە مێژووییە و ئەو شەڕە قارەمانانەی دەگەڵ سێ داگیركەری كوردستان كردی و خۆی گەیاندە یەكێتی سۆڤیەت، كاك عەلی لەوێ بوو كە جارجاریش سەری بارزانی دەدا!!

## بابەتی هەشت:  « بەڵگەنامەیەك» سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵابەگی بۆكان



**نووسین و وەرگێران: ئەنوەر سوڵتانی**

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەم لە گزینگی ژمارە ٣٦دا, برادەرێکی خۆشەویست لە مەهابادەوە بەڵگەنامەیەکی فارسی بۆ ناردم کە پێوەندی بە هەمان بابەتی ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان و گوندەکانی دەوروبەرەوە هەیە. ئەو برادەرە بەڕێزە نەیتوانیبوو لە ناوخۆی وڵات بەڵگەنامەکە بڵاوبکاتەوە و لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم « کاکە! ئاغا ئێستاش پیاو دەخۆن» واتە بەڵکوو تۆ لە دەرەوەی وڵات بڵاوی بکەیەوە.

من بەڵگەنامەکەم دەقاودەق لە پێوەندی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ی ناوچەکەدا بینی و لام وابوو پێویست بێ بڵاوبکرێتەوە. هیوادارم باسەکە لە پرۆپێست بێتە دەرێ و ئەو خەڵکانەی وا ڕووداوەکانیان بە چاوی خۆیان بینیوە- لە هەر بەرەیەکی کێشەکە بووبێتن, بێنە قسەو بیرەوەرییەکانیان بنووسن. یەك لەوانەش جەنابی ماموستا شێخ عیزەدینە کە لە وتاری مەلا عومەردا ئاماژەی پێکرابوو.

سەبارەت بەم بەڵگەنامەیە, هەندێ ڕوونکردنەوەم هەن:

١) بەڵگەنامەکە, بریتی یە لە هەواڵێکی ڕۆژنامەی کەیهان چاپی تاران کە لە ژمارەی ڕۆژی ٥-٧-١٣٣٢(٢٧-٠٩-١٩٥٣)ی ڕۆژنامەکەدا بڵاوبۆتەوە, واتە دەوروبەری مانگێك دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ.

دیارە بابەتەکە بە فارسی نووسراوە و برادەرە مەهابادییەکەم زەحمەتی لەبەر نووسینەوەی کێشابوو, منیش کردمە کوردی و وا دەینێرم بۆ گزینگ و خوێنەرەوانی بەڕێزی.

٢) بابەتی هەواڵەکە بریتی یە لە سەفەری تاقمێك لە ئاغاواتی بۆکان و دەوروبەری بۆ تاران و چوونە لای حەمەڕەزاشای پەهلەوی و پاشان چوونە سەر گۆڕی ڕەزاشای باوکی کە لە هەردوو شوێن, خوالێخۆشبوو قاسم ئاغای ئیلخانیزادە بە نوێنەرایەتی لە لایەن هەمووانەوە وتاری داوە.
٣) سەفەری وەفدەکە بۆ تاران و ئەو قسانەی وا نوێنەرەکەیان لە بەر دەمی شا کردوویەتی لە چوارچێوەی دۆخی سیاسی- کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی ئێران و خەسڵەتی چینایەتی ئاغاواتدا دەگونجێن, هەربۆیەش باش وایە لە چوارچێوەیەکی گشتی ئەوتۆدا سەیر بکرێن و نەخرێنە قالبی مەسایلی شەخسی و کێشەی تایفەیی و عەشیرەییەوە.
٤) سەرەڕای ئەوەی بۆچوونی نوێنەری ئاغاکان دەقاودەق نوێنەرایەتی بەرژەوندی چینایەتییان دەکات,ئەو ڕاستییەش لە قسەکانی دەردەکەوێت کە کۆبوونەوە و چوونیان بۆ تاران و تەنانەت بۆچوون و داخوازییەکانیان هەر هەمووی لە لایەن ئەفسەرانی سوپای ئێرانی لە ناوچەکەوە ڕێکخراوە و جگە لە یەکدووکەس, ئەوانی تریان وردە مالیکێك بوون کە بە سووکە ئیشارەیەکی پەنجەی کەسانی وەك «شابەختی» هەڵدەسووڕان. واتە ئەو هەڵوێست گرتنانەیان نابێ وەك «خەیانەتی مێژوویی» و شتی ئەوتۆ سەیر بکرێن, بەڵام ئاشکرایە کە دژ بە خواستی گەل و بەرژەوندیی زەحمەتکێشان دەوەستن.
٥) گرینگایەتی قسەکانی خوالێخۆشبوو قاسم ئاغای ئیلخانیزادە(موهتەدی) لە پێوەندی ئەم باسە تایبەتەدا, بریتی یە لە لایەنی مێژوویی ڕووداوەکان, منیش هەر بەو بۆنەیەوە بڵاوی دەکەمەوە. لەو ڕاپۆرتەدا کە قاسم ئاغا ئاراستەی شای دەکات, گەرچی واهەیە لایەنی خزمەتی ئاغاواتی بۆکان و دەوروبەری بە ڕژیمی شا و دژایەتیکردنی خەباتکاران و ڕاپەڕیوانی ناوچەکە هەندێ گەورە کرابێتەوە بەڵام بە گشتی, زۆربەیان ڕاستی مێژوویین و ئاغای چەوسێنەر و دەرەبەگی زۆردار بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئەوەی لە توانایاندا بوو دژ بە وەرزێرانی گوند و کاسبکاری شاری بۆکانیان کرد و هەر بەڵایەك توانیان بە سەریان هێنان.
٦) قسەکانی قاسم ئاغا پەسەندی لایەنێك لە بۆچوونەکانی مەلا عومەریش دەکەن کە بریتی یە لەو ڕاستییەی لە سەردەمی ڕاپەڕینەکەدا, بەتەنیشت لایەنی چینایەتی خەباتی وەرزێرانەوە, هەستی نەتەوایەتی کوردیش گرینگایەتی و قورسایی خۆی هەبووە و ئەوەش لەو بەشەی قسەکانی قاسم ئاغا دەردەکەوێت کە ئاماژە بە «پیلانی ساڵی ١٣٢٤»(١٩٤٥) و «جودابوونەوە» دەکات. ئاشکرایە ساڵی ١٣٢٤ یش هیچ نییە جگە لە سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان. ئەم لایەنە لە وتارەکەی مندا لەبەرچاو نەگیرابوو و سپاسی مەلا عومەر دەکەم بۆ ئاماژە پێکردنی.
٧) بە کورتی, ئەم وتارانە لە لایەن کەسێکەوە دراون کە خۆی ڕێبەر و ڕێکخەری هەموو چالاکییەکی دژ بە ڕاپەڕیوانی بۆکان و دەوروبەری بووە و هەربۆیەش دەبێ وەك زانیارییەکی سەرەکی سەیر بکرێن.

٨) ئەم ڕوونکردنەوانەی خوارەوەش پێوستە بۆ کەسانێك بنووسرێن کە واهەیە شارەزایی تەواویان لە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە نەبێت:

- قاسم ئاغا باسی گەڕانەوەی«مەوکیب»ی شا دەکات, ئەوەش ئاماژەیە بەو ڕووداوەی کە شا لە ژێر زەختی گەلانی ئێران و حکوومەتی میللی دوکتور موسەدیق دا ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٣٢(١٩٥٣) لە ئێران هەلات و پاش ئەوەی «بەغدا» بوو بە «نیوەی ڕێگەی» گەیشتە ئیتالیا بەڵام سێ ڕۆژ دواتر بە هۆی کودیتای خائینانەی دەزگا جاسووسییەکانی ڕۆژئاوا و هەندێ ئەفسەری بەکرێگیراوی سوپای ئێرانەوە گەڕاینرایەوە سەر تەخت. وەفدی ئاغاواتی بۆکانیش بە ڕواڵەت بۆ پیرۆزبایی ئەو گەڕانەوەیە چوونە تاران.

- وا دەردەکەوێ کە نەمر حاجی قاسمی کەریمی و ڕێبەرانی دیکەی بزووتنەوەکە, لە ناو حیزب و ڕێکخراوە جیاجیاکانی«جیبهەی میللی»دا پێوەندییان لە گەڵ «حیزبی ئێران» بووبێت کە لەو ساڵانەدا گەلێك چالاك بووە.

- ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان دژ بە ئاغاوات لە ماوەیەکی کەمدا پەرەی سەندووە و شارەکانی مەهاباد و ورمێ و سنەیشی تەنیوەتەوە.«شارستان»ی مەهاباد, بۆکان و هەروەها سەردەشت و خانێ(پیرانشار)یشی دەگرتەبەر.

- «حیزبی ئێران» و «حیزبی توودەی ئێران» ئەگەر لە پلەی ڕێبەرایەتیشدا دروشمی هاوبەش و کاری هاوبەشیان نەبووبێت, لە ڕیزەکانی خوارەوە و لە ناو کۆمەلانی خەڵکدا ڕێبازیان لێك نزیك بۆتەوە بە تایبەت لە دژایەتیکردنی سیستمی ئەرباب و ڕەعیەتیدا. جیبهەی میللی و دوکتور موسەدیق لایەنگری بەربەستکردنی دەسەلاتی ئاغا و خاوەنزەوییەکان بوون.

- نیاز لە دەوڵەت, کاتێ کە قاسم ئاغا گلەیی لێدەکات, دەوڵەتی میللی دوکتور موسەدیق و هەندێ ئەفسەری سوپا و پۆلیسی سەردەمی حکوومەتی ئەویش هاوهەنگاوی ڕاپەڕیوەکان بوون و لایەنی ئاغاواتیان نەدەگرت, نەك هەر ئەوان بەڵکوو کاربەدەستانی دەوائیری دەوڵەتی و بۆ نموونە دادگای شاری مەهابادیش لە گەڵ کۆمەلانی خەڵکدا بوون, ئەوانە هەمووی لە وتارەکانی قاسم ئاغادا دەردەکەون.

- شابەختی فەرماندەی سوپای ڕۆژئاوای ئێران بوو.

نەمر حاجی قاسم کەریمی لە ساڵی ٢٠٠٢ لە هەولێر و لە تەمەنی ١٠١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

یادی بەخێر بێت.

بڕوانە سایەتی ئینتێرنێتی www.bokan.de

ئەنوەر سوڵتانی

**گەیشتنی عەشایری(بۆکان)ی رۆژئاوا بە حوزووری ملووکانە**

سەعات ٩ی سەر لە بەیانی رۆژی شەممە ٤ی میهر(٩/٢٦) ژمارەیەك لە عەشایر گەیشتنە خزمەتی ئەعلاحەزرەتی پیرۆز و جەنابی قاسم ئیلخانیزادە بابەتێکی بەم شێوەیە عەرزی شا کرد: ئەی شاهەنشا! لە ڕێگەیەکی دوور و بە دڵێکی شاد و گەشاوەوە هاتووینەتە پابۆسی بۆ ئەوەی هاتنەوەی مەوکیبی موبارەکتان بە حوزووری پیرۆزتان موبارەکبادی بڵێین و هەروەها بۆ ئەوەی خاتری شکۆداری شاهانە ئاگادار بێت کە لە کەلێن و قوژبنی وڵاتدا خەڵکانی لە خۆبوردووی ئەوتۆ هەن کە گیان و تێشووی ساڵیانی دوورودرێژی خۆیان و تەنانەت ئابڕوو و ئیعتیباری خۆ و بنەماڵەکەیان دەکەنە قوربانی ڕێگەی هەرمانی وڵات و شاهەنشای خۆیان.

وا بە کورتی ئەو ڕووداوانەتان عەرز دەکەم کە لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوودا[واتە ساڵی ١٣٣١/ مارچی ١٩٥٣.وەرگێڕ] لە بۆکان ڕوویاندا. لەو کاتەدا کە پیلانگێران لە پێتەخت تەوریان لە ڕەگ و ڕیشەی سەربەخۆیی وڵات دەدا, لە شارەکانیش خەریکی هەمان ئەو ڕێکخستنانە بوون. دارەدەستەکانی«حیزبی ئێران» لە بۆکان پێش هەموو شوێنێکی تر دەستیان بە چالاکی کرد. وابوو چەند هەفتەیەکی بە سەردا تێنەپەڕی, کە کارەکانیان پەرەی سەند و هەموو شارستانی مەهاباد و تەنانەت ورمێ و سنەشێ گرتەوە. حیزبی ناوبراو, بە هاوکاری لە گەڵ [حیزبی] توودە, ڕەعیەتیان دژ بە ئاغاکان هاندەدا بە شێوەیەك کە هەندێ لە [سەرەك] عەشیرەتەکان لە گوندەکانیان هەڵاتن و ژن و منداڵیان لە مەترسی لە ناوچووندا بەجێهێشت. لە شارەکاندا چوونە تەلگرافخانەکان و لەوێ نیشتەجێ بوون و بابەتەکەیان چەندەها جار بە گوێی دەوڵەتدا دا. بەڵام بەداخەوە تەلگراف و نامە و پاڕانەوەی خەڵك کەمترین شوێنی دانەنا و وەڵامی نەدرایەوە.

بارودۆخ ڕۆژ, لە گەڵ ڕۆژ خرابتر دەبوو و ئاغاوات و عەشیرەتەکان ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی ئەستەم بووبوونەوە.

لە گوندی «ئاڵبلاخ»ی نزیك بۆکان رەعیەت هێرشیان کردە سەر ماڵی ئاغا, ژن و منداڵیان لێ بەدیل گرت, خۆیان کوشت و ماڵیشیان لێ تاڵان کرد. لە چەندین گوند, دارکاری مەئمورانی ژاندارمەیان کرد و لە گوندیان وەدەرنان. لە ئاواییەکی تر, بە پێی حوکمی فەرماندەی تیپ, بە دار و تێلا هێرشیان هێنا. لە هەموو ئەو ماوەیەدا, خەڵکانی ئاژاوەچی لە لایەن «بازپورس» و «دادستان»ی مەهابادەوە پشتگیریان لێ دەکرا و بۆ ملبادانەوە لە یاسا هانیان دەدان. ئێمەی نۆکەرانی شا, ئەو بارودۆخە پڕ مەترسییەمان بە چاو دەبینی و یارییەکانی پشت پەردەمان بە وردی سەیردەکرد و دەمانزانی مێژوو دووپاتدەبێتەوە نەخشەی ساڵی ١٣٢٤(١٩٤٥) بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر دێتەوەدی. رەعیەتی هەژاریان فریوداوە و دە داویان خستووە و نزیکە نیشتمانفرۆشان هەوساری کارەکان بگرنە دەست و هەتا ئێمە

وەخۆبێینەوە کە نە لە ڕەز نیشانێك ماوە و نە لە ڕەزەوان. بەڵام لەوەیکە دەمانبینی ئەو نەخشەیە بە دەستی دەوڵەت بەڕێوە دەبرێ و زۆرتر مەسلەکان وە هەتا ئەوەی کە ژنەفتمان گوایە ئەعلاحەزرەت ... [ چەند وشەیەك ناخوێندرێتەوە] دەیانەوێ وڵات بەجێ بهێڵن, ئیدی ئێمە تاقتمان لێ بڕا زیاتر سەبرو لە سەرخۆیمان بە باش نەزانی. ژمارەیەك لە شادۆستانی بنەماڵەی ئیلخانی زادە, بنەماڵەی عەلیار, تایفەی قارەمانی, تایفەی عەبباسی, مەحمودی شێخ ئاغایی وتایفەی زولفەقاری, پەیمانی مردنمان بەست وەدەست بەکار بووین. بە ڕاپەڕینێك بۆکان و دەوروبەریمان لە ماوەیەکی کەمدا گرتەوە, خاییان و لادەرانمان سەرکوت و پرش وبڵاو کرد, ئاغاواتی هەڵاتوومان گەراندنەوە شوێنی خۆیان و پیلانی خەیانەتکارانمان هەڵوەشاندەوە. ئیتر بە کەرەمی خودا, کوردستانی لە دەست چوو سەرلە نوێ رزگار کرایەوە.

ئەم خەباتە قارەمانانەی ئێمە کە لە ئەوینی شا ونیشتمان هەڵقوڵا بوو خەڵك بە چاوی سەیر و سەمەرە لێیان دەنواڕی و بە کارێکی شەیتانیان دادەنا, بەڵام بە یارمەتی خودا و بەختی شاهەنشای ئێران, سەرکەوتن نەسیبی ئێمە بوو و جارێکی تر دوشمنانی سەرشۆڕ و تێکشکاو لە مەیدان هەڵاتن و مەترسی دامەزرانی رژیمێکی تودەیی و دەنگی ناخۆشی جیاوازیخوازی بۆ ماوەیەك هەڵگیرا و خامۆش بوو[ هێڵەکان لە لایەن وەرگێڕەوە کێشراون] گەرچی لەو بگروبەرەیەدا ئێمە بۆ وێنە ئامانجی خاینەکان و هێنددێك لە خزم و کەس وکارمان کوژران و بریندار بوون و دوای کۆتایی هاتنی ئاژاوەکەش ژمارەیەك لە ئێمە دەست بەسەرکران, لەوانە قاسمی ئیلخانی زادەیان بە تاوانی پشتیوانی لە مەقامی سەلتەنت و ڕێژە لە بەرانبەر وێنەی شاهەنشا بۆ ماوەی چەند مانگێك خستە زیندان و لە ترومبیل هاویشتیانە خوارەوە و ئازاریان دا, عوسمانی عەلیار و حوسێنی قارەمانیان هەرکام بە بیانوویەك زیندانی کرد و بۆ ژمارەیەکیش لە ئێمە حوکمێکی دیکەیان راگەیاند, بەڵام سەرەڕای ئەوانەش چکۆلەترین شڵەژانێك لە ئیمان و باوەڕی ئێمە بەدینەکرا و ئێستا بەوپەڕی سەربڵێندیەوە ڕووبەڕووی شاهەنشای خۆمان وەستاوین و بە شێوەی سەربازانی ئێرانی دێرین خزمەتەکانی خۆمان بە بارەگای خاوەن تاجی مەزن ئاراستە دەکەین و تەنیا داواکاری ئێمە لە خاکی ژێرپێی خاوەن شکۆیی, بەڕێوەبردنی دادگەری, کۆمەڵایەتی یە کە بریتی بێت لە سزادانی خیانەتکاران و خەڵاتی خزمەتکاران.

دوو کەس لە ئەفسەرانی فیداکار کە لە ناسکترین بارودۆخدا چاویان لە هەموو شتێکی خۆیان پۆشی و بە ئیرادەیەکی بەهێز و باوەڕێکی قایم بە شاهنشای خۆیان پیاوانە شاپەرەستانیان داڵدە و یارمەتی دابوو, یەکیان سەرهەنگ موزەفەری و دووهەم سەرگورد عامرییە کە هیوادارین بەکەونە بەر لوتفی ئەعلاحەزرەتی خاوەنشکۆ.

لە کۆتایدا دەوام و مانی تاجی خوسرەوی و سەعادەت و سڵامەتی بۆ زاتی موبارەکی خاوەنشکۆیی لە پەروەرەندەی جیهان خوازیارین و جارێکی دیکەش خوداوەندی مەزن بە شاهید دەگرین کە پەیمان و بەڵێنمان لە گەڵ خاوەن تاجی مەزن و خۆشەویست قایمتر و ئامادەیی خۆمان بۆ هەموو چەشنە گیانبەخت کردنێك رادەگەێنین و لەم کاتەدا کە تیمسار شابەختی بۆ سەرپەرەستی ئازەربایجان دیاری کراون, هیوادارین بە هۆی ئەو ئەزمون و زانیارییانەی وا لە ناوچەکەیان هەیە و بەو متمانەوە کە خەڵك بە ئەمانەتداری و ڕاستی و پاکی ئەوەیآن هەیە, کارەکان بە شێوەیەك بەڕێوە ببرێن کە خاتری پیرۆزی شاهانەیان پێ ڕازی و دڵشاد بێت. هەر بمێنێ ئێران, سەرکەوتوو بێ شاهەنشا:

ئیبراهیمی قارەمانی, ئیبراهیمی عەلیار, عەبدوڵڵا ئیلخانی زادە, حەمزەی قارەمانی, قاسمی ئیلخانی زادە, مەحموودی شێخ ئاغایی, عەبدوڵڵای زولفەقاری, ئیسماعیلی شێخ ئاغایی, حوسێنی قارەمانی, مەحەممەد ئەمینی قارەمانی, عەبدوڵڵای قارەمانی, سەعدی ئیلخانی زادە, قەرەنی ئیلخانی زادە, محەمەدی هیدایەتی, ئیبراهیمی نورانی, عەبدوڵڵای بەهرامی, مەحموودی شوجاعی و محەمەد ئەمینی کەریمی.

ئەعلا حەزرەتی خاوەنشکۆ دوای نواندنی میهرەبانییەکی زۆر وەهایان فەرموو:

بە خواستی خوداوەند حەق بە سەر باتڵدا زاڵ بوو, ئێوە کە بە سەر ڕێبازی ڕاستدا ڕۆیشتن بە بێ دەستخۆشانە نامێننەوە و خزمەتەکانی ئێوە لە حاند منەوە لە بەرچاو گیراوە. پاشان فەرموویان ئەوانەی کە هاوپەیمان بوون بە منیان بناسێنن کە لە لایەن جەنابی ئیلخانی زادەوە ناسێندران.

لە سەعات پێنجی ئێوارەدا عەشایری دەوروبەری بۆکان چوونە سەر گۆڕی شاهەنشا [رەزاشا] لە دەستچوو وبە دانانی چەپکە گوڵ ڕێز و قەدرزانی خۆیان دەربڕی و ئەو قسانە لە لایەن ئاغای قاسمی ئیلخانی زادەوە کران:

هرگز نمیرد آنکه دلش زنده شد به عشق

ًٍێبت است در جریده عالم دوام ما

حافزی شیرازی

[ هەرگیز نامرێ ئەوەی دڵی زیندوو بێ بە عیشق

لە ڕۆژنامەی جیهاندا تۆماربووە دەوامی مە]

ئەو شاهەنشا دادپەروەرەی وا ناوی ئێران و ئێرانی لە جیهاندا بەرز کردووە و بە شانازی و شەرەفەوە کۆچی دوایی کرد, ئێستا بە چاوی چاوەڕوانییەوە دەڕوانێتە کردەوە و ئاکاری ئێمە و دیارییەکی پڕبایەخی بە دەستی ئێمە سپاردوە کە بریتییە لە ئیسلاحات و پێشکەوتنی ئێرانی ئازیز و لە ئێمەش خوازیاری ڕاگرتن و پاراستنێتی. جوامێرێك وا تەمەنی خۆی بەختی وڵات و ئەرك و زەحمەت لە ڕێگەی ئەم میللەتەدا کرد زۆر زوو لە ناوچوو, خوداوەند لە پەنا رەحمەتی خۆیدا رایبگرێ.

ئەی مرۆی پۆلایی! ئاسودە لە گۆڕی خۆتدا بخەوە کە ئێمەی عەشایری خزمەتکار و بەئەمەك لە پێناو ڕاگرتن و پاراستنی زەرە زەرەی خاکی پاکی وەتەن, تا دڵمان لە سینگدا لێبدات ئەرکی خۆمان لە گیانبازی لە پێناو نیشتمانی ئازیز و ڕۆڵەی ئازا و خاوەنتاجتە, بەجێ دێنین. دەقیقەیەك بێدەنگی ڕاگەیندرا لە ساعەت ٥,٣٠ ڕێوڕەسمەکە کۆتایی پێ هات و لە لایەن ئاغای عیشقی نوێنەری بارگای شاهەنشاهی, ئاغایان بە خواردنی شیرینی دەعوەت کران و میوانداریيەکی گەرم و خۆمانە بەڕێوە چوو.

* روزنامە کیهان, تهران_ مهرماه ١٣٣٢( ٢٧سپتامبر ١٩٥٣)
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/ بۆکان

## بابەتی نۆ: راپه رینی جوتیاریی سالی ١٣٣١ به ریوایه تی "حه مه ده مین شه شه"

بو ماوه ی ٦ مانگ ئاغا ده سه لاتیان نەما بوو



پێشەکی: حەوتوونامەی پەیامی کوردستان کە یەکەم ژمارەی لە ٢٠ ی رەشەمەی ساڵی ١٣٨٣ لە مەهاباد هاتە وەشان ، یەکێك لە چاپەمەنیەکانی بەرهەمی کرانەوەی کەش و هەوای سیاسی سەردەمی ریفۆرمخوازی(٢ی جۆزەردان) لە وڵات بوو . ئەو بڵاوکراوەیە هەرچەند تەمەنێکی زۆر کورتی هەبوو و زۆر بەدرەنگەوەش هاتە رۆژهەڤەوە بەڵام توانی سرنجی هۆگرانی رۆژنامەوانی و خوێنەران بۆ لای خۆرابکێشێ و ببێتە خودان پلە و پایەیەکی شیاوی رێز لە پۆلێنی ژۆرنالیسمی کورد دا. پەیامی کوردستان یەکێك لە لاپەرەکانی تەرخان کردبوو بۆ ژانری مێژووی زارەکی . مێژووی زارەکی بە زانستی مێژوو نووسی سەردەم پشت ئەستووره و ئامانجی گێرانەوەی راستەوخۆی مێژوو لە زمان دەورگێرانەوەیە . هەروەك ئەو دیمانەیەی بەردەستتان . مێژووی هاوچەرخی کورد پرە لە کارێکتێرگەلێك کە لەگەڵ ئەوەی خاوەن خامە نین بەڵام خاوەن دەوری شیاوی نووسینەوەن ، خاوەنی ئەزموونی شیاوی راگوێزتنن . خاوەنی بیرەوەریگەلێکن کە تیشك دەخاتە سەر مێژوو، بەچاو روونی دەدا و سەرچاوە ساز دەکا . ئەو بەشە لە مێژووی ئێمە خاوەنی هێندێك تایبەتمەندیە کە شێوازی مێژووی زارەکی دەتوانێ لە نووسینەوەی دا زۆر بەکەڵك بێ . هەر بۆیە وێرای ئەوەی ئەو شێوازە مێژوو نووسیە لە کوردستان بێ رابردوو بوو بەڵام زۆر بە زوویی توانی جێگایەکی تایبەتی لە لای خوێنەرانی حەوتوونامەی پەیامی کوردستان بۆخۆی بکاتەوە . یەکێك لەو کەسایەتیانەی لە یەکەم هەنگاو و یەکەم ژمارە دا کەوتە بەر سەرنجی بەرێوەبەرانی پەیامی کوردستان حەمەدەمین ئەحمەدپوور ناسراو بە حەمەدەمین شەشە بوو . دەکرێ بڵێین حەمەدەمین شەشە یەکێك لە بەرچاوترین

کەسایەتیە زارەکییەکانی (شفاهی) دەوەری موکریانە کە رۆڵێکی شیاوی نووسینەوەی دە رووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی سەردەم دا هەبووە . وتە سیاسیە تەنز ئامێزەکانی ئەو بەڕێز رەفرنسی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگان لە کۆڕ و کۆبوونەوە و لێدوان دا . ئەو لە زۆر برگەی دروشاوە مێژووی ناوچە دا دەوری گێڕاوە ، کە دەتوانین ئاماژە بە شۆرشی جوتیارانی چۆمی مەجیدخان و شاماتی مەهاباد و ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦-٤٧ لە دژی نیزامی پاشایەتی بکەین . ئەو وتوێژەی بەردەستان رەوایەتی کاك حەمەدەمین لە راپەڕینی جوتیارانی چۆمی مەجیدخان و شاماتە ، کە بە شوێن بڵاو بوونەوەی بیرەوەریەکەی مەلا محەممەد بەرزەنجی دا پێویستی دووبارە بڵاو بوونەوەی هەست پێکرا .

روانگە وەبیرهێنانەوەی مێژووی ئەو ژیارە بە شێوەیەکی زانستی و سەردەمیانە و بە روانگەی پلۆراڵەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ و ئامادەی بڵاو کردنەوەی را و روانگەی هەموو لایەکە . ئەوەی تا ئێرە هاتووە دوو رەوایەتن لە رووداوێك، تۆش دەتوانی لە ڕێگای ماڵپەڕی روانگەوە رەوایەتی خۆت بۆ هەموان بگێڕیوە .

**ماڵپەڕی داخراوی ڕوانگە کە لە مەهاباد ئامادە دەکرا**

**حەوتوونامەی پەیامی کوردستان لە ٢٠ی ڕەشەمەی ١٣٨٣ هەتاوی / ١٠ مارسی ٢٠٠٥**

**لە راپەڕینی چینایەتیەوە تا خەباتی نەتەوایەتی**

**سەرەتا کاك حەمەدەمین باشتر خۆت بناسێنە و چەند لاپەڕەیەك لە ژیانی سیاسیتمان بۆ بگێڕەوە.**

* ئەمن محەممەدئەمین ئەحمەدپوور ناسراو بە حەمەدەمین شەشە، کوڕی پیاوێکی فەقیری بە ئیستیلاحی ئەودەمی ڕەشایی و قەرەم. ساڵی ١٣٠٨ لە سندووس لە دایك بووم و دوایە هاتینە دێی حاجی حەسەن، کە هاتینە ئەوێ ١٥ ساڵانە دەبووم. هەتا ساڵی دیمۆکراتی کە قازی دەسەڵاتدار بوو، ئەمنیش هەر وا کاری جووتیاری و کرێکاریم دەکرد و شتێکم نەدەزانی و هەستم بە مەسەلەی میللی و کوردایەتی نەدەکرد. هەتا مەسەلەی قازی محەممەد و جەمهوورێکەی هاتە گۆڕێ. دوای ئەوە هەستمان بەوە دەکرد کە ئینسان دەبێ بۆ خۆی هەبێ و هەر میللەتێك دەبێ کار و باری خۆی بە دەستی خۆی بێ. ئەوانەی دەمیان لە سیاسەت وەردەدا، باسی ئەو جۆرە شتانەیان دەکرد. ئەوانەم گوێ لێدەبوو و زۆریشم پێخۆش بوون! بەڵام خۆ مالك نەیاندەهێشت هیچ کەس بچێ یان بەحسێکی وا بکا و بزانێ. ئەگەر کەسێك ببا بە پێشمەرگەی قازی محەممەد، دەبوو ئیجازەی لە ئاغا وەرگرتبا، مەگەر خەڵکی شار با یان ئەوەی کە سەڵت بوایە وێرابای بچێتە نێو ڕیزی پێشمەرگەی قازی محەممەد، دەنا خەڵکی دێهاتی هیچ کەس نەیدەتوانی ئیزهاری وجوود بکا و بڵێ ئەمن هەم و قازی چۆنە و چۆن نییە. هەتا قازی و کۆمار تەواو بوو، ئێمە هەر لەو شێوەیەدا بووین. نزیك ساڵی بیست و هەشت و ئەوانە بوو، جەوانەکان زۆر موتەئەسیفی ئەوە بووین کە حکوومەتێکی کوردی لەبەین

چووه. تەمەنم بیست دەبوو، ڕۆژێك ڕەفیقێك بە نێوی قادر خەڵکی خێرئاوایە هات و پێی گوتم: دەڵێن مەلا بابەوەیسی تازەکەندی لەگەڵ سوڵتان ئاغای شێخئاغایی و چەند کەسی تر حیزبیان داناوە. گوتم با بچین. چووینە ماڵە مەلا باباوەیسی بابی ئەو مەلا جەسیمەی کە ئێستا لە داشبەندە. بڕێکی قسە لەگەڵ کردین و ناردینی بۆلای سوڵتانی شێخئاغایی و زۆر بە گەرمی وەریگرتین و زۆری پێخۆش بوو. ئەوەڵیش بوو، موباریزە خۆش بوو... و ڕاپەڕینەکە خەڵکیی بوو. بەرامبەر بە زوڵم. زوڵمەکەش ئاشکرا بوو. وەك ئەگەر تۆ کابرایەك تاڵانت بکا یەکێك بێ و بڵێ وەرە بۆت بستێنمەوە .لەلای سوڵتان ئاغا داخیلی حیزب بووین . ئەوە کۆمیتەی مەحەللی بوو ، کۆمیتەی مەرکەزی لە مەهاباد بوو کە ئەو لەگەڵ تاران تەرەف بوو . لە کۆمیتەی مەحەللی دا سوڵتان و عەوڵا شێخئاغایی و حەسەنی میرخزری و ئەسەدی کاك ئاغازادە و سەید حەمەدەمین تووتاخاجی و مەلا ڕەحمانی پیرەبابی و... ئەندام بوون.

**کومیتەی تاران سەر بە حیزبی توودە بوو؟**

* بەڵێ.

**ئێوە بە نێوی حیزبی دێموکرات کارتان دەکرد یا توودە؟**

* ئێمە هەر بە نێوی توودە بووین و دیمۆکرات لە گۆڕێدا نەبوو. لەگەڵ سوڵتان ئاغا دەستمان بەکار کرد پێیان گوتین: ئەوەی بکەن و ئەوەی بڵێن. بە زوویی تەواوی لاوەکانی دێهاتی شاماتیمان ئامادە کرد. زۆریش بێترس بووین. ئەوکات حیزبی توودە برێك ئازاد بوو. ئۆرگانیشی هەبوو ئۆرگانی جەمعییەتی میللی موباریزە با ئیستعمار. نازانم بۆ ئازاد بوون، دەیانگوت: دوای ئەوەی ڕووس پشتیوانیان لە کۆماری کوردستان و ئازەربایجان قەتع کرد، شا لە بەرابەر ئەوەدا، ئازادی فەعالییەتی بە حیزبی توودە وەك ئیمتیاز بە ڕووسان داوە. جا نازانم ڕاستە یان نا. ئێمە لە ساڵی ٢٨ تا ٢٩ شاماتمان بە تەواوی بۆ نێو موبارزە ڕاکێشا، ساڵی ٢٩ هەڵسووڕانی ئێمە دژی ئاغایان ئاشکرا بوو. هەر دوو لا وەدەست هاتن و ڕەعییەت جوابی مالیکیان نەدەداوە و بێگاریان نەدەکرد و بە کارگەریش خەڵك کاری بۆ نەدەکردن و ئاغا ڕوویان لە شاران کرد و بڵاو بوون.

**ئەوە هەر لە ناوچەی شاماتی مەهاباد بوو یا لە جێی تریش؟**

* هەر لە شامات بوو، لە جێی دیکەش فەعالییەت هەبوو، بەڵام بەو شێوەیە نەبوو. چوون مارف ئاغای شێخئاغایی بۆخۆی ئەندام بوو و کوڕی سمایلئاغای بوو و مستەفاخانیش نەمابوو، حاجی حەسەن و خێرئاوا و تازەکەند و دێی مەلاش هەر ئی مستەفاخانی بوون، مەحموودئاغاش کە چکۆڵە بوو ئەویش کرابوو بە حیزبی. کڵاوێکی چکۆڵەیان لەسەر نابوو و پشتیوانی لە خەڵك دەکرد. خەڵکەکە هەموو دەیانگوت ئێمە ڕەعێتی مەحموودئاغایان و جوابی ئاغای دیکە نادەینەوە.

**کاك حەمەدەمین! ئەو خەباتەی ئێوە دەتانکرد زۆرتر حاڵەتی چینایەتی هەبوو (یانی بە دژی ئاغایان) یان لایەنی میللی و نەتەوایەتیشی هەبوو؟**

* زۆرتر جەنبەی تەبەقاتی هەبوو ئەسڵەن بەحسی کوردایەتی نەبوو. ئیدی نازانم لە دڵی خۆیان‌دا ئەو بەعزە کەسانەی سەرانی حیزب بوون ئەوەیان بووە یان نە. وەکوو ئەوانەی کومیتەی مەرکەزی کە لە سابڵاغ بوون. ڕەحیم سوڵتانیان و غەنی بلووریان و... سوورەی خوسرەوی و ئەوانە هەموو ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی بوون. ئەوانیش ڕابیت بوون لەگەڵ تاران. ئەوان لقێك بوون لە حیزبی توودەی تاران کە لە کوردستان کاریان دەکرد.

**بەڵام کاك حەمەدەمین وەك ئەمن لەبیرم بێ، کە لێرە و لەوێ خوێندوومەتەوە یان لە ئەندامانی کۆنی حیزبی بیستوومە لەگەڵ ئەوەی کە بە حیساب تەشکیلاتی حیزب شاخەیەك بوو، یان بڵێین بەشێك بوو لە تەشکیلاتی حیزبی توودە لە سەراسەری ئێرانێ‌دا لەنێو ئەو کادرانەی لە کە نێو دڵی حیزبی توودەدا جێگایان کردبۆوە کەسانێك هەبوون کە هەستی نەتەوایەتیکەیان زۆر بەهێز بوو و کادرەکانی حیزبیان هاندەدا کە وردە وردە خۆیان سازکەنەوە بۆ ئەوەی کە حیزبی دیمۆکرات لە سەرڕا و بنەمای فکری نەتەوایەتی بێننەوە و ئەو سەر بە حیزبی توودە بوونەیان زۆرپێ ناخۆش بوو. ئەتۆ کەسێکت لەبیرە باسی شتی وای بۆ کردبێ یا بەسەردارەتی حیزبی تودە ناڕازی بێ ؟**

نا کەسم نەدی لە حیزبی توودە ناڕازی بێ ، ئەوەی تۆ دەڵێی ئەگەر ئەو هەستە هەبوو بێ لە دڵە خۆیان بووە و بارو دۆخ ئیجابی نەدەکرد کە ئەو شتە بڵێن .

**بۆ وێنە غەنی بلووریان لە بیرەوەرییەکانی‌دا دەنووسێ کە ئەمن ساڵی ٢٦ لەگەڵ چەند کەسی دیکە حیزبی دێمۆکراتم لەسەرڕا زیندوو کردۆتەوە. دەڵێ: ساڵی ٢٦ لەگەڵ چەند جەوانی دیکەی خەڵکی سابڵاغ حیزبی دیمۆکراتمان زیندوو کردۆتەوە.**

جگە لە حیزبی توودە هیچ حیزبێك نەبوو و هیچ کەس چی نەکردووە. مادام لە دڵی خۆیان ئەگەر ئەو هەستە بووبێ وەك عەرزت دەکەم ئیمکانی نەبوو بیڵێن!

**باسی کومیتێکی دیکە دەکەن بەنێو کومیتەی کۆمۆنیستی کوردستان پێم وابێ هەر ئەو میرزا غەفووری سوڵتانیان مەسئوولی بووە. ئەوەتان بیستبوو، لە جەریانی وی‌دا هەبوون؟**

* لە پێوەندی لەگەڵ کۆمۆنیسم‌دا هەر دەیانگوت حیزبی توودە بەرەو کۆمۆنیستی دەڕوا ئێستا زۆری ماوە ببێتێ! دەیانگوت: کومۆنیسم گەورەترە لەوەی کە ئەمە بتوانین تێیدا هەڵسووڕێین.

**شێوەی فەعالییەتی خۆتان چۆن بوو، چتان دەکرد؟**

* هەروەك لە دەسپێك‌دا ئاماژەم پێکرد چالاکییەکەمان ئەوە بوو بەدژی زوڵم و زۆری مالیکان، خەڵکمان هاندەدا. ئێمە بۆ جووتیارەکان باسی شووڕەویمان دەکرد. هەمیشە حکوومەت و حیزبی شووروەویمان دەکردە نموونە بۆ خەڵك. باسی لێنین و مارکس و شۆڕشی چین‌مان دەکرد. ئەو کەسانە

چۆن بوون و چیان کردووە. هەڵبەت ئێمەش هەر ئەوانەمان دەبیست. ئەوانەی ڕێنوێنی ئێمە بوون هەر ئەوەمان وەپێش دەکەوتن.

**کاك حەمەدەمین! شێوەی تەشکیلات سازکردنەکەتان چۆن بوو! دەستەکانتان چۆناوچۆن بوو و چۆنتان سازماندەهی دەکردن؟**

* ئەمن نازانم لە شاری مەهاباد و لە شارەکانی دیکەدا چۆن بووە، ئەمن لە دێهات کارم دەکرد. لە کادرێك لە ناوچەکانی شامات و چۆمی مەجیدخان کارم دەکرد. هەتا عەمبار و مەڵلالەری دەچووم و تەواوی چۆمی مەجیدخان دەگەڕام. نامە و شتم دەبرد و نامە و شتم دەهێناوە. ئیعلامییەم دەبرد. شەونامەمان بڵاو دەکردەوە. ئێمە شانە شانە بووین. شانەی ٥ نەفەرەکەی دیکە ئیرتیباتیان پێکەوە نەبوو. یەکتریشیان نەدەناسی. یەکێك لەو پێنج کەسە سەرشانە بوو. سەرشانەکان بە دوو حەوتە جارێکی کۆ دەبوونەوە، پێنجەکانی دیکە یەکتریان نەدەناسی. لە ئەوەڵەوە پێنجەکان یەکتریان نەدەناسی. ئێمە بەو شێوەیە فەعالییەتمان دەکرد. هەڵبەت هەر لە ترسی ئاغای دەنا لە دەوڵەت نەدەترساین.

**کاك حەمەدەمین کە کۆبوونەوەتان دەبوو چ کەسانێك لە شارڕا دەهاتن؟**

کە کۆبوونەوەمان دەبوو، بۆ شامات یا غەنی بلووریان دەهات یان سوورەی خوسرەوی. ئەم دوانە ڕابیت بوون لەگەڵ ئەو کومیتەی محەللی شامات. سوڵتان ئاغا لە کومیتەی مەرکەزیدا عوزوییەتی هەبوو دەچووە ئەویش، لەوێڕا کامیلەن لەگەڵ ئێمە ئیرتیباتیان هەبوو.

**دەوری جەنابتان لە کۆبوونەوەکانیان دا چ بوو؟ ئێوە وەکوو چی بەشداریتان دەکرد؟**

* ئەمن بانگ دەکرامە، جەلەسەکان. وەلی چم نەدەزانی. بۆیەشیان بانك دەکردم فێری شت بم. بۆخۆشیان بەحسیان دەکرد لەسەر مەسەلەی ڕابردوو و لەسەر مەسەلەی لێنین... موباریزەش زۆر گەرم بوو، باسی موبارەزەشیان دەکرد کە چۆن بکرێ و چۆن نەهێنی بێ و چۆن ئینسان قایم بێ و چۆن دەبێ نەدۆڕێ و ئەو شتانەشیان هەموو مەتڕەح دەکرد.

**شێوەی بەربەرەکانی ئاغاوەت و موڵکدارەکان لەگەڵ ئێوە چۆن بوو؟**

گوزاریشی دەوڵەتیان دەدا دەنا هیچیان پێنەدەکرا. تەنها گوزارشیان دەدا. دوو سێ جار ئەمنیان پێوە کرد. جارێکی لەگەڵ سوورەی خوسرەوی هاتبوومە سەر جادە، هەمزە خەلیل و وان، ئاغای تاڵاوێ بوون، گوزارشیان لێدابووم. سەرهەنگ خاجەنووری لە میاندواو بوو، ئەمنی بانگ کرد شەو و ڕۆژێکی لە جێگا کۆترانی کردم، پریش بوو لە جیقنە ئێوارێ خاجەنووری هات و کوتی ئەتۆ حەمەدەمین شەشەی؟! گوتم بەڵێ: گوتی: بۆ لەگەڵ سوورەی خوسرەوی چوویە سابڵاغ؟ گوتم درۆیە دەکەن. گوتی درۆیە ناکەن. ئەتۆ و سوورەی خوسرەوی پێکەوە شەوێ لە ماڵە سوڵتان ئاغای شێخئاغایی بوون. بەیانیش لەوێڕا لەگەڵی چوویە سابڵاغ. گوتم ئەمن چوومەتە سابڵاغێ بەڵام لەگەڵ سوورەی خوسرەوی نەچووم. گوتی بۆ چوویە سابڵاغ؟ گوتم گاسنم بردووە سەری بکەم! ئەمن

جووتیارم، کارم هەبووە... کاری شاریم هەبووە! گوتی: ئەتۆ لەگەڵ سوورەی خوسرەوی نەچووی؟ گوتم: نا. گوتی: بڵێ هەر سێ تەڵاقم کەوێ!! سوورەی خوسرەوی ناناسم! گوتم: هەرسێك تەڵاقم کەوێ سوورەی خوسرەوی ناناسم! هاتینەوە بە مەلا حەکیمم گوت: مەلا حەکیم تەڵاقێکی وام خواردووە و لەگەڵ سوورەی خوسرەوی چوومە ئەوێ. گوتی: قەیدێ ناکا سێ چوار مست گەنم بێنە بۆ من جێبەجێ دەبێ! بەڵێ ئەوە شێوەی موباریزە بوو لەگەڵ مالیکان. وردە وردە ئەوی بۆلای مالکی دەچوو، شەوێ دەچووینە سەری، لێمان دەدا یان هەڕەشەمان لێدەکرد. دەمانگوت دەبێ لەگەڵ ئاغای ئیرتیباتت قەتع بێ.

**بە شێوەی چەکداریش لەگەڵ ئاغایان روبەڕوو دەبوونەوە؟**

* چەکمان لەکوێ بوو! نەمانبوو، چەك لە گۆڕێدا نەبوو. زەمانی چەکی نەبوو. ئاوا ڕابرد هەتا هاتینە ساڵی. لە ساڵی بە جارێکی ئاغا شکان. خەڵکی فەیزوڵڵابەگی و بەگزادەش لە ئاغایان ڕاپەڕین و لە حەسار و ئەوانە دەریانکردن و لە بۆکانێیان کردن. ئاغایانی ناوچەی بۆکان هەموو لێکەوتن و ماڵە لێتانان (ماڵە برایم لێتانی) لە عەمبارێ ماڵە عەلیاریان دەرکرد. داشبەند و وشتەپە و ناچیتیش پاشان پاك کرانەوە.

**ئێوە لە جەریانی کاری ئەوان دابوون، ئەو ڕاپەڕینە لە کوێرا دەستی پێکرد؟**

* هەمووی هەر لە شاما ت ڕا دەستی پێکرد. ئەمما لە بۆکانیش کومیتەیەك بوو ئی جەبهەی میللی بوو. حاجی قاسم بوو، عەوڵا ئێرانی بوو.

**حاجی قاسم کێ بوو؟**

* خەڵکی بۆکان بوو. ڕاپەڕینەکان لەوێرا بوو. ئەو پیاوی موسەددیقی بوو. توودەیی نەبوو و لە کاری ئێمەش ڕازی نەبوو. چون ئێمە توندرەوتر بووین لە ئەوان. تابیعی حکوومەتێ بوون، حیزبی توودە هەم دژی شا بوو، هەم دژی موسەددیق.

**لەگەڵ کۆمیتەی بۆکان هاوکاریتان هەبوو؟**

* هاوکاریمان هەبوو بەڵام ئێمە و حیزبی توودە زەربەمان لەوان دا. جارێك لە ساڵی ... ێدا ئیعلامییەکیان نووسی بە دژی شا و حکوومەتی سەرۆك وەزیر و لە عەمبارێ هەتا هاتینە چۆمی مەجیدخانی شامات و شارویران و سندووس و شنۆ و لاجان قەرار درا هەموو لە یەك شەوێدا لە یەك ساعەتدا بڵاو کرێتەوە. بۆخۆم یەکێك لەوانە بووم کە کەلبەرەزاخان و سەوزی بە عۆدەی من بوو. ئەمن نەمدەزانی کێی دیکەش دەچێتە کوێ و کەسیش نەیدەزانی کە ئەمن دەچمە کوێ. ئەوەندە بە من گوترا لەم دوو دێیانە ئەوانە بڵاو کەمەوە، هیچی دی! پێشم وانەبوو لە هیچ دێیەکی دیکەش بڵاو بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر هاتمەوە لە دێی ئێمەش بڵاو کرابۆوە. ئاوا نهێنی بوو، لە یەك شەویدا لە یەك ساعەتیدا لە هەموو شوێنێ بڵاو کرایەوە، لە بۆکان ڕا هەتا دەچێتەوە خانێ و شنۆیە.

**ئەو ئیعلامییە ئی کومیتەی ئێوە بوو؟**

* بەڵێ ئیعلامییەی حیزبی توودە بوو.

**بۆ ڕاپەڕینی وەرزێرانی چۆمی مەجیدخان زۆرتر کومیتەی بۆکان هاندەر بوو یان حیزبی توودە؟**

* هەر حیزبی توودە دەیکرد لە پەنا ئەودا جبهەی میللیش. جبهەی میللی هێندە توندڕەو نەبوو، هەر تەرەفداری لە موسەددیق دەکرد و چی دیکە نەبوو.

**کە وا بوو ئەم نەخشەیە حیزبی توودە کێشابووی؟**

* بەڵێ، ئەو نەخشەیە حیزبی توودە کێشابووی.

**کومیتەی محەلیی بۆکان چ دەورێکی هەبوو؟**

* ئەوانیش تەرەفداریان لە موسەددیقی دەکرد. جارێك موسەددیق لە نوتقێکیدا ئیعلانی کرد؛ سەدی بیستی (دەو دووی) بگێڕنەوە بۆ کەشاوەرز. لە سەر ئەو مەسەلەی سەدی بیستەی حاجی قاسم لەگەڵ ئاغایان تێکچوو. ئەویش بە دژی ئاغایان دامەزرا. ئەویش هەر بەرعەلەهی مالیك و سەرمایەدار بوو. بەڵام جبهەی میللی بوون.

**ڕاپەرین لە کوێرا دەستی پێکرد و چی بەسەر هات؟**

* لە مەنتەقەی بۆکانڕا، فەیزوڵلا بەگی و ماڵە موهتەدێکان و عەلیار و ئیلخانیزادەکان و ئەوانە لەگەڵ ئاغایانی محاڵی هەموو کوشن لەشکریان کرد و دەوڵەتیش تفەنگی دانێ و سەربازیشی ڕەگەڵ خستن و ماشێنیشی دانێ.

**چ ساڵێك بوو؟**

ساڵی ١٣٣٢ بوو. لە ٣١/١٢/٢٥ی دەستی پێکرا. ئێمە لە شامات تاڵان کراین و دەرکراین. ئاغاکان کۆ ببوونەوە ئەمن پیاویشم ناردە لایان، گوتمان ئاغاکانی خۆمان بێنەوە و وەك جاران دادەنیشین وەك برایان، بێگاریشتان بۆ دەکەین. با لەگەڵ ئەو ئاغایانە و لەگەڵ دەوڵەت ڕێكنەکەون و خەڵکی تاڵان نەکەن. ئاغاکانی ئێمە نەهاتنەوە. سمایلئاغا و مارفئاغا ڕەگەڵ ئەوان کەوتن. پیاویان ناردبوو گوتیان: حەمەدەمین! ئێمە تۆمان بۆ نەجات نادرێ. ئەتۆ دەبێ بڕۆی ئێمە ماڵەکەشت نەجات دەدەین. خەڵکی دیش نەجات دەدەین. تەسمیمیان گرتووە ئەتۆ دەبێ بکوژرێی. ئەتۆ و شەریفی برایمی و قادری ئامینێ و مەلا ڕەحمانی پیرەبابی. ئەو چوارە دەبێ بکوژرێن، ئەوەیان قەتعییە. لە بۆکان دەستیان بە کوشتار کرد. خەڵکیان دەخنکاند، بە ئاوێیان دادەدان. لانك بە ئاوێدا دەهات. لە بۆکان کوشتارێکی زۆریان کرد.

**لە پێشدا ئەوان ئاغاکانیان دەرکرد؟**

* بەڵێ ئەوان دەریانکردن و لە ساڵی مەوە ئاغا پەرێشان بوون.

**چ ماوەیەکی خایاند تا هاتنەوە؟**

نانا هەر لە بۆکانێ بوون. لە بۆکان کۆ ببوونەوە. نەچووبوونە هیچکوێ. نیزیکەی شەش مانگ ساڵێکی خایاند.

**یانی شەش مانگ ئاغا دەرکرابوون؟**

* بەڵێ! یانی بێئیختیار بوون هیچ ئیختیارێکیان نەبوو. لە دێی لێشیان دابان دەبوو. هەرچی لەگەڵیان کردبان دەبوو.

**حیزبی تووده چ هەڵوێستیکی هەبوو؟**

* لە تارانێڕا دەستوور هەبوو. لە تارانیش حیزبی تووده پشت ئەستوور بوو. ستوونی پێنجەمی لە ئەرتەشیدا هەبوو. ٢٨ی گەلاوێژ کە موسەددیق لاچوو حیزبی توودەش غەیرە قانوونی بوو ئەو قودرەتەی نەما. پێش کودەتایە ئاغا هاتنەوە، نەگەیشتنە شاهەلاتنێ هاتنەوە. کەمتر لە شەش مانگی کێشا بەڵام چ دەسەڵاتێکیان نەبوو دانشتبوون و بەو جۆرە هێرشیشیان بۆ خەڵکی نەدەهێنا، بەڵام پاش هاتنەوەی ئەرتەش و گیرانی موسەددیق، ئاغا ئەوەی نەدەبوو لەگەڵ رەعیەتیان کرد.

**پێم وایە ساڵی ٣١ حیزبی تووده بە هێندێك لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات یا ئەوانەی دوایە بە نێوی حیزبی دێموکرات فەعالییەتیان کرد وەکوو کاك غەنی بلووریان و ئەوانە پێی گوتبوون دەبێ ئێوە ڕاپەڕینی جووتیارەکان بکەنە ڕاپەڕینی چەکدارانە.**

ئەوە دوای ٢٨ی جۆزەردان بوو. دوای ٢٨ی جۆزەردان لە تارانێ موهەندیس شەریفی و عەبباسی و ئەوانە کە ئەندامی کومیتەی مەرکەزی بوون گیران، ئەفسەرەکانیش گیران و کومیتەی وێ لەبەریەك چوو و بڵاو بوو. ئەگەر لە سەرڕا هاتن تاڵان کراین ماڵە برایم لێتان و وانیان هێنا لەژێلا ئەوانە تاڵان کران هەفتا هەشتا سەرێکیان گاران هەبوو هێنایان لە بازاڕی قەباغکەندی سوفێکیان لەگەڵ خستبوون دەستی بە فرۆشتنیان کرد و کەسیش ڕایئەدەگرتن. ماڵە برایم لێتانی لە زستانێدا (١٣٣١/١٢/٢٥) دەرکران. بەفرێکی زۆر لە مەنتەقەیدا هەبوو. لە لای داشبەند شەوێ دوو منداڵ لە سەرمان مردبوون. لە ترسی ئاغایان هیچ کەس نەیدەتوانی ڕایانگرێ. هاتنە گۆلێ و مەڵلالەرێ. ڕەحیمی حەمە زێنیان کوشتبوو. مەلا شێخعیزەددین لەوێ مەلا بوو ئەویشیان لەوێ دەر کرد، رەسوو تارانیان دەرکرد و چوونە گوێگجەلی پەنایان برد بۆ خانمە خانمێ. خانمە خانمێ ڕایگرتن و زۆر چاکی ڕاگرتن. ئاغایان زۆریان دەسەر کرد جوابی نەدانەوە. زۆر مەردانە ڕایگرتن. ماڵە برایم لێتانی هاتبوونە ساروقامیشی ماڵە سالاری قازی. برایمی باپیرئاغای و سوڵتانئاغای حاجیلەکی نامەیەکیان ناردبوو بۆسالاری ئەگەر برایم لێتان (مامم بوو) و ئەو ماڵانە دەرنەکەی ئێمە دێین ئەتۆش دەگەڵ ئەوان تاڵان دەکەین و کوشتارتان لێدەکەین. گوتی ئەگەر سالار کاغەزەکەی خوێندەوە، لە سەر کاغەزەکەی گریا. گوتی ئەمنیش گوتم ئاغا بۆ دەگری. نیگەران مەبە. گوتی بێدەسەڵاتی ئاوایە. ئێستا ئاوایان بۆ من نووسیوە. گوتی ئەمن گوتم تۆ بڵێی و نەڵێی دەزانم تۆ بە دێبۆکریان ناوەستی.

ئێمەش حازر نین تۆ ئەو شەڕەی بۆ ئێمە بکەی. ئێمە لێرە دەڕۆین. تۆ هیچ نیگەران مەبە. جوابی خۆتیان بۆ بنووسە بڵێ ئەوە دەریاندەکەم. ئێمە ئەوە دەڕۆین. لەوێڕا هاتن، هاتنە میاندواوێ. برایمی عەوڵا یاوەری دێیەکی هەبوو بە نێوی یوزباشکەندی، لە قەراغ میاندواوێ، ماڵیان هاتە وێ. ئەوان لەوێ ئەو عەجەمانە ڕایانگرتبوون زۆر چاکیشیان ڕاگرتبوون. بە باوەشێکی گەرمەوە. بەعینوانی توودەییەك ڕاگیرابوون. عەجەمیش هەموو تووده بوون، دەگەڵمان بوون. فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان فەعالییەتی یەکجار زۆر بوو. ئەوانیش فەعالییەتیان دەکرد. ئەوجار هاتن بۆ تاڵانێ. سوارو تفەنگچێکانیان لەشکرێکی تەیار بوون. تەقریبەن پەنجا، شەست سوار و پەنجا شێست نیزامی لەگەڵ چەند ماشێن و هاتن بە دێهاتیدا. هاتن ماڵ ماڵ هەڵیاندەبژاردن. لەگەڵ هەموو کەسیشیان نەدەکرد. مەسەلەن دەیانزانی لەو دێیە کێ مەسئوول بووە و کێ خەڵکی هانداوە ئەو کەسانەیان دەردەکرد. لەوانە یەکیان ئەمن بووم و قادری ئامینێ. ئەو دوو سێ کەسە ڕۆیشتن و ئەمن هاتمە سابڵاغێ. ئەگەر ئەوانە هاتنە دە شاماتێوە ئەمن ڕۆیشتم، هاتمە سابڵاغێ دوایە هاتمەوە میاندواوێ. ئەگەر هاتمە میاندواوێ بۆیان گێرامەوە چۆن بابە فەلەج و نەخۆشەکەم و سێ برا و دوو خوشکەکانیمان لە عارەبەی کەڵان نابوون و هێنابوویانن لە نێو کۆنە میاندواوێ لەنێو عەجەمان فرێیان دابوون. کوتبوویان ئەوان حەقیان نییە بێنە کوردستانێ، ئەگەر هاتمەوە لە دەرکی مزگەوتێ بوون. دوایە دوو حەجەم کە برا بوون، پیاوچاکیش بوون. مەشەدی حەسەن و حوسێن وەڵلا نێو ماڵەکەیان دا بە ئێمە و کورسییان هاویشت و بەڕەو شتیان هێنا ئێمەیان لەبەر کورسێکەی دانا و ماڵات و ماڵمان تاڵان کرابوو هەموو بردرابوو. و بابیشم خوا عافووی بکا پیاوێکی بە جەرگ بوو گوتی ڕۆڵە لە ئێمە گەڕێ ئێمە لێرە بەئیرووین. بڕۆ بزانە ڕەفیقەکانت چ دەکەن. چ کارێکی دەکەن و فکر چییە. بچن ئەوەی بکەن تازە لە ئێمە گەڕێ. ئەمن چوومە مەهاباد ئەوانەی دەرکرابوون لە گەزەڵێن و دێی وەیساغا و تازەکەند و خێرائاوا ڕا چووبوونە ئەوبەری کانی سارد، ئیدی هەر بە سەڵتی چووبوونە نێو عەجەمان. ماڵ و شتەکەیان لێ هەستاندبوون. ئێمە چووینە ژاندەرمەری بۆ شکایەتێ. لە ژاندەرمەری سەرگورد تەوەکوللی لێبوو کە زۆر توودەیەکی تووند بوو. سەرگورد تەوەکوللی بۆ سبحەینێ دوو ماشێن ژاندەرمەی هێنا چووە نێو ئاغاکان کە لە شاماتی خڕببوونەوە. ئێمەش لەگەڵ ئەو چووین بەڵام هیچ ئیحتینیایەکمان بە ئاغاکان نەکرد. پشتیوانێکمان لە لا بوو. ترسمان لە ئاغایان نەبوو نە لەبەریان هەستاین و نە بە هێندمان گرتن. بەڵێ لەوێ دانیشت هەتا هەموو ماڵەکەیان ئەستاندەوە. هەموومان بردەوە بەری عەجەمان. ماڵاتەکەمان بردەوە. ئەوەی تاڵان کرابوو. بۆیان هەستاندینەوە. چووینەوە سابڵاغێ لە خێرئاوایە کۆبوونەوە بوو لە ماڵە مستەفاخانی. ئاغا هەموو لەوێ بوون.

ئەفسەریشمان دەگەڵ بوون. ڕەحیمی سوڵتانیان و غەنی بلووریان لە دوویان ناردم چوومە ماڵە ڕەحیمی سولتانیان. وەتاغێکی چکۆڵە بوو. گوتی حەمەدەمین ئەمشۆ هەموو لەوێین. هەموو لە وەتاغی ئاغای دەبن. دینامێتێکی هێنا. دینامێتەکە تەقریبەن دوو بست درێژایی بوو. کوتی سەری سیغارێی پێوەنێ. بەڵام بە پێنجا سانییە دەبێ لەوێ لاچی. دەنا تۆش لەنێو دەچی. ئیدی ئەگەر دە تەبەقەش بێ هەڵیدەتەکێنێ و خلاس دەبێ. بەڵێ ئەمیش هێنام و هاتمەوە مەهاباد و لەوێڕا پیاوێکم ناردە خێرئاوایە و گوتم بزانم شەوێ کێ نیگابانە. نیگابان و تفەنگداریان هەبوو. کە هاتنەوە پێیان گوتم نیگابان ڕەسوول پەریە. ڕەسوول پەریش یەکێك لە ڕەفیقەکانی خۆم بوو... ڕەسوول پەری گوتبووی بە حەمەدەمینی بڵێ بێ چ دەکا بکا! ئەمن چوومە ئەوێ لە نوێژی شێوان‌دا لە مەهابادێ ڕا لە دوویان ناردم گوتیان عەمەلەکەی ئیجرا نەکا. جا نازانم هۆی چ بوو. شتەکەشم هەر مابوو پێم وایە دە ساڵانیشم زیاتر هەر پێبوو.

**گوتت مەلا شێخ عیزەددینشیان دەرکرد. لەبەرچی دەریان کرد؟**

* مەلا شێخ عیزەددین لەگەڵ خەڵکی ڕێککەوتبوو بە دژی ئاغاکان. داوەتێکی ماڵە باپیرئاغای قارەمانی بوو، مەلا شێخ عیزەددینیش گوتبووی ژنەکانتان مەنێرنە داوەتێ جوابیان مەدەنەوە ئاغاش گوتبوویان هەر دەبێ بێن. گوتبووی پێیان بڵێن ئێوە ژنەکانتان بێننە قەراغ داوەتێ، تەماشای داوەتێ بکەن ئێمەش داوەتێ دەکەین. نابێ ئەوان ژنی خۆیان لە ماڵێ‌دا بشارنەوە وژنی ئێمەش هەڵپەڕێنن! ئەوە بوو کە هاتنە سەر مەلا شێخ‌عیزەددینی و مەلا شێخ عیزەددینیان دەرکرد. و ڕەحیمی عەلی زێنێش پیاوێکی جەسوور بوو. ئەویش سوار بوو لێیان و دەمانچەیەکی بە دەستەوە بوو و خەڵکەکە دەورەیان دا. عالەمێکی زۆریان هێنابوو و هەر دێیەی پەنجا شێست نەفەریان هێنابوو ئەو ئاغایانەی ماڵە موهتەدی و ئێلخانی‌زادە و عەلیار و فەیزوڵڵابەگی و بەگزادە ئەوانە هەموو هاتبوون بە لەشکرەوە هاتبوون. ڕەحیمیش لێیان سوار ببوو بە دەمانچەکەی گوتی کوڕە لێم گەڕێن با ئەمن دەستێکی بگەینمە ئەو ئاغایانە. کوڕە کرمانج مەیەنە پێشێ لێم گەڕێن با ئەمن یەکێکی لەوانە بگوژم. ڕەسووقاچێ هەبوو بە تفەنگی لێیدا لەسەر سوارێ بەریداوە ئەوان تفەنگیان پێ‌بوو تفەنگی دەوڵەتییان پێ‌بوو. ڕەحیم کوژرا.

**بێجگە لەوی لەو کەسانەی هەڵسووڕێنەر بوون چ کەسانێك گیانیان لە دەست دا و کوژران؟**

* لەلای ئێمە کوشتار نەبوو، هەرچی کرا لە بۆکانێ بوو.

**کومیتەی حیزبی توودە لە بۆکان فەعال بوو؟**

* حوسێنی فەتحەی یەکێك بوو لە مەسئوولانی حیزبی توودە لە بۆکان. ئەو لەگەڵ حاجی قاسم و وان کاری دەکرد. دوو سێ ساڵان گیرا. کە هاتن لەوێڕا بە مەڵلالەری و ئەوانەدا هاتن ئیدی ئەوجار پاکسازیان دەکرد. هەر دێیەی دوو کەس و سێ کەسیان، دوو ماڵ، سێ ماڵیان دەردەکرد و تاڵانیان

دەکرد. هەتا گەیشتنە شاماتێ. کە گەیشتنە شاماتێ وەك عەرزم کردن ئێمەشیان تاڵان و دەربەدەر کرد.
ئەو چەند ماڵە. ماڵمان چووە نێو عەجەمان. ماڵە سوڵتان ئاغاش دەرکرا. کە چوونە سەر سوڵتان ئاغای هەڵاتبوو. هەر کە دەیانەویست خەڵکی بگرن یەکڕاست دەچوونە دەستەی سوڵتانئاغا و عەوڵائاغا. جا دوایە دەهاتن دەستێکیان ڕە عالەمێ دەخست!
**کاکە حەمەدەمین! دەگەینە دەورەی کوودەتای ۲۸ی مورداد کە موسەددیقیان لابرد. ئەو کودەتایە چۆن لەنێو ئێوەدا ڕەنگی داوە و چ تەئسیرێکی لەسەر فەعالییەتەکانتان هەبوو و لە کەنگێوە نێوی حیزبی دێموکرات پەیدا بوو؟**
* ئێمە کە لە ساڵی ۳۲ی دەرکراین چووینە عەجەمستانێ، قەرار بوو موسەددیق دێیەکمان بۆ دروست بکا، لە پیرسندووسی لەنێو عەجەمان. لە کوردستانێ ڕایان نەدەگرتین و کەس وەخۆی نەدەگرتین.
**ئەوە پێش کوودە تا بوو؟**
* بەڵێ ئەوە پێش کۆدەتایە بوو. عەزیزئاغای خەلیفەلیان ئەو شامەی بە ئیجارە هەڵگرتبوو. شامی گادەرێ. گادەر زۆرە. ئەو ناردی لەدوامان کوتی لێرە دێیەکیان بۆ درووست دەکەم. بۆخۆیان خالیس لەو دێیە بن. نە کەسیان بێتە نێو و نە بچنە نێو کەسیش. ئێوە هەموو توودە دەبن و دەرکراون. وەرن بۆخۆتان لێرە دێیەکتان بۆ ساز دەکەم بۆخۆتان بیکێڵن و بۆخۆتان هەمەکارە بن کەس نەیەتە نێوتان. ئێمەش هاتینە وێ. ئەودەم بەو ماشێنە گەورانەیان دەگوت لۆری. دوو لۆری بۆ ناردین. پڕبوون لە عالەم هاتن بە سێڵاوێدا ڕۆیشتین چووینە داشخانە. لە داشخانە قامیشمان کردە پەنا و چووینە لە قامیشانەوە و تەقریبەن نزیکەی بیست ماڵێکیش بووین. هەموو دەرکراوەکانی شاماتێ بووین. ماڵە سوڵتانئاغای لەگەڵ ئێمە دەرکرابوون. سوڵتان لە سابلاغێ ماوە. بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێ پێش ئەوە لە ساڵی ۳۱ی سوڵتان شەش مانگ گیرا لە تەورێزێرا بردیانە تارانێ. سوڵتان و حەسەنی میرخزری ئەوانە گیران. دوایە هاتنەوە لەوێش ئیختلافیان لێ پەیدا بوو لەگەڵ توودەییەکانی تارانێ. ئەوان ئازاد بوون هاتنەوە. جا ئەگەر ئێمە چووینە داشخانەی ماڵ و منداڵی سوڵتان ئاغاشمان لەگەڵ بوو. ئەوە هاتووینە دەهاوینێوە. هاوینی ۳۲ی ڕۆژێکی لەدووی منیان نارد. قاوەخانەیەکی قامیشان لەوبەری پردێ بوو. ئەوەی ئێستا ئیدارەی فەرهەنگی لێیە. ئەوێ ئاوەدان نەبوو باغات بوو. چووینە ئەو قاوەخانەی دانیشتین. ڕەحیمی سوڵتانیان و غەنی بلووریان و کەریمی حیسامی و سەدیقی عەلایی و سوڵتانی شێخئاغایی و ئەمن و ئەسەدی کاك ئاغازادە و سوورەی خوسرەوی بووین. ئەوانە گوتیان پاش نوێژی ئێمە لە باغی مکائیلی میتینگی دەدەین. کاتێك هەستاین کەریمی حیسامی گوتی کەس نەڕوا. گوتیان بۆ؟ گوتی با حەمەدەمین وەپێش کەوێ. گوتمان بۆ. گوتی با نەڵێن ئەوانە خۆ بە زۆرتر دەزانن. بە ڕواڵەت ئەمن وەپێش وان کەوم یانی فەرق و جودایەتیمان نیە. هەر یەکین و کەس لە

کەس زیاتر نیە. بۆ خۆی ئەو مەسەلەی نیشان دەدا لە باغی مکائیلی میتینگ دەستی پێکرد. غەنی بلووریان وەسەر کورسێ کەوت. دەستی بە قسان کرد و خەڵکێکی زۆر لە باغی مکائیلی بوو ئەوەی ئێستا پارکە. لە جەنگەی قسانداد بووین. کە تەماشام کرد هەر چوار دەورەمان گیراوە و ژاندرمە و سەرباز، داری بێیان بریبوو جا وەرە لە نێومان کەون بە زووخاڵان! بۆشەر دەگەڵ نێزامیان! منداڵێك لەسەر دارێ بوو تفەنگی هەواییان هاویشتبوو و لە ئەو منداڵەی کەوتبوو و منداڵە کوژرا. ئێمە ملمان دەبەر ملی نان. غەنی بلووریان لە سوورەی خوسرەوی تووڕە بوو. خوسرەوی سەربازێکی گرت تفەنگەکەی لە دەست بادا و لە دەستی دەرهێنا. سەربازەکە لە عەرزێ کەوت. غەنی جنێوی بە سوورەیدا گوتی نامەرد! مەگەر ئێمە هاتووین شەڕ لەگەڵ سەرباز بکەین، ئەو تفەنگەت بۆچی لێ هەستاند. ئیدی سوورە تفەنگەکەی گرت وەك پلار هاویشتی بۆ ئەولای. سەید عەولا ئیسحاقی (ئەحمەدتۆفیق) لەگەڵ بوو بۆ لای کورەخانەیەك خۆی بە چۆمی دادا چووە سەر کوورەخانەکە و گوتی: بۆ هەڵدێن مەگەر شەڕی لێنینگڕادتان نەزانیوە؟! مەگەر فڵانو نەزانیوە. لێنین چی کرد و لێنینگڕاد چی کرد و فڵانی چی کرد؟! ئەوانەی زۆر بۆ گوتین کەس گوێی نەدایە. هەرکەس خۆی بە ئاوێ دادەدا و هەڵدەهات. دوای بڵاوکردنی عالەمەکە جەنازەی کوڕەمان لەسەر شان دانا بۆ میتینگدانی لەنێو سابڵاغێ. لە سابڵاغێ ژن و منداڵ وەدوامان کەوت. ئەو خیابانەی کە ئێستا خیابانی ئیمامێ، کە دەڕوا بەرەو چوارڕێی مەولەوی، ئەو خەیابانە کەسی دیکەی نەدەکێشا. شوعارەکان بە دژی شار و ئیستیعمار و فێئۆداڵ بوون. لە سەربازخانەیڕا سێ تانگ هاتن جەماوەریان بڵاوە پێکرد. ئەوجار هەرکەس لاقی تەڕبوو دەگیرا!! چووینە ماڵە سڵەمانخانی ئەمیری خۆمان شاردەوە هەتا ئیشك بووینەوە. هێشتا نەبۆتە ۲۸ی مورداد. ئەو موبارزە هەر هەبوو، هەروا دەهاتین و دەچووین دووبارە سازماندەهیمان دەکردەوە. دەچووین شەوانە لە ماڵاندا کۆبوونەوەمان لەگەڵ خەڵکی ساز دەکرد. هەر لە ترسی ئاغا ئەوانەمان دەکرد. سازماندەهێکمان کرد. لە بیستوشەشی موردادێ شا هەڵات. شا لە ۲٦ی هەڵات و لە ۲۸ی هاتەوە. ڕۆژی ۲۷ی سابڵاغ مێتینگی دا. مامۆستا هێمن لەبیرم دێ ڕانكوچۆغێکی سپی لەبەردابوو ئەو دوو دەستە شێعری خوێندەوە. دەیگوت شای خائین دەبڕۆ بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ. هەروەها لاگری سوڵحە تەواوی ڕەنجبەری وشیاری کورد، مونتەزیری فورسەتێکە ڕەنجبەری هوشیاری کورد. غەنی بلووریانیش کورسی پێبوو هەر برێك دەڕۆیشت و لە وێ نوتقی دەکرد قەرار بوو ڕۆژی ۲۸ی، ماڵە دەرکراوەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵی خۆیان. بەمنیان گوت سبەینێ با هەرکەس بچێتەوە جێگای خۆی. ئەمنیش چوومەوە بە دڵخۆشی ماڵ هەموو ساز بووین سبەینێ ماشێن بەرین ماڵە خۆمان بگوێزینەوە سەر جێوڕێگا و جێجووت و فڵانی خۆمان، لە نیوەشەوێدا خەبەر درا گوتیان شا هاتەوە! موسەددیق گیرا، سەرلەشکر زاهیدی کودەتای کرد. ئیدی ئەوجار بەجارێکی ئی شاریش بلاو بوون و هەڵاتن. سوڵتان شێخئاغایی هاتە

لای ئێمە لەوێ لە قامیشی‌دا شاردبوومانەوە. هەتا حەفتێکی نان‌ومان‌مان بۆ دەبردە وێ. لەوێ نانی دەخوارد. دوایە گوتمان لێرە ئاشکرا دەبی برۆ. ڕۆیی بۆ پایینێ. پایین لە خوارەوەی محالی شازادەیە، گەزە، چوو لەوێ لە گەزان‌دابوو. ڕۆژێکی کابرایەك هات نامەیەکی بۆ هێنام گوتی ئەو نامەیە ڕەحیمی سوڵتانیان و غەنی بلووریان لە بادامێ لە ماڵە میرزاقاسمی بادامی داویانە بە من کە بیگەینمە سوڵتان‌ئاغا. نامەم لە گیرفانی نا و بە پێیان ملی ڕێم گرت و ڕۆیشتم ئاخر زۆریش دوور بوو چووم لە پایینی ماینێکم وەرگرت سواری بووم کوتیان برۆ ئەوە لە شەتی شووشەوانێیە. جا لاپ لە خوارێنە. ئەوە سوڵتان لەوێیە. نامەکەم برد و چووم و هەروا دەڕۆیشتم نەمدەزانی لە کوێیە. سوڵتان‌ووان منیان دیبوو، بەڵام نەیاننناسی‌بووم. سوڵتان‌ئاغاش پیاوێکی دەگەڵ بوو بە ناوی حەسەن کاکیل. پیاوێکی باش بوو چووبووە فیستیوالێ لە رووسیەی. ئەویش هەر توودەیی بوو دەگەڵ خۆمان بوو.

**ئەدی بۆ دەڵێن فەقەت کەریم حیسامی لە کوردان چووبوو بۆ فستیواڵ؟**

حیسامی چوو بۆ فیستواڵی بولغارستان ئەوە ئی دوایە بوو. سوڵتان‌ئاغا دەڵێ حەسەن ئەو سوارە کاری بە ئێمەیە دەنا هیچ ئینسانێك بەوەیدا نایە، هەستە گۆرانێکی بڵێ ئەگەر هی ئێمە بێ دێ. ئەگەر کاریشی بە ئێمە نەبێ گوێ ناداتێ دەڕوا. حەسەنیش دەنگی زۆر خۆش بوو دەنگیشی چاك دەهات لانکۆڵێ لانکۆڵێکی کوت. ئەمن لەنێو گەزی ماینم باداوە ڕاست ڕووم لەوان کرد. دابەزیم کاغەزەکەمدا بە سوڵتان‌ئاغا و پاش چاك‌وخۆشی و لێپرسین، کاغەزەکەی سووتاند جا خوێندیەوە. بە ئاوی پیوازێ نووسرابوو! دوایە گوتی حەمەدەمین پێیان بڵێ وەدووی کاری خۆیان کەون و لە کۆڵ ئێمە ببنەوە. ئێمە چیدیکە نابینە دەست‌نیشاندەی حیزبی توودە. ئەمن کوردستان ناکەمە خۆڵەمێشی ئەتۆمی بۆ خەڵکی تاران و تەورێزی

**ئەوە ئەودەمی بوو کە هێشتا سازمانی ئەفسەرانی حیزبی توودە ئاشکرا نەبوو و نەگیرابوو؟**

* نەخێر، ئێستا ئاشکرا نەببوو خوسرەوی ڕوزبە و ئەوانە مابوون. سەرهەنگ سیامەك و ئەوانە لە ئەرتەشێ دابوون جا دوای وی خوسرەوی ڕوزبە گیرا.

**لە چ کاتێك ڕا ئێوە بە نێوی حیزبی دێمۆکرات دەستتان بە تێکۆشان کردەوە؟**

* لە دوای ٢٨ی مورردادەوە کوڕەکان بڵاو بوون و بەشێك ڕویشتن بۆ عێراقێ، و هاتنەوە و ئەوجار ئێمە بە نێوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان فەعالییەتمان دەست پێکرد.

**هەر بە شێوەی کۆمیتەکانی پێشوو، یا کۆمیتەکانی سابلاغ و شامات؟**

* نەخێر هەر ئەوە نەبوون. ئەوان هیچ نەخشێکیان نەبوو. ئەوجار لە سەرێ‌ڕا ئەسعەدی خودایاری هەبوو.

**خەڵکی بیجار بوو؟**

* نا خەڵکی ئێرە بوو. خەڵکی مەهابادێ بوو. ئەسعەدی خودایاری و سەدیقی ئەنجیری و حەمەدەمینی ئەحمەدی (حەمەسیس) کادر بوون و دەهاتن بۆ نێو ئێمە. کاك جەلیل گادانی هات کومیتێکمان لە شاروێرانی دامەزراند.کاك جەلیل ئەمنی کردە مەسئوولی کۆمیتەی شاروێرانی. کۆمیتێکمان دانا بە نێوی کۆمیتەی شین. ئەمن مەسئوولی ئەو کۆمیتەیە بووم.

**سەرچاوە: پەیامی کوردستان ، ساڵی ٢٠٠٥**

## بابەتی دە: بزووتنەوەی وەرزێرانی کورد ( ١٩٥٣-١٩٥٢) : لایەنێکی ونبوو لە خەباتی کورد لە ئێران دا




**ئالان حەسەنییان**

**وەرگێران لە ئینگلیسییەوە: حەسەن قازی**


**هەڵێنجاوە**


ئەم نووسینە لە ڕەهەندەکانی کۆمەلایەتی – سیاسی و ئیدیئۆلۆژی ڕاپەڕینی وەرزێرانی ساڵی ٥٣ – ١٩٥٢ دەکۆڵێتەوە ، لە سەروبەندێکدا کە کوردایەتی ( کورد بوون) هێزی زاڵی ئیدیئۆلۆژیك بوو بۆ وەگەڕ خستنی گەلی کورد بۆ ئەوەی کردەوەیەکی سیاسی بە کۆمەڵ ئەنجام بدا. لە کاتێکدا **کۆمەڵە** بە دوای ' ڕاگەیاندنی هەبوون " ی لە ساڵی ١٩٧٩ ، حەولی دا بۆ وەگەرخستنی خەڵك لە سەر بنەمای چینایەتی لە کوردستانی ئێران ، وەرزێرانی کورد لە هەرێمی موکریان ی کوردستانی ئێران هەر لە ساڵی ٥٣ – ١٩٥٢ دا  خەباتێکیان وەرێ خست کە ئیلهامەکەی چینایەتی بوو، بە مەبەستی تێرۆهاتن لە سیستمی ئاغا – ڕەعییەتی کە تەمەنی دەگەیشتە زۆر سەدان . ئەو ڕاپەڕینە لە بەر شێوەی دامەزران و بەڕێوەچوونی وەکوو یەکەم سەرهەڵدانی سیاسی لە کوردستانی ئێران باسی لێوە کراوە کە ئیلهامی کردەوەی چینایەتی هەرەوەزی بوو بێ.



ووشە سەرەکییەکان

ئێران ، کوردستانی ئێران ، بزووتنەوەی وەرزێران ، خاوەنملکێتی فێئۆدالی ، خەباتی چینایەتی ، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە

**سەرەتا**

بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی ئێران ، لەوەتا بە سیاسی بوونی پرسی کورد لە دواییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و بەراییەکانی سەدەی بیستەم ، کەوتە ناو قۆناخێکی تازەوە. لە وەتا ئەو سەروبەندە ، کوردەکانی ئێران ، بە ڕێگای بەکارهێنانی شێوەی جیاوازی بەرەنگار بوونەوە، بزووتنەوەی خۆیان لە پێناو داوخوازی کۆمەڵایەتی – کولتووری ، ئابووری و خودموختاری سیاسی بەڕێوە بردووە. سەرهەڵدانی سمکۆ ( ١٩٣٠ – ١٩١٨ ) ، ڕاپەڕینی جافر سوڵتانی هەمەدان ( ١٩٣١) ، جمهووری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ ، و سەردەمی کورتی بوونی دەسەلاتی حدکا ( کە ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە ) و ئی کۆمەڵە ( کە لە ساڵی ١٩٧٨ دامەزراوە) بە سەر بەشێکی گەورە لە کوردستانی ئێران بە دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا ، لە ناو ئەو ڕاپەڕینە سیاسییانە سەرەکییانە و بەرەو پێشچوونانە دان کە لە ماوەی سەدەی بیستەم لە کوردستانی ئێراندا قەوماون. دامەزراندنی جمهووری کوردستان لە ناو بەرەو پێشچوونە سەرەکییەکانی سەدەی بیستەم دایە لە کوردستانی ئێران ، کە لە سەردەمی ئاڵۆزیی ناونەتەوەیی و هەرێمی ڕوویدا، کاتێك کە ڕقەبەرییەکانی هێزە زلەکانی جیهانی لە دوای شەڕی جیهانی لە نێوان دوو بەرەی سیاسی دا دەستی کرد بە توند بوون. دەستپێکردنی سەردەمی شەڕی سارد لە نێوان یەکێتی سۆڤییەت و دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئێرانی کرد بە شەڕگە [٢] یەکی نوێ. جمهووری کوردستان کەلکی لەو ڕقەبەرایەتییە وەرنەگرت ، و بە دوای کشانەوەی ئەرتەشی سوور لە ئێران و دەسگێرانەوەی لە پشتیوانی کردن لە جمهووری دێمۆکراتی ئازەربایجان [٣] ڕووخا.

بۆ شرۆڤە کردن و تێگەیشتنی بەرەنگاربوونەوەی کورد ، چەمکی ستروکتووری بزووتنەوەکە گرینگییەکی بەرچاو پەیدا دەکا. و وەکوو کوتی سەرەکی هەموو وەگەڕ خستنێك، ستروکتووری بزووتنەوەکە هۆکارێکی گرینگ بووە بۆ شوێندانان لە سەر ئاکامەکانی بزووتنەوەی کورد لە ئێراندا.

ئەوە بەستراوەتەوە بەو پێگەی ڕێکخراوەیی و میکانیزمانەی کە خزمەت دەکەن بە هەم کۆکردنەوە و هەم دەبەرکارنانی سەرچاوەکان [٤]. ستروکتووری بزووتنەوە و لایەنەکانی ڕێکخراوەیی کردەوەی هەرەوەزی باس لە ستروکتووری تێکۆشانی گرووپەکان ، و ڕادەی توانایی ڕێکخراوەیی دەکا بۆ شکڵدان بە کردەوەی ئاکتۆران بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان. زاراوەی وەگەرخستن بە پێواژۆیەکەوە گرێ دراوە کە تێیدا گرووپێك لە کۆکراوەیەك لە تاکوتەرای تەپ وە دەبن بە بەشدارانی چالاك لە ژیانی گشتی سیاسی دا [٥]. لە ڕووی تیورییەوە ، ڕاپەڕینی وەرزێرانی کوردستان لە ڕووی توانایەکییەوە دەکرێ بە بەکارهێنانی چەمکی نکۆلیی لێ کرانی نیسبی تێدگوڕ شی بکرێتەوە،

کەمایەسێکی بە بیرداهاتوو لە نێوان ئەو چاوەڕوانیانەی مرۆڤ لە مەڕ نرخەکان و تواناییەکانی نرخەکان هەیەتی. چاوەروانییەکان لە مەڕ نرخ ، ئەو کەلوپەلانە هەلومەرجانەی ژیان کە خەڵك پێیان وایە بە دروستی جێی خۆیەتی هەیانبێ. نرخی تواناییەکان ئەو کەلوپەل و هەلومەرجانەن ئەوان دەتوانن بە دەستیان بهێنن یان ڕایان بگرن، بێتوو ئەو ئامرازە کۆمەڵایەتییانەی پێویستن لە بەر دەستیان دا بێ [٦].

بە پێی ئەو بۆچوونە ، ناڕەزایەتی تەنێ توانایيەکی بێ ستروکتوورە بۆ زەبروزەنگی هەرەوەزی، و ئەوەش دەگاتە ئەوەی کە تاکەکان تێوەدەگەلێن لە زەبروزەنگ و ناڕەزایەتی سیاسی دا. گوڕ ئاماژە دەکا کە هەبوونی پێوەندییەکانی نابەرانبەر و هەڵنەسووڕاوی سیاسی ، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆمەڵ دا وەکوو سەرچاوە سەرەکییەکانی بێ بەشی و نکوولی لێکران. بە تایبەتی " مژارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان " بەستراونەتەوە بە هێندیك ' ئەنگێزەی ئابووری ' گشتییەوە . و وەکوو داوای کەلوپەلی مادی و دژایەتی کردن لەگەڵ ئاکتۆرە ئابوورییەکان و نرخەکانی ڕێژیم بۆ دابەش کردنی سەروەت و ئیرووییی. ئەو تەعامولە لە نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵ دا مێکانیزمێکی سێ لایەنە لەمەڕ نرخ تێوە دێنێ کە ئەوانیش بریتین لە نرخەکانی ئیروویی ، دەستەڵات و ناو کەسی.

تێ نەگەیشتن لەو نرخانە ، دەگاتە ورووژانی هەست بە بێ بەشی کردن لە ناو گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵ دا. دواجار ، لە زۆر نموونان دا ئەو کاتە هەرا و بشێوێنی ساز دەبێ کە ناڕەزایەتییەکان

بڵاو ببنەوە ، و " نارەزایەتی دەگاتە زەبرو زەنگی سیاسی ئینسانەکان . کاتێك بۆچوون و باوەرەکانیان لە سەر ئامانجی سیاسی چر بووبێتەوە ، و ئەو کاتەی کە چوارچێوە دامەزراوییەکان تا رادەیەك لاواز بن ، یان ئەوەی کە رێکخستنە دژبەرەکان تا رادەیەك بە هێز بن بۆ ئەوەی مانایەکی کارلێهاتوویی بدەن بە نارەزایەتی " [٧].

چەوساندنەوەی فێئۆدالی وەرزێران دەکرێ بە هۆی سەرەکی راپەرینی وەرێران لە موکریان دابندرێ. کردەوەی هەرەوەزی جووتیارانی کورد پێواژۆیەك بوو کە لە بەر رووناکایی ئەو دەرەفەتەی لە سەردەمی حوکمی دوکتور موسەدیق دا لە ئارا دا بوو روویدا [٨]. هەر وەك گور گوتی ، زەبر وزەنگی سیاسی بریتی یە " لە گشت هێرشە بەکۆمەڵەکان لە ناو کۆمەڵگەیەکی سیاسی دا بە دژی رێژیمی سیاسی ئاکتۆرەکانی - لەوانە گرووپە سیاسییە رقەبەرەکان هەر وەها جێنشینەکانیان – یان سیاسەتەکانی ". [٩] . رەهەندێکی دیکەی تیوری راپەرینی جووتیاران بەستراوەتەوە بە دەربرین و وەروو کەوتنی وەکوو خەباتێکی سیاسی ، کێ بەر کێیەك کە ئەمیر حەسەنپوور وەکوو نەبەرد و رقەبەرییەك بە ناوی دەکا لە نێوان چینەکان و بەرژەوەندییە کێشە لە سەرەکان. ئەو خەباتە رەهەندی جۆر بە جۆری کۆمەڵایەتی – سیاسی ئابووری و ئیدێئۆلۆژیکی هەبوو. حەسەن پوور دەڵێ ئەو راپەرینەی وەرزێران لەگەڵ ئەوەشدا لە لەناوبردنی سیستمی فێئوداڵی کوردستان دا سەرنەکەوت ، دەکرێ وەکوو تازەگەرییەکی نوێی کۆمەڵایەتی – سیاسی و ئابووری لە کوردستانی ئێراندا چاوی لێ بکرێ ، بە نیشانەیەکی زۆر لە خەباتی چینایەتی یەوە. حەسەنپوور مێژووی هاوچەرخی خەباتی چینایەتی دەباتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم ، و دەڵێ ئەوە بە کۆمۆنی پاریس ( ١٨١٧) دەستی پێ کرد ، و لەماوەی شۆرشی ئۆکتۆبری سۆڤییەت ( ١٩١٧) و شۆرشی چین ( ١٩٤٩) بەرەو پێش چوو [١٠]. لەگەڵ ئەوەشدا بەچاو لێ کردنی هەلومەرجی ژیانی جووتیاران لە کوردستان ، کردەوەی هەرەوەزی، بە دەرجەی یەکەم ئاکامی نارەزایەتی و بێ بەشی ئابووری بوو ، تا ئەوەی کە ئیلهامێکی ئیدێئۆلۆژیك بێ کە لە دەرەوە را هاتبێ.

بزووتنەوەی کوردی ئێران ، لە دوای ڕووخانی جمهووری چووە ناو قۆناخێکی تازە لە ناسیۆنالیزم، کە تا ڕادەیەك جیاواز بوو لەو شێوە بەرەنگاربوونەوانە و ئەو ڕاپەڕینانەی پێشوو کە کوردەکانی ئێران کردبوویان. جیاوازی سەرەکی بریتی بوو لە ئامرازی وەگەڕخستنی کە بزووتنەوە بە کاری هێنا، جووڵەیەکی پەرەگر لە بەرەنگاربوونەوەیەك بە سەرۆکایەتی عەشیرەت بەرەو حیزب و ئیلهام وەرگرتوو لە ڕێکخستن بۆ ڕێك خستنی کردەوەی هەرەوەزی و بەرەنگاربوونەوە. لەماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا ، جگە لە ڕاپەڕینی سمکۆ زۆر سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی دیکەش وەکوو ڕاپەڕینی هەورامانات و مەریوان ( ١٩٣٠) ، ڕاپەڕینی حەمە ڕەشید خان ی بانە ( ١٩٤٠) ، و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردی ورمێ ، لە سەراسەری کوردستانی ئێران ڕوویان دا [١١]. خەسلەتی هاوبەشی ئەو ڕاپەڕینانە ئەوەیە کە ئەوانە گشتیان بە دەست سەرۆك عەشیرەتە بەهێزەکان دامەزران و سەرۆکایەتی کران وەکوو کاردانەوەیەك لە ئاست سیاسەتەکانی ڕەزا شا بۆ کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند و یەك دەست کردنی کولتووری، لەگەڵ ئەوەشدا، خەسڵەتەکان و ستروکتووری بزووتنەوەی کورد لە ئێران لە ناوەڕاست ساڵانی ١٩٤٠ەکانەوە دەستی کرد بە گۆڕان . سەرهەڵێنانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد / کوردستان ، کە لە مانگی ئووتی ١٩٤٢ لە مەهاباد دامەزرا [١٢] ، وەکوو ڕێکخستنێکی سیاسی تا ڕادەیەك پچووك و نهێنی کوردەکانی ئێران ، ڕێگای خۆش کرد بۆ ئەو تێپەڕبوونە . وێژیاکی سیاسی ژ.ك. ( کە لە بڵاو کراوەیەکەی نیشتمان دا ڕەنگ دەداتەوە ) سەرنجی دایە سەر بابەتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە کوردستان . بە پێی قسەی عەبباس وەلی ، " لە نیشتمان دا زۆر جار ئاماژە دەکرێ بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی لە نێوان " دارا و نەدارەکان " لە کۆمەڵی کوردی دا ، و باسی هەژاری و جەهالەتی کۆمەڵانی کورد دەکا، بە تایبەتی ئی جووتیاران ، و ئەوە لەگەڵ کۆبوونەوەی سەروەت لەناو خاوەنمڵکان و بازرگانان دا دەداتە بەر یەك [...] وێژمانی نیشتمان کاتەگۆرییە چینایەتییەکان وەبەر ناگرێ [١٣].

لە ساڵی١٩٤٥ ، بەر لە دامەزراندنی جمهووری ، ژ.ك بوو بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان . حدکا لە وەتا دامەزرانی تا ساڵی ١٩٧٩ دەورێکی گرینگی گێرا لە دیاری کردنی ڕیوایەت،

چوارچێوە ، ئاڕاستەی وەگەرخستنی بزووتنەوەی کوردیی ئێران لە قۆناخە جیاوازەکان دا. سەبارەت بە تاریخی دامەزرانی کۆمەڵە قسەی جۆر بە جۆر دەکرێ ، لەگەڵ ئەوەشدا ، بە پێی قسەی سەلاح موهتەدی ، بەر لە ڕاگەیاندنی ساڵی ١٩٧٩ ڕێبەران و تێکۆشەرانی کۆمەڵە چالاکییەکانی خۆیان بە ناوی تەشکیلات ( ڕێکخستن) لە کۆتاییەکانی ١٩٦٠ کانەوە بەڕێوە دەبرد.

بە پێی ئەدەبییاتی بزووتنەوەی کوردی ئێران ، بە دوای ڕووخانی جمهووری دا ' دەورەیەکی بێدەنگی ' [١٦] تا ڕادەیەك بە نەبوونی بەرەنگاربوونەوەی سیاسی دەستی پێ کرد ، و بۆ ماوەی بیست ساڵ بەردەوام بوو. لە ساڵانی ١٩٦٠ کان ڕێبەرایەتی حدکا حەولی دابوو بۆ دامەزراندنەوەی بزووتنەوەکە، و بە دوای ئەو حەولە دا بزووتنەوەی کوردی ئێران شێوەیەکی سەیالی بەرەنگاربوونەوەی تێپەڕ کرد. با وەکوو ئەوە لە جێی خۆی دایە پرسیار بکرێ لە نێوان ساڵی ١٩٤٦ و ١٩٦٠ دا چ ڕوویدا و ئایا کوردستانی ئێران لەو ناوبەینە دا بە تەواوی بێدەنگ و کپ بوو ؟ لە ڕاستیدا لە بەراییەکانی ١٩٥٠ کاندا، هێندێك لە بەشەکانی کوردستانی ئێران هێندێك سەربزێویی نیوجۆ ، و چینایەتی ئەزموو . لە ئەدەبییاتی بزووتنەوەی کورد دا ، هێندێك لەو ڕاپەڕینانە بەکورتی باسیان کراوە و قسەیان لێوە کراوە بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی و جودا بوونی ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر تەنەخی یان لێ کراوە. یەك لەو نموونانە ڕاپەڕینی وەرزێرانە ( ١٩٥٣ ــ ١٩٥٢ ) کە لە لادێیەکانی موکریان و لە چۆمی مەجید خان ، لە دەورو بەری بۆکان و مەهاباد لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا قەوما. ئەو ڕاپەڕینە نەك لەبەر گرینگ بوونی هاوچەرخی ، بەڵکوو لە بەر داوخوازەکانی بۆ عەداڵەتی کۆمەڵایەتی ئابووری ، هەڵتەزینەوەیەکی چاوڕاکێش بوو ، سەرە ڕای مەودای درێژەی ڕاپەڕینەکە ئەوە سەرنجی هێندێك مێدیای نەتەوەیی و ناونەتەوەیی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە بەڵام لەگەڵ تایبەتی بوونیشی وەپشت گوێ خراوە ، دەر نەبڕدراوە و ئەو جۆرەی دەبێ لێی نەکۆڵدراوەتەوە. [١٦].

ئەو ڕاپەڕینە لە سەروبەندێکدا ڕوویدا کە ترس لە تۆڵەسەندنەوەی ڕێژیمی پەهلەوی و ئیختیناقەکەی بە سەر ئێران و کۆمەڵی کورد دا زاڵ بوو. ئەم نووسینە باس لە ڕەهەندە جۆر بە

جۆرەکانی ئەو ڕاپەڕینە دەکا ، وەکوو هۆیەکانی سەرهەڵێنانی ، توند بوون و تەنینەوە و تەواو بوونی ، دەنگدانەوە ناوخۆیی و ناونەتەوەییەکانی ، و دەستکەوتەکانی. بەر لەوەی تیشك بخەینە سەر ئەو لایەنانەی ڕاپەڕینەکە ، باسێکی کورت سەبارەت بە فاکتە سیاسی و مێژووییەکان لە مەڕ سیستمی ئاغا و ڕەعییەتی و هەلومەرجی سیاسی ئێران لە بەرایی ساڵانی ١٩٥٠ کاندا یارمەتی دەکا بە تێگەیشتنی کۆنتێکستی ڕاپەڕینی وەرزێرانی کورد لە ساڵی ٥٣ – ١٩٥٢ دا .

**خاوەنمڵکێتی فێئۆداڵی لە ئێران و کوردستان**

ئەمن وای بۆ دەچم کە بەرەو پێشچوونی کۆمەڵایەتی – سیاسی لە کوردستانی ئێران کەوتبێتە بەر شوێن دانانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی – سیاسی لە تاران ، وەك ناوەندی دەستەڵات ؛ لەو پێوەندییە دا تێگەیشتنێکی کورتی مێژووی خاوەنمڵکێتی فێئۆدالی لە ئێران یارمەتی دەکا بە تێگەیشتنی ئەو سیستمەی کە بووە هۆی هەلائیسانی گڕی ڕاپەڕینی وەرزێرانی کورد. هەر وەك زیبا خەزایی دەڵێ ، فێئۆدالیزم لە ئێران لە ناو یەك لەو فاکتۆرە هەرە گرینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دایە کە گرینگییەکی گەورەی هەیە بۆ تێگەیشتنی بەرەپێشچوون و پێشنەچوونی ئەو وڵاتە [١٧].

پەیدا بوونی پێواژۆگەلی ئیدێئۆلۆژی، کۆمەڵایەتی- سیاسی و ئابووری لە کوردستانی ئێران دەکرێ لە پێوەندیی لەگەڵ سەرهەلێنانی ئەو ڕەهەندانەی باس کران لە ناوەند و لە باقی ئێران دا ببیندرێ. سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەزێران، دەبێ بگوترێ کە ئەوە بەرهەمی نایەکسانی نێوان وەرزێران – خاوەنمڵکان بوو، کە ئەوە لە ماوەی سەدەکانی یازدە و دوازدە دا پەیدا بوو و بە شێوەیەکی تەکووز پێش کەوت.

هەر وەك عەبباس وەلی لە لێکۆڵینەوەکەی دا ئاماژەی پێ کردووە ، " سەردەمی سەلجووقی (١١٥٧ – ١٠٣٨)، بە بەربڵاو بوونی شێوەی ئیقتاع را دەناسرێتەوە [ ئیقتاع بریتی بوو لە شێوەیەك لە خاوەنمڵکێتی زەوی ]، ئەو سەردەمە هەر وەها شاهیدی بووژانەوەی شێوەی بەرهەمهێنانی فێئۆدالی بوو بە تەواوی مانا . [١٨]"

به دوای سەردەمی سەلجووقی دا، فیئۆدالیسمی ئێرانی به خۆی داهات و پشکووت تاوەکوو چەت تێ کەوتنی له ئاکامی هێرش و پەلاماری مەغوولییەکان له سەدەی سێزدەهەم دا. ئەگەرچی ئەو چەت تێخستنە بووە هۆی لاواز بوونی فیئۆدالیسمی ئێران، بەڵام پێوەندییە سەرەکییەکان ، مڵکداری و لایەنە هەرە زەقەکانی بەگشتی وەك خۆی مایەوە، به ڕێگای سیستمی فیئۆداڵی کشتوکاڵی ئێران دا " دەستاودەستکردنی مافی بەکار هێنانی زەوی بۆ ڕەعەمەل هێنانی بەشێك له حاسڵات بناخەی پێوەندییەکانی دیاری دەکرد ئەو پێوەندیانەی که له سەر بنەمای چەوساندنەوە هەڵنرابوون [١٩] " فیئۆدالیسم وەکوو سیستمێکی خاوەندارییی کشتوکاڵی و ' دابەشینی حاساڵات ' له زەمانی ساسانییەکانەوە تاکوو سەردەمی پەهلەوی به سەر وڵات دا زاڵ بوو و به توندوتیژییەکی زیاترەوە لەو ناوچانەی که گەنم و دانەوێڵەیان لێ بەرهەم دەهات وەکوو ئازەربایجان، خۆراسان و کوردستان.

ئەو مژارە له لێکۆڵینەوەکەی قاسملوو دا جەختی له سەر کراوە، له کاتی ڕاپەڕینی وەرزێران له کوردستان دا پێوەندی نێوان خاوەنمڵکان – وەرزێران سیستمێکی ناڕەوای دابەشینەوەی حاسڵاتی به سەر دا زاڵ بوو. [٢٠]. به پێی ئەو ئامارانەی که له ساڵی ١٩٦٠ دا بڵاو کراونەتەوە بەر له دەسپێکردنی ئیسلاحاتی ئەرزی، ٥٤ له سەدی گشت زەوی کشتوکالی له ئێران ، و بەرهەمی کشتوکاڵی له سەر بنەمای بەش کردنی حاساڵات بوو.

زۆربەی وەرزێران خاوەنی زەوی کشتوکاڵی نەبوون، ئەو پەڵە زەوییەی کاریان له سەر دەکرد ئی خاوەنمڵك بوو ' و 'له سەر بنەمای ڕێکەوتنێك له نێوان خاوەنمڵك و جووتیاری بەر دەستی دابوو که به پێی ئەو دەبوو بەشێك له بەرهەمەکە بداتەوە به خاوەنمڵکەکان. ئەو سیستمی ڕێکەوتنە چ دڵنیایی نەدەدا به وەرزێر و مانەوە و درێژە کێشانی بەسترابوەوە به کەیفی خاوەنمڵك" [٢١]. ئەو سیستمە ' پێوەندی چەوساندنەوە و نا دڵنیایی ' بوو [٢٢]' خاوەنمڵکەکان چەندین جۆرە شێوەی دەسەڵاتیان بەڕێوە دەبرد وەك: قورغ کردنی کۆنترۆڵ دە دەست خۆیاندا، سزادانی بەدەنی، و پێشێلکردنی مافی زەوی کێڵان له لایەنی وەزێران و ڕەشاییەوە [٢٣].' هەر ئەو جۆرە دەسەڵاتە بوو که له لایەن ئاغاوەتی موکریانەوە دەکار دەکرا به سەر جووتیارە ڕەعییەتەکانیاندا [٢٤]. وەرزێران هیچ چارەیان نەبوو

دەبوو بۆ بژیویان دەو ودوو و سووروسات بدەن بۆ ئەوەی بتوانن زەوی خاوەنملك ڕەعەمەل بێنن. ئەو سیستمە فێئۆدالْییە به یارمەتی دوو هۆكاری سەرەكی پارێزرا بوو: لە لایەكەوە تێندێسێكی لە زێدە بەرەو خاونملْكێتی لە زێدە ، و لە سەرێكی دیكەوە پاشكەوتوویی پێوەندییەكانی كەلوپەل [٢٥]. لەو سیستمە دا وەرزێر نە بەرهەمهێنەرێكی ئازاد و نە ئینسانێكی ئازاد بوو، هەبوونی ئابووریی وی بەسترابووەوە بە ئاغا ( خاوەنملْك ) و ئەو پەڵە پچووكە زەوییەی پێی درا بوو. ئەو نەی دەتوانی بە ئازادی بێ و بچێ و سەفەر بكا، ئاغا دەیتوانی چۆنی پێی خۆش بێ سزای بدا، یان 'مافی یەكەم شەو' ی بە سەر دا بسەپێنێ. ئەو سیستمە هەروا بەهێز و زاڵ بوو تا سەردەمی *droit du seigneur* ئیسلاحاتی ئەرزی پەهلەوی لە ساڵی ١٩٦٢ دا.

مەسەلەی زەوی جێی سەرەنجی بزووتنەوە سیاسییەكانی ئێران بووە لە سەدەی بیستەم دا. ئەوجۆرەی لەهسائی زادە باس دەكا، پەیدا بوونی مەیلی سیاسی بۆ ئیسلاحات و چاك كردنی زەوی بۆ یەكەم جار وەكوو ڕۆژەڤێكی سیاسی دەكرێ بگەڕێتەوە سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە ( ١٩١١ -١٩١٥ ). ' داوخوازی چاك كردنی' سیستمی زەوی لە لایەن جەمعییەتی موجاهیدینی دێمۆكرات ڕا بەرز كرایەوە. بزووتنەوەگەلی دیكە وەكوو بزووتنەوەی جەنگەڵ ( لە ساڵی ١٩١٨) و فیرقەی دێمۆكراتی ئازەربایجان ( ١٩٤٦-١٩٤٥) یش، ئەو مژارەیان هێنا گۆڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچكام لەو بزووتنەوانە نەیانتوانی هەلومەرجی ژیان و مافەكانی وەرزێران باشتر بكەن. لەهسائی زادە نەبوونی ئەو دەسكەوتە ئاوا گەلاڵە دەكا :

لە بەر ئەوەی ئەو داوخوازە لە لایەن حیزبە سیاسییەكانەوە كرا ، كە ڕووناكبیر و سیاسەتمەداری شارنشین دایان مەزراندبون. ئەوە داوخوازییە نەبوو وەرزێران خۆیان بیهێننە گۆڕێ، و لەوەش زیاتربەشداری نەكردن وەرزێران و پشتیوانی نەكردنی ئەوان لەو بزووتنەوانە دا بوو. ئەوانە هۆی سەرەكی بوون بۆ سەرنەكەوتنیان [٢٧].

ئەو ئامارانەی وا لە لایەن حیزبی توودەوە کۆ کراونەتەوە تەخمینیان ئەوەیە کە لە ساڵانی ١٩٥٠ کان و ١٩٦٠ ەکان دا ، ٥٠ لە سەدی زەوی کشتوکالی ئی خاوەنملّکانی گەورە بوون ، ٢٥ لە سەدیان ئی خاوەنانی ناونجی کە خۆیان لە لادێکان نەبوون، ٢٠ لە سەد ئی وەقفە دینییەکان ، و تەنێ ٥ لە سەدی زەوی کشتوکاڵ ئی وەرزێرانی ڕەعەمەل هێنەر بوون. لە ئاکامی خاوەنملکێتی نایەکسان و نابەرابەر دا ، ٣٧ بنەماڵە خاوەنی ٢٠٠٠٠ گوند بوون ، و بە تەخمین زیاتر لە ٦٠ لە سەدی دانیشتووانی گوندان ڕەشایی و بێ زەوی بوون. وەرزێری هەژار لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە لایەن خاوەنملّك و نوێنەرەکانییەوە کۆنترۆڵ دەکرا ( کوێخا و موباشیر). بە بێ ئیزنی

کوێخا نەیدەتوانی بۆ ماوەیەکی زەمانی و چەندی پێی خۆشە لە گوندێك دا بژی یان بە بێ ئیزنی موباشیر بتوانێ لە سەر زەوی خاوەنملّك کار بکا، بە کورتی، " خاوەنملّك بە تەواوی هەبوونی ئابووری کرێکارانی بێ زەوییان کۆنترۆڵ دەکرد [٢٨] ".

لە بەراییەکانی ١٩٥٠وە خەبات بۆ چاك کردنی سیستەمی زەوی پێی نایە قۆناخێکی ئاڵۆزەوە، ئەویش بریتی بوو لە تێکەڵاوێك لە دەسکەوتی باش و توندتر بوونەوەی پێواندی لاوازی مێژوویی لە نێوان جووتیاران و خاوەنملّکە فێئۆداڵەکان دا. ئیسلاحاتی ئەرزی یەك لە کەڵکەڵە سەرەکییەکانی سەرۆکوەزیر عەلی ڕەزمئارا (١٩٥١) بوو. ڕەزمئارا، کە مەیلی چەپی هەبوو، بۆ ئەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئابووری وەرزێران باشتر بکا دوو لایحەی سەرەکی ڕێفۆرمی هێنا گۆڕێ ، " یەکیان بۆ دابەشکردنی زەوی دەوڵەتی و خالیسە لە ناو جووتیاران دا ، و ئەویتریان دامەزراندنی ئەنجومەنە ئەیالەتییەکان کە قانوونی بنچینەیی بەڵێنی دامەزراندنی دابوون [٢٩]."

لە دوای تێرۆر کرانی ڕەزمئارا ، جێنشینەکەی موسەدیق چەند لایحەی ئیسلاحی بە پەسند کران دا ، دە ناویاندا لایحەی گەلویستی ' بیست لە سەد ' [٣٠]. بە پێی ئەو لایحەیە کە ببووە قانوون ، خاوەنملّکان دەبوو بیست لە سەدی داهاتیان بگەڕێننەوە بۆ وەرزێران ، کە نیوەی ئەوە ڕاستەو ڕاست لە ناو وەرزێران دا دابەش دەکرا ، و نیوەکەی دیکەشی بۆ ئاوەدانی و باشتر کردنی هەلومەرجی

گوندكان دەكار دەكرا. بەشێكی دیكە لەو ڕێفۆرمە ، كە ناوی 'فەرمانی گوند ' ی لێ نرا بوو كردەوەی بێگاری ( كاری زۆرە ملی و بێ بەرانبەر) و دانی سووروساتی قەدەغە دەكرد و داوای دامەزرانی شووڕای دێی دەكرد . لەگەڵ ئەوەشدا، نە ئاغاكان و نە شاپەرستەكان ڕێگایان نەدا شووراكانی گوندان دابمەزرێن بۆ جێ بەجێ كردنی ئەو قانوون و فەرمانانە[٣١]. دەكار كردنی قانوونی بیست لە سەد ئالنگارییەكی ڕاستەوخۆ بوو لە سەر بەرژەوەندی خاوەنمڵكە فێئۆدالەكان ؛ جا بۆیە ئەوان ملیان لێ سوو و لە بەرانبەری دا ڕاوەستان . وەك قاسملو باس دەكا ، " تەنانەت تاقە خاوەنمڵكێكیش ڕێگای نەدا ئەو قانوونە جێ بە جێ بكرێ [٣٢]. "

لەبەر بەربەرەكانی و خۆڕاگری خاوەنمڵكان، ئەو سیاسەتانەی ڕێفۆرم قەت دەرفەتی جێ بە جێ كردنیان هەڵنەسووڕا، لەگەڵ ئەوەشدا، بە لەبەرچاو گرتنی بایەخی ڕەمزی ئەو ڕێفۆرمانە ، ئەوان دەكرێ بە مۆتۆڕی وەرێخەری بزووتنەوەكانی لە مەڕ زەوی لە ئێران دا ببندرێن، بە بزووتنەوەی كوردستانیشەوە. جووتیاران و كرێكارانی كشتوكاڵی ئەو قانوونەیان بە دەرفەتێك زانی بۆ ئەوەی داوای هێندێك لەو مافانە بكەنەوە كە فێئۆداڵ لێی دزیبوون. ئەو قانوونە كێشەی پێوەندییەكانی نێوان خاوەنملك – وەرزێرانی كە ناخۆش بوو ئەوەندی دیكەش گرژتر كرد و بووە هۆی چەندین پێكهەڵپرژان لە نێوان ئەو دوو چینە دا لە كوردستانی ئێران. لە لایەكەوە موسەدیق و هاوپەیمانەكانی لە پشت ئەو ڕێفۆرمە بوون ، و لە لایەكی ترەوە شا و پشتیوانە نەریتییەكانی ، سەریان لەبەر ئەو ڕێفۆرمە دانەدەواند ، و ئەوەش ئەو سەروبەندەی كرد بە سەردەمی شپرزەیی و بێ سەباتی. بۆ وێنە لە ماوەی " مانگی ژوویيەی [ ١٩٥٢] دا سەرهەڵدان و مانگرتنی سەرەكی لە زۆر شاری سەرەكی ڕوویاندا . و زیاتر لە ٢٥٠ خۆپیشاندەر لە تاران ، هەمەدان، ئەهواز، ئیسفەهان و كرماشان یان كووژران یان بە گرانی بریندار بوون [٣٣]." لە دوای ئەوەی ڕەزا شا ، بەرزترین دەسەڵاتی خستە دەست خۆی، بە وەرێخستنی دەستپێشخەری جۆر بەجۆری ئابووری وەكوو " ئەستاندنی بەرتیل لە بازرگانیی لاوەیی و پارەئەستاندن لە سەرۆك عەشیرەتەكان [٣٤] و دەست بەسەر داگرتنی زەوی ، بوو بە گەورەترین خاوەنمڵكی وولات. بنەماڵەی پەهلەوی قازانجێكی یەكجار زۆریان وە

دەست دەكەوت بە ڕێگای سیستمی خاوەنمڵكێتی لە ئێران دا . ئەوە وەكوو سەرچاوەیەكی مەزنی سەروەت بوو بۆ شا ، كاتێك كە ئیسلاحاتی زەویش كرا، فرۆشتنی زەوی لە لایەن شاوە داهاتێكی گەورەی بۆ دابین كرد. جگە لەوە، پێواژۆی ئیسلاحاتی ئەرزی وەك پڕۆپاگاندایەكی گەورە بە كارهێندرا و سەركەوتنی سیاسی ومەشرۆعییەتی بۆ شا دەستەبەر كرد.

**ڕاپەڕینی وەرزێران لە بۆكان**

لێكۆڵینەوەی ڕووداوەكان بە چاوی خەباتی چینایەتی ، وەكوو ڕاپەڕینی وەرزێران بە دژی حوكمی بە دەسەڵاتی دەرەبەگ ( فئۆداڵ) لە ڕوانگەیەكی كۆمەڵناسانە و مێژووییانەوە لە چوارچێوەی لێكۆڵینەوەی كوردی دا زۆر دەگمەنە. حەسەنپوور باسی شەڕەفنامەی شەڕەفخانی بتلیسی ( ١٥٩٦)، مەم و زین ی ئەحمەدی خانی ( ١٦٩٥) ، و ڕسوومات نامەی ئەكرادییەی مەحموودی بایەزیدی ( ١٨٥٨) دەكا وەكوو سێ كاری هەرە گرینگی ئەدەبییاتی كوردی بەر لە بڵاو بوونەوەی هەست و سۆزی ناسیۆنالیستی كوردی. حەسەنپوور دەڵێ ئەو سەرچاوانە بەرهەمی كۆمەڵی فێئۆدالی و خێڵەكی كوردستان ن و لە لایەنە جۆر بەجۆرەكانی ئەو سیستمە لە كوردستان دەدوێن. بۆ وێنە لە كاتێكدا كە شەڕەفنامە ' دەنگی ئەمیر و ئەمارەتانە لە كوردستان '، مەم و زین باسی شەڕی لاوەیی لە نێوان كوردەكان و سەفەوییەكان/ عوسمانییەكان دەكا، هەر وەها كێشەی ناوخۆیی و نێوان ناخۆشی سەرۆك عەشیرەتە كوردەكان. بە نۆرەی خۆی ، بایەزیدیش هێندێك لە مژاری لە مەڕ جێندر دەدوێ. لەگەڵ ئەوەشدا خەسڵەتی هاوبەشی ئەو سەرچاوانە ئەوەیە كە هیچ كامیان باس لە پێوەندیی نابەرانبەری چینایەتی و خاوەنملكە زۆرداره كوردەكان و جووتیارانی چەوساوە لە كوردستان ناكەن [٣٥]. نەبوونی ئەو بابەتە بە واتای نەبوونی كێشەی چینایەتی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا، دەكرێ بە ڕێگای ئەو بارودۆخە زۆردارانە و تاقكەرەوانەیانە دا شی بكرێنەوە كە جووتیارانیان گەمارۆ دابوو.

ئەو زانیاریانەی دەیڤید مەكداوڵ باسیان دەكا بەجوانی هەلومەرجی بێ بەزییانە و گەندەڵی خاوەنمڵكێتی لە كوردستان دەردەخەن:

لە ڕاستی دا ٦٤ لە سەدی زەوی شیاوی کێلانی کورد بە دەست ٠,٣ لە سەدی دانیشتووانەبوو . لە سنە ئاسەفەکان و سەنەندەجییەکان ڕقەبەری توند وتیژی یەکتری بوون بۆ حوکم کردن،هەر کامەیان چەندین گوندیان بە هەموو شتێکەوە هەبوو. لە بۆکان و مەهاباد زەوی لە ناو دێبۆکرییان و بنەماڵە گرینگەکانی دیکە دا دابەش کرا بوو. وا دا دەندرا کە لە ئێران بە گشتی ١٠٠٠٠٠ بنەماڵە خاوەنی هەموو گوندەکان یان بەشێکی گەورە لەوان بن [٣٦].

ئەو سیستمە زۆرداری و سووکایەتی پێکردنیشی لێ زیاد بوو ، وەك چۆن هەمەدانی باس دەکا: " جووتیاری کورد لە هەژارییەکی زۆر دا دەژی[٣٧]."| شێوەی هەرە خراپی ئەو چەوساندنەوەیە ی وەرزێران مافی یەکەم شەو بوو *droit du seigneur* ، لە زۆر نموونان دا ئاوا بوو، کاتێك جووتیار بووکی دەگواستەوە ، ئاغا ئەو مافەی دەدا بە خۆی ' کە یەکەم شەو ' بچێتە باڵ بووك. پێوەندییەکانی نێوان وەرزێران – ئاغایان شاهیدی چەندین شێوە لەو جۆرە دەستدرێژی و سووکایەتی پێکردن و بێ بەزەیەتییانەی خاوەنملکەکان بووە بە دژی وەرزێران لە کوردستانی ئێران. تێکەڵاوێك لەچەندین هۆکاران، وەکوو ئالوگۆڕی کۆمەڵایەتی ئابووری لە ناوچەی دەرەوەی شاران لە ساڵانی ١٩٥٠ کاندا، چڕتر بوون و بەگوڕتربوونی چالاکییەکانی ئێدێئۆلۆژییە پێشکەوتووە چەپەکان و گرووپە ناسیۆنالیستییەکان، و لەوەش زۆر زیادتر پێوەندییەکانی پڕ لە کێشەی فێئودال و جووتیارەکان ، ڕێگای خۆش کرد بۆ بەرە بەرە سەرهەڵێنانی بەدیلێك بۆ سیستمی خاوەنملکێتی فێئۆدالی زەوی . لە کوردستانی ئێران ، پێوەندیی دوژمنانە لە ئاکامی ئەوهۆکارانە و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن موسەدیقەوە پەرەی سەند. ئەوە بووە هۆی پێکهەڵپڕژانی توند و تیژ لە نێوان خاوەنملکە فێئۆدالەکان و وەرزێران لە موکریان. هەر دەست بەجێ دوای ئەوەی مەجلیسی شووڕای میللی ئێران لایحەی ڕیفۆرمی پەسند کرد ، وەرزێرانی کورد دەستیان کرد بە شێوەی جۆر بەجۆری کۆبوونەوە و وەگەڕکەوتن لە گوندەکانی دەورو بەری بۆکان، میاندواو، مەهاباد ، و لاجان بۆ ئەوەی شوورا دابمەزرێنن ، و قانوونی سەدی بیست جێ بە جێ بکەن، و بێگاری هەڵوەشێنن. لە هێندێك لە گوندەکان

وەرزێران تین و گوڕیان دا بە چالاکییەکانیان بە مەبەستی ئەوەی دەست بەجێ دەست بکەن بە دابەشکردنی زەوی. ئەوان یەکەی بەرگری لەمەڕ خۆیان دامەزراند کە ئەندامانیان بە نیشانەی تایبەتی دەناسرانەوە ( دەسماڵی سپی یان لە مل دەهاڵاند). چەکیان تێلا ، شەنە و داس بوو. لە بەرەکەتی ئەو ڕاپەڕینە ، دەسەڵاتی خاوەنملکانی بۆکان و مەهاباد لە کزێی دا [٣٨].

هەر وەك ئاماژەی پێ کرا، ڕاپەڕینی وەرزێران دەکرێ بە یەك لە یەکەم نموونەکانی خەباتی چینایەتی هەرەوەزی دابندرێ لە کوردستانی ئێراندا. جگە لە ئەزموونی ڕەنجکێشان و چەوساونەوە، هۆکارگەلی دیکەش هەن کە دەکرێ بە هێزی پاڵپێوەنەری دەرکەوتنی ئەو جووڵانەوەیە دابندرێن. بڵاو بوونەوەی گەنگەشەی سیاسی و بەهێزبوونی چالاکییەکانی چەپەکان ، شکلی دا بە گرژی و ئاڵۆزی و ڕقەبەری نێوان شاپەرستە کۆنەپارێزەکان و جەبهەی میللی ئێران بە سەرۆکایەتی موسەدیق، ئەوە لەتەك هۆکاری تر دا وەکوو بێ بەشی کۆمەڵایەتی و ئابووری یارمەتی کرد بە تەقینەوەی ڕاپەڕینی وەرزێران. کۆمەڵی گەورەی وەرزێران، بوونی زۆربەی بێ زەوی و گیروگرفتە کۆمەڵایەتی ئابوورییەکان کە ڕووبەڕووی ئەو کۆمەڵە هاتبوو ،ئەو پێوەندییە نابەرابەرانەی نێوان جووتیاران – فێئۆدالانی ئەوەندەی دیکەش خراپتر کرد.

**ڕاپەڕینی وەرزێران و خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد**

قاسملو باس دەکا کە " خەسڵەتێکی دیکەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی ڕزگاریخوازی کورد دژی فێئۆدال بوونیەتی ، چونکە خاوەنملکانی فێئۆداڵی زەوی تووی هەر کۆنە پارێز بوون لە کۆمەڵی کورد دا و پێشی هەموو پێشکەوتنیان دەگرت [٣٩] ." لە ڕووی مێژوویەوە چینی فێئۆداڵ و نەجیبزادەکانی کوردستان . لەبەر تەبیعەتی بەرژەوەندیی چینایەتی خۆیان، دژی هەموو پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی دێمۆکراتیك بوو لە هەرێم دا. مێژووی بزووتنەوەی

کورد، نموونەی ئاوای تێدایە کە سەرەڕای جێی باوەڕی نەبوونی خاوەنملکان، وەکوو هاوپەیمانانی خەباتی نەتەوەیی، هێز و بەرژەوەندیی ئەوان وەخۆ دەکرا و دەگونجێندرا، تەنانەت لە ماوەی

دەسەڵاتی جمهووری مەهاباد دا. بۆ نموونە، مەکداوڵ ئاماژە دەکا " لە کاتێکدا کە فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان لایەنگری ڕیفۆرم بوو، جمهووری مەهاباد خۆی لێ دەپاراست [٤٠]. "

سەرهەڵێنانی ڕاپەڕینی وەرزێران حەوجێی بە بۆچوونێکی بەربڵاوتری نیشان دا سەبارەت بەو خەباتی نەتەوەییەی کە نەغدەن لە کوردستان دا هەبوو. ئەو ڕاپەڕینە، کە ئاکامی پێوەندیی نابەرابەری کۆمەڵایەتی ئابووری بوو لە نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵی کوردی دا، پێویستی هەبوونی بزووتنەوەیەکی زۆر پێشکەوتووتر و خۆڕاگری ڕادیکاڵتری جەخت کردەوە. دەرەجەی سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکی کوردی بەستراوەتەوە بە پشتیوانی و بەشداری گوندییەکان و جووتیارانی بێ زەوی و ڕەشایی کوردستان. بە لەبەرچاوگرتنی پێویستی جێ بە جێ کردنی مافی وەرزێران ، لەبەر دەوری گرینگیان لە بزووتنەوەی کورد دا، قاسملو دەڵێ " هیچ بزووتنەوەیەك چ لە کوردستان یا لە هەر وڵاتێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ناتوانێ هیچ گۆڕانێکی ڕادیکاڵ بکا یان سەرکەوتنی تەواو بە دەست بخا بێتوو لە لایەن کۆمەڵانی وەرزێرانەوە پشتیوانی لێ نەکرێ . و هیچ بزووتنەوەیەك ناتوانێ ئەو پشتیوانییە بەدەست بێنێ ئەگەر بەرنامەیەکی کۆنکرێتی بۆ ئیسلاحاتی ئەرزی و ئامانجێکی ڕوونی دژی فێئۆدالی نەبێ [٤١]." لە هەمان کاتدا سیستمی فێئۆدالی و ئەو خاوەنمڵك و سەرۆك عەشیرەتانەی کە لە خەمی بەرژەوەندی خۆیان دان بە شێوەی بەردەوام وەکوو سەرچاوەیەکی ئاڵنگاری بۆ کۆمەڵ و بزووتنەوەی کورد ئاماژەیان پێ کراوە ، بە ئاسایی، ئاکاری تێکدەرانەی ئەوان بە هۆی سەرەکی شکانە زۆر و زەوەند و دووپاتەبووەکانی کورد دادەندرێ [٤٢]. شەڕکردن لە پێناو سیستمێکی عادڵانەی کشتوکاڵی و بۆ باشتر بوونی مافەکانی وەرزێران و ڕەشاییەکانی کوردستان دەستەبەری بەردەوامی یارمەتیدانی وەرزێرانە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، و پێش شەرتێکە بۆ بزووتنەوەیەکی سەرکەوتوو و خۆڕاگری کورد. لەو چوارچێوەیە دا ، بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانیی وەرزێران حەوجێ بە بەڵێنی دان هەیە بۆ ' ڕێفۆرمێکی ئەرزی ' کە ئاکامی بگاتە دابەشکردنی زەوی لە ناو وەرزێرانی بێ زەوی دا.

پێوەندیی جووتیاران – خاوەنمڵکان لە کوردستان هیچ جۆرە هەستێکی هاوپێوەندیی گرووپی تێدا نەبوو و ئەو پێوەندییە چۆنێتی ژیان وئازادی و وەگەڕکەوتنی وەرزێرانی دادەشکاندە لایەنی هەری کەم. بە ووتەی مەکداوڵ ، " تا ساڵانی ١٩٦٠ەکان وەرزێڕێکی کوردیی ئێران دەبوو ئیزن لە خاوەنمڵك یان نوێنەرەکەی وەربگرێ ئەگەر ویستبای گوند بە جێ بێڵێ [٤٣]." ئەو ڕاپەڕینە ، وەکوو کاردانەوەیەك لە ئاست ڕەنج و کوێرەوەری و چەوساندنەوەی وەرزێران ، خۆی بەرهەمێکی حوکمی خاوەنمڵکەکان بوو. دژایەتی حکوومەتی موسەدیق لە گەڵ سیاسەتی گەندەڵی زەوی دەرفەتی قانوونی بۆ وەرزێران پێك هێنا بۆ ئەوەی داوای مافە قانوونییەکانیان بکەن؛ لەگەڵ ئەوەشدا، خۆڕاگری خاوەنمڵکەکان لە ئاست لایحەی قانوونی ڕیفۆرم دا مانای ئەوە بوو وەرزێران حەولیان دا بۆ جێ بەجێ کردنی قانوون بە دەستی خۆیان. کردەوەی وەرزێرە کوردەکان ، کە لە کۆمیتەی محەلی جیاواز دا خۆیان ڕێك خستبوو، لە چاو ئاغاوەت دا ووروژێنەر بوو و بووە هۆی کاردانەوەی توندی خاوەنمڵکەکان و دوژمنکاریی بە زەبروزەنگ.

هێمن موکریانی وەك جووڵانەوەیەکی خۆجۆش، تاقانە و ڕەسەن باسی ئەو ڕاپەڕینە دەکا کە تێیدا وەرزێرانی موکریان بە پاڵپشتی سەرچاوەی خۆیان ، توانیان ناوچەیەکی بەربڵاو لە حوکمی ئاغا ڕزگار بکەن. ئەو ڕاپەڕینە بۆ یەکەم جار بە ئاشکرایی و بە هەرەوەزی ئالنگارییەك بوو لە ئاست سیستمی کۆمەڵایەتی ئابووریی نەریتی لە کوردستان دا. گرژ بوون و تەقینەوەی پێوەندی نێوان جووتیار – ئاغا چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵی ناچار کرد بەشداری تێدا بکەن. بۆ وێنە ، زۆر لە دەستەکانی کەم داهاتی مام ناونجی بۆکان پشتیوانیان کرد لە هەڵتەزینەوەی وەرزێران. هەر هەمان ڕەوت لەو سەردەمە لە کوردستانی عێراق دا ڕوویدا " ڕەوتەکە وا وێدەچوو بەرەو یەکانگیریی سیاسی کوردەکان بێ لە ناو ئەو دەوڵەتانە ی دا کە تێیان دا بوون و بەرەو کێشەی چینایەتی تا ئەوەی کە ڕووی لە کێشەی ئێتنیکی بێ [٤٤]. "

**ڕەهەندە ناونەتەوەییەکان، دەسکەوتەکان و چارەنووسی ڕاپەڕینی وەرزێران**

بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی خنکێنەری ساڵانی ١٩٥٠کان بۆ کاری بە کۆمەڵ و چالاکی سیاسی، ڕاپەڕنی وەرزێران هێندێك دەنگدانەوەی هەبوو لە ئاستی وولات و لە بواری ناونەتەوەیی دا. لە ئاستی وولات دا، ئەو ڕاپەڕینە وەکوو بناخەی دامەزراندنی ڕێکخستن لە سەر بنەمای چینایەتی ئاماژەی پێ کراوە. ڕۆژنامە ئێرانییەکان وەکوو دەرکەوتنی شەپۆلێکی نوێی کۆمۆنیسم لە کوردستانی ئێران باسیان لێوە کردووە ، کە ئالنگارییەك بووە بۆ دەسەڵاتی ڕێژیمی پەهلەوی. وەکوو بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی باسی لێوە کراوە: بۆ نموونە، ' کوردستان ڕووی لە کۆمۆنیسم کردووە' ئەوە سەردێڕێك بوو کە ڕۆژنامە ئێرانییەکان دەکاریان دەکرد بۆ ناساندنی ئەو بزووتنەوەیە و ئالنگارییەك لە ئاست دەوڵەت. سەرەڕای ژیانی کورتی ڕاپەڕینەکە ، ئەو ڕووداوە لە ڕۆژنامەکانی ناونەتەوەیی و ڕۆژئاوایی دا دەنگی دایەوە ، وەك ' ناڕەزایەتی وەرزێران لە ئێران' هێمای پێ کرا. ئەو ناڕەزایەتییە وەك " موسەدیق لەگەڵ سەرهەڵدانی کوردەکان ڕوو بەڕوو ە " قسەی لێوە کرا [٤٥]. نیویۆرك تایمز وەك " ناڕەزایەتی کشتوکاڵی : ڕووداوی بۆکان لە ساڵی ١٩٥٣ " لێوەی دووا . دوکومێنتی ئارشیڤ کراو کە ئی کۆنسوولخانەی ئەمریکا لە تەورێزن ئەو ڕاستییە دادەگرنەوە کە ئەمریکاییەکان لە ئێران لە نزیکەوە سەرنجیان داوەتە سەر ئەو ڕووداوە و پێشوەچوونەکانی. ئەوە لە بەڵگەیەکی نهێنی را دەردەکەوێ کە تێیدا هاتووە کە " تێکهەڵچوونێکی چەکدارانە لە دێی بۆکان لە نێوان ئاغاکان و کرێ نشینەکانیان بووە هۆی ئەوەی وورده وورده گرژی ساز ببێ لە سەر زەوی لە ماوەی زستان دا ... جیاوازییەکانی نێوان کرێ نشین – خاوەنمڵکەکان لە ناوچەی کوردیی بۆکان ... بووە هۆی سێ سەعات تەقە و شەڕ لە ناوخۆی دێی بۆکان دا کە لە ئاکامی ئەو تێکهەڵچوونە دا دوو کەس کووژران و بە لانی کەمەوە ٦ کەس بریندار بوون " ( ١٣ی مارسی ١٩٥٣). بەڵگەی ڕەسمی ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ڕێژیم بە تێکەڵاوێك لە سەرنج و دڵە ڕاوکێ وە چاوی لەو ڕاپەڕینە کردووە. لەو بەڵگانە دا ، ڕاپەڕینەکە و ئاکامەکانی وەك " وەرزێرانی کورد زەنگی مەترسییەك لێ دەخەن بۆ دابەشکردنی زەوی ، ئاسۆی خوێناوی شۆڕش دەکرێ لە دوورەوە ببیندرێ، و هەر وەها کوردەستان بووە بە کۆمۆنیست، ئاماژەیان پێ کراوە [٤٦]."

ئەو ڕاپۆرتانە ئەوە دەگەیێنن وا دابندرێ کە لە ڕوانگەی پەهلەوی و ئەمریکاوە ، ئەو نارەزایەتییە تەنێ گرژییەکی محەلی نەبووە لەناو هێندێك لە جووتیاران و خاوەنملکەکانیان دا؛ بە لەبەرچاو گرتنی پێواژۆگەلی گۆڕانی ڕێژیم لە چین ، کووبا، کورە و هتاد ..، هەر جۆرە بزووتنەوە و جووڵانەوەی دیکەی بەراوەردکراو بە ئەوە دادەندرا کە خاوەنی ئەو پۆتانسییەلە بێ کە توندتر بێ و ببێ بە ڕاپەڕێنێکی بەربەرین و هەڕەشە بکا لە ڕێژیمەکان لە ئێران و لە هەرێم دا.

ڕاپەڕینی وەرزێران لە چاوی ئەمریکا دا هێندێك ڕەهەندی ناونەتەوەیی تێدا بوو . حەسەنپوور دەنووسێ : "حیساباتی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە بوو کە یەکەتی شووڕەوی لە پشت ئەو ڕاپەڕینەی وەرزێران بێ لە کوردستان ، و لە مەڕ بڵاو بوونەوە و گرژتر بوونی پێیان وابوو کە وەرزێرە کورد و ئێرانییەکان خۆیان لە ژێر ئاڵای کۆمۆنیزم دا وەگەڕ دەخەن، و لە ئاکامی ئەوە دا ئێران لەگەڵ بلۆکی کۆمۆنیست دەکەوێ [٤٧]. "

ڕاپەڕینی وەرزێران ڕووداوێکی ئاڵۆز بوو، پەیدا بوونی تەنیا ناکرێ هەر وەك سەرهەڵدانێکی خۆ جۆش و هێندێك تێکهەڵچووبی فیزیکی لە نێوان وەرزێران و خاوەنملکان دابندرێ. بە ڕێگای ئەو کێشەیە دا ، زۆر لە تووەکانی سیاسەتی کوردی و ئێرانی ، و تەنانەت ناونەتەوەیی، دەکرێ بناسرێنەوە. لە بەر دەرکەوتنی خەباتێك کە ئێلهامەکەی چینایەتی بوو. دەکرێ بگوترێ کە ئەو ڕووداوانە دەبێ لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی ئابووری گشت کۆمەڵی ئێراندا لێیان بکۆڵدرێتەوە. لە کوردستان ، لە بەر ڕووداوی وەك ڕاپەڕینی وەرزێران و ڕێفۆرمی زەوی کە موسەدیق وەڕێی خست ، پێوەندییەکانی فێئۆدالی بەرهەمهێنان گورزی سەرەکی وێ کەوت. ئەو ڕاپەڕینە هەر وەها پێویستی یەکێتیی لە ناو وەرزێرانی هێنا گۆڕێ ، و ئاڵنگارییان لە ئاست سیستەمی فێئۆدالی بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێکتر و کراوەتر. لە دوای ئەو ڕووداوە وەرزێران زیاتر خۆیان ڕێك خست ، و ئەوان دابەشکەرانی جیاوازی مادەی خۆراکیان وا لێ کرد کە ڕاستەوڕاستە مامڵە لەگەڵ خۆیان بکەن نەك بە ڕێگای ئاغا دا [٤٨]. پێشوەچوونی هەرە ئاشکرای سیاسی لەو سەرو بەندە دا پێوەندی پەیدا دەکاتەوە بە خەبات بۆ دەسەڵات لە نێوان شاپەرستە کۆنەپارێزەکان و جەبهەی میللی بە

سەرۆكایەتی موسەدیق. لە ماوەی دووساڵ سەرۆكوەزیرایەتی موسەدیق دا، فەزای سیاسی دەرەجەیەك لە كرانەوەی بەخۆیەوە دی ، و زیاتر لە ١٥٠ مانگرتنی سەرەكی سنعاتی و ڕاپەڕینی سیاسی ڕوویاندا [٤٩]. كوردستانی ئێرانیش لەو كرانەوە نیسبییە بەشی پێ بڕا. بە قسەی مەكداوڵ،

لەو سەردەمە دا حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران توانی هێندێك ئازادتر هەناسە هەڵكێشێ. لە ساڵی ١٩٥١ ئەندامی زۆرتری وەرگرت بۆ ئەوە پشتیوانی جەماوەری ساز بدا. لە مەهاباد بە بەربڵاوی پشتیوانی لێ دەكرا لە بەر ئەو تاڵییەی خەڵكی ئاسایی شار دەیانچێشت بە دوای ئەوەیدا لە ساڵی ١٩٤٧ ڕوویدا ، بە تایبەتی لە سێدارەدانی قازیی محەمەد ، كە هالەی كەسێكی موقەدەس و شەهیدی بە دەور دا كێشرابوو [٥٠].

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو پێشوچوونە پچووكە سیاسییە كۆتایی پێ درا لە ئاكامی كودەتای ١٩ی ئاگوستی ١٩٥٣ كە ئەمریكای لە پشت بوو . دەسەڵات دراوە بە شا ، و شەپۆلێكی نوێی بێ بەزەیی ، زۆرداری وسەركوتكردن وسانسۆر باڵی ڕەشی بە سەر فەزای سیاسی دا كێشا لە ئێران.

كۆبوونەوەی باری سەرنجی وولات لە سەر كێشە و گرفتی زەوی هۆكارێكی دیكە بوو بۆ پەرەسەندن و خێرایی ڕاپەڕینی وەرزێرانی كورد. لەو بارەیەوە، حیزبی توودە دەورێكی بەرچاوی گێڕا. جەختی كردنی توودە لە سەر كێشەی خاوەنملك – جووتیار یەك لە سەرچاوە سەرەكییە ئیدێئۆلۆژییەكان بوو بۆ سەركەوتنی ڕاپەڕینی وەرزێران. لەو سەروبەندە دا توودە حیزبێكی بە نفوز بوو لە هەمووی ئێران ، بە تایبەتی لە ناو كەمایەتییە ئێتنیكییەكان و لەو ناوچانەی ئێران كە لە ڕووی ئابورییەوە بێ بەش و هەژار بوون. ئەو زانیاریانەی مەكداول بەدەستەوەیان دا نیشان دەدەن كە لە بەرایی ساڵانی ١٩٥٠كاندا بە سەدان لە ئەندامانی حیزبی توودە گیران، كەمتر لە سێ لە سەدیان كورد بوون. نفووزی ئیدێئۆلۆژی چینایەتی حیزبی توودە لە ناو زەحمەتكێشان و وەرزێرانی كورد دا دەكرێ بگێڕدرێتەوە بۆ كاتی دامەزرانی لقی ئەو ڕێكخراوەیە لە شارەكانی وەك

ورمێ و بۆکان، و ئەندام وەرگرتن لەو ناوچانە. تووده لەوە دا سەرکەوت  کە لە بۆکان زیاتر لە هەزار کەس لە لادێیەکان لە ڕیزەکانی خۆی دا وەربگرێ ، و " خاوەنملکەکانی  ناچار کرد کە بەشی وەرزێران لە بەهرەی چەوەندەر زیاد بکەن [٥١] ."

حکوومەتی موسەدیق ، جگە لە لایحەی قانوونی سەدی بیست ، سیاسەتی  فرۆشی تۆبزی زەوی کشتوکاڵی  لە لایەن خاوەملکانەوە بە دەوڵەتی  داسەپاند ، و لە تۆڵەی ئەوە قەرەبووی ئابووری دا بە خاوەنملکەکان. لە ئاکام دا ، " ئەو زەوییەی دەوڵەت کڕیبووی  دەستبەجێ فرۆشرا بەو وەرزێرانەی کە کاریان لە سەر دەکرد [٥٢] . " لەگەڵ ئەوەش لێکدانەوەی جیاواز هەیە سەبارەت بەو سیاسەتی ڕیفۆرمی ئەرزییەی کە موسەدیق دەستی پێ کرد. ڕەخنەگران دەڵێن ئەو حەولانە بەو مەبەستە بوون کە هەڕەشەی تەقینەوەی شۆڕشێکی کۆمۆنیستی لە ناو وەرزێرانی چەوساوە  و لادێیەکان لە هەموو ئێران دا بگرێ. محەمەد موکری ( چاوەدێرێکی ئەو ڕاپەڕینە) لە چاوپێکەوتنێك دا لەگەڵ سوزان مەیسێلاس  دەڵێ کە " لایحەی قانوونیی سەدی بیستی موسەدیق  لە بەر ئەوە هاتە گۆڕێ چونکە ئەو لە مەترسی دامەزرانی هاوکاری لە نێوان وەرزێران و کۆمۆنیستەکان دەترسا. موسەدیق سووروسات ی هەڵوەشاند بۆ ئەوەی پێش بە هەموو هاوکارییەك لە نێوان وەرزێران و کۆمۆنیستان دا بگرێ [٥٣]."

ڕاپەرینی وەرزێران لەبەر چەندین هۆی جۆر بەجۆر سەرنەکەوت، نەبوونی وەگەڕکەوتن (سەفەربەری) یەك لەو هۆیانە بوو. نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی بە ئەزموون، ئەو بزووتنەوەیە خۆ جۆشە نەیتوانی ئەو گوندانەی ڕزگار کرا بوون وەگەڕ بخا، نەیتوانی وەك ئاڵنگارییەك لە ئاست خاوەنموڵکان بەردەوام بێ. هەر وەها ڕاپەڕینەکە نەگەیشتە سنووری  ناوچە جوغرافیاییەکان . لە نەبوونی حیزبێکی سیاسی شۆڕشگێر دا بۆ ڕێبەرایەتی ، ئەو بزووتنەوە خۆ جۆشە نەیتوانی چیدی گوندە ڕزگارکراوەکان وەگەڕ بخا، پەرە بدا بە کردەوەی هەرەوەزی لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان دا. هەلومەرجی دەرەوەی شاران کە تێیدا ڕاپەڕینەکە کرا ئەویش ڕادەی بڵاوبوونەوەی نیشان دا. بە پێی قسەی مانکور ئولسۆن، " کۆبوونەوە و دامەزرانی دانیشتوان لە

شارەکاندا هێندێك جار دەتوانێ تەبلیغات هەرزانتر و بڵاوبوونەوەی ئیدەگەلی نوێ خێراتر بکا، و ،،، ' بشێوێنی و سەر هەڵدانەکان لە ڕووی تێکنیکییەوە غاڵبە لە شارەکان هاسانتر ڕێك دەخرێن '. ئەگەری سەرکەوتنی سەر هەڵدانە وەرزێرییەکان لە ئاست ڕاپەڕینە ناو شارییەکاندا کەمترە [٥٤]."

نەبوونی ڕێبەرایەتی بە ئەزموون و دەستوێڕانەگەیشتن بە پشتیوانی جەماوەری و نەبوونی تەجروبەی بەڕێوەبردنی کردەوەی کۆمەڵایەتی یان سیاسی، بە گشتی لەو ئەدەبییاتەی دا وا لە سەر بابەتە نووسراوە ئاماژەی پێ کراوە. دەوری خۆ لێنەپاریزی ڕێبەرایەتی بۆ ساز کردن و پەرەپێدانی پشتیوانی دژایەتی بە دامەزروا کراو لە لایەن گوڕەوە داگیراوەتەوە ، کە دەڵێ " ڕێبەر دەتوانێ بیروڕا گەلاڵە بکاو دەری ببڕێ ، ڕەوایی بدا بە زەبروزەنگی سیاسی و ئەوان بگەیێنێتە لایەنگرە (توانایەکییەکانی) ، شێوەی کردەوە دابنێ و سزا دیاری بکا بۆ ئەوانەی بەکاری دەهێنن: ئامراز و سەرمەشقی کردەوەی بە زەبروزەنگ و توندوتیژ دیاری بکا [٥٥]." لەوەش زیاتر، ڕێبەرایەتی دەتوانێ هەستێکی هێمنایەتی ساز کا لە بەرانبەر گوشاری دەرەوەیی دا، و پشتیوانی پێوانەیی و فیزیکی بۆ پێڕۆیانی ئامادە بکا، هەر وەها یەکپارچەیی لە ناو ئەندامانی گرووپەکە و ڕێکخستنەکە دا زیاتر و بەهێزتر بکا. وەرزێرەکان لە توێژی جیاواز پێك دەهاتن ، بە سەر ناوچەیەکی گەورەی جوغرافیایی دا بڵاو ببوونەوە ، بە بێ هەبوونی ڕێبەرایەتییەکی ناوەندی و پێوەندیی ڕێکخراوەیی لەگەڵ یەکتری دا. دوای کردەوەی وەرزێران ، هێزی فێئۆدالەکان و ئەرتەش پەلاماری دان ؛ لەبەر نایەکسانی پارسەنگی هێز، وەرزێرەکان نەیانتوانی خۆیان لەئاست ئەو گوشارەی کە پەلامارەکە سازی کرد بوو ڕابگرن. لەگەڵ ئەوەشدا، حەسەنپوور دەڵێ کە " ئەو جۆرە کۆتایی هاتنە ئاکامێکی مێژوویی چاوەڕوان نەکراو نەبوو . بەڵکوو تەنێ دووپاتە بوونەوەی زۆر لە خەباتی زەویخوازی بوو لە وولاتەکانی دیکە دا [٥٦]. " ئەو بۆچوونەی حەسەنپۆور دەکرێ ڕیشەی لە لایەنە قەیراناوییەکانی کۆمەڵی وەرزێری ئاو بخواتەوە، بە تایبەتی نەبوونی دەستوێڕاگەیشتن بە سەرچاوەی مادی ، کە گرینگن بۆ کردەوەی هەرەوەزی و چالاکی بزووتنەوە خۆڕاگرییەکان.

وەکوو کاردانەوەیەك لە ئاست گەورە بوونەوەی چالاکییەکانی وەرزێران، دوژمنایەتی خاوەنملّکە فێئۆدالەکانی بۆکان و مەهاباد گەورەتر بووەوە. لە ماوەی ڕاپەڕینەکەدا، بۆکان و مەهاباد بوون بە ناوەندی کۆبوونەوە و خۆ وەگەرخستنی خاوەنملّکەکان. لە کاتی توندوتیژتر بوونی تێکهەڵچوونەکان لە نێوان وەرزێران و ئاغاوەت دا ، بۆ ئەوەی پێش بە پشتیوانی جەماوەری لە وەرزێران لە شوێنەکانی دیکەی کوردستانەوە بگیرێ ، ئەرتەشی ئێران شاری بۆکانی گەمارۆ دا [٥٧]. توانایی وەرزێران بۆ شەڕ و بە گژداهاتنەوەی ئاغاکان تەواو بەرتەسك بوو. وەك بلوریان دەنووسێ، وەرزێران چەکیان نەبوو ، و تەنێ ئامرازی ئاسایی کاری خەلە وخەرمان و جووتیاری وەك داس و شنە و پێمەڕەیان هەبوو. لەو ماوەیە دا ، زۆر ڕووداوی بە زەبروزەنگ قەومان. ئاغاکان کە ئەرتەشی ئێران پشتیوانی لێ دەکردن زۆر گوندیان سووتاند. لە زۆر نموونان دا ماڵ و دارایی وەرزێران یان سوتێندران یان ئاغاکان تاڵانیان کردن. ئەرتەشی ئێران بۆ ئەوەی سەرهەڵدانەکە دامرکێنێتەوە و بەرژەوەندی خاوەنملّکەکان بپارێزێ تانك و پیادە نیزامی ناردە سەر وەرزێران.

ڕێژیم توانی بزووتنەوەکە دامرکێنێ. زۆر لە وەرزێران کە لە دەستەی پچووکی شەڕکەران دا خۆیان ڕێك خستبوو ژیانیان لە دەست دا، هێندێکیان گیران ، ژمارەیەکی کەمیان مانەوە یان گوندەکانی خۆیان بەجێ هێشت و یان هەڵاتن بۆ دەرەوەی وولات، دەستدرێژی کرا سەر زۆر ژن و کچان. لە بۆکان، دوازدە کچ لە ترسی ئەوەی دەستدرێژییان بکرێتە سەری خۆیان دە چۆمی بۆکان هاویشت و خنکان. خاوەنملّکەکان بە دانی بەرتیل بە کاربەدەستان و ڕێبەرانی ئەرتەش توانیان هەموو دەستگای دەوڵەتی وەگەرخەن بە دژی وەرزێرانی ڕاپەڕیو [٥٨]. بە دوای شکانی ڕاپەڕینەکە ، وەرزێران و بنەماڵەکانیان ڕووبەڕووی بێ بەزەیی هاتن. فێئۆداڵەکانی هەرێمی فەیزوڵابەگی و دێبۆکری بە پشتیوانی ئەرتەش ، دەستیان کرد بە ڕاوەدوو نان، لێدان، تاڵان و کوشتنی وەرزێران. تەرمی وەرزێرە شۆرشگێرەکان خرایە ناو چۆمی بۆکان [٥٩]. لە دوای ڕاپەڕینە شکاوەکە، و پەیدا بوونی کێشەیەکی نوێ و زۆر ئاشکراتر لە نێوان خاوەنملّکە فێئودالەکان ، زۆربەی ئەو وەرزێرانەی کە لە زێد و واری خۆیان هەڵکەندرابوون ناچار بوون بچنە شاری جۆر بە جۆر و لە چینی کرێکاری کەم حەقدەست

دا یەکانگیر بن ، و هێندێك لە وان لەوێ زۆر زیاتر لەگەڵ ئیدێئۆلۆژی خەباتی چینایەتی ئاشنایەتیان پەیدا کرد.

**دەوری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لەو ڕاپەڕینە دا**

سەبارەت بە دەوری حدکا، ئەو جۆری کە کاربەدەستانی ئەو حیزبە وەکوو حیسامی و قاسملو دەڵێن [٦٠] ، ئەو حیزبە چاوەدێری دەکرد بە سەر وەرزێران دا، تا ئەوەی کە ڕاستەوخۆ ببێ بە بەشێك لەو بزووتنەوەیە، هەڵوێستی حدکا ئەو ڕاستییە دا دەگرێتەوە کە کردەوەکانی وەرزێرانی کورد بە پێی فەرمانی حیزبێکی سیاسی تایبەتییەوە بەڕێوە نەچووە، بەڵکوو بە پێچەوانە ، ئەوە خەباتێکی ڕەسەنی جووتیارانی هەژار و نەخوێندەوار خۆیان بوو ، و بە ڕێگای کردەوەی هەرەوەزی خۆیان دا، ئالنگاریان ساز کرد بۆ خاوەنملکە فێئۆدالەکان. حدکا، وەکوو تاقە حیزبی سیاسی لە کوردستانی ئێران لەو سەردەمە دا، لە لایەن کۆمەڵی کوردی ، بە تایبەتی وەرزێران ڕا چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرا دەورێکی سەرەکی بگێڕێ لە وەگەڕخستنی ئەو ڕووداوە دا. ڕیوایەتی گشتی حدکا سەبارەت بەو هەستانەوەیە، سەرەڕای ئەوەی کە پێ لە دەستەوەستان بوونی خۆی دەنێ ، پڕە لە فەخر و شانازی و وەك ئەوە وایە کە دەورێکی سەرەکی تێدا گێڕابێ. ڕەخنەگران هەر یەك بەجۆرێك حدکا مەحکووم دەکەن لە بەر یارمەتی نەدانی ئەو ڕاپەڕینە، و ناتوانایی وی بۆ ئەوەی ئەو ڕاپەڕینەی وەرزێران،بکا بە خەباتێکی هەراوتر و بەرینتر، چ لە ڕووی جوغرافیایی و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. ڕێوایەتە جیاوازەکان ئەو کێشە و ناکۆکییانەی کە بەرەو ڕووی کوردستان و بزووتنەوەکەی بوون دەردەخەن. تەنانەت ئەوانەش کە ئیدیعا دەکەن حدکا ڕێبەرایەتی ئەو بزووتنەوەیەی کردووە ( بۆ وێنە مەکداول) زۆر بە کورتی باسی ئەوە دەکەن. بۆ وێنە، بە پێی قسەی مەکداول ئەو بزووتنەوەیە لەبەر ئەو فەزا سیاسییە ئەرێنییەی کە سەرۆکوەزیرایەتی موسەدیق خولقاند بووی پشتی گەرم بوو و ' حدکا تەنێ وەرێی خست' [٦١].

ناتوانایی ڕێبەرایەتی حدکا بۆ ڕێبەری کردن و پەرەپێدانی ئەو ڕوداوە بەرەو بەشێکی هەراوتر لە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، بەو مانایەیە، کە حدکا بەرپرسیارەتی شکانی

ئەوڕاپەڕینەی لە ئەستۆ دایە. لە کاتێکدا حدکا وەرزێرانی تەشویق دەکرد بە دژی سیستمی فیئۆدالی شەڕ بکەن، ئەو حیزبە قەت فکری ' زەوی ئی ئەو کەسەیە کە دەیکێڵێ' ی نەخستە ناو ئیدێئۆلۆژی و مەرامنامەی خۆیەوە. سیاسەتی خەباتی چینایەتی حدکا تەنێ بەرتەنگ بوو بە ڕووبەڕو بوونەوەی خاوەنملکی فێئۆدالی گەندەڵ بە شێوەی تاکە کەسی ، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوەشاندنی سیستمی کۆمەڵایەتی – سیاسی کە فێئۆدالیسمی ساز کرد بوو و هێزی وەبەر دەنا ، قەت نەکەوتە ڕۆژەڤی حدکاوە. لە کاتێکدا حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان حەولی دا بۆ هەڵوەشاندنی سیستمی فێئۆدالی و کولتوورە بەربڵاوەکەی سەبارەت بە بێگاری و سوروساتی ناقانوونی، و حەول دان بۆ ئیسلاحاتی ئەرزی، لە کوردستان جمهووری سیاسەتێکی ئاوای نەبوو. وەرزێرانی کورد بە ڕزگارنەکراوی مانەوە لە ژێر دەستەڵاتی خاوەنملکان دا و سیاسەتی زۆرداری لێکردن و چەوساندنەوەیان بەردەوام بوو. ژمارەیەکی زۆر لە خاوەنملکە فێئۆدالەکان لە کۆمار دا بەشدار بوون، وەك ئەندامانی کابینە و ئەفسەرانی نیزامی، و "دوای ماوەیەکی کورت ڕەخنەگرتن لە ئاغاوەت تەحەمول نەدەکرا [٦٢]." سەرەڕای ئیدیعای ڕێبەرایەتی کردنی ڕاپەڕین لە لایەن حدکاوە ، تا ساڵی ١٩٧٣ (کۆنگرەی سێیەمی حدکا) ئەو حیزبە لە بڵاوکراوەکەی خۆی ( کوردستان ) دا ، تەقریبەن بۆ ماوەی بیست ساڵ هیچ ئاماژە بە ڕاپەڕینی وەرزێران ناکا. ئەو سەرنج نەدانە ئاوا باس کراوە لە بەر مەحزووری حدکا بووبێ لە پێوەندی خۆیدا لە گەڵ خاوەنملکە فێئۆدالەکاندا، فێئۆدالیسم بایەخی بۆ داندرا و تەرخان بوو لە ڕەخنەگرتن ، لەبەر هێندێك لە یارمەتییەکانی بە بزووتنەوەی کورد. بە پێی قسەی ڕەخنەگران، ئەگەرچی زۆر لە وەرزێرە ڕاپەڕیوەکان ئەندامی حدکا بوون ، حدکا نەیتوانی ئەو دەورە بگێڕێ کە لێی چاوەڕوان دەکرا بۆ بەڕێوەبردن و پشتیوانی کردن لەو بزووتنەوەیە ، بە پێی قسەی حیسامی، " حدکا نەیتوانی ئەو ڕاپەڕینە ( وەکوو هەستانێکی چینایەتی) لە خەباتی نەتەوەیی گرێ بدا، و نەیتوانی ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە [٦٣]."

بەرعۆدەیی حدکا لە ئاست ئەو ڕاپەڕینە محەلی بوو. لە هێندێك ناوچە شووڕای دێ و کۆمیتەکانی حدکا بانگەوازیان لە خەڵك کرد بۆ یەکێتیی ، و ئەو لایەنگرانەی فێئۆدالەکانیان وەدەرنا

که حەولیان دەدا پشتیوانی لە فێئۆدالەکان بکەن لە ناوچەکانی دیکە [٦٤]. قاسملو بە نۆرەی خۆی دەڵێ " تەنانەت ئەگەرچی لەو سەردەمە دا حدکا هێشتا خۆی ڕێك نەخستبووەوە ، ئەندامانی حدکا بە شێوەی جۆر بە جۆر یارمەتی ڕاپەرینی وەرزێرانیان دا ؛ کادرەکانی حدکا ڕاستەوخۆ چاوەدێرییان دەکرد بە سەر ئەوە دا کە وەرزێران چۆن داوخوازی بۆ مافەکانیان لە دەستگا دەوڵەتییەکان دا بهێننە گۆڕێ. لەوەش زیاتر، تێ دەکۆشان ڕاپەڕین و تێکۆشانی جووتیاران لە چاپەمەنییەکانی پێتەخت دا دەنگ بداتەوە[٦٥]." لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حدکا دا بۆ کۆنگرەی سێیەم هاتووە " لە ماوەی ڕاپەرین دا ئێمە دەوری سەرەکیمان گێرا، زۆر لە ئەندامانی ئێمە بەشداریان کرد لە ڕاپەڕینەکە دا و بە دوای شکانی دا ئەوان یان کووژران ، یان زیندانی کران یان وولاتیان بە جێ هێشت [٦٦]." لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا ڕوون نییە بۆچی حدکا وەك هێندێك چاوەڕوانیان دەکرد ڕێبەرایەتی ئەو بزووتنەوەیەی نەکرد.

بۆ ئەنجام گیری سەبارەت بە مەسەلەی دەوری حدکا، دەکرێ بگوترێ لە کاتێکدا حدکا توانایی نیشان داوە بۆ وەگەڕخستنی کردەوەی هەرەوەزی بە ئیلهام وەرگرتن لە فکری کوردایەتی و ناسێنەی کوردی ، حەول نەدانی جیدی ئەو حیزبە، یان ناتوانایی وی بۆ بەرگری لە مافی وەرزێران ، هۆکارێکی وون بووە لە ئیدیئۆلۆژی خەباتی حدکا دا . قاسملو تەئکید دەکا کەدەستەبەر کردنی بەشداری وەرزێران لە بزووتنەوەی کورد دا پێش شەرتێکە 'بۆ هەڵوەشاندنی سیستمی فێئۆدالیسم 'و دابینکردنی مافی وەرزێران. لەگەڵ ئەوەشدا، کێشەی نێوان واقعییەت و ئیدیئۆلۆژی دەردەکەوێ کاتێك قاسملو لەلایەکەوە دەڵێ پشتیوانی وەرزێران هێزێکی خۆ لێنەپارێزە بۆ وەدەست هێنانی دەسکەوتان ، و لە سەرێکی دیکەوە ئەوە دادەگرێتەوە کە لە بارودۆخی ئێستا دا لە کوردستان ( بە تایبەتی لە بەشەکانی ئێران و عێراق دا کە هێشتا پێوەندی فێئۆدالی و عەشیرەتی زۆر بەهێزن) بە بیر دا نایە کە بکرێ دروشمی " زەوی ئی ئەو کەسەیە کە دەیکێڵێ " بهێندرێتە گۆڕێ [٦٧]." قاسملو ڕەخنە دەگرێ لە بۆچوونی ناسیۆنالیستە کوردەکان سەبارەت بە خەباتی چینایەتی، کە " ناسیۆنالیستەکان عادەتیان وایە کە بەگشتی باسی نەتەوەی کورد و کوردستان بکەن و زۆریان بۆ

ئاستەمە چینەکان لە کۆمەڵی کورد دا لێك بکەنەوە ؛ ئەوان ئەو پنکتە دادەگرنەوە مەبەستی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی کوردەکانە و کۆمۆنیستەکان تاوانبار دەکەن کە نکووڵی لەو لایەنە دەکەن"، قاسملو بەو ووشانەووڵامی ئەو دیتنانە دەداتەوە " دەربڕینی ئاوا لەگەڵ ڕاستییەکان یەك ناگرێتەوە، [٦٨] ، " و دەڵێ لە ناو ناسیۆنالیستەکان دا مەیلی ئاوا هەیە گشت ڕەهەندی چینایەتی خەبات لە کوردستان ' لە بیر بەرنەوە ' .

ڕاپەڕینی وەرزێران و مەسەلە پێوەندیدارەکانی بۆ ئەو بزووتنەوە نەتەوەییەی کە تا ئەو دەم زاڵ بوو ئاڵنگارییەك بوو. ئەو کێشەیە زۆر ڕوونتر هاتە بەرچاو ، و لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ دا ، شێوەیەکی ئێدیێۆلۆژی و بە تەکووزی بە خۆیەوە گرت بە ڕاگەیاندرانی چالاکی کۆمەڵە [٦٩]. گیروگرفتی وەرزیران – خاوەنمڵکان بە ڕێگای پشتیوانی ڕەهای کۆمەڵە لە وەرزێران ، و ئالنگارییەکەی لە ئاست دەسەڵاتی نەریتی و زۆردارانەی سیستمی فێئۆدالی لە کوردستانی ئێران دەرکەوت. بزووتنەوەی کورد چەندین جار ئاکاری خائینانە و خۆ ویستانەی فێئۆدالی ئەزمووە لە ماوەی سەروبەندی جیاوازی بزووتنەوەی کورد دا. نمونەیەك لەو خیانەتی فێئۆدالییە پێوەندی پەیدا دەکاتەوە بە ئاکاری خۆ پەسندانە و خۆ ویستانەی سەرۆك عەشیرەتە کوردەکان لە ماوەی جمهووری کوردستان دا، ئەو دەمەی کە زۆر لەوان بەر لە ڕووخانی حکوومەتی کوردی پشتیان لە جمهووری کرد و لەگەڵ ڕێژیمی پەهلەوی ڕێك کەوتن [٧٠] . حدکا بە شێوەی سەرەکی ئاوا لەو گێروگرفتە نزیك بووەتەوە کە هەر سەروکاری لەگەڵ 'هۆکاری سیستمەکە ' هەبێ ' نەك هەڵوەشاندنی ' سیستم ' ەکە خۆی. بۆ وینە لە جیاتی شەڕ کردن بۆ هەڵوەشاندنی ڕادیکاڵی سیستمی فێئۆدالی ، شەڕەکە ' لەگەڵ تۆوەکان و هۆکارەکانی بێ بەزەی سیستمەکە ' بووە و چاوی لەو بەشانە لە سیستمی فێئۆدالی پۆشیوە کە پشتیوانی و هاوکاریان کردووە لەگەڵ بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی . بە پێی حدکا ، ئەو ڕێکخستنە خەباتی نەتەوەیی دەکا نەك خەباتی چینایەتی. لەبەر ئەو ڕاستییەی کە کۆمەڵی کوردی بریتی یە لە ئیدێئۆلۆژی و چینی جیاواز ، هەموو کەس جێگای تێدا دەبێتەوە ، لە مارکسیستانەوە بگرە

تا تاجران ، و له زەحمەتكێشانەوە بگرە تا كەسانی كۆنەپارێزی دینی و هتاد، بە پێی قسەی كاوەی بەهرامی

حدكا ڕێكخستنێكی سیاسی دێمۆكڕاتیكە، ئێدێئۆلۆژییەكی تاقانە بە سەر چالاكییەكانی دا زاڵ نییە.ئەندامانی حدكا خاوەنی جیهانبینی ئیدێئۆلۆژی جیاوازن ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان لە ژێر چەتری حدكا كۆبوونەتەوە ، و بەرنامەی حیزب ( بە بڕوا بە پلورالیسم ) نوختەی كۆبونەوەی چالاكی ئێمەیە [٧١].

لەگەڵ ئەوەش، كۆمەڵە ( لە قۆناخە بەراییەكانی خەباتی خۆی دا) وەكوو ڕێكخستنێكی سیاسی چەپ چالاكییەكانی لە سەر بنەمای خەباتی چینایەتی و باشتر كردنی مافی زەحمەتكێشان و جووتیارانی كوردستان وەگەڕخست. شێوەی بەڕێوەبردنی چالاكییەكانی كۆمەڵە لە ماوەی شەڕی براكوژی لە نێوان ئەو ڕێكخستنانە دا كارێكی ئاوای كرد حدكا كۆمەڵە بە " پۆڵ پۆتی " ناو زەد بكا ، پێڕۆیانی ئێدێئۆلۆژی دیكتاتۆری كامبۆجیا پۆڵ پۆت ، زاراوەیەكی نەرێنی كە حدكا كۆمەڵەی پێ تاوانبار دەكرد و دژیی ئەو بەكاری هێنا.

حەسەنپوور ئاماژە دەكا بە ڕاپەڕینی جیاوازی وەرزێران كە لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٠كاندا لە ئێران قەوماون. تەقریبەن گشتیان، بۆ نموونە ، لە چاپەمەنییەكانی حیزبی توودە دا باسیان لێ كراوە، بەڵام لە هیچ جێیەكی ئەو چاپەمەنییانە دا ناوی ڕاپەڕینی وەرزێران لە كوردستان نەهاتووە. تەنانەت لە كتیبی عەلی گەلاوێژ دا، وەك ئەندام و دواتر ڕێبەرێكی حیزبی توودە، سەرەڕای لێكۆڵینەوەی هەمووڵایەنەی سەبارەت بە پێوەندییەكانی كۆمەڵایەتی فێئۆدالیسم و كاپیتالیسم ، چاوی لەو ڕاپەڕینە هەڵبواردووە و هەر ئاماژەشی پێ ناكا. ئەو بابەتەی نەبوونی زانیاری سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێران ڕاستییەكی بەرچاوتەنگانە و جێی پەرۆش وەڕوو دەخا، سەرنجی سەرەكی لێكدانەوەی بزووتنەوەی كورد و سیاسەتی كوردی بەرتەنگ كراوەتەوە و ئاراستەی گشتی لەمەڕ حیزبە سیاسییە كوردییەكان و چالاكییەكانیان بووە؛ لە ڕاستیدا ئەو حیزبانە تا ڕادەیەك لە كۆمەڵی كوردی دوور بوون ، بە تایبەتی لەو سەردەمانەیدا كە مەودای نێوان ئەو حیزبە سیاسییە كوردانە لە

هەندەران و کۆمەڵی کورد دوورتر بووەتەوە لەوەتا ساڵانی ١٩٩٠ بەم لایەوە بە سی ساڵ پچڕانی پێوەندی.

نکووڵی کردن و چاو هەڵبواردن لەو ڕاپەڕینە لە هێندێك نموونە دا سیستماتیك بووە، لە بەر درێژە کێشانی پاراستنی بەرژەوەندییەکان و ناوبانگی لایەنگرانی فیئۆداڵەکان. مژاری زەوی لە ئێران هێشتا هەیە، و لە ماوەی ئەو دە ساڵانەی دوایی دا بووەتە هۆی چەندین سەرهەڵدان و ڕاپەڕین لە ناو وەرزێران و کرێکارانی کشتوکاڵ دا. بۆ نموونە ، لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠ کاندا ناڕەزایەتی بەربڵاوی وەرزێران لە ناوچەی جۆر بەجۆری وەك تورکەمەن سەحرا، دەشتی ئەرزان لە فارس ، کوردستان ، و کرمان دا قەوما [٧٢]. گرێی خەباتی نێوان وەرزێران- خاوەنمڵکان جارێکی دیکە هەڵئایساوە و بوو بە تۆوێك لە خەباتی کوردی لە ساڵی ١٩٧٩ دا هاوکات لەگەڵ بەرز بوونەوەی چالاکی کۆمەڵە. کۆمەڵەی چەپئاژۆ پشتیوانی کرد لە داوخوازی وەرزێران بۆ بەدەست خستنەوەی مافەکانیان. چەندین یەکێتیی جووتیاران دامەزرێندراون[٧٣]. شۆڕشی ١٩٧٩ دەرفەتێکی ڕەخساند بۆ دەرکەوتنی قۆناخێکی دیکە لە پێوەندی خراپی نێوان وەرزێران و خاوەنمڵکە فیئۆداڵەکان ، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو سەردەمانەی کێشە زۆر ڕێکخراوتر بوون، و شەقڵی ئێدیئۆلۆژییان پێوە بوو ، و بە شێوەی سەرەکی کۆمەڵە پشتیوانی لێ دەکردن. لەگەڵ ئەوەشدا، حوسێن خەلیقی تێوەگلانی کۆمەڵە لەو بابەتە دا بە پۆپۆلیسمی چەپڕۆیانە دادەنێ. بە پێی قسەی خەلیقی ، دوو بارە دابەشکردنەوەی زەوی بە پێی کردەوە بیرلێنەکراوەکانی کۆمەڵە بووە هۆی پەیدا بوونی کێشە و دوژمنایەتی لە نێوان خاوەنمڵکە بەهێزەکان و وەرزێرانی هەژار ، لە سەردەمێکی ناسکی خەباتی کورد دا. ئەو بارو دۆخە بووە هۆی بێ سەباتی و ئاڵۆزی زیاتر لە هەرێمی کوردی کە بە نەغدەن لە شکانهاتوو بوو [٧٤].

**ئەنجام**

ئەم ووتارە جەخت لە سەر ئەوە دەکا کە کوردستانی ئێران بە دوور نەبووە لەو پێشوەچوونە سیاسی و مەیلانەی لە ناوەندی ئێران دەستیان پێ کردووە. ڕوداوی وەکوو ڕاپەڕینی وەرزێران ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە پەیدابوونی نزیکەی تەواوی هەر دیاردەیەکی ئیدێئۆلۆژی و کۆمەڵایەتی-

سیاسی کاردانەوەی هەبووە ، ئالَنگاری بووە ، یان ئیلهامدەر بووە بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران ،بە هەرێمی کوردستانیشەوە. بە تایبەتی ئەو شوێن لەسەر کردنە یان کاردانەوەیەی کۆمەڵی کوردستانی ئێران یەکەم لە بەر بێ بەشی زۆر و هەست کردن بە هێند نەگیران لە لایەن ڕێژیمە فەرمانڕەواکانەوە بووە ، و دووهەم لە بەر مێژووی دووردرێژی خۆڕاگری و بەرخودان و ئالنگاری سیاسی لە بەردەم سیستم و رێژیمە فەرمانڕەواکان لە ئێران - زۆر بە دەرەوتر ، گرینگتر و بە سیاسیترکراو بووە . دەکرێ بگوترێ کە ڕاپەڕینی وەرزێران ئەگەرچی دوای ماوەیەکی کورت تێشکا – تا ڕادەیەك ئالنگارییەك بوو لە بەر دەم پێوەندییە کۆمەلایەتی ئابوورییەکانی باڵا دەست لە نێوان وەرزێران و خاوەنملَکەکان دا. ئەو ڕاپەڕینە بووە هۆی هێندێك باشتر بوونی ئەرێنی و دەستکەوت، بەرەوژوور چوونی باوەڕ بە هێزی خۆ بوونی وەرزێران، لە ڕاپەڕینەکانی کە بە دوای دا هاتن، کۆمەڵی کوردستانی ئێران شاهید بوو کە چۆن وەرزێران ئالنگاری لە بەر دەم سیستمی فێئۆدالی قووت دەکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو ڕاپەڕینە پێداویستی دامەزراندنی بە تەکووز و لەسەر بنەمای ئێدیئۆلۆژی خەباتی چینایەتی لە کوردستانی ئێران زەق کردەوە ( بۆ نموونە لە ژێر ڕێبەرایەتی کۆمەڵە دا )، دوای ئەوەی کە ڕاپەرینی وەرزێران وەك ئالنگارییەك لە بەر دەم ' پەرستگەی پان و پۆر' ی بزووتنەوەی نەتەوەیی هاتە گۆڕێ کە حدکا پێشی دەخست. لە ڕاستیدا، تەنانەت ئەگەرچیش ئەو ڕاپەڕینە لە لایەن حیزبێکی سیاسی تایبەتی یا بە ئاراستەیەکی تایبەتییەوە بەڕێوە نەچوو، جگە لە لایەنە کۆمەلایەتی ئابوورییەکانی دەبێ وەکوو پەیدا بوونی یەکەم شەپۆلی هەستانەوەی چینایەتی هەرەوەزی ببیندرێ لە کۆمەڵێکی نەریتی، کشتوکاڵی و فێئۆداڵی کوردی لە ساڵانی ١٩٥٠ کاندا، وەکوو ڕووداوێکی نوێ ، ئەو ڕاپەڕینە بابەتی چینایەتی هێنا ناو بواری کۆمەلایەتی و سیاسی گەنگەشە و خەبات لە کوردستانی ئێران دا.

**تێبینی وەرگێر، لێرەدا پەڕاوێز و سەرچاوەکانی ئەم نووسینە وەرنەگێردراون و بە زمانی ماك لە خوارەوە هاتوون.**

## پەراویز و سەرچاوە

١ Allan Hassaniyan is currently PhD researcher at the University of Exeter, Centre of Kurdish Studies, Institute of Arab and Islamic Studies. He holds an MA and BA in Global Sociology and Politic and Administration at the University of Roskilde, Denmark
٢ Eshraghi, F. 'The Immediate Aftermath of Anglo-Soviet Occupation of Iran in August ١٩٤١', *Middle Eastern Studies*, Vol. ٢٠(٣), (١٩٨٤), pp. ٣٢٤-٣٥١.

٣Glenn E. Curtis and Eric J. Hooglund, , ed., 'Iran: a country study', (Washington, DC, Library of Congress, ٢٠٠٨), p. ٢٠٢

٤ McAdam, et al. ed., 'Comparative perspectives on social movements Political opportunities, mobilizing structures, and cultural framings'. (Cambridge: Cambridge University Press, ١٩٩٦).

٥ Charles Tilly 'From Mobilization to Revolution', (New York: Random House, ١٩٧٨). pp. ٥٤-٦٩.

٦ Ted Gurr, *'Why Men Rebel',(*Princeton University Press, ١٩٧٠), p. ١٣.

٧ Ibid., p. ١٥٥.

٨ Abudl R. Ghassemlou, 'Kurdistan and the Kurds', (Prague: Publishing House of the Czechoslovak Academy of Sciences and London: Collet's Ltd., ١٩٦٥).

٩ Gurr ١٩٧٠, p. ١٥٧.
١٠ A. Hassanpour, 'Raperini warzeran le Mukeriyan, Projeyi lekolinewe', [The uprising of the Peasant of Mokoriyan١٩٥٢-١٩٥٣] Derwaze, No.١ (September٢٠١٧), pp. ٩٤-١٢٥.

١١ Aziz, Shamzini, 'Jolaneweyi Rezgari Nishtemani Kurdistan' [the Libertarian Movement of Kurdistan], (Centre of Strategic Studies of Kurdistan, ٢٠٠٦).

١٢ H. Ahmadzadeh and G. Stansfield, '*The Political, Cultural, and Military Re-Awakening* of the Kurdish Nationalist Movement in Iran', *Middle East Journal,* Vol. ٦٤(١), (٢٠١٠), pp. ١١-٢٧.

١٣ Abbas Vali, 'Kurds and the State in Iran; the Making of Kurdish Identity', (London: I.B. Tauris & Co, ٢٠١١), pp. ٢٠-٢١.
١٤ According to Moatadi etc., the initial stage of the formation of the Komala took place in ١٩٦٩, with the participation of F. Shaikholislami, F. Mostafa Sultani, M. H. Karimi, I. Farzad, S. Watandoost, A. Moatadi and M. Shaikholislami. Hussain Morad Baegi joined the group later, while they throughout this period organized their activities around the Tashkilat

١٥ Hamit Bozarslan, 'Violence in the Middle East, from political struggle to self-sacrifice', (Princeton, Markus Wiener Publishers, ٢٠٠٤), p. ٢٢.

١٦ Hassanpour ٢٠١٧, p. ١٠٢.

١٧ Zia Khazaei, 'Feudalism in Iran', Department of Political Science, Life Science Journal, ٩(٣). (Zahedan, Islamic Azad University, ٢٠١٢), p. ٢٦٨٦.
١٨Abbas Vali, 'Pre-capitalist Iran A Theoretical History', (New York University Press, ١٩٩٣).

١٩ Ibid., p. ١٩٣.

٢٠ Ghassemlou ١٩٦٥, pp. ١٣٢-١٣٩.

٢١Behnam and Rasekh quoted in Vali, ١٩٩٣, pp. ١٩٣-١٩٤

٢٢ Khazaei ٢٠١٢, p. ٢٦٨٦

٢٣ **Ervand** Abrahamian, 'Iran Between Two Revolutions', (Princeton, Princeton University Press, ١٩٨٢), p. ٣٧٩.

٢٤Hemen Mukeryani, 'Tarik u Run' ['Dark and Bright'], (Unspecified Publican, ١٩٧٤), pp. ٣٥-٣٨.

٢٥ Homa Katouzian, 'The Political Economy of Modern Iran: Despotism and Pseudo-Modernism, ١٩٢٦–١٩٧٩', (London: Macmillan, ١٩٩٢), pp. ٢١٣-٢٣٣.

٢٦ The 'first night role', dates back to the time of European feudalism. According to this role 'when daughter of a peasant married, the Agha could made the first night with her.

٢٧ Abdolali Lahsaeizadeh, 'Jame Shenasi-e Keshavarzi-e Iran' [Iran Sociology of Agriculture], (Tehran, Vezaret-e Farhang ve Intesharat-e Islami, ٢٠٠٩), pp. ٥٢-٥٣.

٢٨ Abrahamian ١٩٨٢, pp. ٣٧٨-٣٨٩.

٢٩Abrahamian ١٩٨٢, p. ٢٦٤

٣٠ Ghassemlou ١٩٦٥, p. ١٧٧
٣١Hassanpour ٢٠١٧, p. ٩٨

٣٢ Ghassemlou ١٩٦٥, p. ١٧٧

٣٣Abrahamian ١٩٨٢, p. ١٧١

٣٤Stephen Kinzer, 'All the Shah's Men', (New Jersey John Wiley and Sons, ٢٠٠٨), p. ٤٤.
٣٥ Hassanpour ٢٠١٧, p. ٩٥.

٣٦ David McDowall, '*A Modern History of The Kurds',* Third Revised Edition (London: I.B. TAURIS, ٢٠٠٤), pp. ٢٥٦-٢٥٧

٣٧Hamadani quoted in Ghassemlou ١٩٦٥, p. ١٧١.

٣٨Hassanpour ٢٠١٧.
٣٩ Ibid.

٤٠McDowall ٢٠٠٤, p. ٢٥٦.

٤١ Ghassemlou ١٩٦٥, p. ٢٣٩.

٤٢ Ghassemlou ١٩٦٥, p. ٢٣٩.

٤٣ McDowall ٢٠٠٤, p. ١٧
٤٤Martin v. Bruinessen, 'Kurdish society, ethnicity, nationalism and refugee problems. in Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl, ed., 'The Kurds A Contemporary Overview', (London, Routledge ١٩٩٢), p. ٢٦.

٤٥ New York Times (September ٩, ١٩٥٢, in Hassanpour٢٠١٧), p. ١٠١.

٤٦Hassanpour ٢٠١٧, p. ١٧٧.
٤٧ Ibid, p. ١١٣.

٤٨Karim Hussami, '*Peda Chunewe'* [Re Examining of Kurdish History in Iranian Kurdistan١٩٤٧-١٩٧٨]. (Stockholm, Kitabi Arzan, ١٩٩٧), p. ٩١.

٤٩**Ervand** Abrahamian, '*A history of Modern Iran'*, (New York, Cambridge University Press, ٢٠٠٨), p. ٣٦٩

٥٠McDowall ٢٠٠٤*,* p. ٢٥١.
٥١ Ibid.

٥٢ Ibid, p. ٢٥٧.

٥٣ Meiselas in Hassanpour ٢٠١٧, pp. ١٠٥-١٠٧.

٥٤ Olson quoted in Gurr ١٩٧٠, pp.٢٦٥-٢٦٧.
٥٥Ibid, p. ٢٩١

٥٦Hassanpour ٢٠١٧, p. ١٠٠.

٥٧Ghani Beloriyan, *Alê Kôk* [Green Leaf]. (Stockholm Resa Publication, ١٩٩٧), p. ١٤٨.

٥٨A letter from the archive of Mohammad Mukeryani, Jin Center in Silêmani. Hassanpour ٢٠١٧, p. ١٠٦.

٥٩Mukeryani ١٩٧٤, p. ٣٨.
٦٠Abdul R. Ghassemlou, 'Chel Sal Khebat', [Forty Years Struggle of Liberation], Iraq, KDPI, ١٩٩١, p. ٦٥.

٦١ McDowall ٢٠٠٤, p. ٢٥٦.

٦٢ Hassanpour ٢٠١٧, p. ٩٨
٦٣Karim Hisami, 'Le bireweriyekanem, bergi yekem', (Of my memories, First Volume), (Uppsala, Jinâ Nu, ١٩٨٦), p. ٢٠٦

٦٤ Hussami ١٩٩٧, p. ٨٦.

٦٥ Ghassemlou ١٩٩١, pp. ٦٥-٦٦.

٦٦ Hassanour ٢٠١٧, p. ١٠٢

٦٧ Ghassemlou ١٩٦٥, p. ٢٣٩

٦٨ Ibid, p. ٢٤٠
٦٩Mostafa Sultani et al., 'Kak Faud Mostafa Sultani [Faud Mostafa Sultani; who was he, what was his aim and how did he died?], (Silêmani: Unspecified Publication, ٢٠١٥).

٧٠ Vali ٢٠١١, pp. ٧٣-٧٤.

٧١ Kawe Behrami, ed., '*Tafgayi Haqiqat' Ghassemlou* [A Waterfall of Truth: A Collection of Dr Ghassemlou's writings], (KRG, KDPI, ٢٠٠٤), p. ٧٧.
٧٢ M. Haghayeghi, 'Agrarian reform problems in post-revolutionary Iran', Middle Eastern Studies, ٢٦(١), (١٩٩٠), pp. ٣٥-٥١.

٧٣ Establishing the Peasants' and Unemployed Unions of Meriwan is among the examples of Komala's support to the peasants and lower-income sections of the Kurdish society, in Mostafa Sultani ٢٠١٥

٧٤Hossein Khlikgi, '*Jan u Jiyan'* [Life and Suffering],(Uppsala: Rabûn, ١٩٩٩), pp. ١٨-١٩.

## بابەتی یازدە: ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان لە ١٣٣١-١٣٣٢ (١٩٥٢-١٩٥٣) دا: پرۆژەی لێکۆڵینەوەیێك



**ئەمیر حەسەن پوور**

**دیپارتمانی شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست، زانکۆی تۆرانتۆ، کانادا**

amir.hassanpour@utoronto.ca

زۆربەی گەلی کورد هەتا ئاخر و ئۆخری سەدەی بیست لە گوند دەژیا و بە کشت و کاڵ و ئاژەڵداری بەڕێ دەچوو. شار و تاجر و سنعەتکار و کرێکار و دووکاندار لە نێو دەریایێك گوند و نفووسی وەرزێر و ئاژەڵدار نوقم ببوو. کۆمەڵی کوردەواری، وەك گشت کۆمەڵی دی، پڕ بوو لە جیاوازی و ناکۆکی وەك ناتەبایی نێوان دەرەبەگ و وەرزێر، ژن و وپیاو، کرێکار و ساحێبکار، و تێکهەڵچوون و تێکهاڵانی شار و دێ، نیشتەجێی و کۆچەریی، ناکۆکی نێوان خێڵ و عەشیرەتان، شێخ و مەلایان، شەڕی نێو ئەمارەتەکان، و زۆر پێوەندیی پڕ لە دژایەتی دی. وێرای ئەو ناکۆکییە ناوەکی یان خۆماڵییانە، دژایەتی نێوان گەلی کورد و ئەو دەوڵەتانەی حکوومەتیان بەسەر کوردستاندا کردووە، ناتەبایی لە گەڵ دەوڵەتی کۆلۆنیالیست و ئیمپریالیست وەك رووسیە، بریتانیا، فەرانسە، و ئەمریکا کە دەیانویست بە سەر وڵاتدا زاڵ بن، پێك هاتن و پێك هەڵپرژانی گەلی کورد و گەلانی هاوسێ، و زۆر ناکۆکی دی بنیاتی مێژووی کوردستانیان داڕشتووە.

لە گەڵ ئەوەشدا لە بارودۆخی کوردستان دا، تەبایی و ناتەبایی، و ناکۆکی ناوخۆیی و دەرەکی پێوەندی ئاڵۆز و بەرینیان هەیە، چ لە سیاسەت چ لە بەرهەمهێنانی زانست و هونەردا، ناکۆکی ناوخۆیی لە بیردەکرێ و لە سای ناکۆکی دەرەکی دا دەشاردرێتەوە. بەڵام بێدەنگ بوون لە ناکۆکی ناوخۆیی هەڵە یان فەرامۆشکاری نییە و زۆرتر رێبازێکی سیاسی و ئیدەئۆلۆژییە. ناسیونالیسمی کورد (کوردایەتی) ئارەزووی یەکگرتوویی نەتەوەیی دەکا و وەدوای پێکهێنانی یەك دەنگی و یەك رەنگی و یەك

پارچەیی نەتەوە و نیشتمان دەکەوێ، و بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاواتە و هاندانی "هاونیشتمانان" ناکۆکی دەرەکی و ناوخۆیی لێك جوێ دەکاتەوە، یەکیان بەرز و ئەوەی دی نەوی دەکا، و ئەوەندەی بکرێ بە بێدەنگی وەلای دەنێ.
لەو نووسراوەدا باسی بارودۆخی لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی وەپشت گوێخراو دەکەم – ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان لە ١٣٣١-١٣٣٢ (١٩٥٢-١٩٥٣) دا. بە کورتی، ئیمکانات، دەستکەوتەکان و کۆسپەکانی لێکۆڵینەوە لە مەڕ ئەو ڕاپەڕینە وەبەرچاو دەخەم، و دەوری ڕێبازی سیاسی و ئیدەئۆلۆژی لە گێڕانەوە و دانان و خولڤاندنی مێژووی ئەو ڕاپەڕینەدا پێشان دەدەم. ئەوەی لێرە نووسیومە خودی لێکۆڵینەوەکە نیە و گوزارشتێکە سەبارەت بەو پڕۆژەیە کە بە هیوام تا ساڵێکی دی لە چوار بەرگدا بڵاو بێتەوە.

### داڕشتنی باسەکە

لەو گشتە ناتەباییانەی لە کوردەواری دا هەبووە، ئەوەی لە زانستی کۆمەڵی و مێژوونووسیی و هونەردا کەمتر باسی کراوە، ناکۆکی چینایەتی بە تایبەت خەباتی وەرزێران لە دژی چینی دەسەڵاتداری دەرەبەگ (ئاغا؛ بەگ؛ خان؛ فئۆدال)، و خەباتی چینی کرێکار (کە پێکهاتەیێکی نوێیە) لە دژی چینی سەرمایەدار. کێشەکە هەر بێدەنگی کردن لە خەباتی چینایەتی نییە. کاتێکیش ئەو باسانە کراون کێشەوبەرە دەگەڕێتەوە سەر هەڵوێست و ڕوانگە و بۆچوون. لێکۆڵینەوە و وەدیهێنانی زانیاری سەبارەت بە خەباتی چینایەتی خۆی دەبێتە گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی. باسی ڕاپەڕینی ١٣٣١ لە سەرەتاوە تا مێژوونووسینی ئێستەی لە خەباتی چینایەتی دا نوقم بووە.
سێ بەرهەمی گرینگی پێش سەرهەڵدانی ناسیونالیسم – *شەرەفنامە* (١٥٩٦)، *مەم و زین* (١٦٩٥)، *عادات و رسوماتنامە اکرادیە* (١٨٥٨) – باسی کۆمەڵی دەرەبەگی و عەشیرەیی کوردستان دەکەن و زۆر ناکۆکی کۆمەڵیی تۆمار دەکەن و لێکی دەدەنەوە بەڵام بە ڕاشکاوی باسی دوو چینی چەوسێنەر و چەوساوە ناکەن. باسی ناکۆکی ژن و پیاویش هەر لەو بەرهەمەی ئاخری دا کراوە.
*شەرەفنامەی* شەرەفخانی بدلیسی و *مەم و زینی* خانی زۆرتر باسی ناکۆکی نێوان کورد و دەوڵەتە ناکوردییەکان دەکەن. *شەرەفنامە* مێژووی حکوومەتە کوردییەکانە و ناکۆکی نێوان ئەو حکوومەتانە و تەبایی و ناتەباییان لە گەڵ حکوومەتە ناکوردییەکان دەگێڕێتەوە. ئەو بەرهەمە گرینگەی مێژوونووسیی کوردی لە ئاست ناکۆکی ناوەکی وەك نێوان دەرەبەگ و وەرزێر، ژن و پیاو، نیشتەجێ

و کۆچەری، کورد و گەلانی ناو کوردستان (هەرمەنی، ئاشووری، جوولەکە...) بێدەنگە. *شەرەفنامە* دەنگی ئەمیرەکان و ئەمارەتەکەیانە.

ئەحمەدی خانی سەدەیێك دوای *شەرەفنامە*، لە جەنگەی شەڕی نێوان گەلی کورد و دوو دەوڵەتی دەرەبەگیی عوسمانی و سەفەوی دا، گرینگ بوونی ناکۆکی دەرەکی وەبەرچاوخست بەڵام ئیشارەیێکی بە ناکۆکی خۆماڵیی نێوان "شاعیر و فەقیران" و ئەمیرە کوردەکان کرد. خانی لە *مەم و زین*دا پێی وابوو ناکۆکی دەرەکی (کورد و دەوڵەتانی سەفەوی و عوسمانی) چارەسەریی نایە لە بەر ئەوەی ئەمیرە کوردەکان نایانەوێ ناکۆکی نێوان خۆیان کۆتایی پێ بێنن: چینی دەسەلات داری کورد (چینی دەرەبەگ) ناتەبایی و رقەبەری نێوخۆی وەلانانێ و لە بەر "نیفاق" و "شقاق"ی خۆی، گەلی کورد "مەحکووم" و "مەحروومی" رۆم و عەجەم رادەگرێ.[٢]

لە نێوەڕاست سەدەی نۆزدەدا، مەلا مەحموودی بایەزیدیی باسی ژیانی لادێی زەمانی خۆی لە باکووری کوردستان گێراوە و جیاوازیی ژیانی کۆچەریی و نیشتەجێیی و ناکۆکییەکانی پێشان دا. هەروەها لە باسی ناکۆکی ژن و پیاو دا کوتی ژنی لادێیی وەك ژنی فەرەنگی لە هەڵستان و دانیشتن لە گەڵ پیاوان ئازادە بەڵام ئەگەر "کاری خراپ" ("شوولا خراپ") بکا دەست بەجێ دەیکوژن.[٣]

لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی – ئاخری سەدەی نوزدە و سەرەتای سەدەی بیست – شوێنەواری وەرزێر و دەرەبەگ و خەباتی چینایەتی نێوانیان وەبەرچاوناکەوێ، چ لە بەرهەمی شیعریی حاجی قادری کۆیی و چ لە چاپەمەنی کوردی دا. ئەو بێدەنگییە لە بەر نەبوونی خەباتی چینایەتی نییە. تەنانەت لە نێوەراستی سەدەی بیستیشدا کە چەند راپەرینی وەرزێریی لە باشوور و رۆژهەڵات پێك هات بۆ ماوەیێکی زۆر بێدەنگی لێکرا.[٤] یەکێك لەو خەباتانە راپەرینی وەرزێرانی موکریان لە ١٣٣١-١٣٣٢ (١٩٥٢-١٩٥٣) دا بوو.

هێمن، شاعیر و ئەندامی پایەبەرزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، لە بنەماڵەیێکی ئاغا و شێخ الاسلام لە گوندێکی دەوروبەری مەهاباد بوو، و راپەڕینی وەرزێرانی ١٣٣١ی لە سەرەتاوە تا سەرەنجامی بە چاوی خۆی دیت و بیست ساڵ دوای ئەو رووداوە، لە ١٣٥٣ دا نووسی:

جووتیارەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٣١-١٩٥٢ دا لە دژی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی دەرەبەگەکان راپەڕین و بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستانی ئێران دا ناتەبایی چینایەتی گەیشتە رادەی تەقینەوە و چینی چەوساوەی وڵاتەکەمان بۆ ماوەیەکی کورت لە بەشێکی کوردستان دا توانی بە سەر چینی دەسەلاتداردا زاڵ بێ.[٥]

دوایە، سەبارەت بە سەرکوتکرانی راپەڕینەکە گوتی:

جارێکی تر بە چاوی خۆم تێشکانی رەسەنترین راپەڕینی گەلەکەم دی. ئەگەر گوتم رەسەنترین راپەڕین پێم وایە بە هەڵە نەچووم، چونکە ئەو ڕاپەرینە لە ناو زەحمەتکێش ترین چینەکانی خەڵکی کوردەواری و لە خۆوە هەڵقوڵی بوو.[٦]

با بزانین ئەو راپەڕینە چ بوو.

**ڕاپەڕینی ١٣٣١: زەمینەی کوردستانی و ئێرانی**

چەوسانەوە و زوڵم و زۆر هۆی سەرەکیی راپەڕین بوو بەڵام بارودۆخێکی وا رێك کەوت کە ناڕەزایی وەرزێران بتەقێتەوە و بۆ گۆڕینی باری نالەباری ژیانی خۆیان وەخۆکەون. زەوی، ئامرازی هەرە گرینگی کشت و کاڵ، موڵکی ئاغای بوو کە بۆ خۆی کاری نەدەکرد و کوتە زەوییێکی دەدا بە جووتبەندە هەتا بە کارکردنی خۆی و ئەندامانی ماڵباتی خۆی وە حاسڵاتی بخا. بەشی هەرە زۆری دەغڵ و دانێکی وەرزێران بەرهەمیان دەهێنا و بژیوی خەڵکی دێ و شاری پێك دەهێنا وەبەر ئاغای دەکەوت (بەقەرار و مەداری "دە ودوو"، "نیوەکاری"، "سێیەکبەری" ...). وەرزێر دەبوو لەو بەشە کەمەی کە وەبەری دەکەوت بەشی مەلا، فەقێ، شێخ، و کوێخا ...ش بدا و بۆ خۆی بە برسێتی و هەژاری بژی. بەڵام لەوەش خراپ تر بێگاری و سووروسات یان خەرج و پیتاك بوو کە ئاغا بە سەر وەرزێران و خەڵکی لادێی دا دەسەپاند، بۆ وێنە ئاشانە، ئاغایانە، بارانە، بەرگنانە، بزنانە، بێگارانە، پشکەڵانە، پووشانە، تەپاڵانە، جێژنانە، جووتانە، چیلکانە، خوریانە، خەرمانانە، دارانە، دەوانە، دیوەخانانە، رۆنانە، رێواسانە، شاباشانە، کاوڕانە، گیسکانە، گایانە، گوریسانە، هێلکانە، کەرانە، گزیرانە، ماستانە، مەڕانە، مریشکانە، مەلایانە، مجێورانە، ناحەقانە، قۆرغچیانە، و زۆری دی.

لە گەڵ ئەوەش دا جووت بەندە بەعزە ئامرازێکی بە نرخی بەرهەم هێنان وەك جووت و گای هەبوو و بۆ خۆی و ماڵباتی، گەورە و پچووك، شە و رۆژ کاریان دەکرد، بەرهەم هێنەرێك یان ئینسانێکی ئازاد نەبوو، و بەسترابۆوە بە ئاغا و بە زەوی، و نەیدەتوانی بە ئازادی گوند و زەوی بەجێ بێڵی یان تەنانەت بە سەفەر بچێ، بەڵام ئاغا دەیتوانی وەدەری بنێ، لێی بدا، جەریمەی بکا، ئەتکی پێبکا، و تەنانەت بیکوژێ. جاری وابوو ئاغا ئەوەی لە ئورووپای دەوری دەرەبەگی "قانوونی شەوی هەوەڵ"یان پێ دەگوت بەجێیدەهێنا: ئەگەر کچە وەرزێرێك مێردی کردبا و دەرەبەگ ویستبای هەوەڵ شەو پێش ئەوەی بڕواتە ماڵە مێردی بە زۆری دەیان بردە لای دەرەبەگ.[٧]

ئەوە باری ژیانی وەرزێران لە تەواوی کوردستان و لە سەرانسەری ئێران بوو. لەو بارودۆخەدا، دوای تێکچوونی رێژیمی رەزاشای پەهلەوی لە ١٣٢٠ (١٩٤١) دا، نائارامی و سەربزێوی وەرزێران لە کوردستان و ئازەربایجان و مەڵبەندی دیکەی ئێران بە شێوەی خۆڕسکی و رێكنەخراو

دەستی پێکرد. حکوومەتی میللی ئازەربایجان لە ١٣٢٥ (١٩٤٦) دا حەولی دا پێوەندی ئاغا و وەرزێر بگۆڕێ و بیخاتە سەر بنچینەیێکی عادڵانە. سووروسات و بێگاری قەدەغەکرا و چەند سەد گوند کە خاوەنەکانیان دەوڵەتی ناوەندی یان ئاغای سەر بە رێژیمی شا بوون بە سەر وەرزێراندا دابەش کران.[٨] کۆماری کوردستان بەرنامەی وای بەڕێوە نەبرد و وەرزێری کورد لە ژێر دەستی ئاغاوەتدا ماوە، و چەوساندنەوە و زوڵم بەردەوام بوو. ئاغاوەت لە دەسەڵاتی دەوڵەتی دا (کابینەی کۆمار، دەزگای ئیدارەیی و لەشکریی) بەشدار بوون، و تەنانەت رەخنە گرتن لە زوڵم و زۆری ئاغاوەت دوای ماوەیێك کپ کرا.[٩]

قەیرانی سیاسی رژێمی پەهلەوی کە لە ١٣٢٠ (١٩٤١) دا بە سەرنخوونی دەسەڵاتی رەزاشا دەستی پێکرد، دوای تێکچوونی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان هەتا کوودێتای ئەمریکایی ١٣٣٢ (١٩٥٣) درێژەی هەبوو. لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵە دا، چین و توێژی کۆمەڵیی جۆراوجۆر داخوازی جیاوازیان هێنا گۆڕێ، بەڵام زۆربەی حیزب و ر ێکخراوە پێشکەتنخوازەکان (حیزبی توودە، فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، حزب ایران، جبهه ملی...) هەرکام بە چەشنێك دژی "ئیرتیجاع" کە کانگاکەی رژێمی پاشایەتی بوو خەباتیان دەکرد، و سەربەخۆیی ئێرانیان لە دەسەڵاتی ئیمپریالیسمی ئەمریکا و ئینگلیس داوا دەکرد. شا، سەرباقی یارمەتی ئەمریکا، نەیدەتوانی وەك بابی بە سەر خەڵك و وڵاتدا زاڵ بێ و خەڵکیش پاشەکشەی نەدەکرد.

لە بارووودۆخی قەیرانی سیاسی و ئابووری دوازدە ساڵەی ١٣٢٠-١٣٣٢ (١٩٤١-١٩٥٣) دا، دوکتور محەممەدی موسەدیق، بەرێوەبەری بەرەی هێزە میللییەکانی ئێران (لە رێکخراوەی "جبهه ملی" دا)، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە بەهاری ١٣٣٠ (١٩٥١) هەتا نێوەڕاست هاوینی ١٣٣٢ (١٩٥٣)، بوو بە سەرۆك وەزیرانی ئێران. موسەدیق وەك بەڕێوەبەری بزووتنەوەی میللی کردنی نەوتی ئێران نێوبانگی هەیە؛ یەکێك لە هەنگاوە گرینگەکانیی کە زۆر کەم باسی دەکرێ بەرنامەی رێفۆرمی کورتەبەرانەی پێوەندی کشت و کاڵی بوو. ئەو رێفۆرمە بوو کە وەرزێرانی لە موکریان و لە سەرانسەری ئێرانێهاندا



**گۆشەیێك لە كێشەی ئاغا و وەرزێر لە چاپەمەنی كۆمەڵەی ژ.ك. و حیزبی دێمۆكراتی كوردستان دا**

لە دژی ئاغاوات وەخۆكەون.

لە پاییزی ١٣٣١ (١٩٥٢) دا، موسەدیق دوو لایحەی پەسند كرد: لە ١٤ میهر (٦ ئۆكتۆبری ١٩٥٢) "لایحه ازدیاد سهم كشاورزان و سازمان عمران كشاورزی" (لایحەی زیادكردنی بەشی وەرزێران و رێكخراوەی ئاوەدانیی كشت و كاڵ") ناسراو بە "قانوونی بیست دەرسەد" یان "قانوونی سەدی بیست".[١٠] بە پێی ئەو لایحەیە، سەدی بیستی ئەو بەشەی كە وەرزێر لە حاسڵی خۆی دەیدا بە ئاغا دەبوو لە ئاغا كەم بكرێتەوە و نیوەی بدرێ بە وەرزێرەكە و نیوەكەی دی بدرێ بە "شوورای دێ" بۆ ئاوەدان كردنەوەی دێ. لایحەیەكەی دی، "لایحه قانونی الغاء عوارض در دهات" (٣٠ آذر ١٣٣١، ٢١ دیسامبر ١٩٥٢) سووروسات و بێگاری قەدەغە دەكرد. لە ئێران و كوردستان شوورای دێ لە

ئارادا نەبوو و لایحەی هەوڵ شێوەی پێکهێنانی ئەو شوورایەی گەڵالە کردبوو. بەڵام نە ئاغا نە لایەنگرانی شا لە حکوومەت دا نەیان دەهێشت شوورا پێکبێ بۆ ئەوەی ئەو لایحانە ئیجرا نەکرێن.[١١]

بەڵام زۆر زوو، لە نێوەراستی پاییزێ، وەرزێران بۆ ئیجرای لایحەی سەدی بیست وەخۆ کەوتن و لە گوندەکانی بۆکان، میاندواو، مەهاباد، و لاجان دەستیان کرد بە کۆبوونەوە و رێکخستن و دانانی شوورا، و کۆتایی هێنان بە دانی خەرج و پیتاك و بێگاری کردن. ئاغاوەت، بە تەواو توانای خۆیان، دەستیان کرد بە بەربەرکانی کردنی لایحەکە. لە بەعزە گوندێك وەرزێران لە لایحەی سەدی بیست تێپەڕین و ئاغاوەتیان وەدەرنا، و داوای دابەشکردنی زەوییەکانیان کرد. ئاغاوەت لە بۆکان و مەهاباد خەریکی رێككەوتن و رێکخستن لە دژی لایحەکە و وەرزێران بوون و فەرماندەی ئەرتەش لە مەهاباد، سەرهەنگ مظفری، چەکی دەدانێ و یارمەتی دەکردن.

راپەرین تەواوی ناکۆکییە کۆمەڵییەکانی هەڵرشتە سەر گۆڕەپانی سیاسەت و مێژوو. تەقینەوەی ناکۆکی نێوان دوو چینی سەرەکیی ئاغا و وەرزێر، گشت چین و توێژەکان و گشت کەسی ناچار کرد کە لایەن بگرن. بۆ وێنە مەلا و فەقێ زۆربەیان لایەنی ورزێرانیان گرت. سنعەتکار و کاسبکاری بۆکان، کە خۆیان لە پێش راپەریندا، لە ئاغاوەتی مالیکی بۆکان وەرگەڕابوونەوە پشتیوانی وەرزێران بوون و یەکیان، حاجی قاسم، دەوری رابەریی راپەرینی دەگێرا. وەرزێر، کە لە چەند توێژ پێكهاتبوو – جووت بەندە و رەشایی، دەوڵەمەند و فەقیر – لە دەریاییێك گونددا پرژوبڵاو بوون و بەسترابوونەوە بە زەوی، و پێوەندی سیاسی و رێکخراوەییان نەبوو، بەڵام لە پرۆسەی وەرگەڕانەوە لە دژی ئاغاوەت وەك چینێکی کۆمەڵیی گووران، و بە داخوازیی وەدەرنانی ئاغا و دابەشکردنی زەوی هاتنە مەیدانی سیاسەت. هەم لە چینی دەرەبەگ و هەم لە چینی وەرزێردا قەڵەشت پەیدا بوو: زۆربەی دەرەبەگان لە دژی وەرزێران وەخۆکەوتن بەڵام چەند کەسێك لایەنی راپەرینیان گرت و رەگەڵ کەوتن، و دوای شکانی راپەرینەکەش چەند ئاغایێك پەنایان دا بە وەرزێرە دەرکراوەکان. زۆربەی وەرزێران لایەنگری راپەرین بوون و تەنانەت بەشێك لە دەستەوبەستەی ئاغا لە دژی ئاغاوەت هەڵگەڕانەوە. لە شار، مەهاباد و بۆکان، کە ببوو بە پێگەی ئاغاوەت بۆ رێككەوتن و دەستبەکارکردن لە دژی راپەرین، ئیدارەی دەوڵەتی دووبەرەکییان تێکەوتبوو.



**لاپەڕەیێك لە دەستنووسی حەمەدەمین ئەحمەدپوور، یەكێك لە بەڕێوەبەرانی ڕاپەڕینی وەرزێران**

زۆربەی خەڵكی شار لایەنگری ڕاپەڕینەكە بوون و كاربەدەستانی ئیدارەكان لە بارودۆخی دووبەرەكی نێوان حكوومەتی موسەدیق و شادا، لایەنی موسەدیق و وەرزێرەكانیان دەگرت.

وەرزێران توانیان دەسەڵاتی ئاغا لە بەعزە گوندێك هەڵوەژێرن، هێزی بەرگرییان ڕێكخست، و نیشانە و ڕەمزی تایبەتییان بۆ بارودۆخی شەڕ دانا. لە چەند گوند پێگەی بەربەركانییان دامەزراند، و هەم چەكداردەبوون و هەم كولتووری خەباتیان بە مەتەڵ و دروشم و نمایش دەخولقاند.[١٢] بەڵام لە بەر نەبوونی ڕابەرایەتی حیزبێكی شۆڕشگێر، ئەو خەباتە خۆرسكییانە نەیتوانی گوندە ڕزگاركراوەكان لە بەرەیێك دا ڕێك بخا، ناوچەی ڕزگاركراو پەرەپێبدا، دەسەڵاتی دەرەبەگ و دەوڵەت تێكبشكێنێ، و هەنگاوی گەورەتر بۆ ئازادكردنی ئازەربایجان و كوردستان و ئێران هەڵبگرێ. هێرشی ئاغاوەت و ئەرتەش زوو دەستیپێكرد و هێزی بێڕابەرایەتی وەرزێران بەرگەی نەگرت. ئەو ئەزموونە ئیستیسناییێكی مێژوویی نەبوو و لە مێژووی ڕاپەڕینی وەرزێریی و شەڕی وەرزێریی وڵاتی دی زۆر جار دووپاتە بۆتەوە.

ڕاپەڕینی ١٣٣١: زەمینەی نێونەتەوەیی

لایحەی سەدی بیست و ڕاپەڕینی وەرزێران تەنیا کێشەیێکی خۆماڵی و ناوچەیی نەبوو و لە سەرەتاوە باری نێونەتەوەیی هەبوو. ئەمریکا پێی وابوو ئەو ڕاپەڕینە دەستی یەکێتی سۆڤیێتی تێدایە و وەرزێری کوردستان و ئێران وەك وەرزێری چین و ویەتنام و کوریا دەچنە ژێر ئاڵای کۆمۆنیسم، و نیزامی پاشایەتی دەرووخێ و ئێران دەبێتە بەشێك لە بەرەی کۆمۆنیسم.

دنیای دوای شەڕی جیهانی دووەم تەواو گۆڕابوو. لە ١٣٢٨ (١٩٤٩) دا، چین، کە وڵاتێکی "نیوە دەرەبەگی" بوو، شۆڕشەکەی بە ڕابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی چین سەرکەوت، و زۆربەی ئەرتەشی سوور لە وەرزێران پێك هاتبوو. لە ویەتنام، حیزبی کاری ویەتنام ئەرتەشی ئیمپریالیسمی ژاپۆنی تێکشکاند و لە ١٣٢٥ (١٩٤٦) دا باکووری وڵاتیان ڕزگار کرد و لە ١٣٣١-١٣٣٣ (١٩٥٢-١٩٥٤) دا خەریکی بەزاندنی ئەرتەشی داگیرکەری فەرانسە بوون و لە ١٩٥٤ دا لە شەڕی دین بین فوو دا تێکیان شکاند. لە کوریاش خەباتی دژی ڕژیمی دەرەبەگی سەربە ئەمریکا لە ١٣٢٩-١٣٣٢ (١٩٥٠-١٩٥٣) دا بە هێزی چەکدار کە زۆربەیان وەرزێر بوون بەڕێوە دەچوو. بە بۆچوونی ئەمریکا، ئاسیای ڕۆژئاواش خەریك بوو وەك ئاسیای ڕۆژهەڵاتی لێدەهات، ئەو ڕاپەڕینە بەشێك لە شەڕی نێوان کۆمۆنیسم و "دنیای ئازاد" بوو، و دەبوو هەرچۆنێکی بێ بەری لێ بگرێ.

ئەمریکا پێی وابوو دوای شەڕی جیهانی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥)، ئینگلیس و فەرانسە چی دی توانای وەیان نەماوە لە نیزامی سەرمایەداری جیهانی بەرگری بکەن و پێش بە کۆمۆنیسم بگرن، و ئەرکی بەڕێوەبردن و بووژاندنەوەی نەزمی ئیمپریالیسم کەوتۆتە سەرشانی خۆی. یەکێك لەو ئەرکانە ڕێگە لێگرتن لە شۆڕش بوو لە جیهان، بە تایبەت لە ئێران و تورکییە و یوونان. بەڵام لەو ساڵانەدا هیچ حیزبێك لە ئێران بەرنامەی شۆڕشی نەبوو، نە حیزبی توودە – کە ئەمریکا بە حیزبی کۆمۆنیستی دادەنا – و نە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان و نە یەکێتی سۆڤیێت کە حیزبی توودە وفیرقە ڕێبازەکەیان ڕەچاو دەکرد. ئەمریکا دەیزانی موسەدیق کۆمۆنیست نیە بەڵام پێی وابوو کە، بێ ئەوەی بیەوێ، ڕێگە خۆش دەکا بۆ ئەوەی ئێران وەبەر دەست کۆمۆنیسم (سۆڤیێت) بکەوێ. بۆ وێنە پێی وابوو کە "شوورای دێ" دەبێتە بنکەی چالاکی کۆمۆنیستان و گوندەکان و وەرزێران دەباتە ژێر ئاڵای حیزبی توودە.[١٣] جا بۆیە ئەمریکا لە شا و ئەرتەشی شاهەنشاهی




**سۆفی حەمەدەمینی بروومەند، تێکۆشەرێکی کۆماری کوردستان و راپەڕینی وەرزێریی ۱۳۳۱**

و ئاغاوەت پشتیوانی دەکرد و دژی بەرەی هێزە میلییەکان، موسەدیق، حیزبی توودە و وەرزێران و کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی شارەکان بوو.

**پێداچوونەوەی نووسراوەکان**

سەرباقی گرینگی ئەو راپەڕینە، حیزبەکان و مێژوونووسان کەمتر وەدوای لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی کەوتوون. لە چاپەمەنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان (ح.د.ك)، کە خۆی بە رابەری راپەڕینی وەرزێران داناوە، هەتا کونگرەی سێهەمی حیزب لە ۱۳۵۲ (۱۹۷۳) دا، یان باسی ئەو رووداوە نەکراوە یان شوێنی زۆر کەم وەبەرچاو دەکەوێ. لە "دووەمین کۆنگرەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان" کە دوازدە ساڵ دوای راپەرین، لە ۱۳٤۳ (۱۹٦٤) دا، دوای دەست پێکردنی "اصلاحاتی ارضی" ریژیمی شا بەسترا، باسی "کێشەی وەرزێران و زەوی" کرا بەڵام باسی راپەڕین لە گۆڕێ دا نەبوو.[۱٤] کۆنگرە لە سەر وەی ساغ بۆوە کە حیزب بۆ "چارەسەرکردنی پێوەندی زاڵمانە و نابەحەقی فئۆداڵ و وەرزێری کورد لە باتی شێوەی ئیسلاح خوازانەی کێشەی زەوی و وەرزێر دەبێ شێوەی شۆڕشگێرانە رەچاو بکا، کە بریتییە لە تێکڕووخاندنی ئەو پێوەندییە زاڵمانە لە قۆناغی تایبەتیی خەبات و هەڵسانەوەی چەکداریی نەتەوەیی دا".[۱٥] بەڵام کۆنگرە دەستەوداوێنی عەشیرەگەریی و دەرەبەگێتی دەبێ و دەڵێ ح.د.ك. دەبێ "ئەزموون و خسڵەتە شۆڕشگێرانەکان و قیامی چەکداریی سمکۆ و قەدەم خێر و ئەو جۆرە قارەمانە میلییانە" رەچاو بکا.[۱٦] جا سەیر نییە کە کۆنگرە "بڕیاری دا کە ح.د.ك. بۆ عەشیرەتە نیشتمان پەرست و دژی ئیستیعمارەکان لە شەڕی چەکداری دا جێگەیێکی

تایبەتی تەرخان بکا."[١٧] لێرەش دا، کوردایەتی و دەرەبەگێتی رێك کەوتوون. لە رۆژنامەی *کوردستان* کە لە ڕێبەندانی ١٣٤٣ (فێوریەی ١٩٦٥) هەتا خەرمانانی ١٣٤٩ (سێپتامبری ١٩٧٠) بیست و شەش ژمارەی لە ئورووپا بڵاو بۆوە باسی ڕاپەڕین نەکراوە.[١٨]

بیست ساڵ دوای ڕاپەڕین، لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بۆ کونگرەی سێهەم (١٣٥٢) دا، ئەوەندە نووسراوە:

حیزبی ئێمە لە ساڵەکانی ٣٠-٣١ دا ئەرکی بەڕێوەبردنی خەباتی جووتیارانی نێوان مەهاباد و بۆکانی وەئەستۆی خۆی گرت، خەباتێك کە بەرەبەرە بوو بە ڕاپەڕینێکی گشتی زەحمەتکێشانی شار و دێ، بەڵام تیپی [ئەرتەشی] مەهاباد لەگەڵ دەرەبەگەکان، بە فەرمانی شا ئەم ڕاپەڕینەی بە تانك و تۆپ سەرکوتکرد. زۆر کەس لە ئەندامانی حیزب و زەحمەتکێشانی کوردستان کوژران و گیران و راونران و دەربەدەر کران.[١٩]

هەرلەو ساڵەدا، رۆژنامەی *کوردستان* (ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی) لە نووسراوەیێك بە سەردێری "ڕاپەڕینی وەرزێران" زانیارییێکی زۆرتری خستەبەردەست: زوڵمی ئاغاوەت لە وەرزێران، لایحەی ٢٠% ی حکوومەتی میلی دوکتور موسەدیق، خەباتی وەرزێران بۆ بەجێگەیاندنی ئەو لایحە، مەڵبەندەکانی ڕاپەڕین، وەدەرنانی ئاغاوەت لە گوندەکان، سەرکوتکرانی ڕاپەڕین بە دەستی ئاغاوەت و بە پشتیوانی ئەرتەش، و هۆیەکانی سەرنەوکەتنی ڕاپەڕینەکە، و دەنووسێ:

ڕاستە ئەوانەی لەو ڕاپەڕینەدا بەشداربوون، زۆربەیان ئەندامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و سەربە حیزب بوون، بەڵام بەڕاستی حیزبی ئێمە نەیتوانی بەو جۆرەی کە پێویستە ڕابەرایەتی ئەو ڕاپەڕینە بکا.[٢٠]

بەڵام حیزب ڕوونی ناکاتەوە کە بۆ نەیتوانی ڕابەرایەتی ئەو ڕاپەڕینە بکا. هەر لەو نووسراوەدا دەڵێ:

حکوومەتی میللی دوکتور مصدق بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان و زۆربوونی داهاتی وەرزێران قانوونێکی پەسند کرد کە بە قانوونی سەدی بیست ناسرا. بە گوێرەی ئەو قانوونە سەدی بیستی لە مڵکانەی خاوەن مڵکەکان کەم دەکردەوە، نیوێکی بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندی خەرج دەکرا و نیوەکەی دیکەشی دەدراوە بە جووتبەندە. ئەم قانوونە بوو بە هۆی هاندان و پاڵپێوەنانی وەرزێران بۆ ناو کۆڕی خەبات و لابردنی زوڵم و زۆری دەرەبەگەکان.

دیارە حیزب دەیزانێ حکوومەت بە قانوونێکی زۆر قرچ و کاڵ، کە تەنیا بێگاری و سووروساتی قەدەغە دەکرد و سەدی بیستی بەشی دەرەبەگی دەداوە بە جووتبەندە، بێ ئەوەی مەبەستی بووبێ، وەرزێرانی هان دا کە دەرەبەگان وەدەرنێن و ئەو زەوییەی کە دەیان کێڵا بیکەن بە زەوی خۆیان.

بەڵام حیزب قەت دروشمی "زەوی بۆ ئەو کەسەی دەیکێڵێ"ی پەسند نەکرد، و وەرزێرانی هان دا لە باتی خەبات بۆ سەرنخوون کردنی نیزامی دەرەبەگی لەگەڵ دەرەبەگی "کوردپەروەر" وەدوای وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی بکەون. لە ڕێبازی سیاسی حیزب دا، کێشەکە وەلانانی زوڵم و زۆری ئاغاوەتی خراپە نەك لابردنی نیزامی کۆمەڵیی-ئابووری دەرەبەگی و هێنانە گۆڕ و دامەزراندنی نیزامێکی وا کە چەوساندنەوە و زوڵم بنەبڕ بکا. ڕێبازێکی وا – لە ناوبردنی نیزامی دەرەبەگی – بەبێ نەفی کردنی موڵکایەتی دەرەبەگی و پێوەندییەکانی سەرناگرێ، و ئەوەش بەبێ سیاسەتی "زەوی بۆ ئەو کەسەی دەیکێڵێ" پێك نایە. لە باری سیاسییەوە، نیزامی دەرەبەگی بەرهەڵستی سەرەکیی دیمۆکراسییە (بەستنەوەی وەرزێر بە زەوی، بێبەشکردنی لە گشت مافێك، دەسەڵاتی پاتریارکی بە سەر ژنان ...)، و بەبێ تێکدانی ئەو نیزامە گەلی کورد ئەگەر سەربەخۆش بێ – لە دەست حاکمیەتی بێگانە رزگار بێ – دەکەوێتە بەر حاکمیەتی ڕاستەوخۆی دەرەبەگی خۆماڵی. حیزب پێوەندی کێشەی نەتەوەیی و کێشەی وەرزێریی وا تێگەیشتبوو کە کوردایەتی و دەرەبەگێتی تێکەڵاوییان هەبێ نەك لێك هەڵببڕێن. ئەزموونی کۆماری کوردستانیشی هەر بەو ڕێبازە لێك دەداوە و بێدەنگی دەکرد لەوەی کە لە کۆمار دا چینی دەرەبەگ دەسەڵاتی سیاسی هەبوو.



لاپەڕەیەک لە گوزارشتێکی معاریفی بە هۆرشی ئاغاوات بۆ سەر دێهاتی لە ڕۆژی جومعە، 22 ئیسفەندی 1331 (13 مارسی 1953) (لە ئەرشیوی مەعصومی مورادی، پارێزراو لە بنکەی ژین لە سلێمانی)

**لاپەڕەیێك لە گوزاریشێك سەبارەت بە هێرشی ئاغاوەت بۆ سەر بۆكانێ لە ڕۆژی جومعە، ٢٢ ئیسفەندی ١٣٣١ (١٣ مارسی ١٩٥٣) (لە ئارشیوی محەمەدی موكری، پارێزراو لە بنكەی ژین لە سلێمانی)**

بێجگە لەو كورتە باسانەی حیزبی دیمۆكرات كە لە كونگرەی سێهەم بەولاوە بەبۆنەی ساڵوەگەڕی ڕاپەڕین جاروبار نووسیویێتی، لە چەند بیرەوەری بەرێوەبەرانی حیزب دا زانیاری گشتی سەبارەت بەو خەباتە وەدەست دەكەوێ.[٢١] لێرەدا دەرفەتی پێداچوونەوە و لێكدانەوەی ئەو سەرچاوانە نییە. ئەوەندە هەیە كە هەركامیان بڕێك زانیاری لە نووسراوەی ژمارە ٢٣ی ڕۆژنامەی *كوردستان* زیاد دەكەن. كەریمی حسامی كە زۆرتر ئاگای لە لاجان و سندووس و نەغەدە بووە باسی خەبات لەو ناوچەی كردووە.[٢٢] بەڵام لێكدانەوەی گشتیان وەك یەك دەچێ. گشتیان كێشەكە وەك زوڵم و زۆری ئاغاوەتی خراپ دادەنێن نەك وەكوو پێداویستیەكانی نیزامێكی كۆمەڵی-ئابووری كە بەبێ تێكدانی و بەبێ دامەزراندنی نیزامێكی پێشكەوتوو لە جێگای وی، ڕزگاری گەلی كورد وەدی نایە.

عەبدولڕەحمانی قاسملو لە كتێبی *كوردستان و كورد* كە لە ١٣٤٤ (١٩٦٥) دا بە زمانی چێكی و ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە بە كورتی باسی لایحەی ٢٠% ی كردوە و لە ڕستەیێك دا ئیشارە بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی بۆكان دەكا.[٢٣] ئەو كتێبە لە چوارچێوەی ڕێبازی سیاسی و ئیدەئۆلوژی یەكێتی سۆڤیێت و ئورووپای ڕۆژهەڵاتی دوای كوودێتای خرۆشچێف (١٩٥٦) نووسراوە، و پێوەندیی بزووتنەوەی وەرزێریی و بزووتنەوەی نەتەوەیی، و پێوەندی ئەوانە بە "گەشەی سۆسیالیستی" لە ڕوانگەی تیۆری "ڕێگای گەشەی غەیری سەرمایەداری"، كە یەكێتی سۆڤیێت بۆ وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریكای لاتینی داڕشتبوو، لێك دەداتەوە.[٢٤] وەرگێردراوی ئەو كتێبە بە كوردی لە چوار پاراگراف دا باسی لایحەی ٢٠% و "ڕاپەڕینێكی وەرزێری لە مەڵبەندی بۆكان" دەكا، بەڵام پێوەندی لایحەكە و ڕاپەڕینەكە پێشان نادا، و تەنیا دەڵێ ئەو خەباتە "حكوومەتی ناچار كرد كە دەست بەجێ بۆ پارێزگاری دەرەبەگەكان دەستبەكاربێ". نووسەرپێی وایە كە "دەرەبەگەكان لە ناو كۆمەڵی كوردەواری دا بنكەی هەرەگرنگی هێزە ئیمپریالیستەكانن"[٢٥]، بەڵام دەڵێ:

لە هەل و مەرجی ئێستای كوردستان دا بە تایبەتی لە كوردستانی ئێران و عێراق كە هێشتا پێوەندی دەرەبەگایەتی و عەشیرەتگەری بەهێزە، ناتوانین دروشمی "زەوەی هی ئەو كەسەیە كە دەیكێڵێ" هەڵبگرین. چونكە بەشێكی زۆر لە خاوەن مڵكە ناونجییەكان و زۆربەی وردە مالیكەكان بە چەشنێكی كاریگەر، لە جووڵانەوەی نەتەوایەتی دا بەشدارن ... وادیارە سیاسەتی حیزبی دیمۆكراتی كوردستان ئێران سیاسەتێكی ڕاستە،...[٢٦]

وادیاره راپەڕینی وەرزێرانی ساڵی ١٣٣١ کە قاسملوو بۆ خۆی ئەو کات لە مەهاباد "بەچاوی خۆی" دیتبووی، وێڕای شەپۆلی راپەڕینی وەرزێران لە سەراسەری ئێران دا، نەیتوانی نووسەر بەرەو ئەو بروایە بەرێ کە داخوازیی "زەوی بۆ ئەو کەسەی دەیکێڵێ" دەبوو لە بەرنامەی هەرحیزبێکی شۆڕشگێر، کۆمۆنیست یان غەیری کۆمۆنیست، بەشێکی گرینگ لە پرۆژەی شۆڕش بێ. بەڵام لە نووسراوەکانی ح.د.ک. دا سەبارەت بەو راپەڕینە دەردەکەوێ کە ئەو رێکخراوەیە بڕوای بە شۆڕش نەبوو و پێی وانەبوو کە مەسەلەی نەتەوەیی، لە بارودۆخی ئێران و رۆژهەلاتی نێوەڕاست دا، بەشێك لە مەسەلەی وەرزێرییە و بەبێ خەباتی دژی فئودالیسم، رزگاری نەتەوەیی پێك نایە و بەبێ شۆڕش فئودالیسم بنەبڕ ناکرێ. جا سەیر نییە کە کاتێکی ئاغاکان رێككەوتبوون و چەکدار ببوون بۆ هێرش-بردنە سەر راپەڕیوەکان، ح.د.ك. حەولی دا پێش بە چەکداربوونی وەرزێران بگرێ، هانیان بدا کە "توندوتیژی" نەکەن، و وەدوای عەریزە و تلگراف ناردن بۆ تاران بکەون.[٢٧] بەو چەشنە، پێوەندی بەتینی نێوان کوردایەتی و فئودالیسم لە سیاسەت و کردەوەی حیزب دا — لە سەرەتاوە تا ئێستە — تۆمارکراوە: بەشێك لە فئۆدالەکان کوردایەتی دەکەن و وەرزێر و دەرەبەگ دەبێ لە خەبات بۆ رزگاری نەتەوە یەك بگرن.

قاسملوو لە مێژووی حیزبی دیمۆکرات دا کە بەبۆنەی چلەمین ساڵی دامەزراندنی ئەو رێکخراوە نووسیویێتی باسێکی کورتی راپەڕینەکەی کردووە کە نە لە باری لێکدانەوە و نە لە بابەت زانیاریی جیاوازییێکی لەگەڵ نووسراوەکانی حیزب لە رۆژنامەی *کوردستان* دا نییە.[٢٨]

لە ٢٠٠٠ دا، ئەنوەر سوڵتانی، خەڵکی بۆکانێ کە لە کاتی راپەڕین دا تەمەنی دە ساڵ بوو، بە کەڵك وەرگرتن لە بیرەوەری خۆی و خەڵکی دی و بەعزە بەڵگەیێك، زانیاری تازە و لێکدانەوەی چەند کێشەیێکی وەبەردەستخست و دوایە بەڵگەیێکی هەرەگرینگی لە فارسییەوە کردە کوردی و بڵاوی کردەوە.[٢٩] ئەو بەڵگەیە وتاری قاسم ئاغای ئیلخانی زادەیە کە بەرێوەبەری بەرەی دەرەبەگان لە دژی راپەڕین بوو، و پێنج حەفتە دوای کوودێتای ٢٨ موردادی ١٣٣٢ (١٩ اوت ١٩٥٣) لە دیداری دەستەودەیارەی ئاغاوەت لە محەمەد رەزا شا خوێندبوویەوە. قاسم ئاغا بە شای دەڵێ کە ئەو راپەڕینە پیلانێك بوو وەکوو کۆماری کوردستان و دەیانەویست کوردستان سەربەخۆ بکەن.[٣٠] دیداری شا، سەرۆکی چینی دەرەبەگی ئێران، لەگەڵ دەستەیێك لە ئاغاوەت، ئەویش بەپەلە پێنج حەفتە دوای کوودێتا، گرینگ بوونی ئەو راپەڕینە بۆ رێژیمی پەهلەوی و ئەمریکا پێشان دەدا.

هەر لەو ساڵە دا، عومەری عەسری کە لە کاتی راپەڕین دا کوڕە وەرزێرێکی تەمەن پازدە ساڵە بوو، پوختەی رووداوەکەی گێڕاوە و لە دەرەوەی وڵات بڵاوی کردەوە: هۆیەکانی راپەڕین، دەوری لایحەی ٢٠% و حکوومەتی موسەدیق، شێوەی خەبات و رێکخستن، بەرەی ئاغاوەت و ئەرتەش،

دەوری فەقێ و مەلاکان، شەڕی ئاغاوەت و وەرزێران، سەرکوتکرانی ڕاپەڕین، نێوی گوندە ڕاپەڕیوەکان و تێکۆشەرە سەرکوت کراوەکانی، شێوەی سەرکوت کردن، نەبوونی ڕابەرایەتی حیزبیی، خۆڕێکخستنی وەرزێران و ئامادەبوونیان بۆ شەڕ، خوڵقاندنی کولتووری خەبات و زۆر باسی دی وەك:

خەڵك ... هێزی بەرگرییان پێکهێنا. ئارمی تایبەتییان هەبوو (کە بریتی بوو لە دەسرەیەکی سپی کە لە ملیان دەهاڵاند). چەکی دەستیان داس و شەنە و تێڵا بوو. ڕەمز و نیشانەی شەڕ و پێکهەڵپرژان، سەرکەوتن و چوونە پێش، یان پاشەکشە و شکستیان دانابوو. لە نێوان گوندەکانی ئاڵبلاغ (مەرکەزی ئاغاکان) هەتا گوندەکانی یەکشەوە، قاتانقوڕ و قوڕەبەراز تەرمەکەدڕوو دانرابوون کە ئاگر تێبەردانی هەر یەك لەوانە حاڵەتێکی لە دەستپێکردنی شەڕ، شکست و پاشەکشە، یان سەرکەوتنی نیشان دەدا. لە گوندی تیکانتەپەی قوچخان، نمایشێکی زۆر سادە و ساکاریان سازکردبوو کە ئێواران لە ناو دێ نیشاندەدرا و خەڵکیان پێ هاندەدرا.[٣١]

حیزبی توودە لەگەڵ ئەوەش دا لە ڕۆژنامەکانی خۆی دا باسی بزووتنەوەی وەرزێرانی لە سەرانسەری ئێرانێ دەکرد و ڕۆژنامەیێکی تایبەتی وەرزێرانی هەبوو، *انتقاد برای دهقانان ایران*، لە دوو کتێب دا کە سەبارەت بە کێشەی وەرزێریی بڵاوی کردۆتەوە باسی ڕاپەڕینی موکریان ناکا. حیزب دوای کودیتای ١٣٣٢، ددانیبەوەنا کە بەرنامەی شۆڕشی نەبووە و نەیتوانیوە بزووتنەوەی وەرزێران بە شێوەیێکی شۆڕشگێرانە بەڕێوەبەرێ.[٣٢] هەروەها، ڕەئووف عەلی ئۆغلوو سەیدۆف نووسەری تەنیا کتێب سەبارەت بە بزووتنەوەی وەرزێرانی ئێران لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٣ دا کە لە ١٩٦٣ لە باکۆ چاپ کراوە باسی ئەو ڕاپەڕینە ناکا. زۆربەی نێوەڕۆکی ئەو کتێبە لە چاپەمەنی حیزبی توودە و ڕۆژنامەکانی ئێرانێ وەرگیراوە.[٣٣]

عەلی گەلاوێژ، خەڵکی ناوچەی فەیزوڵابەگی، ناوەندی ڕاپەڕین، و یەکێك لە بەڕێوەبەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی توودە، لە کتێبی *پێوەندییەکانی زەویی لە کوردستان (هەڵوەشانەوەی نیزامی عەشیرەیی)* دا باسی پرۆسەی تێکچوونی نیزامی پاتریارکی-فئۆدالی و گەشەکردنی پێوەندییەکانی سەرمایەداری لە نێوەڕاستەکانی سەدەی ١٩ را هەتا نێوەڕاستەکانی سەدەی بیست دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ئەو ڕاپەڕینە و ڕاپەڕینەکانی دی پێوەندی ڕاستەوخۆیان بەو



**کاک حەمەدەمینی ئەحمەد پوور (١٣٠٧-١٩٩٥)، یەکێك لە تێکۆشەران و بەڕێوەبەرانی ڕاپەڕینی وەرزێران**

پرۆسەیە هەیە باسی هیچ کامیان ناکا.[٣٤] ڕاپەڕینی وەرزێران لە وڵاتی دیش دەورێکی هەرە گرینگی گێڕاوە لە سەرنخوون کردنی نیزامی دەرەبەگێتی.[٣٥]

لە لێکۆڵینەوە و نووسراوەی ئاکادیمیك و لە چاپەمەنی وڵاتە ڕۆژاواییەکان سەبارەت بە کوردستان، بزووتنەوەی کرێکاران و وەرزێران جێگەیێکی نیە. سووزان مایسێلاس لە کتێبەکەی *کوردستان لە سای مێژوودا*، کە مێژوویێکی وێنەیی کوردستان لە دوو سەدەی ڕابردوویە، لە دوو لاپەڕە دا باسی ڕاپەڕینەکەی کردوە و لە وتووێژێك لە گەڵ محمد موکری و لە زمانی وی دەگێڕێتەوە کە مەبەستی حکوومەتی د. موسەدیق لە پەسندکردنی لایحەی ٢٠% ئەوە بوو کە نەهێڵی وەرزێران بە لای کۆمۆنیستان دا بڕۆن و لەگەڵیان ڕێك بکەون:

ئێمە دەستمان کرد بە وەی کە تەواوی ئەو "ماڵیاتە غەیری قانوونییەی (سووروسات) کە ئاغاوەت لە وەرزێری وەردەگرت لابەرین. نەمان دەویست کۆمۆنیستان وەرزیران بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. موسەدیق قانوونێکی پەسند کرد کە تەواوی ماڵیاتەکانی لابرد...[٣٦]

محمد موکری لە حکوومەتی موسەدیق دا "رئیس اداره تعلیمات عشایر" لە تارانێ بوو و لە کاتی ڕاپەڕین دا سەری بۆکانی دەدا بۆ ئەوەی وەرزێران بۆ لایەنگریی لەو حکوومەتە هان بدا. ئەو خەڵکی کرماشانێ بوو، و لە ١٣٣١ دا هەوڵ لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە سووروسات لە کوردستانی ئێران بەڕێوەبرد، و گۆڤاری کوردی-فارسی *بغستانی* وەك بڵاوکراوەی "ادارەء کل انتشارات و تبلیغات" دەرخست.[٣٧]

لە دە بیست ساڵی رابوردوو دا، لێکۆڵینەوە و چاپەمەنی سەبارەت بە رابردوو و ئێستەی کوردستان زۆر بووە و خوێندنی باڵاش پەرەی ئەستاندووە و لە "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" زانکۆی زۆر دامەزراوە، بەڵام نە لە دەرەوەی وڵات و نە لە زانکۆکانی وڵات، لە دەرسگوتن و لە تێزی ماجستەر و دوکتورا دا زۆر دەربەستی خەباتی چینایەتی بە تایبەت بزووتنەوەی کرێکاری و وەرزێری نین. بەڵام لە دەرەوەی زانکۆکان، چەند هەنگاوێك هەڵگیراوە. یەکێك لەوانە بەرهەمی رەحمان محەمەدیانە.

لە بەرگی یەکی *بۆکان لە سەدەی بیستەم دا* (١٣٨٩)، محەممەدیان کۆمەڵێك بەڵگەی بە نرخی سەبارەت بە خەباتی نێوان خەڵکی شارۆچکەی بۆکان و ئاغاوەتی ئیلخانیزادە کە مالیکی بۆکان بوون بڵاو کردۆتەوە.[٣٨] لەو بەڵگانە و لە لێکدانەوەی نووسەر دەردەکەوێ کە دوو خەبات هاوکات لە ئارا دا بوون – خەباتی خەڵکی بۆکان لە دژی ئاغاکان و خەباتی وەرزێران لە لادێیەکان. ناکۆکی هەوەڵ لەسەر ئەو خانووبەرە و دووکان و باغانە بوو کە خەڵکی بۆکان لە ئاغایان کڕیبوو بەڵام ئاغا نەیدەهێشت ئەو موڵکانە بە نێوی کڕیار "ثبت" بکرێ و قەباڵەیان بدرێتێ. ناکۆکییەکەی دی لە گوندەکان ئەوە بوو کە لە پێشدا باسم کرد – وەرزێران سووروساتیان بە ئاغا نەدەدا و لە بەعزە گوندێك ئاغاکانیان دەرکردبوو. لە گەڵ ئەوەشدا ئەو دوو ناکۆکییە پێوەندییان هەبوو (هەردوو لە دژی یەك بنەماڵەی ئاغاوەت بوون)، لە باسی راپەڕینی وەرزێران دا تێکەڵ کراون. حاجی قاسم، کە لە بۆکان بەرگدروو بوو و رابەرایەتی خەباتی خەڵکی شارۆچکەی دەکرد، وەك رابەری وەرزێرانیش ناسراوە، و زۆر وەرزێریش هەر وایان دەناسی. ئەو کتێبە زۆر زوو لە لایەن ناسر عەلییارەوە رەخنەی لێ گیرا (لە خوارەوە زۆرتر باسی دەکەم).[٣٩]

بەرگی دووەم سێ بیرەوەری و سێ وتووێژی تێدایە کە یەکیان لایەنگری راپەڕینە و ئەوانی دی لە بەرەی ئاغاوەت

دان. ئەو مەتنانە زانیاری ورد و بە کەڵك سەبارەت بە رووداوەکان و بەشدارانی راپەڕینی تێدایە و گرینگی وتوویژ و بیرەوەری بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە پێشان دەدەن.[٤٠]

ئەوەندەی تا ئێستا لێکۆڵینەوە کراوە، گرینگی ئەو راپەڕینە، وەك رووداوێکی سیاسی و مێژوویی، دەردەخا و لە هەمان کات دا کەم و کوورییەکان و بەرهەڵستەکانی لێکۆڵینەوەمان وەبەرچاو دەخا. یەکێك لەو کۆسپانە، کافی نەبوونی زانیاری (information) و دادە (data) و فاکتە (fact) سەبارەت بە راپەڕینەکە و کەم و کووڕی مێتۆدی کۆکردنەوەی زانیارییە. کۆسپێکی دی لە گۆڕەپانی لێکدانەوەی زانیاری و دادەکاندا[٤١] سەرهەڵدێنێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلوژی لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و خوڵقاندنی زانست.

**بارووددۆخی لێکۆڵینەوە: سیاسەت، ئیدەئۆلوژی، و تیۆری**

لێکۆڵینەوە و داهێنانی زانست سەبارەت بە ڕاپەڕین یان هەر دیاردەیێکی دی کارێکی سەربەخۆ لە پێوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵی نییە. کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە ڕاپەڕین خۆی کارێکی لایەنگرانەیە تەنانەت ئەگەر لێکۆڵەرەوە بیەوێ لە پێوەندی دەسەڵات سەربەخۆ بمێنێ. لێکدانەوەی ئەو زانیارییە و بڵاوکردنەوەشی هەر لە گۆڕەپانی دەسەڵات و دابەشبوونی نابەرابەرانەی دەسەڵات دا دەخولێتەوە. لەو بەشەدا کورتە ئیشارەیێك بە لایەنگریی سیاسی و ئیدەئۆلوژی و کێشەی تیۆری دەکەم.

**باری سیاسی**

لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی پەهلەوی دا، لێکۆڵینەوە سەبارەت بە خەباتی چینە زەحمەتکێشەکان و گەلە زوڵملێکراوەکان و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان قەدەغە بوو؛ لێکۆڵینەوەی مەیدانیی بە وتووێژ یان بە شێوەی "مێژووی زارەکی" دەبوو بە نهێنی بکرێ و زۆر کەس نەیدەوێرا بۆ لای بچێ. هەروەها، ئارشیوی دەوڵەتی کە بەڵگەی گرینگی تێدایە بۆ لێکۆڵینەوەی وا ئاواڵە نەبوو یان هەر لە گۆڕێ دا نەبوو. تەنانەت ڕۆژنامە و گۆڤاری پێشکەوتنخوازی زەمانی ڕاپەڕین کە باسی ڕووداوەکانی ئێران و کوردستان و خەباتی وەرزێرانی تێدایە لە بەر کونترۆڵی کتێبخانەکان وەدەستنەدەکەوتن. لێکۆڵەرەوە دەبوو زانیاری سەبارەت بە ڕاپەڕینەکە بە نهێنی کۆبکاتەوە و نووسین و بڵاوکردنەوەشی بە نهێنی بێ. حیزبە سیاسیەکان – حیزبی توودە، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، فرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان – کە لە ۱۳۳۰-۱۳۳۲ دا لایەنگرەکانیان لە موکریان چالاکییان هەبوو، لە بارووددۆخی سەرکوتکرانی هەمیشەیی دا، نەیاندەتوانی بەڵگەی خۆیان ئارشیو بکەن (بەشێك لە چاپەمەنی و بەڵگەکانیان لە ئارشیوەکانی سوڤێت و وڵاتانی دی پارێزراوە).

دوای کوودێتای ۱۳۳۲ (۱۹۵۳)، هات و چۆ بۆ گوندەکان بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە کارێکی هاسان نەبوو: ساواك و ژاندارمە و دەست و پێوەندییەکانیان ئاگایان لە هاتوچۆی خەڵکی شار و هەر "بێگانە"یێك بوو. لەو بارووددۆخە دا، لێکۆڵینەوە دەبوو بە نهێنی بکرێ و، بەو چەشنە، بە ئاشکرا خەباتێکی دژی دەسەڵاتی ڕژێم بوو.

بەڵام دەوڵەتی پەهلەوی تەنیا سەرچاوەی سانسۆر نەبوو. ئاغاوەت دەسەڵاتیان هەبوو و خەڵك لە ترسی هەڕەشە و گوڕەشەی ئەوان نەیدەوێرا وەدوای باسی وا بکەوێ. بۆ وێنە ئەحمەدی شەریفی بەڵگەیێکی سەبارەت بە ڕاپەڕین (کە لە ساڵی ۱۳۳۲ بە ئاشکرا لە ڕۆژنامەی *کیهان* بڵاو ببۆوە و لە پێش دا باسم کرد) لە ساڵی ۲۰۰۳ دا بۆ ئەنوەری سوڵتانی نارد هەتا لە دەرەوەی ئێران بڵاوبێتەوە،

و بۆی نووسیبوو کە ناتوانێ ئەو بەڵگەیە لە وڵات بڵاو بکاتەوە چونکە: "کاکە ئاغا ئێستاش پیاو دەخۆن!" مەبەستی لە "ئێستا" ئەوە بوو کە ٥٠ ساڵ بە سەر رووداوەکە دا تێپەڕیوە، لە ١٣٤١دا "اصلاحات ارضی" کراوە، و پتر لە بیست ساڵە رژیمی پاشایەتی نەماوە،[٤٢] بەڵام ئاغاوەت هێشتا زاڵن. ئەو بەڵگەیە وتاری قاسم ئاغای ئیلخانیزادە بوو کە لە گەڵ ئاغاوەتی سەرکوتگەری راپەڕینەکە بانگ کرابوو بۆ "زیارەتی" محمدرضا شا. قاسم ئاغا لەو وتارەدا دەڵێ کە وەرزێرەکان رژیمی "سلطنتی" و نیزامی ئاغایەتییان لە مەترسی خستبوو و ئاغاوەت بە یارمەتی "ارتش شاهنشاهی" ئەو "پیلانە"یان تێکشکاند. نموونەیێکی دی کەسێکی شارەزا لە نیزامی دەرەبەگێتی دەشتی هەولێرە کە لە ١٩٩٠ دا داوام لێکرد ئەوەی سەبارەت بە سووروسات و خەباتی وەرزێرانی ناوچە دەیزانێ بۆم بنووسێ؛ لە وەڵام دا وێڕای ناردنی نووسینەکەی، باسی پێوەندی "زۆر بە هێز"ی خۆی لەگەڵ ئاغاوات و شێخەکان کردبوو، و گوتبووی:

...ئەوانە لە هەموو کات و شوێن و فەرمانگەی میری یەوە قسە و دەستیان دەڕوات، لە وەتی بە بیرم دێت هەر کەسێك لە ناوچەکەدا دژیان جووڵابێتەوە یا خوا دوابێت نەیان هێشتووە خێروخۆشی لە خۆ ببینێت. بۆیە تکایە تکایەکی دۆستانەت لێ دەکەم ئەگەر نووسینەکانی منت بڵاوکردەوە بە هیچ جۆرێك ناوم نەهێنیت. تەنیا ئەوەندە بنووسە نووسەرێکی کوردی هەولێر. برات: ... دووبارە تکایە ناوم نەنووسیت...

دیسان لە نامەیێکی دی لە ١٠-٩-١٩٩٢ دا، وەبیری خستمەوە کە هیچ نووسراوەیێکی وی بە نێوی خۆی بڵاو نەکەمەوە:

... لە ناوچەی ئێمەدا ئەگەر بتەوێت خێروخۆشی لە ژیان دا نەبینیت دژی ئاغا و شێخان بووەستە. چونکە لە هەموو شتێك، لە هەموو شوێنێك، چ بە ناوی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری، چ بە بەرەواژی یەوە کەوچکن و دەسەڵاتێکی باڵایان هەیە. منیش... بۆیە لە ئاست دەرخستنی زوڵم و زۆرداری و تەڵەکەبازی یان دا مجرۆ..و پەل بەستراوم...

بۆیە تکایە، تکایەکی کوردانەت لێ دەکم کە هەرگیز نابێ بە ناوی من بڵاوی بکەیتەوە. ئەگەر لە بەر باری کۆمەڵایەتی نەبووایە بە [بۆ] خۆم لە ڕۆژنامەکانی لای خۆمان بڵاوم دەکردەوە.

دووبارە داوا دەکەم بە ناوی من بڵاوی مەکەوە. بەڵام دەتوانی بە ناوی خۆت، یان خۆد بە ناوێکی نهێنی کە وا بۆنی منی لێ نێت بڵاوی بکەیتەوە.

کۆسپی سیاسی هەر دەوڵەتی ئێران و ئاغاوەت نین. جاری وایە ئەو حیزبەی خۆی بە ڕێبەری راپەڕینەکە دادەنێ پێش بە لێکۆڵینەوە دەگرێ. لە ١٣٦٧دا، لە دەرەوەی وڵات یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەیێکی هەرە تێکۆشەر لە راپەڕین‌دا کاتێك پێیزانی من خەریکی ئەو لێکۆڵینەوەم پێشنیاری کرد

کە یارمەتی بدا لە گەڵ یەکێك لە خزمەکانی پێوەندی بگرێ بۆ وتووێژ. من بە ئەو پەڕی خۆشییەوە پرسیارەکانم نووسی و بۆمنارد بەڵام وەڵامی پرسیارەکان نەهاتەوە و دەرکەوت کە حیزبی دیموکرات پێی‌زانییبوو و پێشی‌گرتبوو.[٤٣]

**باری ئیدەئۆلۆژی**

کۆسپی ئیدەئۆلۆژی کە رێگە بە لێکۆڵینەوەی خەباتی چینایەتی دەگرێ زۆرن و لێرەدا دوو نموونەیان دەست نیشان دەکەم. یەکیان ئیدەئۆلۆژی ناسیۆنالیستییە کە ئارەزوو و ئاواتی یەکگرتوویی نەتەوەی کوردە و ناکۆکی خۆماڵی وەك ئاغا و وەرزێر، سەرمایەدار و کرێکار، یان ژن و پیاو وەپشت گوێ‌دەخا و واهەیە ئینکاری دەکا. تەنانەت ئەگەر راستییەکانی خەباتێك لە ئێستە و رابردوودا نەتوانێ حاشا بکا، بە شێواندنی فاکت و بەڵگە و بەلێکدانەوەی نادروست دەیەوێ وەك رووداوێکی بێ‌بایەخی لە قەڵەم بدا.

بۆ وێنە، مەسعوود محەمەد ئینکاری دەرەبەگی بوونی کوردەواری دەکا، و دەڵێ چەوساندنەوە ("ستەم") لە گشت نیزامێکدا هەیە و ناتوانێ نەبێ، و ئەوانەی "لە سەر رووی کاغەز فیۆدالی کورد خەلق دەکەن" مەبەستیان ئەوەیە "خەباتی فەلاحی" داتاشن، و "خەباتی قەومایەتی" وەلانێن و "خەباتی چینایەتی" وەرێ بخەن.[٤٤] بەو کەسانەی کە باسی راپەڕینی جوتیاران و خەباتی چینایەتی دەکەن بە راشکاوی دەڵێ: "فیۆدالێك لەعنەتبار بکە کە هەبووبێت و تاوانباریش بووبێت، لە هیچە قوتی مەکەوە بە خۆڕاییش تاوانباری مەکە".[٤٥]

ئیدەئۆلۆژی هەر لە خەیاڵات و تێگەیشتنی هەڵە پێکنەهاتووە، و بڕوا و باوەڕ و ئیمانە، و رێگە پێشاندەرە، و داخوازی و ئاواتی چینێك یان توێژێکی کۆمەڵی دەردەبڕێ.[٤٦] لەو کتێبەدا، نووسەر کۆمەڵی کورد و مێژوویەکەی بە گوێرەی ئارەزوو و ئاواتی خۆی دادەڕێژێ، دەرەبەگ بە "براگەورە" دادەنێ، و خەباتی چینایەتی بە تایبەت خەباتی وەرزێران لە مێژووی کوردستان و ئەدەبی زارەکی و شیعری کوردی (پێش ساڵانی ١٩٤٠) دەسڕێتەوە، و ئەوەی دوای ساڵانی ١٩٤٠ کراوە و گوتراوە بە کردەوەی حیزبە چەپەکانی دادەنێ نەك بە گوورانی خەباتی چینایەتی، و دەڵێ خەباتی چینایەتی دژی بەرژەوەندی گەلی کوردە و لە دەرەوەڕا هاتووە و "خەباتی قەومایەتی" دەشێوێنێ. بەڵام ئەو بۆچوونە، کە وەك بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد نوێندراوە، لە بەرژەوەندیی چینی دەرەبەگ دا هێلانەی کردووە، و زۆرتر ئارەزووی پاراستنی نیزامی دەرەبەگییە بە لە سەرکردنەوەی ئاغاوەت.

بە پێچەوانەی مەسعوود محەمەد، حنا بطاطو لە لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەی *چینە کۆمەڵییە کۆنەکان و بزووتنەوە شۆڕشییەکانی عێراق* دا دەڵێ کە "بەگزادەی جاف" بە ٣٣٣,٥٣٩دۆنم زەوییەوە (لە ١٩٥٨ دا) دەرەبەگی هەرە گەورەی عێراق بوون.[٤٧] هەروەها، سەبارەت بە خەباتی وەرزێرانی

گوندی عەربەت (لە ناوچەی سلێمانی) لە ١٩٤٨دا دەنووسێ ئەو رووداوە لە باری مێژووییەوە زۆر گرینگە "لە بەر ئەوەی دەبێتە هەوڵ راپەڕینی ئەو چەشنە لە لادێی عێراق – راپەڕینێك لە دژی شێخی زەویدار نەك لە ژێر رابەرایەتی ئەو دا – وە بەو مەعنایە رێگەی خۆش کرد بۆ نائارامیی بەتینی، بەڵام جارجاریی، کشت و کاڵیی"[٤٨]. عەربەت موڵکی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود بوو، و چەوساندنەوە ئەوەندە زۆر ببوو وەرزێران، بە یارمەتی حیزبی شیووعی، لە دژی خاوەن موڵك هەستانەوە و سەرکەوتن.

ئیدەئۆلۆژی دەرەبەگیی دەربەستی چارەنووسی نەتەوە نییە بەڵام، وەك ئیدەئۆلۆژی ناسیۆنالیستی، لە نیزامی دەرەبەگی بەرگری دەکا، و خەباتی وەرزێران لە دژی چینی دەرەبەگ ئینکار دەکا. ناسر عەلی‌یار، لە رەخنەی خۆی لە کتێبی *بۆکان لە سەدەی بیستەمدا*، چەند هەڵەیێکی ئەو کتێبەی راست کردۆتەوە بەڵام حەول دەدا بە "مەغلەتەی روو بە ئینسان" (ad hominem fallacy) نووسەرەکەی سووك بکا و بە سووك کردنی وی کتێبەکەی بێ قەدروقیمەت بێ. ئەو مەغلەتەیە شێوە ئیستیدلالێکی باوە (بە تایبەت لە کۆمەڵی عەشیرەیی و دەرەبەگی دا) کە لە باتی پەرچدانەوەی قسە یان بۆچوونی کەسێك بە دەلیل و بەڵگە، حەول دەدا ئەو کەسە بێ ئیعتبار بکا و بە بێ حورمەت کردنی وی قسەکەی لە بایەخ بخا. بۆ وێنە، وا دەگەیێنێ کە محەممەدیان خۆی کتێبەکەی نەنووسیبێ؛[٤٩] یان رەنگە وردەحیسابە سیاسییەکانی نووسەر "رۆڵێکی گرینگی لە پێکهێنانی ئەو کتێبە دا هەبووبێ"؛[٥٠] یان نووسەر پەرۆشی دزرانی دوو خێگە رۆنی بنەماڵەی خۆیانە بەڵام لە ئاغاوەت رانابینێ لە بەرژەوەندیی خۆیان بەرگری بکەن؛[٥١] یان، دەڵێ "ناشزانم لە کەیەوە کاك رەحمانی محەممەدیان هێندە دڵسۆز بووە بە پەرۆشی تێشکانی ریزەکانی گەلەوە بووە".[٥٢]

عەلی یار دەڵێ:

"ئەوە راست نییە [...] کارو پیشەی مڵکداری و سەرپەرشتی کردنی وڵات هەر بۆ دژایەتی کردنی کۆمەڵانی خەڵك داندرابێ [...] پێداویستی ئەوکاتی کۆمەڵگا رەنگە رێگای نەدابێ نیزامێکی عادڵانە بۆ کەڵك وەرگرتن لە زەوی و زار و هەڵبژاردنی کاربەدەستان لە رێگای دەنگدان جێبەجێ بکرێ... خەڵکیش بە دایمە ئەرکی پیرۆزی خەبات و چاکسازییان نەکردۆتە پیشە و چاکی مەردایەتیان بە لادا نەکردووە کە لەگەڵ دژایەتی کردنی خاوەن مڵکەکان و کاربەدەستان ڕووبەڕوو بنەوە...".[٥٣]

عەلی‌یار، وەك مەسعوود محەمەد، دەڵێ کە سەرباقی زوڵمی "چینی باڵادەست"، "چینی ژێردەست توانا و ویستی خەباتی چینایەتیان نەبووە. ئاغاش باش و خراپیان هەیە و زۆرتریان باش بوون"؛[٥٤] هەردوولا – ئاغا و رەعییەت – توندوتیژییان کردوە.[٥٥] پێش پەیدا بوونی حیزبە چەپەکان (لە ساڵانی ١٩٤٠) نە لە بۆکان و نە لە شوێنی دی، خەبات لە دژی ئاغاکان "نەبینراوە".[٥٦] ئەو حیزبە

چەپەش "سەربە شۆڕەوی" بوو و "خەڵکی کورد بە بێ سێ و دوو" وەدوای کۆمەڵەی ژ.ك کەوتن.[٥٧] ئیدەئۆلۆژیی بوونی لێکدانەوەی عەلی‌یار لەوەی دایە کە دەیەوێ ڕاپەڕینێکی دژی دەرەبەگێتی بکا بە ڕووداوێکی بێ بنج و بناوان کە نە دەیتوانی و نە دەیویست دژی ئەو نیزامە بێ کە بۆخۆی پەسندی دەکا. ئەو، ڕاپەڕینەکە وەك پچڕانێك لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان چاولێ ناکا، چونکە ئەو مێژوویە وەك بەسەرهاتی خان و ئاغا و شێخ دەخوێنێتەوە؛ لەو خوێندنەوەدا، مێژوو ڕێگەیێکی سەرڕاست و بێ پێچ و پەنای هاتووچۆی دەسەڵاتداران و "گەورە پیاوان"ە، و ڕاپەڕین لە ڕێ لادانێکی ناشیرین و دزێوی بۆرەپیاوانە.

ئەو بەرهەمە (ناسر عەلی یار، *ڕەخنە لە سەر...*) بۆ لەسەرکردنەوەی ئاغاوەت و شەڕەکەیان لە دژی ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان نووسراوە، و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە بەعزە هەڵەیێکی *بۆکان لە سەدەی بیستەمدا* ڕاست دەکاتەوە (بۆ وێنە تاریخی دەست پێ کردن و کۆتایی هاتنی ڕاپەڕینەکە و چەند ڕووداوی دی، خوێندنەوەی چەند بەڵگە و بەسەرهاتی چەند کەس)، بەلام ئەرکی سەرەکیی سەرشانی نووسەر گێڕانەوەی ڕووداوەکان و لێکدانەوەیان لە ڕوانگەی چینی دەرەبەگە. بەجێ‌هێنانی ئەو ئەرکە ئیدەئۆلۆژییە پێویستی بە داتاشینی فاکت، بێدەنگی کردن لە زۆرفاکتی زانراو (وەك دەوری ئاغاوەتی ئیلخانی زادە لە سەرکوت کردنی ڕاپەڕین دا) هەیە، و لە هەمان کاتدا نیازی بە لێکدانەوەی نادروست و لەخۆڕا هەڵبەستراو هەیە هەتا بتوانێ وەسەریەکیان بخا، و دەرەبەگێتی وەك چارەنووسی گەلی کورد بسەلمێنێ. بەراوردێکی گێڕانەوەی وەرزێرەکان (لە وتووێژەکانی من دا) لەگەڵ گێڕانەوەی عەلی‌یار دەری دەخا کە ئەو دوانە یەکتر ناگرنەوە، سەرباقی ئەوەی کە وەرزێران، وەك ئەندامانی گشت چینێکی دی، یەکدەنگ نین. گێڕانەوەی وەرزێر و ئاغا، وەکوو ژیانی هەرڕۆژیی ئەو دوو چینە، لێك دوورن: کوتوویانە "گۆزەی سوور و ئاوی شەوێ، ئاغا و کرمانج ڕێك ناکەوێ".

بە کورتی، ڕەنگە پێویست نەبێ بۆچوونی مەسعوود محەمەد وەك "ناسیۆنالیستی" و ئی عەلی یار وەك "دەرەبەگی" دابنێم. لێرەدا، دەرەبەگێتی و کوردایەتی وەها تێك هاڵاون لێك جوێ ناکرێنەوە. هەر دووکیان لە سەر نیزامی دەرەبەگێتی دەکەنەوە، و بۆ سەلماندنی باسەکەیان دەیکەن بە دیاردەیێکی سروشتی و خۆماڵی بۆ ئەوەی بناغەی کوردەواری و بنچینەی کوردایەتی پێ دابڕێژن. مەسعوود محەمەد دەڵێ "کورد" نە دەرەبەگێتی (فئودالیسم) هەبووە و نە خەباتی وەرزێری. عەلی‌یار، وێڕای ئەو بۆچوونە، دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە ڕووداوەکانی ١٣٣١ ی موکریان ڕاپەڕینێکی وەرزێری نەبوو.

**باری تیۆری**

گۆران لە هەڵبەستی "بۆ گەورە کچێك"دا دەڵێ: "ئەو سا نییە تا ناوی قسەش دیوی دەری بێ".[٥٨]
ئەوە باسی جیایی یان لێکدابڕانی ناو (ژوور) و دەر، یان فۆرم و مەعنایە، و لە فەلسەفە و زانست و هونەردا بە مەفهوومی وەك زاهیر و ماهییەت، رووکار و ژێرکار، دیار و نادیار، یان عەرەز و ماهییەت لێکۆڵینەوەی لێکراوە. رەنگە ناو یان مەعنای قسە (یان وشە، رەستە، مەتن) قەت بەرابەری دیوی دەرێی نەبێ و هەمیشە ناتەبایی لە نێوانیاندا لە ئارادا بێ. بە کورتی، رووکار ناتوانێ ناوەڕۆك (یان ژێرکار) تەواو دەربڕێ، یا خۆ ناوەڕۆك لە ڕووکار ئاڵۆزترە، بەڵام دەکرێ بە مێتۆدی زانستی بە تایبەت بە دیالیکتیك (یەکێتی و خەباتی دژبەرەکان) بە تێگەیشتنی پێوەندییە ناوکییەکان بگەین.
ئەگەر رووکاری دەرەوە وماهییەتی شتەکان راستەوخۆ وێكهاتبانەوە، تەواوی زانست زیادی دەبوو.[٥٩] ئەگەر وابا – رووکار یان (عرض) تەواوی ماهییەتی دەربڕیبا – پێویست نەدەبوو بە یارمەتی مەفهووم و تیۆری و مێتۆد واقعیەت بناسین. راپەڕینی وەرزێران، بۆ وێنە، رووداوێکی ئاڵۆز بوو کە تەنیا لە پێکدادانی دەرەبەگ و وەرزێڕدا کورت ناکرێتەوە و، بگرە، تەواوی پێوەندییە کۆمەڵی و سیاسی و ئابوورییەکانی کوردستان و ئێران و ناوچە و دنیای تێدا وەگەڕکەوتبوو. بۆ وێنە، رواڵەتی رووداوەکان، رادەی تێوەچوونی ئەمریکا لە چارەنووسی ئەو راپەڕینە وەدەرناخا، و لەو لێکۆڵینەوانەی تا ئێستا بڵاوبوونەتەوە ئەو باسە نەکراوە. دیارە ئەگەر فاکتەکان (بۆ وێنە لە گوزارشتی نهێنی دەوڵەتی ئەمریکا و بەڵگەی پێویستی دی دا) کۆبکرێنەوە ئەو پێوەندییەی نێوان فئودالیسم و ئیمپریالیسم وەبەرچاو دەکەوێ، بەڵام تێگەیشتنەکەی کێشەی تیۆری و سیاسەت دێنێتە گۆڕێ. تەنانەت وەدوای سەرچاوەی وا کەوتن پێویستی بە هەست کردن بە پێوەندی نێوان ئیمپریالیسم و دەرەبەگێتی و دژایەتی ئەوانە لە گەڵ رزگاری و ئازادی هەیە. رێفۆرمی موسەدیق لە چوارچێوەی نیزامی "نیوە-دەرەبەگی" ئەو سای ئێران دا کرا بۆ مەبەستی دژایەتی کۆمۆنیسم، سەرباقی وەی لە بارودۆخی ١٣٣١-١٣٣٢ دا لە روانگەی ئەمریکاوە "مەترسی" وەی هەبوو کە ئەو پڕۆژەیە یارمەتی بە کۆمۆنیسم بدا. ئەمریکا و رۆشنبیری لایەنگری دەسمایەداری ئیمپریالیستی ریفۆرمی ئەرزیی چین و ویەتنامیان بە بەرنامەیێکی کۆمۆنیستی دادەنا کە وەرزێرانی بە لای کۆمۆنیستان دا رادەکێشا، و پێیان وا بوو بۆ بەربەرەکانی کردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەبێ ریفۆرمی ئەرزی سەرمایەداری بکرێ. شای ئێرانێ، دوای سەرنخوون بوونی رێژیمی پاشایەتی لە عێراق لە ١٣٣٧ (١٩٥٨) و شۆڕش لە کووبا لە ١٣٣٢-١٣٣٨ (١٩٥٣-١٩٥٩) و بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئەلجەزایر لە ١٣٣٣-١٣٤١ (١٩٥٤-١٩٦٢) دا بە تەگبیری ئەمریکا "اصلاحاتی ارضی" کرد.[٦٠]
لە بەر ناتەبایی رووکار و ژێرکار و ناتەواوبوونی رووکار بۆ تێگەیشتنی ڕاپەڕین، ئەگەر بمانەوێ لە "دیوی دەرەوە" ی رووداوەکاندا نەمێنین و پێوەندییە نادیارەکان دیاری بکەین، پێویستمان بە

کۆمەڵێك مەفهووم و تیۆری هەیە. بۆ وێنە، وشەی "ڕاپەڕین" و "وەرزێر" کە تا ئێستە دەکارم هێناون وشەی ساکار یان ئاسایی نین و لە هەر ڕوانگەیێکدا مەعنای جیاوازیان هەیە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیێکی زۆریان لێکراوە. وەڵامی پرسیاری وەك "وەرزێر چییە؟" یان "ڕاپەڕینی وەرزێریی چییە" دەبێتە باسی تیۆری کە کۆڵێك مەفهووم و پرسیاری دی دێنێتە گۆڕێ وەك دەرەبەگێتی، چینی کۆمەڵی، چەوساندنەوە، خەباتی چینایەتی، چینی وەرزێر و توێژەکانی، مەسەلەی وەرزێریی و نەتەوەیی، نیزامی جینسێتی (پێوەندیی پاتریارکی)، دەوڵەت، حکوومەت، ناسیۆنالیسم و دەرەبەگێتی، کۆمۆنیسم و چینی وەرزێر، دەرەبەگێتی و سەرمایەداری، ئیمپریالسیم و دەرەبەگێتی، شۆڕش، دین و نیزامی چینایەتی، بزووتنەوە، شەڕ، ڕێکخستن و بەڕێوەبردن، خۆرسکێتی و ئاگاهی، ڕزگاری، ئازادی، و زۆر مەفهووم و باسی دی.

تیۆری زۆر ئەرکی لە سەرشانە، وەك ڕێنوێنی بۆ وردبوونەوە لە پێوەندییەکانی رووکار و ژێرکار و مێژوویی دیتنی ڕووداوەکان و لێکدانەوەیان، بەڵام تیۆری خۆی مەیدانێکی خەباتە و جۆراوجۆرە. تیۆری باش و خراپ، بەکار و بێهێز، پتەو و بێبنج، یان شۆڕشگێڕانە و دواکەوتووانەی هەیە. بۆ وێنە لە باسی خەباتی وەرزێریی لە دژی دەرەبەگێتی مەفهوومی وەك "بزووتنەوە، شەڕ، شۆڕش، ڕاپەڕین" دەکار هێنراوە، کە هەر کام لە وانە چەشنێك یان ڕادەیێك یان قۆناغێکی خەباتە، بەڵام بۆچوونێکی یەکجارەکی و وەك یەك لە گۆڕێ دا نییە، و تەنانەت ڕوانگەی تیۆری وا هەیە کە بایەخ بە "فۆرمی هەر ڕۆژیی بەربەرەکانی وەرزێریی" دەدا و پێی وایە ئەو چەشنە خەباتە تاقەکەسانە و "بێدەنگانە" گرینگ ترن لە ڕاپەڕین و شۆڕش.[٦١] لە کوردستان، وەك گشت کۆمەڵی دەرەبەگی دی، هەڵکەوتووە کە تاقە کەسێك بەربەرەکانی دەربەگێکی کردووە و بە شێوەی جۆراوجۆر تۆڵەی خۆی ئەستاندۆتەوە و زۆر جار تێداچووە. گۆران لە هەڵبەستی "بووکێکی ناکام" دا باسی کوڕە شوانێك دەکا کە ئاغا دڵدارەکەی لێ داگیرکردووە، و کوڕە شوانەش ئاوا بەرەنگاری ئاغای دەبێ:

کوڕی شوانە کە ئەمەی بیست شێت بوو، دایە کێو،

زەویی داگرت بە تف کردن، ئاسمان بە جنێو!

چەن جارێ شەو ماڵی ئاغای دایە بەر تفەنگ،

دەغلی سووتان، باغی بڕی، بۆ ئەتك و پەنگ،

کلك ویاڵی چەن چارەوێی قەل کرد بە خەنجەر،

بە سەر ڕانی ئاغایا دا و مەڕی دایە بەر ... [٦٢]

لە ئەدەبیاتی زارەکیش، بۆ وێنە لە بەیتی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی" دا، گوتراوە:

کێ بوو؟ لە فەرخۆڵەی نازدارە،

شیری بابی وەچنگ کەوت ئەو جارە،
دەستی دایە بۆ یەختەخانەی ماڵی مامی چوە خوارە،
دەرکی کردەوە، چوو، لە تەویلەی گرتی قەرارە.
بە تەویلە یدا هات، لە رەفیسکەی هەموو ماین و ئەسپانی داوە.
قەت یەکێکی بە ساغی نەماوە.[٦٣]
جاری وایە خەڵکی گوندێکی لە ئاغا یان کوێخاییێکی زاڵم وەخۆدەکەون. بەیتی "کاکە میر و کاکە شێخ" چیرۆکی راپەڕینی خەڵکی دێیە لە دژی دوو ئاغایان:
کاکە میر و کاکە شێخ ئاغای مەرگەیان بوون. مەیتەریان بۆ وەڵاغی خۆیان قەت نە دەگرت؛ دەبوو ژنی رەعیەتان بێ تەویلەی بماڵێ، ئەسپان ئاو بدا، کا و جۆیان بداتێ. ئەگەر خەڵاس دەبوو بچێتەوە، دەیان گرت، دەرکەیان لێ دەگرت... ژن و کچیان هیچ نەهێشت. هەیدەر گۆران پیاوێکی رەشید بوو، خەڵقی دێیەکەی پاکی وەخۆ کردەوە، پاکی قورعانی خوارد، کوتیان: "دەبێ قسەمان یەك بێ، سبحەینێ دەبێ..."[٦٤]
ئۆسکار مان ئەو بەیتەی لە هاوینی ١٩٠٣ دا لە سابلاغێ تۆمار کردووە. هێمن لە لێکدانەوەی ئەو مەتنە دا دەنووسێ حەیدەر گۆران،
... دیلەکانی کۆکردەوە و سوێندی دادان و ئامادەی کردن، بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان لە ئەمیرێکی گورگەمێش و داوێن پیس بکەنەوە. رەنگ بێ هەیدەر گۆران یەکەم بۆرە پیاوی کورد بێ کە راپەڕینێکی سەرکەوتوانەی رابەری کردبێ.[٦٥]
دیارە ئەو فۆرمە خەباتانە کە بەرین و باون و لە گشت کۆمەڵێکی وەرزێرییدا دەبیندرێن بەشێکی گرینگی نیزامی دەربەگین، و بەبێ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەوانە تێگەیشتنی ئەو نیزامە ناتەواو دەمێنێ. ئەو شکڵە خەباتانە خۆڕسکیین، کاری تاقە کەسن و دژی ئاغاییێکن، بەڵام راپەڕین و شۆڕش کردەوەیێکی ئاگاهانە (بە بەرنامە) و کۆمەڵیی و دژی چینی ئاغاوەت و جاری وایە دژی نیزامی دەربەگیین، و بە دەگمەن هەڵدەکەون، و دەتوانن نیزامەکە تێك بدەن. بە پێچەوانەی تیۆری "فۆرمی هەر رۆژیی بەربەرکانی وەرزێریی" کە والتر سکات گەڵاڵەی کردووە، ئەو فۆرمانە و راپەڕین هەر کامەی لایەنێکی خەباتی چینایەتی دەردەبڕن و نابێ بە شێوەی دووبەرێتی (دوالیسم) لە یەکتر جوێ بکرێنەوە و لە بەرامبەر یەکتردا قوت بکرێنەوە. لە شۆڕش و راپەڕیندا کێشەی ئاگاهی، رێکخستن، و سەرنخوونکردنی نیزام و بەدیلی نیزام دێتە گۆڕێ و ئەوانەش داوای تێفکرین و وردبوونەوەیێکی زۆر لە مەیدانی تیۆری و مێژوو و مێژوونووسی دەکەن.

ئەوانە و زۆر تیۆری دی لە سەدەی نۆزدەوە تا ئێستا باسی دوورودرێژی لێکراوە و گەنجینەیێکی زانستی تیۆری بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتنی بزووتنەوەی جوتیاران لە بەردەستدایە. هەروەها بزووتنەوەی وەرزێران لە مێژووی بەعزە وڵاتێك وەك چین، هندووستان، روسیە، ئوروپا، و چەند وڵاتی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا لێکۆڵینەوەی زۆری لێکراوە و ئەو گشت زانیارییە یارمەتی دەدا کە راپەڕینی وەرزێرانی موکریان وەك هەڵکەوتێکی خۆجێیی و تاق نەبینین، و وەك ئانێك لە مێژووی جیهانیی چینێکی چەوساوەوە تێبگەین. لەو لێکۆڵینەوەدا، روانگەی تیۆری من مارکسیسمە و تیۆرییەکانی دی بە شێوەیەکی رەخنەیی هەڵدەسنگێنم.

**سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە**

**سەرچاوەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەوانەن:**

١. وتوویژ و مێژووی زارەکی: وتوویژ لە گەڵ ئەوانەی لە راپەڕیندا بەشدار بوون یان راپەڕینەکەیان دیوە – گشت لایێك، وەرزێر و ئاغا، جووتبەندە و رەشایی، ژن و پیاو، شارستانی و لادێیی – سەرچاوەی سەرەکی ئەو لێکۆڵینەوەیە. من نزیکەی ٣٠ وتوویژی بە دەنگ تۆمارکراوم هەیە کە لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ دەست پێدەکا و تا چەند مانگ لەوەی پێشی تێدایە. ئەوانەی وتووویژیان لە گەڵ کراوە زۆربەیان پیاو و وەرزێرن بەڵام فەقێ، مەلا، ئاغا، پیاو، و ژن و چەند چالاکی سیاسیشیان تێدایە. تەمەنی بەشدارانی وتووویژەکانی سێ ساڵی رابردوو لە هەشتا ساڵ پتر بووە. زۆربەیان بیریان تیژ بووە و چەند کەس بە نووسین وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە.

وتووویژەکان پڕن لە زانیاری ورد سەبارەت بە زۆر لایەنی راپەڕینەکە لە دەستپێکردنی ڕا هەتا کۆتایی، بەڵام تاریخی بەشێکی زۆر لە رووداوەکان – بە رۆژ و بە مانگ – لە بیریان نەماوە و رەنگە لە کاتی رووداوەکانیش ئەو تاریخانە – لە نەبوونی خوێندەواریی و نووسیندا – زۆر سەرنجیان رانەکێشابێ. زۆربەی ئەو زانیارییەی لە وتووویژەکان دا وەدەست دەکەوێ لە جێی دی دا تۆمار نەکراوە. بۆ وێنە چۆنێتی و چەندێتی چەکداریی لە نێو وەرزێران و ئاغاوەت دا، دۆخی لەشکری ئاغاوەت کە بۆ سەرکوتکردنی راپەڕین رێککەوتبوو، یان باسی وەرزێری تورکی گوندەکانی میاندواوێ کە پەنایان دا بوو بەو وەرزێرانەی تاڵان کرابوون و وەدەریان نابوون.

وتوویژ بێدەنگیی کرێکار و وەرزێر و چەوساوە و زوڵم لێکراوەکان وەلادەنێ، و بە وەدەنگ هێنانی ئەو هێزە بێدەنگ کراوانە مێژووی دەسەڵاتداران دەشڵەژێنێ. بەڵام "مێژووی زارەکی" توانایی زۆرتری لە وتووێژهەیە لە بەر ئەوەی رێگە دەدا کە چەند بەشدار یان شاهیدی راپەڕین پێکەوە قسەی لێبکەن و بە ئەزموون و بیرەوەری جیاواز زۆرتر لێی وردبنەوە و فەرامۆشی و هەڵەکانی خۆیان راست بکەنەوە. هەروەها، لە مێژووی زارەکی دا، بێژەر هەست و سۆزی خۆی لە قسەکردن

دا دەردەبڕێ، بەڵام نووسین دەیشارێتەوە. لە هەمان کات دا، لە مێژووی زارەکی دا هەر جارێك تەنیا بابەتێك دێتە گۆڕێ و باسی لێدەکرێ و شی دەکرێتەوە، و گێڕانەوە تەنیا بە پرسیارکردن و وەڵام دانەوەی پرسیارەکە پێك نایە.[٦٦] هێشتا دەرفەتی وەی هەیە کە بەو مێتۆدە لێکۆڵینەوەی ڕاپەڕینەکە بکەین. لە زۆربەی وتووێژەکاندا، زیاتر لە یەك کەس حازر بوون و جاری وایە قسان دەکەن، بەڵام زۆرتر بە لای پرسیار و وەڵام دا دەشکێتەوە تا "مێژووی زارەکی".

٢. بەڵگەی کوونسوولی ئەمریکا لە تەورێز: دەوڵەتی ئەمریکا نیگەران بوو کە ئەو ڕاپەڕینە ببێتە "قیامی وەرزێری" و بە ڕابەرایەتی "کۆمۆنیستان" (حیزبی توده) ئێران بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کۆمۆنیسم، بەو چەشنەی کە سێ ساڵ لە پێش ڕاپەڕیندا لە چین وەرزێران دەورێکی گرینگیان گێڕا لەو شۆڕشەی کە لە ساڵانی ١٩٢٠ەوە دەستی پێکردبوو، و لە ١٩٤٩دا وڵاتی لە چنگ حکوومەتی گۆمیندان و ئەمریکا و ئینگلستان دەرهێنا، یان ئەو شۆڕشەی کە باکووری ویەتنامی لە دەست ژاپۆن و فەرانسە دەرهێنابوو و هێشتا لە باشوور درێژەی هەبوو؛ هەروەها ئەو شەڕەی کە لە کورە لە ئارادا بوو، و لە گشتیان وەرزێران هێزی هەرە زۆری خەبات بوون. ئەمریکا پێی وابوو ئەو ڕاپەڕینە دەتوانێ وەك پریشکێك بێ کە ئاسیای ڕۆژئاوا وەك ئاسیای ڕۆژهەڵات بە بڵێسەی ئاوری کۆمۆنیسم لە نیزامی ئیمپریالیستی و پێوەندیی سەرمایەداری و فئۆدالی داببڕێ. جا بۆیە کوونسوولی ئەمریکا لە تەورێز چاوی لەو ڕاپەڕینە بڕیبوو و لێی دەکۆڵییەوە و گوزارشتی بۆ سفارەتەکەیان لە تاران و وەزارەتی دەرەوەیان لە واشنگتن دەنارد. هەروەها، ڕوونووسی ئەو گوزارشتانەی بۆ سفارەتی ئەمریکا لە ئانکارا، بەغدا، لەندەن و مۆسکۆ دەنارد، و ئەوە پێشانی دەدا کە لە ڕوانگەی ئەمریکاوە ڕاپەڕینەکە کێشەیێکی نێونەتەوەیی بوو. سەرچاوەی زانیاری کوونسوولگەری زۆرتر ئاغاوەت بە تایبەتی بنەماڵەی ئیلخانیزادە و عەلی یار بوو بەڵام لە ئاغاوەتی دی و لە حکوومەت (ئەرتەش، ئوستاندار، فەرماندار...) پرسیاریان دەکرد و بۆ خۆشیان سەری ناوچەیان دەدا.

ئەو بەڵگانە هەم سیاسەت و بۆچوونی ئەمریکا ڕوون دەکەنەوە و هەم زانیاری سەبارەت بە ڕاپەڕینەکە و وەزعی دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتانی ناوچە و ژیانی ئابووری و سیاسی خەڵکی موکریان و ئازەربایجان و زۆر شتی دی وەبەردەست دەخەن. بۆ وێنە نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن لە گەندەڵیی فەرماندەی ئەرتەش (سەرهەنگ موزەفەری) و بێدەسەڵاتی ئەرتەش لە دەرەوەی شارەکان. هەروەها باسی ڕێککەوتنی ئاغاوەت لە دژی وەرزێران و چەکداربوونیان دەکەن. گوزارشتی دووروودرێژ باسی پەیدابوونی بازاڕی چەکفرۆشی لە میاندواو و مەراغە و جێگەی دی دەکا، و تەواوی چەکەکان (تفەنگ و دەمانچە) و فیشەکەکانیان و نرخی کڕینی هەرکام لەوانە دیاری دەکا و ڕادەی چەکداربوونی ئاغاوەت و وەرزێران هەڵدەسەنگێنێ. ئەو بەڵگانە باسی چالاکی "حزب ایران" (کە بەشێك لە "جبهە

ملی" و حکوومەتی موسەدیقی بوو) بە تایبەت کەریمی سنجابی و حیزبی توودە و فیرقەی دیمۆکرات و حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەن.

٣. ئارشیوی دەوڵەتی ئێران: سەرچاوەیێکی گرینگی نامە و گوزارشتی ئورگانەکانی دەوڵەتی ئێرانن کە یارمەتی دەدەن بە ڕوون کردنەوەی سیاسەت و کردەوەی حکوومەت و زۆر لایەنی ڕووداوەکان. من بۆ وەدەست خستنی ئەو بەڵگانە حەولم نەداوە. چەند نامەیێکی کە لە *بۆکان لە سەدەی بیستەم دا* بڵاوبوونەوە بایەخی ئەو سەرچاوە پیشان دەدەن (نامەی ئیدارەی دەوڵەتیی کە لە ئارشیوی دەوڵەتی وەرنەگیراون).


SECRET
Security Information

AIR POUCH

FOREIGN SERVICE DESPATCH
U.S. OFFICIALS ONLY (Where Indicated)

FROM : AMCONSULATE, TABRIZ

TO : THE DEPARTMENT OF STATE, WASHINGTON

March 27, 1953

REF : Tabriz Despatch 42, March 13, 1953.

SUBJECT: KURDISTAN: Political Developments During March, 1953.

TABLE OF CONTENTS

PAGE


Summary
Agrarian Unrest: The Bukan Incident
The Illegal Arms Market
Developments Within the Army
Agitation Among the Tribes


788.00/3-2753

SUMMARY

An armed clash in Bukan village between the chiefs and their tenants stressed the gradual build-up of agrarian tensions during the winter. Available evidence indicated that Majlis Deputy [illegible] may have been supporting the Bukan agitators. With unrest came a sharp rise in arms prices and brand new weapons began to appear on the market. General [illegible] was transferred from command of the Fourth Army Division.

AGRARIAN UNREST: THE BUKAN INCIDENT

At noon on March 13, 1953, tenant-landlord differences in the Kurdish area of Bukan (NJ80 1231)(1) led to a three hour gun battle within Bukan village during which two persons were killed and at least six wounded. Order was finally reestablished and the Government set up a special commission to study the causes of the trouble. Eight persons were arrested and sent to Mahabad for further interrogation.(2)

There is no doubt but that for some months events had been leading up to this climax. Agitation for radical land reform measures had stirred up minor but widespread troubles among the Fayzullah Begi tribes to the south and by the end of February had alarmed the leaders of such neighboring tribes as the Debokri and Gewrek. Much of the trouble among the tenants had been sparked by a nominally pro-Government party in Bukan under the leadership of one [illegible] and Abdullah [illegible].(3)

(1) World Aeronautical Chart, 1:1,000,000, 4th Ed (Revised), Sheet 340, Lake Van.
(2) Ettela'at, March 15, 1953. (Tabriz Despatch 43, March 26, 1953.)
(3) Tabriz Despatch 42, March 13, 1953, p. 2.

SECRET FILE

JDimon/wkh

SECRET
Security Information

ACTION COPY — DEPARTMENT OF STATE

**لاپەڕەیێك لە گوزاریشێكی كونسوولگەری ئەمریكا سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێران و هێرشی ئاغاوەت بە سەر بۆكانێ (لە ئارشیوی نەتەوەیی ئەمریكا، كالێج پارك، مێریلەند)**

بایەخێکی زۆری ئەو بەڵگانە لە بەر ئەوەیە کە حکوومەتی ئێران لە کاتی راپەڕینەکەدا تووشی دووبەرەکیی ببوو و هەر ئەو ناکۆکییانە دەبێ ناوەڕۆکی بەڵگەکانی داڕشتبێ و زانیاری باش وەبەردەست بخەن.

٤. ئارشیوی سۆڤیت، فەرانسە، ئینگلیس و تورکیە: کوونسوولی ئەمریکا لە تەورێز بۆ تێگەیشتنی باری سیاسی ئازەربایجان بە تایبەت راپەڕینی وەرزێران لە گەڵ کۆنسوولی فەرانسە و تورکییە لە تەورێز راوێژی دەکرد بەڵام کۆنسوولی بریتانیا لە لایەن حکومەتی موسەدیق داخرا بوو. بەڵام دیارە کە ئینگلستان بایەخێکی زۆری دەدا بە بەرنامەی ئەرزیی موسەدیق. کاتێکی لایحەی سەدی بیست بڵاوبۆوە، سەفیری بریتانیا لە تاران دەست بە جێ لە ٤ی سپتامبری ١٩٥٢ وەرگێڕدراوەکەی بە ئینگلیسی بۆ ئەنتنی ئیدن، وەزیری دەرەوە، نارد و نوسخەی بۆ سەفیری ئینگلستان لە واشنگتن، سەرۆکی ئیدارەی بریتانیایی رۆژهەڵاتی نێوەراست لە فاید (میسر)، و ئیدارەیێکی بریتانیایی دی لە بەیرووت نارد.[٦٧] ئەوە پێشانی دەدا کە کێشەی وەرزێریی بۆ بریتانیاش، وەك ئەمریکا، تەنیا کێشەیێکی ناوخۆیی نەبوو، و گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی بوو. وێدەچێ کۆنسوولگەریی تورکییە و فەرانسەش لێکۆڵینەوە و گوزارشتیان هەبێ، و پێویستە ئەوانەش کەڵکیان لێوەربگیرێ. یەکێتی سۆڤیت نوێنەری تیجارەتی هەبوو و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باکۆ رۆژنامەی حەفتەیی و بەرنامەیێکی رادیۆیی بە تورکی و بە کوردییان بەڕێوە دەبرد. ئارشیوەکانی سۆڤیتیش کە ئێستا بەشێکی زۆری لە کۆماری ئازەربایجانە سەرچاوەیێکی گرینگن.

٥. رۆژنامە و گۆڤار: لە ساڵی ١٣٣٠ تا کوودێتای موردادی ١٣٣٢، رۆژنامە و گۆڤارێکی زۆر لە ئێران بڵاودەبۆوە و بزووتنەوە کۆمەڵییەکان و خەباتی چینایەتییان تا رادەیێك تۆمار کردووە. باسی راپەڕینی وەرزێرانی موکریانیش لەو رۆژنامانەدا دەکرا. رۆژنامەی سەربە محەمەد رەزا شا وەك دوو رۆژنامەی سەرەکی *اطلاعات* و *کیهان* وێڕای زۆر رۆژنامەی دی لە تاران و لە شارەکان لە دژی لایحەی ٢٠% و خەباتی وەرزێران دەیان نووسی، و رۆژنامەکانی "جبهه آزادی" کە هی حیزبی توودە و "جبهه ملی" بوون لایەنگریی خەباتی وەرزێرانیان دەکرد. لە گەڵ ئەوشدا هەم لە ئێران و هەم لە سەرانسەری دنیا دا کێشەی "ملی کردن صنعت نفت" ببوو بە کێشەی سیاسی سەرەکی و زۆربەی باسی چاپەمەنی و رادیۆ تەرخانی ئەو کێشەیە دەکرا، دیسان باسی لایحەکە و "ریفۆرمی ارضی" جێگەی خۆی هەبوو. ئەمریکا بە میللی کردنی نەفتی ئێرانێ رازی نەبوو و بەربەرەکانی دەکرد بەڵام ترسی زۆرتر ئەوە بوو کە پێوەندی نێوان بزووتنەوەی وەرزێران و کۆمۆنیسم ئاوری شۆڕش هەڵاییسێنێ. ئەو باسانە لە رۆژنامەکانی ئەمریکا و بریتانیا دەکرا و رۆژنامە کۆنەپەرستەکانی وڵاتی دی بە وەرگێڕاویی یان بە لێوەرگریی دووپاتەیان دەکردەوە. بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە، لە نێوان

ڕۆژنامەی دەرەوەی ئێران، *نیۆیۆرك تایمز* م هەڵبژارد كە لێكدانەوەكانی، وەك زۆربەی ڕۆژنامەی ئەمریكایی دیكە، لە ڕێبازی دەوڵەتی ئەمریكا لانادا.

ڕۆژنامەكانی یەكێتی سۆڤێتیش باسی خەباتی وەرزێرانیان دەكرد و سەرچاوەكەیان زۆرتر چاپەمنی حیزبی توودە و ڕۆژنامەكانی ئێران بوو. گۆڤاری *سەردەمی نوێ* كە بە چەند زمانان لە مۆسكۆ بڵاودەبووە لە نووسراوەیێك بە سەردێری "نائارامی وەرزێری لە ئێران: پێداچوونەوەی چاپەمەنی ئێران" باسی خەباتی جووتیارانی لە ئێران و كوردستان كرد بەڵام بەلای ڕاپەڕینی وەرزێرانی موكریاندان نەڕۆیشت.[٦٨] لێكدانەوەی چاپەمەنی سۆڤێت وەك بۆچوونەكانی حیزبی توودە بوو، و ئی حیزبی توودەش لە ڕێبازی سۆڤێت لای نەدەدا.


U. S. TO BROADCAST PROGRAM TO KURDS

Soviet Prods Albanians and Kurds In Moves to Gird Southern Flank

IRAN TO INSTRUCT PEASANTS BY RADIO

IRAN BATTLE HELD PREVENTIVE ACTION

Peasant Unrest in Iran

MOSSADEGH FACES REVOLT BY KURDS

**چەند نموونەی نووسین و لێكدانەوەی ڕۆژنامەكان سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێری و خەباتی چەكدارانە لە كوردستان**

ئێستە، ٦٥ ساڵ دوای ڕاپەڕین، باری ژیانی گوند و شار گۆڕاوە و پێوەندییە کۆمەڵییەکانی دەرەبەگیی ساڵانی ١٣٣٠ (١٩٥٠) لە ئارادا نەماون. وێڕای گۆڕانی پێوەندییە کۆنەکان، نیزامێکی چینایەتی دی – دەسمایە داری – وەڕێ کەوتووە وهێزی نوێی دی وەك كرێكار و ژن لە گۆڕەپانی مێژووی کوردستاندا سەریان هەڵێناوە. ڕاپەڕینی وەرزێران وەك ڕووداوێك کۆتایی هاتووە بەڵام لە بیری خەڵکی لادێی موکریان، و لە سیاسەت، مێژوونووسین، و دنیای فکرییدا ماڵی کردووە و لە داهاتووشدا، وەك لاپەڕەیێك لە خەباتی جیهانی لە دژی چەوسانەوە و زوڵم، نابڕێتەوە.

دیارە حەقیقەت لە مێشکی هیچ کەسدا هێلانەی نەکردووە، و لە ناکۆکی نێوان ڕاستی و ناڕاستی، وێك کەوتن و تێكهەڵچوونی بیروڕا، و جەدەل کردن دا دەردەکەوێ. لەو باسەی تا ئێستە کردوومە دیارە کە مێژوونووسینی ڕاپەڕینی وەرزیران دەستی پێکردووە، و وردەوردە ڕابردووی ئەو خەباتە لە بێدەنگی و تاریکایی مێژووی چینە دەسەڵاتدارەکان دێتە دەرێ. دەکرێ پەیدا بوونی نووسەمەنی دژی ڕاپەڕین وەك نیشانەی وەدەنگ هاتنی ئەو مێژوویە چاولێ بکەین. بەڵام نووسراوەی دژی ڕاپەڕین یارمەتی دەدا بە ڕوون کردنەوەی ئاڵۆزییەکانی ئەو خەباتە، بە تایبەتی، و پێچ و پەنای خەباتی چینایەتی، بە گشتی. خەباتی چینایەتی بریتیە لە خەباتی نێوان ئەو چینە کۆمەڵییانە کە بەرژەوەندییان پێکەوە ناگونجێ یان دژی یەك ترە. ئەو خەباتە بە شکڵی سەرەکیی ئابووری، سیاسی و ئیدەئۆلۆژی سەرهەڵدێنێ، و لە زۆر بواری دی دا وەك هونەر و کولتووریش لە ئارادایە. بەو پێیە، خەبات بۆ ڕزگاری لە زوڵمی نەتەوەیی شکڵێك لە خەباتی چینایەتییە کە چین و توێژی جۆراوجۆر، هەر کام بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان، بەشداریی تێدا دەکەن. مەسعوود محەمەد و ناسر عەلیيار خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی لە بەرامبەر یەك تر دا قوت دەکەنەوە، و دەیکەن بە دووبەرێتی بۆ ئەوەی پێوەندییەکانیان بشارنەوە، و یەکییان وەخۆبگرن و ئەوی دی وەلابنێن. ئەوان خەباتی چینایەتی، ئەو چەشنەی کە خۆیان تێی دەگەن، بە کردەوە یان پیلانی بیگانە دادەنێن و خەباتی نەتەوەیی لەگەڵ دەرەبەگێتی تێکەڵ دەکەن بۆ ئەوەی خۆماڵی بکەن. بانگەشە کردنیان بۆ ئاشتی چینایەتی، بە هەر بەهانەیێك بێ، لە ژێر ئاڵای دین یان نەتەوە، شکڵێك لە خەباتی چینی دەرەبەگە بۆ پاراستنی جێگە و پێگەی خۆی لە کۆمەڵ و لە مێژوو دا.

ئامانجێکی من لە پرۆژەی لێکۆڵینەوەی ڕاپەڕینی وەرزێران ئەوەیە کە بە وەدەستخستنی زانیاری پێویست و بە یارمەتی تیۆری و مێتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی ڕووناکایێکی زۆرتر بخەمە سەر ئەو خەباتە. هەر باسێکی ڕابردوو لە ئێستەدا دەکرێ و چاوی لە داهاتوویە. وەدیهێنانی ژیانێکی بێ چەوسانەوە و زوڵم بە بێ تێگەیشتنی نیزامی چینایەتی سەرناکەوێ. ئەوە ئاشکرایە کە چینی وەرزێر خەباتەکەی عادڵانەیە بەڵام ئەگەر لەو خەباتەش دا سەربکەوێ، نیزامی چینایەتی پێ سەرنخوون

ناکرێ، و تەنیا دەتوانێ نەزمی دەرەبەگی تێك بدا و پێوەندی سەرمایەداری لە باتی دامەزرێنێ. پرۆژەی خوڵقاندنی دنیایێکی بێ چەوسانەوە و زوڵم پێویستی بە تیۆری و سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی چینێکی دی هەیە کە نە بە زەوی بەستراوەتەوە نە بە موڵك و موڵکایەتی و بێجگە لە هێزی کاری خۆی هیچی نییە – چینی کرێکار. خەبات بۆ داهێنانی دنیای نوێ کە لە کۆمۆنی پاریس لە ١٨٧١ دا دەستی پێکرد و لە شۆڕشی رووسیە لە ١٩١٧ و لە شۆڕشی چین لە ١٩٤٩ دا درێژەی پێ درا سەرباقی دەستکەوتی زۆر سەرنەکەوت. ئەرکی ئەوڕۆ تێگەیشتنی ئەو ئەزموونانە و پێشکەوتن لە بواری تێۆرییە. بەڵام تێۆری مارکسیستی کە ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵی بێ چینە تووشی دامان و پاشەکشە بووە و تا خۆی هەڵ نەتەکێنێ و بە رادەیێکی بەرزتر لە ئاگاهی تێۆری نەگا لە باری باوی چینایەتی دا دەخولێتەوە. ئەو راتەکاندنە دەستی پێ کردووە.[٦٩]

**سەرچاوەکان**


انصاری، صادق (د. برزگر). *از زندگی من: پا به پای حزب توده ایران*. لس آنجلس: نشر کتاب، چاپ اول، پاییز ١٣٥٧ (١٩٩٦).

بایەزیدی، مەلا مەحموود. *عادات و رسوماتنامه اکرادیه*. مسکو: اکادمیا علمی یا تفاقا شوری، نشر خانا ادبیتا روهلاتی،١٩٦٣.

بلووریان، غەنی. *ئاڵەکوك: بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم*. ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧.

بێ ناو. "(خەبەریکی گەورە) ئەری راستە؟!"*کوردستان* ١ (١٥ سەرماوەز (آذر)) ١٣٢٤ (١٩٤٥): ل١٧ .

بێ ناو. "بو زانین. "*کوردستان* ٢ (٣٠ سەرماوەز ١٣٢٤ (١٩٤٥)): ٢٠.

بێ ناو. "راپەڕینی وەرزێران. "*کوردستان* ٢٣ (رێبەندانی ١٣٥١ (فیۆریەی ١٩٧٣)): ١، ٣

"بیاننامەء دومین کنگرەء حزب دمکرات کردستان"، *سوسیالیسم* (ارگان جامعەء سوسیالیستهای ایرانی در اروپا)، دوره دوم، شماره ٥، آبان ١٣٤٤ (نوامبر ١٩٦٩).

*گذشته چراغ راه آینده است: تاریخ ایران در فاصله دو کودتا ١٢٩٩ -١٣٣٢* . تهران: انتشارات ققنوس، ١٣٧٧(١٩٩٨).

حزب توده ایران، *چهل و پنج سال پیکار خستگی ناپذیر در راه سازماندهی و رهائی دهقانان ایران*، چاپ اول، مهرماه ١٣٦٦ (١٩٨٧).

حسامی ،کەریم. *لە بیرەوەریەکانم: بەرگی یەکەم: لە مندالیەوە تا ساڵی ١٩٥٧* . ئووپسالا: وەشانێن ژینا نوو، ١٩٨٦.

---. *پێداچوونەوە*. بەرگی دووەم. سوید: چاپخانەی کتێبی هەرزان، ١٩٩٧.

خانی، احمد. *مم و زین*. تێکستا کریتیك. م. ب. رودنکو (ترجما و پیشنجر). مسکو: اینسیتوی ملتید آسیا، آکادمیا علمی یا تفاقا شوری، نشرخانا ادبیتا روهلاتی، ١٩٦٢.

سوڵتانی، ئەنوەر. "ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوەچەی فەیزوڵابەگی" گزینگ ٣٦ (پاییزی ٢٠٠٢(١٣٨١): ٤٦–٤٩.

---- ، نووسین و وەرگێر. " بەڵگەنامەیەك' سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی بۆکان، "گزینگ ٣٨ (بەهاری ٢٠٠٣): ٣٧.

گلاویژ، علی. *مناسبات ارضی در کردستان (فروپاشی نظام عشیرەای)*. چاپ اول. تهران: انتشارارت روزبە، ١٣٦١.

عەبدوڵا، سالار سیامەند. *دەروازەیەك بۆ ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ١٩٥٣ زایینی*. هەولێر، کەرکووك: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٦.

عەسری، عومەر. "ڕاپەڕینی وەرزێران لە ناوچەی موکریان. "گزینگ ٣٧ (زستانی ٢٠٠٣): ٣٤-٣٧.

عەلیار، ناسر. *ڕەخنە لە سەر کتێبی بۆکان لە سەدەی بیستەم دا*. بۆکان،١٣٩١ (٢٠٠٢).

فەتاحی قازی، خەلیل. *کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی*. وەرگێر و ئامادەکار حەسەنی قازی. هەولێر: ئاراس، ٢٠٠٩.

قاسملو، عەبدالرحمن. *کوردستان و کورد: لێکۆڵینەوەیێکی سیاسی و ئابووری*. وەرگێر عبدالله حسن زادە. بنکەی پێشەوا، ١٣٥٢ (١٩٧٣).

---. *چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی*. چاپی یەکەم. فەسڵی سێهەم ١٣٢٦–١٣٣٢، کومیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستامی ئیران، ١٣٧٠ (١٩٩١).

گادانی، جەلیل. *٥٠ ساڵ خەبات: کورتە مێژوویەکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران*. بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان. ژ ١٣٤. بێ تاریخ.

*گۆران، عەبدوڵلا. دیوانی گۆران*. بەرگی یەکەم. کۆکردنەوەی محەمەدی مەلا کەریم. بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠.

لوتا، ریموند. *تاریخ واقعی کمونیسم*. ترجمه منیر امیری. حزب کمونیست ایران (م.ل.م.)، ١٣٩٤ (٢٠١٥).

مان، ئۆسکار. *تحفەء مظفریە بە زمانی کوردی موکری*. پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەوە سەر رێنووسی کوردی، هێمن موکریانی. بەشی دووەم. بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥.

محەممەدیان، رەحمان. *بۆکان لە سەدەی بیستەم دا*. بەرگی یەکەم. تهران: کوله پشتی، ۱۳۸۹ (۲۰۱۰).

---. *بۆکان لە سەدەی بیستەم دا: مێژوو، سیاسەت، فەرهەنگ، ئەدەب*. بەرگی دوو. تهران: کوله پشتی، ١٣٩٤ (٢٠١٥).

محەمەد، مەسعوود. *بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوێیەك بێت*، بەغدا: دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە ١٠٢، ١٩٨٤.

مکری، محمد. "انواع عوارض و مالیاتهای غیر دولتی و مراسم تحمیلی عدهای از مالکین در دهات کردستان،" *بغستان*. سال اول، شماره اول، آذرماه ١٣٣١، ص ١٧-٣٥.

مەلا یەحیا، رەشاد. *ژان و ژیانی جووتیارانی دەشتی هەولێر: ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣*. سلێمانی: چاپەمەنی گەنج، ٢٠٠٦.

هێمن. *تاریك و روون*. بنکەی پێشەوا (ژمارە ٥)، ١٣٥٣ (١٩٧٤).

Anonymous. “One cure for communism,” *New York Times*, August ١٤, ١٩٥٢.

Anonymous. “Iran bears down on landlord levy,” *New York Times*, September ٩, ١٩٥٢.

Batatu, Hanna. *The Old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq*. Princeton, NJ: Princeton University Press, ١٩٧٨.

Eagleton, Terry. *Ideology: An Introduction*. London: Verso, ٢٠٠٧.

Ghassemlou, Abudl Rahman. *Kurdistan and the Kurds*. Miriam Jelínková (trans. from Czech into English). Prague: Publishing House of the Czechoslovak Academy of Sciences and London: Collet’s ]Publishers[ Ltd., ١٩٦٥.

A. Gukovsky and O. Trachtenberg, *History of Feudalism* (Moscow: State Textbook Publishing House, ١٩٣١), p.٧٦.

Marx, Karl. *Capital.* Vol. ٣. Moscow: Progress Publishers, ١٩٨٦.

Meiselas, Susan. *Kurdistan in the Shadow of History*. New York: Random House, ١٩٩٧.

Mokhammedov, K. “Peasant unrest in Iran: Iranian press review,” *New Times*, No. ٣, January ١٤, ١٩٥٣.

Mokri, Mohammad. “Taxes et impôts non gouvernementaux: Charges illégales imposées par des propriétaires au Kurdistan.” *Journal Asiatique*, Numéro ١ (١٩٩٨): ٨٥-١٢٥.

Mr. Middleton )British Ambassador, Tehran) to Mr. Eden. “Decree concerning rural development and the peasants’ share of crops,” in *British Documents on Foreign Affairs: Reports and Papers from the Foreign Office Confidential Print*. Part V, From ١٩٥١ through ١٩٥٦, Series B: Near and Middle East, ١٩٥٢, Volume ٣, Afghanistan, Persia, Turkey and Iraq, ١٩٥٢, LexisNexis.

Perks, Robert and Thomson, Alistair. *The Oral History Reader*. London: Routledge, ١٩٩٨.

Scott, James. *Weapons of the Weak: Everyday Forms of Peasant Resistance*. New Haven: Yale University Press, ١٩٨٥.

Thompson, Paul. *The Voice of the Past: Oral History*. Oxford: Oxford University Press, ٢٠٠٠.

Сеидов, Р.А. *Аграрный вопрос и крестьянское движение в Иране (1950-1953гг.)*. Баку, ١٩٦٣г.

[١] ئەو نووسراوە لە *دەروازە* *Derwaze*، ژمارەی ١، ٢٠١٦، بە ئەلفوبێی لاتینی، بڵاو بۆتەوە.

[٢] احمد خانی، *مم و زین*. تێکستا کریتك، ترجما و پیشنجر. م. ب. رودنکو (مسکو: اینسیتوی ملتید آسیا، آکادمیا علمی یا تفاقا شوری، نشرخانا ادبیتا روهلاتی، ١٩٦٢).

[٣] مەلا مەحموود بایەزیدی، *عادات و رسوماتنامه اکرادیه*. ترجما. م. ب. رودنکو (مسکو: اکادمیا علمی یا تفاقا شوری، نشر خانا ادبیتا روهلاتی، ١٩٦٣).

[٤] لە بیست ساڵی رابردوو دا، چەند باسی بزووتنەوەی وەرزێران لە کوردستانی باشوور بڵاو بۆتەوە. بۆ وێنە بڕوانە: رەشاد مەلا یەحیا، *ژان و ژیانی جووتیارانی دەشتی هەولێر: ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣* (سلێمانی: چاپەمەنی گەنج، ٢٠٠٦)؛ سالار سیامەند عەبدوڵا، *دەروازەیەك بۆ ڕاپەڕینی*

جوتیارانی دەشتی هەولێر ١٩٥٣ زایینی (هەولێر، کەرکووك: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٦).

[٥] هێمن، *تاریك و روون*، (بنکەی پێشەوا، ١٣٥٣ (١٩٧٤))، ٣٨.

[٦] هێمن، تاریك و روون، ٣٩.

[٧] ئەو زوڵمە بە لاتینی پێی دەڵێن jus primae noctis (بە فەرانسەیی droit du seigneur) لە چەند جێی کوردستان لە ئارادا بووە و تۆمارکراوە. بۆ نموونەیێکی موکریان، بڕوانە رەحمان محەممەدیان، *بۆکان لە سەدەی بیستەمدا: مێژوو، سیاسەت، فەرهەنگ، ئەدەب* (تهران: کولەپشتی، ١٣٩٤ (٢٠١٥))، ب ٢؛ ٣٧-٣٨.

[٨] جامی، *گذشته چراغ راه آینده است: تاریخ ایران در فاصله دو کودتا ١٢٩٩-١٣٣٢* (تهران: انتشارات ققنوس، ١٣٧٧ (١٩٩٨))، ٣٢٧-٣٣٨.

[٩] بۆ زانیاری سەبارەت بەو باسە بڕوانە: خەلیلی فەتاحی قازی، *کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی*. وەر. و ئامادەکار. حەسەنی قازی (هەولێر: ئاراس، ٢٠٠٩)، ١٤١-١٤٢. هەر وەها بڕوانە: "(خەبەریکی گەورە) ئەری راستە؟!،"*کوردستان* ١ (١٥ سەرماوەز (آذر) ١٣٢٤ (١٩٤٥)): ١٧؛ "بۆ زانین،"*کوردستان* ٢ (٣٠ سەرماوەز (آذر) ١٣٢٤ (١٩٤٥)): ٢٠.

[١٠] د. موسەدیق بۆ ئەوەی ریفۆرمەکانی زوو جێ بە جێ بکا و نوێنەرە کۆنەپەرستەکانی مەجلیس وەدوای نەخەن یان پێشی پێ نەگرن، لە ٩ ی موردادی ١٣٣١ دا داوای "اختیارات"ی بۆ ماوەی شەش مانگان کرد هەتا خۆی بتوانێ لایحەکان پەسند بکا و بەڕێوەیان بەرێ.

[١١] مەجلیس ئەو دوو لایحانەی زووتر، لە ٢٢ مورداد ١٣٣١ دا (١٣ ئووتی ١٩٥٢)، پێکەوە پەسەند کردبوون و بەو چەشنە خەبەرەکەی زووتر لە ١٤ میهر (٦ ئۆکتۆبری ١٩٥٢) و ٣٠ ئازەر (٢١ دیسامبری ١٩٥٢) گەیشتبووە گوندەکان. مەتنی دووەمی لایحەکان زۆرتر بە لای وەرزێران دا دەشکاوە.

[١٢] عومەر عەسری، "راپەڕینی وەرزێران لە ناوچەی موکریان،"*گزینگ* ٣٧ (زستانی ٢٠٠٣): ٣٥.

[١٣] هەواڵنێری *نیوویۆرك تایمز* لە تارانێ لە ٨ سیپتامبری ١٩٥٢ (١٨ شەهریوەری ١٣٣١) نووسی: "گوزاریشی پشت پێ بەستراو هەیە سەبارەت بە جیاوازیی بیروڕا لە سفارەتخانەی ئەمریکا سەبارەت بە کێشەی دەرەبەگیی (landlordism). وا زاندراوە کە بەعزە ئەندامێکی کاربەدەستانی سفارەت هەست دەکەن کە دەرەبەگان چوارچێوەی مەوجوودی کۆمەڵ دەنوێنن و زەمانەتی سەرەکین لە دژی پەرەگرتنی کۆمۆنیسم، کە چی ئەوانی دی بڕوایان بە وەیە کە پێکهێنانی [چینی] وەرزێری سەربەخۆ [ئەرکێکی] بنچینەییە... ئیستیدلالێکی دیپلۆماتیی پەسندکراو ئەوەیە کە کۆمۆنیستان دەتوانن شوورای دێ بکەن بە ئامرازی پێشەوە چوونیان لە نێو وەرزێران دا. ئەو بۆچوونە دیپلۆماتییە بە تایبەت لە نێو گەنجە پێشکەوتنخوازەکانی تارانێ سەرنجی لێ دراوە، و تا رادەیێك برەویی ئەو باوەڕە دەگەیێنێ کە ئەمریکاییەکان 'کۆنەپەرست و ئیمپریالیستیین'".

“Iran bears down on landlord levy,” *New York Times*, September ٩, ١٩٥٢, ٧.

[١٤] "بیاننامەء دومین کنگرەء حزب دمکرات کردستان"، *سوسیالیسم* (ارگان جامعەء سوسیالیستهای ایرانی در اروپا)، دورە دوم، ش ٥ (آبان ١٣٤٤ (نوامبر ١٩٦٩))، ٤٦-٥٣.

[١٥] "بیاننامەء دومین کنگرەء حزب دمکرات کردستان،" ٥١.

[١٦] هەمان سەرچاوە، ٤٧.

[١٧] هەمان سەرچاوە، ٥١.

[١٨] حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەو رۆژنامەیە بە بڵاوکراوەی رەسمی خۆی دانانی.

[١٩]*كونگرەی سێهەمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان (ئێران) ڕەزبەری ١٣٥٢-سیپتامبری* ١٩٧٣ (بێ جێگەی بڵاوکرنەوە، بێ تاریخ)، ١٧.

[٢٠] "ڕاپەڕینی وەرزێران،"*کوردستان* ٢٣ (ڕێبەندانی ١٣٥١ (فیۆریەی ١٩٧٣)): ١، ٣.

[٢١] جەلیل گادانی، *٥٠ ساڵ خەبات: کورتە مێژوویەکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران* (چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان، بێ تاریخ(، ب ١؛ ٨١-٨٣؛ غەنی بلووریان، *ئاڵەکۆك: بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم* (ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧)، ١١٩-١٢٤.

[٢٢] کەریمی حسامی، *لە بیرەوەریەکانم: بەرگی یەکەم: لە منداڵیەوە تا ساڵی ١٩٥٧* (ئوویسالا: وەشانێن ژینا نوو، ١٩٨٦)، ٢٠٦-٢١٨؛ کەریم حسامی، *پێداچوونەوە* (سوید: چاپخانەی کتێبی هەرزان، ١٩٩٧)، ب ٢؛ ٨٥-٩١.

[٢٣] Abudl Rahman Ghassemlou, *Kurdistan and the Kurds*, trans. Miriam Jelínková (Prague: Publishing House of the Czechoslovak Academy of Sciences, ١٩٦٥ and London: Collet's ]Publishers[ Ltd., ١٩٦٥), ١٧٧.

[٢٤] Ghassemlou, *Kurdistan and the Kurds*, ٢٨٠-٢٩٣.

[٢٥] عەبدالرحمن قاسملو،*کوردستان و کورد: لێکۆڵینەوەێکی سیاسی و ئابووری*, وەر. عبدالله حسن زادە )بنکەی پێشەوا، ١٣٥٢ (١٩٧٣))، ٢٨٠-٢٩٣.

[٢٦] قاسملو،*کوردستان و کورد*، ٣١١ (٢٣٩ لە مەتنی ئینگلیسی دا).

[٢٧] بلووریان لە*ئاڵەکۆك* دەنووسێ: "لە کۆمیتەی بۆکانەوە ئاگارداریان کردین خەریکە لە بۆکان و دەورووبەری ڕووداوێکی دڵتەزێن دەخوڵقێ. جووتیارەکان لە بەشێك لە گوندەکان دا دەیانەوێت دژی دەرەبەگەکان ڕاپەڕن. ئێمەی کۆمیتەی مەهاباد [ح.د.ك.] کۆ بووینەوە تا ڕێگا چارەیەك بۆ پێشگیری

کردن لە توندوتیژبوونی ڕووداوەکە بدۆزینەوە. بڕیار درا بچینە بۆکان و بە شێوەیەك شکڵی سیاسی بە ڕاپەرینەکە بدەین و بە جووتیارەکان بسەلمێنین بۆ وەرگرتنی قەباڵەی مڵکەکانیان بچن لە تیلیگرافخانەی بۆکان مان بگرن و خەڵکی بۆکانیش بە داکۆکی کردن لە ئەوان دووکان و بازاڕ داخەن." (١٢٠)

[٢٨] عبدالرحمن قاسملوو، *چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی*، فەسڵی سێهەم. ١٣٣٢-١٣٢٦. چاپی یەکەم (کومیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستامی ئیران، ١٣٧٠ (١٩٩١))، ٦٣-٦٦.

[٢٩] ئەنوەر سوڵتانی، "ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ی خەڵکی بۆکان و وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵابەگی،"گزینگ ٣٦ (پاییزی ٢٠٠٢ (١٣٨١)): ٤٦-٤٩.

[٣٠] قاسم ئاغای ئیلخانی زادە بە شای دەڵێ: "... ژمارەیەك لە شادۆستانی بنەماڵەی ئیلخانیزادە، بنەماڵەی عەلی یار، تایفەی قارەمانی، تایفەی عەبباسی، مەحموودی شێخ ئاغایی و تایفەی زولفەقاری، پەیمانی مردنمان بەست و دەست بە کار بووین. بە ڕاپەڕینێك بۆکان و دەوروبەریمان لە ماوەیەکی کەمدا گرتەوە، خاینان و لادەرانمان سەرکوت و پەرش و بڵاو کرد، ئاغاوەتی هەڵاتوومان گەڕاندەوە شوێنی خۆیان و پیلانی خەیانەتکارانمان هەڵوەشاندەوە. ئیتر بە کەرەمی خودا، کوردستانی لە دەست چوو سەر لە نوێ ڕزگار کرایەوە"، بڕوانە ئەنوەر سوڵتانی، نووسین و وەر.،"'بەڵگەنامەیەك' سەبارەت بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی بۆکان،"گزینگ ٣٨ (بەهاری ٢٠٠٣): ٣٧.

[٣١] عومەر عەسری، "ڕاپەڕینی وەرزێران،" ٣٥.

[٣٢] حزب توده ایران، *چهل و پنج سال پیکار خستگی ناپذیر در راه سازماندهی و رهائی دهقانان ایران*. چاپ اول (مهرماه ١٣٦٦ (١٩٨٧))، ٥٤، ٥٧، ٦٤، ٦٩-٦٨؛ صادق انصاری (د. برزگر)، *از زندگی من: پا به پای حزب توده ایران*. چاپ اول (لس آنجلس: نشر کتاب، ١٣٥٧ (١٩٩٦))، ٢١١-٢١٤.

[٣٣] P.A. Сеидов, *Аграрный вопрос и крестьянское движение в Иране (1950-1953гг.)*. Баку, ١٩٦٣г.

[٣٤] ئەو کتێبە لە پێشدا بە تورکی ئازەربایجانی لە ١٩٥٥ دا لە باکۆ بڵاوبۆتەوە، و وا دیارە نووسەر خۆی کردوویە بە فارسی: علی گلاویژ، *مناسبات ارضی در کردستان (فروپاشی نظام عشیرەای).* چاپ اول (تهران: انتشارارت روزبە، دی ماه ١٣٦١ (١٩٨٢)).

[٣٥] A. Gukovsky and O. Trachtenberg, *History of Feudalism* (Moscow: State Textbook Publishing House, ١٩٣١), p.٧٦.

[٣٦] Susan Meiselas, *Kurdistan in the Shadow of History* (New York: Random House, ١٩٩٧), ٢١٢-٢١٣.

کاتێکی سووزان مایسێلاس خەریکی دانان و داهێنانی ئەو کتێبە بوو، من یەکێك لەوانە بووم کە داوای لێ کردم بۆ باسی مێژووی کوردستان و دیتنەوەی وێنە یارمەتی بدەم. پێم راگەیاند کە مێژووی گەلی کورد هەر بەسەرهاتی ئاغاوەت و شێخ و حاکم و خان و ئەمیران نییە و مێژووی خەباتی چینایەتی کرێکار و وەرزێر و زەحمەتکێش و ژنانە. نموونەی راپەرینی وەرزێرانم بۆ گێراوە و گوتی "باشە، بەڵام من مێژووی وێنەیی کوردستان دادەنێم، وێنەکانی [ئەو راپەرینە] لە کوێن؟" دیارە خۆی دەیزانی کە لە وڵاتێکی وەك کوردستان تیکنۆلۆژی وەك گرامافۆن و وێنەگریی و فیلم وەدەست وەرزێر و کرێکار و ژن نەدەکەوت. من کۆپی بەڵگەیێك لە گوزاریشەکانی کونسوولی ئەمریکا لە تەورێز (سەبارەت بە راپەڕین) م دایە و ئەویش وێنەی جووتیارێکی کە خەریکی زەوی کێڵان بوو هەڵ بژارد. دوو سەرچاوەی دیش (هێمن و ویلچێفسکی) م دایە کە لەگەڵ وێنەکان بڵاوی کردەوە. هەروەها پێشنیارم پێ کرد محمد موکری لە پاریس ببینێ و وتووێژی لەگەڵ بکا و، ئەگەر ئیجازە بدا، لە ئارشیوی وێنە و بەڵگەی وی کەڵك وەربگرێ. من داوام لە سووزان کرد کە لێی بپرسێ بۆچی حکوومەتی موسەدیق لایحەی ٢٠% ی پەسەند کرد. موکری وەڵامی دابۆوە بەڵام بەو شەرتەی کە بە دەنگ تۆماری نەکا. من لە ١٩٩٧ لە نامەیێك دا ئەو پرسیارەم لە موکری کرد بەڵام وەڵامی نامەکەمی نەداوە.

[٣٧] محمد مكری، "انواع عوارض و مالیاتهای غیر دولتی و مراسم تحمیلی عده‌ای از مالکین در دهات کردستان،" *بغستان* اول، ش ١ (آذرماه ١٣٣١ (دیسامبری ١٩٥٢)): ١٧-٣٥. نووسەر لە ١٩٩٨ دا، ئەو نووسراوەی بە زمانی فەرانسەیی بڵاوکردەوە:

Mohammad Mokri, “Taxes et impôts non gouvernementaux: Charges illégales imposées par des propriétaires au Kurdistan,” *Journal Asiatique* ٢٨٦, no. ١ (١٩٩٨): ٨٥-١٢٥.

[٣٨] رەحمان محەممەدیان، *بۆکان لە سەدەی بیستەم دا* (تهران: کوله پشتی، ١٣٨٩ (٢٠١٠))، ب ١: ٨٩-١٦٢.

[٣٩] ناسر عەلی‌یار، *رەخنە لە سەر کتێبی بۆکان لە سەدەی بیستەم دا* (بۆکان، ١٣٩١ (٢٠٠٢)).

[٤٠] رەحمان محەممەدیان، *بۆکان لە سەدەی بیستەم دا: مێژوو، سیاسەت، فەرهەنگ، ئەدەب* (تهران: کوله پشتی، ١٣٩٤ (٢٠١٥))، ب ٢: ٥٠-٩٢.

[٤١] وشەگەلی زانیاری، دادە و فاکت لە رووی مەعناوە، لێك نزیك بەڵام جیاوازن. لەو نووسراوە دا، ئەو وشانە بە مەعنای گوتنێك سەبارەت بە رووداوێك، شتێك، کەسێك، یان جێگەیێك دەکار دێنم کە بکرێ راستییەکەی بسەلمێنی، بۆ وێنە "ئاغاوەت لە ٢٢ی ئیسفەندی ١٣٣١ (١٣ مارسی ١٩٥٢) هێرشیان بردە سەر بۆکان" دەکرێ وەك "فاکت" یان "دادە" دابندرێ چونکە لە بیرەوەری خەڵکی بۆکان، نامەی ئیدارەیی، و هەواڵی رۆژنامە و بەڵگەی دی دا تۆمار کراوە و راستییەکەی ئینکار ناکرێ، بەڵام لە لێکدانەوەی ئەو فاکتە دا بۆچوونی جیاواز دێتە گۆڕێ. وشەی "دادە" (لە کرداری "دادن") لە فارسی دا باو بووە، و لە کوردی دا دەکرێ بە پێوانەی ئەو وشەیە لە ئینگلیسی و فارسی دا، "دراو" (لە کرداری "دان") دابنێین، بەڵام "دراو" مەعنای "پارە" یان "پووڵ"یشی هەیە و تا ئیستا بە مەعنای "دادە" دەکار نەهاتووە.

[٤٢] ئەنوەر سوڵتانی، "'بەڵگەنامەیەك'،" ٣٥. ئەحمەدی شەریفی ئەودەمی لە ئێران دەژیا و سوڵتانی بۆ ئەوەی بیپارێزێ نێوی نەهێناوە.

[٤٣] عەبدوڵا لە *دەروازەیەك بۆ ڕاپەڕین* لە باسی کۆکردنەوەی زانیاری بە وتوووێژ دەڵێ گەلێ کەس "بیانوویەکیان دەدۆزییەوە بۆ خۆ قوتارکردن. دووکەس لەوانە کە لە جوتیارە چالاکەکانی ڕاپەڕین بوو[ن] دوای مانگێك هێنانوبردن ئینجا وتیان بە بڕیاری (حیزبی شیوعی عێراق) نابێ زانیاریت پێبدەین، چونکە نیازیان وایە خۆیان لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەن. لە کاتێکدا دەبوایە ئەوان لە دوای شۆڕشی (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨)وە زانیاریان کۆبکردایەوە کە هەم بوارێکی چاکیان بۆ ڕەخسا بوو، هەم ڕاپەڕینەکەش تازە (٥) ساڵی بە سەردا تێپەڕیبوو." (٧-٨)

[٤٤] مەسعوود محەمەد، *بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوییەك بێت* (بەغدا، ١٩٨٤)، ١١٢-١٢٨.

[٤٥] محەمەد، بۆ ئەمیری حەسەنپوور، ١٢٣.

[٤٦] بۆ باسێکی ئیدەئۆلۆژی بڕوانە:
Terry Eagleton, *Ideology: An Introduction* (London: Verso, ٢٠٠٧).

[٤٧] Hanna Batatu, *The Old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq* (Princeton, NJ: Princeton University Press, ١٩٧٨), ٥٨.

[٤٨] Batatu, *Social Classes,* ٦١٤.

[٤٩] ناسر عەلیyar، *ڕەخنە لە سەر*، ٢٨-٢٧.

[٥٠] هەمان سەرچاوە، ٥٤.

[٥١] هەمان سەرچاوە، ٥٣.

[٥٢] هەمان سەرچاوە، ٥٤.

[٥٣] هەمان سەرچاوە، ٢٣.

[٥٤] هەمان سەرچاوە، ٢٣، ٣٧.

[٥٥] هەمان سەرچاوە، ٤٤.

[٥٦] هەمان سەرچاوە, ١٣.

[٥٧] هەمان سەرچاوە، ٣٦-٣٨ و١٣.

[٥٨] عەبدوڵلا گۆران، *دیوانی گۆران*. کۆکردنەوە. محەمەدی مەلا کەریم (بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠)، ب ١؛ ٤١.

[٥٩] Karl Marx, *Capital,* vol. ٣ (Moscow: Progress Publishers, ١٩٨٦), ٨١٧.

[٦٠] باسی ریفۆرمی ئەرزیی سەرمایەداری و کۆمۆنیستی تەنانەت لە ئامرازی راگەیاندنی گشتی ئەمریکاش دا دەکرا. بۆ وێنە، رۆژنامەی نیوو *یۆرك تایمز* ریفۆرمی سەرمایەداری وەك "عیلاجێك بۆ کۆمۆنیسم" باس کرد:
“One cure for communism,” *New York Times*, August ١٤, ١٩٥٢, ٢٢.

[٦١] James Scott, *Weapons of the Weak: Everyday Forms of Peasant Resistance* (New Haven: Yale University Press, ١٩٨٥).

[٦٢] دیوانی گۆران، ٥٩.

[٦٣] ئۆسکار مان، *تحفهء مظفریه به زمانی کوردی موکری*. پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردی. هێمن موکریانی. بەشی دووەم (بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥)، ١١٩.

[٦٤] ئۆسکار مان، *تحفهء مظفریه*، ٢٦٧.

[٦٥] هەمان سەرچاوە، بەشی یەکەم، ١٣٩.

[٦٦] Paul Thompson, *The Voice of the Past: Oral History* (Oxford: Oxford University Press, ٢٠٠٠); Robert Perks and Alistair Thomson, *The Oral History Reader* (London: Routledge, ١٩٩٨).

[٦٧] Mr. Middleton (British Ambassador, Tehran) to Mr. Anthony Eden (Secretary of State for Foreign Affairs). "Decree concerning rural development and the peasants' share of crops," *British Documents on Foreign Affairs: Reports and Papers from the Foreign Office Confidential Print*. Part V, From ١٩٥١ through ١٩٥٦, Series B: Near and Middle East, Vol. ٣, Afghanistan, Persia, Turkey and Iraq (LexisNexis, ١٩٥٢), ١٠٣-١٠٤.

[٦٨] K. Mokhammedov, "Peasant unrest in Iran: Iranian press review," *New Times* ٣, January ١٤, ١٩٥٣, ١٦-١٩.

[٦٩] بۆ لێکدانەوەی بەسەرهاتی تیۆری کۆمۆنیسم لە سەدەی نۆزدەوە تا ئێستە و ئەو خەباتەی کە ئێستە لە پێشە بڕوانە: ریموند لوتا، *تاریخ واقعی کمونیسم*. ترجمه. منیر امیری (حزب کمونیست ایران (م.ل.م.)، ١٣٩٤ (٢٠١٥)

**تێبینی: ئەو بابەتە لە ژمارە ١ی گۆڤاری دەروازە، مەی ٢٠١٧ بە ئەلفوبێی لاتینی بڵاو بووەتەوە**

**پەیوەست**

مامۆستا!

وێڕای سڵاو زۆر خۆشحاڵ بووم بەتەلەفۆن قسەمان کرد.هیوادارم ساخ و بەکەیف بی. بابەتەکەم خوێندەوە لە خوارەوە چەند سەرنجێکی تێکنیکی هەیە بۆت دەنووسم!

١-لەشوێنێك عەلی گەلاوێژ وەك ' یەکێك لە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی توودە' ناسێندراوە. ئەمن پێم وایە ' یەکێك لە بەڕێوەبەرانی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان و حیزبی توودە' دروستتر بێ. ڕاستە لە ساڵی ١٩٤٧ وە بۆ ماوەی ١٣-١٤ ساڵ لە ڕۆژنامەی' آذربایجان' ی فیرقە دا ئەو و چەند کەسی دی ' کوردستان ' ێکی یەك لاپەڕەییان وەك ئۆرگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بڵاو کردووەتەوە. بەڵام نازانین لەو سەروبەندی دا پێوەندییان چۆن بووە لەگەڵ ئەوانەی لە ناوخۆی ووڵات بە ناوی دێمۆکرات دەستیان بە چالاکی کردووەتەوە. بە مانایەك تەواو مافی ئەوەیان هەبووە بە ناوی دێمۆکرات کار بکەن ، چونکە پاشماوەی کۆمار بوون و کار بەدەستانی حکوومەتی ئازەربایجان یش ئاوایان ناسیون. بەڵام بە ساڵانی درێژ عەلی گەلاوێژ و ڕەحیم قازی لە ڕێبەرایەتی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان دا بوون ، دیارە عەلی گەلاوێژ بۆ ماوەیەکی درێژتر و لە جەریانی یەکگرتنەوەی فیرقە و حیزبی توودەش دا ئەو لەگەڵ بووە و دوای شۆڕشی ئێرانیش وەك یەك لەڕێبەرانی حیزبی توودە لە موهاجەرەت ڕا گەڕاوەتەوە.

٢-لەو شوێنەی باسی دوکتور محەمەد موکری [ محەمەدی کەیوانپوور ] دەکرێ، بەجێیە باسی کار کردنی لە فەرهەنگی مەهاباد لە ساڵی ٢٣-١٣٢٤ ی هەتاوی و بەر لە ڕاگەیاندنی کۆماریش بکرێ. من لە جێی دیش نووسیومە، لە سەردانێکی موکری لە پاریس لە ساڵی ١٩٧٢ یان ١٩٧٣ ، کۆمەڵە وێنەیەکی پێشان دام کە لەکاتی ئیجرای ' دایکی نیشتمان ' هاوینی ١٣٢٤ لە مەهاباد هەڵی گرتبوو.نازانم بە نەمانی ئەوانە لە ئارشیڤەکەی دا ماون یان نا؟

٣-وەك ' شارۆچکە ' باسی بۆکان کراوە، ئەوە ئەگەر ئاماژە بێ بە سەردەمی بزووتنەوەی جووتیاران دروستە، بەڵام بۆ ئێستا دەست نادا ، ودیارە وەکوو دیکەش بۆکانییەکان لەو ڕووەوە حەساسن ئەگەرکەسێکی سابڵاغی بە ' شار' ەکەیان بڵێ شارۆچکە.دەگێڕنەوە لە ئاخر و ئۆخری حوکمی حەمە ڕەزا شای پەهلەوی کاتێك زیندانی سیاسی ئازاد دەبن و بەرەو شارەکانی خۆیان دێنەوە کاروانی ماشێنی هێندێکیان بە ناو بۆکان دا تێ دەپەڕێ و لەو دەمە دا کابرایەکی سابڵاغی کە شەش

دانگ مەست دەبێ دەچێتە سەر بانی یەکێك لە خانووەکانی ناو جادەی سەرەکی بۆکان و دەیەوێ لە خۆشی ئازادی زیندانیان خۆی لە سەر بانی ڕا بەر داتەوە و هەموو جارێ پڕ بە دەمی هاوار دەکا ' ئەی ئەهالی شەرافەتمەندی بەخشی بۆکان ' یانی بەوحاڵەش وەك سابڵاغییەك بۆکان هەر بە ' بخش ' دا دەنێ!

٤-لە باسی جیاوازی نێوان بزووتنەوەی حاجی قاسم کەریمی و جووتیاران دا نووسراوە: ' لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو ناکۆکییە پێوەندییان هەبوو ( هەر دوو لە دژی یەك بنەماڵەی ئاغاوەت بوون). دیارە ئاغاوەتەکان هەر یەك بنەماڵە نەبوون. چەند لەو دێیانەی عومەری عەسری لە نووسینەکەی دا باسیان دەکا ئی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی بۆکان بوون و بزووتنەوەی جووتیاران هەر لە دژی بنەماڵەی ئێلخانیزادەکان نەبوو.

٥-لە باسی ئەحمەد شەریفی دا ، یادداشتی ٤٢ دەکرێ ئاماژەی پێ بکرێ کە ئێستا نەماوە و کۆچی دوایی کردووە.

٦-لە باسی نیزیکتر دا سەبارەت بە حیزبی دێمۆکرات دەبێ بەڕوونی بگوترێ مەبەست کام باڵیانە
٧-لەو ڕستەیە دا : ' لاپەڕەیێك لە گوزاریشێکی کونسولگەری ئەمریکا سەبارەت بە ڕاپەڕینی جووتیاران و هێرشی ئاغاوەت بە سەر بۆکانی ' وا بزانم ' بۆ سەر بۆکانێ ' بە جێترە.

برادەرێکم ڕاسپارد بوو چەند نوسخە لە کتێبەکەی لە مەڕ وەهبی تم لە سلێمانییەوە بۆ بهێنێ، کە هێناویە و سبەی و دووی لە پۆست وەری دەگرم. ئەگەر نوسخەی زیادی تێدا بوو بۆت بنێرم یان هەتە؟

هەر بژی، حەسەن

**٢٨-ی ژووییەی ٢٠١٦**

**ئی مەیلی ئەمیرحەسەنپوور لە وەڵامی مندا**

لە ئینگلیسییەوە وەرگێردراوە:

٢٩ی ژووییەی ٢٠١٦

**حەسەنی خۆشەویست،**

زۆر سپاست دەکەم بۆ تێچنەکانت ، کە وەکوو هەمیشە زۆر پڕ لە زانیاریین.

سەبارەت بە وێنەکانی محەمەد موکری لەمەڕ ' دایکی نیشتمان' وا وێدەچێ بنکەی ژین هێندێك لە ئارشیوەکەی وی دەست کەوتبێ . لەو بارەیەوە لەگەڵ عەلی قسەبکە [ مەبەست عەلی کەریمی یە ]، کاتێك دەگەڕێتەوە سلێمانی دەتوانێ وەدووی پێ وشوێنی ئەو وێنانە کەوێ، بێتوو لەوێ بن.

سەبارەت بە دەکار کردنی ' شارۆچکە ' ، ئەمن دڵنیام نووسیومە ' شارۆچکە' یان ' گەورە دێ' مەبەستم لەو سەروبەندی بووە ؛ بەڵام بەڕواڵەت ئێستا بۆکان لە مەهاباد گەورەترە.

لەمەڕ دوو باڵەکانی حدك، ئەمن تێ نەگەیشتم. مەبەستت باڵەکانی ئێستایە؟ ئەگەر وابێ ، ئەو سەرچاوانەی ئەمن بەکارم هێناون ئی کۆنگرەی ٣ و دوای ئەون ، بەر لە دابڕانەکەی ساڵانی ١٩٩٠ەکان.

سەبارەت بە کتێبەکەم لەمەڕ وەهبی، ئەگەر نوسخەی زیادییت وەدەست کەوێ ئەمن دەکرێ باشیان بەکار بێنم (چەند نوسخەیەك بنێرم بۆ هێندێك لەو کتێبخانە سەرەکییانەی وا لێکۆڵینەوەیان لێ دەکرێ).

دیسان سپاس و هەموو شت باشترین بێ،

**ئەمیر**

## بابەتی دوازدە: مشتومڕی مامۆستا و قوتابییەك سەبارەت بە ڕاپەڕینێكی مێژوویی



**ئەنوەر سوڵتانی، نووسەر و لێكۆڵەر**

anwar١٣٣٣@aol.com

بە داخەوە،چەند مانگێكە مامۆستا ئەمیری حەسەنپوورمان لە ناودا نەماوە و ئەوەی بۆمان مابێتەوە، تەنیا یادی شیرینی كەسایەتییەكەی و یادگاری بەنرخی كارەكانییەتی.

لە دەستچوونی كاك ئەمیر بۆشاییەكی گەورەی لە بواری لێكۆڵینەوە لە مێژوو، زمانەوانی، كۆمەڵناسی وسیاسەتی كوردستان پێك هێنا. دەبێ لە ناوخۆی كوردستان و دەرەوەی وڵات خەڵكانێكی زۆر هەبن لەكاری توێژینەوەی مێژوو و زمان و سیاسەتی كوردستاندا هەست بەلەدەستچوونی مامۆستایەك، ڕاوێژكارێك و دڵسۆزێك بكەن كە هەركات پێویستیان بوایە، كەڵكیان لە هاوكاری و ڕێنمایی پسپۆڕانەی ئەو بلیمەتە وەردەگرت.

کاك ئەمیر لە کارکردن لەگەڵ خەڵکدا وەك مامۆستایەکی پڕۆفیشناڵ دەجووڵایەوە و نە خۆی لەو ڕێبازە لایدەدا و نە دەرەتانی دەدایە لایەنەکەی تر لاڕێ بڕوات. هەربۆیەش پەیوەندییە حیرفەییەکانی چەق بەستوو لە سەر ناوەرۆکێکی دیاریکراو بوون و پرسیاری بکردایە یان وەڵامی پرسیارێکی بدایەتەوە بە وردی خاڵەکەی دەپێکا و ڕیوایەتی بێ پەیوەندی تێکەڵاو کارەکە نەدەکرد.

من وەك تاکێك لە سەدان و ڕەنگە هەزارانی وەك خۆم، گەلێك یارمەتیم لە پسپۆڕایەتی کاك ئەمیر وەرگرت و بۆ بەشێك لە کاری وەرگێرانی بەڵگەنامە، خۆم بە قەرزداری ڕێنومابییەکانی ئەو دەزانم.

لێرەدا دەمەوێ لێکۆڵینەوە لەبابەتێکی مێژوویی بخەمە بەرچاو کە ئەو وەك ڕچەشکێن ساڵانێك بوو خۆی پێوە ماندوو کردبوو و منیش وەك تازەکارێکی کەمزان، دەمەویست بچمە گۆڕەپانەکەوە و خۆ بخەمە گۆمێکەوە کە ئەو مەلەوانی لەمێژینی بوو.

بابەتی جێی باس،ڕاپەڕینێکی وەرزێریی مەزن بووو کە لە ساڵانی ۱۳۳۱ و ۳۲ ی هەتاوی (۱۹۵۳ز) لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و هەندێك شوێنی دیکەی کوردستان ڕوویدا و بە داخەوە کۆدیتای ۲۸ ی گەلاوێژی ۱۳۳۲ هەرەسی پێهێنان.

منیش وەك کاك ئەمیر لە ساڵی ڕووداوەکاندا مێرمنداڵێك بووم و ڕاستەوخۆ لە ڕاپەڕینەکەدا بەشداریم نەبوو،بەڵام کارتێکەریی ئەنجامەکانیم لە دەستبەسەرکرانی خەباتکاران و ئاوارەیی و ماڵوێرانیی ڕاپەڕیوان و زاڵبوونەوەی ئاغاوات بەسەر چارەنووسی خەڵکدا بەچاو بینیبوو یان لە بەشداربووانی ڕاستەوخۆی ڕاپەڕینەکەم بیستبووەوە. واهەیە ئەو کارتێکەرییانە لە مندا تا ڕادەیەکیش زیاتر بووبێت لەبەر ئەوەی بەشێکی گرنگی ڕووداوەکان لە ناو شاری بۆکان و گوندەکانی لادەستی ڕوویاندا، ئەویش کاتێ کە تەمەنم ۱۰-۱۲ ساڵان بوو و کەمتاکورتێك لە مەسەلەی کێشەی نێوان ئاغا و ڕەعیەت لە ناوچەکە تێدەگەیشتم.

بۆ نموونە، من خۆم هێرشی گۆپاڵ بەدەستانی ئاغاواتی دێبوکری و ترس و لەرزی خەڵکم بە چاو بینی کە ئێوارەی ڕۆژی کۆدیتای ۲۸ ی گەلاوێژی ۳۲ ڕژانە ناو بازاڕ و کۆڵانەکانی شاری بۆکانەوە و دەرگەی دووکان و ماڵانیان شکاند و ڕاوی ڕاپەڕیوانیان دەکرد. هەروەها من گڕە مەشخەڵی ئاگری سەر مالی حاجی قاسمی کەریمی و کاك حوسەینی برای ئەو (و مامۆستای خۆم)و نەمر عەلی میرەبەگم بە چاوی سەر بینی، کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی جەژنی قوربانی دوای کۆدیتادا نۆکەرانی ئاغاکان، بە فەرمانی ئەوان،لە ناوەڕاستی بۆکان ئاگریان تێبەردان و سیپاڵی ژن و منداڵی حاجی قاسم و عەلی میرەبەگی ڕاپەڕیویان فڕێدایە کۆڵان و ئاوارەیان کردن.

ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی دواتر، زۆرێك لە ڕاپەڕیوان و دژبەرانی ئاغاكان گیران و لە تەویلەی ماڵی ئەوان قایم كران، یان بە یارمەتی پۆلیس و ئەرتەشی شا، نێردرانە زیندانی شاری مەهاباد- نموونەی هەرە نزیك لە ژیانی خۆم،گیرانی كاكم، عومەری سوڵتانی، وەك یەك لەو دەیان كەسانە بوو كە دوای هەرەسی ڕاپەڕینەكەی بۆكان و گوندەكانی دەوروبەر، لە لایەن شەهرەبانیی ژێر دەسەڵات ئاغاكانەوە گیرا و ئەو ڕۆژەی وا هاوڕێ لەگەڵ دوو ئاژان دەیاننارده زیندانی مەهاباد، لەگەڵ باوكم لە گاراژی شار بەڕێمان كرد.١[١]من ئەگەر وێرابێتم دەست بدەمە كاری نووسین سەبارەت بەو ڕاپەڕینەی بۆكان و گوندەكانی نزیكی، بەهۆی ئەو زانیارییە ڕاستەوخۆیانە و هاندانی كاك ئەمیرەوە بوو.

بۆ ئاگاداری لە دەسپێك و هۆكارەكانی ڕاپەڕینی شار و ناوچەی بۆكان، سەرەتا چەند خاڵی سەرەكی ڕوون دەكەمەوە ئینجا دەچمە سەر بۆچوونی هاوبەش یان جیاوازی كاك ئەمیر و خۆم:

## 1 . ڕاپەڕینی دژە فێئۆداڵیی ساڵانی ١٣٣١ و ٣٢ ی شاری بۆكان چۆن سەری هەڵدا؟

بۆكان لەو ساڵانەدا شارەدێیەكی كوردنشین بوو سەر بە ئوستانی ئازەربایجان، بە ژمارەی دانیشتوانێكەوە كە خۆی لە ١٠ هەزاركەس٢[٢] دەدا.ئەو شارەدێیە، پێش ئەوەی لە دەوروبەری ساڵی ١٣١٨دا ببێتە ناوەندی 'بەخش'ێكی سەر بە شاری مەهاباد، گوندێكی گەورە بوو كە وەك هەموو گوندەكانی ناوچە، ئاغاوەت خاوەندارییەتییان دەكرد و بە شێوەی هەموو گوندێكی دیكە، دەكڕا و دەفرۆشرا. بۆكان بە ماوەی سێ چوار ساڵێك پێش ئەوەی ببێت بە 'بەخش' و ئیداراتی دەوڵەتی وەك بەخشداری و شەهرداری وكەلانتەری لێ دابمەزرێت، موڵكی حەبیبوڵڵا پەناهی- تاجرێكی تەورێزی و دوو ئەندامی دیكەی بنەماڵەكەی ئەو بوو. پەناهییەكان دواتر لە ساڵی ١٣٢٣ دا بۆكانیان بە ئاغاواتی دێبوكری فرۆشت.٣[٣]خاوەنەتازەكانی بۆكان، بەرەی دوو برابوون (حاجی بایزئاغا و مەحموود ئاغا) كە سەرەتا شوهرەتی هەردوولایان ئێلخانی زادە بوو بەڵام لە ساڵانی نێوان ١٣٣٠

---

**١[١]بیرەوەریی سەبارەت بە گیران و لە تەویلە و زیندان خرانی خەباتكاران، لە یادداشتەكانی نەمر میرزا حەمە ڕەئووفی خەیات (حافظ القرآن) دا ڕەنگێكی زۆری داوەتەوە. بەداخەوە ئەو بیرەوەرییە بەنرخانە هێشتاچاپ نەكراون.**

**٢[٢]. ڕەحمان محەممەدیان، *بۆكان لە سەدەی بیستەم دا* ، ب. ١ (نامەی هاشمی و كەریمی بۆ كاشانی (تهران: كوله پشتی، ١٣٨٩ (٢٠١٠)، ١١٣.**

**٣[٣]ڕەحمان محەممەدیان، *بۆكان لە سەدەی بیستەم دا* ، هەمان، لاپەڕە ٨٢.**

و ١٣٤٠ دا، بەرەی ماڵی حاجی بایزئاغا (جگە لە ئەحمەدئاغای باوکی کاك سوارەی شاعیر)، شوهرەتیان گۆڕی و کردیانە موهتەدی.

کێشەی نێوان ئاغا و ڕەعیەتی ناوشار پێشینەی هەبوو و مێژووی دەگەڕایەوە سەردەمی مڵکایەتی تاجرە تەورێزییەکە و تەنانەت پێش ئەویش واتە سەردەمی سەردارەکان کە لەماوەی نێوان ١٢٢٩ تا دەوروبەری ساڵی ١٣١٥ ی هەتاوی (١٨٤٠ تا ١٩٣٦ ی زایینی)دا خاوەنایەتی بۆکانیان کردبوو. کێشەی بنەڕەتی خەڵکی بۆکان لە گەڵ ئاغاکان ئەو ڕاستییە بوو کە خەڵکەکە داوای تاپۆ کردن واتە "سەبتی عەرسە و ئەعیانی"ی ماڵ و دووکان و باغاتی خۆیان دەکرد، بە لام ئاغاوات ئەو مافەیان پێنەدەدان و وەك هەموو گوندێکی دیکەی ناوچە، ئەگەر بیانویستایە دەیانتوانی مڵك و ماڵی کەسێك زەوت بکەن، شڕەی بخەنە کۆلان و لە شار وەدەری نێن، بێ ئەوەی کەسەکە لە دام و دەزگەی دەوڵەتیدا هیچی پێبکرێت، لەبەر ئەوەی 'خاوەن عەرسە' بە پێی قانوون، ئاغاکان بوون نەك خەڵك.

ئەو کێشەی نێوان ئاغا وڕەعیەتە،هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ تەقینەوەی ساڵی ١٣٣١ کە ڕاپەڕینی زستانی ئەو ساڵە و بەهار و هاوینی ساڵی ١٣٣٢ ی ناو شاری لێ کەوتەوە و باڵی کێشایە سەر گوندەکانی ڕۆژهەلاتی شاریش کە مڵکی ئاغاواتی فەیزوڵلابەگی بوو، بەلام لە دێهاتی بەشی ڕۆژئاوای شاردا، کە مڵکی ئاغاواتی دێبوکری و لەژێر دەسەلاتی توندوتیژی هەمان تایفەی ئاغاواتی شاردا بوو، ڕەنگدانەوەی گەلێك کەمتری لێ بەرهەم هات.

## 2 . چاکسازیی دەوڵەتی موسەددیق

لە ساڵانی نێوان ١٣٢٠ تا ١٣٣٢دا، دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی ئێران ئاڵۆز و ناسەقامگیر بوو، دیکتاتۆریەتی ڕەزا شا ڕووخابوو، ئازادییەکی ڕێژەیی سیاسی لە ئارادا بوو و حزبی سیاسی زۆر، ڕاست و چەپ سەریان هەڵدابوو. حزبی توودەی ئێران لە ساڵی ١٣٢٠، و لە کوردستانیش سەرەتا کۆمەڵەی ژێکاف لە ١٣٢٢ئینجاحزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٣٢٤دا دامەزرابوون.

لە ساڵانی دوای ١٣٢٧دا کێشەی نێوان شا و لایەنگرەکانی لەگەڵ جبهەی میللی بە ڕێبەرایەتی دوکتور محەممەدی موسەددیق،زەق ببووەوە و دەوڵەت بە شوێن دەوڵەتدا پێکدەهات بێ ئەوەی بتوانن دۆخەکە هێور بکەنەوە. دەست تێوەردانی وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت بریتانیا و یەکیەتی سۆڤیەتی، ببووە هۆی ئەوەی بارستایی هێز هەرجارەی بە لایەکدا بکەوێت؛ بۆ نموونە، کابینەی حوسەینی عەلا

٤٢ ڕۆژ و کابینەیەکی قەوام تەنیا ٤ ڕۆژ دەوامیان هێنا و دوکتۆر محەممەدی موسەددیقیش دوو جار بوو بە سەرەك وەزیران و کابینەی پێك هێنا.٤[٤]

خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بەگشتی داوای مافی سیاسی و ئابووریی خۆیان دەکرد و شەقامی شارەکان ڕۆژانە پڕ بوو لە خەڵکی لایەنگری مافی کرێکار و وەرزێران. لە پایزی ساڵی ١٣٣١ دا دەوڵەتی دوکتور موسەددیق دوو لایحە(Bill)ی پێشکەش بە مەجلیسی شۆڕای میللی کرد٥[٥]ولە ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٣٢دا هەردوکیان 'تەسویب' کران و بوون بە قانوون (Act). بە گوێرەی ئەو قانوونە،

یەکەم، دەبوایە لە هەموو گوندێك 'شۆڕای دێ' لە نوێنەرانی ئاغا و ڕەعیەت پێك بێن؛ دووهەم، لەو بەشە حاسڵەی وا ساڵانە وەرزێر دەیدایە ئاغا و ئەویش بەگشتی سەتا بیست (دەو دوو) بوو، دەبوایە دەیەکی ئەو دەو دووە (دوو لە سەد)،بدرێتەوە دەست ڕەعیەت بۆ ئاوەدانی ناو ماڵی خۆی و دە یەکی دیکەشی بدرێتە شۆڕای دێ بۆ ئاوەدانی ناو گوند (سەرجەم ٢٠٪ ی ئەو ٢٠٪ ە دەیکردە ٤٪ی بەشی ساڵانەی ئاغا لە کشتوکاڵی وەرزێر)؛ سێهەم،خاوەن مڵك جگە لەو ڕادەیەی وا ڕەعیەت دەیدایە،مافی هیچ چەشنە ڕووتاندنەوە و چەوساندنەوەیەکی نەبوو واتە نەیدەتوانی مریشکانە و هێلکانە و تەپاڵانە و... لە ڕەعیەت بستێنێت؛چوارەم، ئاغا مافی ئەوەی نەما بێگاری واتە کاری بێ حەقدەست بە ڕەعیەت بکات.

ئەو قانوونە، باوەکووچەوسانەوەی وەرزێرانی لە لایەن خاوەن مڵکەوە بنەبڕ نەدەکرد و زەوی هەر وەك مڵك بۆ ئاغا دەمایەوە، بەڵام بۆ ئەو سەردەمە گەلێك پێشکەوتوو بوو بە تایبەت کە دەسەڵاتی موتڵەقی ئاغاواتی بە سەر ژیان و داهاتی ڕەعیەتدا بەربەست دەکرد و بەشێك لەبڕیاری سەبارەت بە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوگوندی دەدایە شۆڕایەك کە ڕەعیەتیش بەشێك بوون لە پێکهاتەکەی؛ ئەوە هەنگاوێکی بوێرانە و بەردێك بوو کە دەخرایە ناو گۆمی مەندی پەیوەندیی نابەرانبەری چەند

---

٤[٤]. مسعود بهنود، *از سید ضیاء تا بختیار-دولتهای ایران از اسفند ١٢٩٩ تا بهمن ١٣٥٧* . چاپ سوم. تهران: انتشارات جاویدان، ١٣٦٩ ٣٢٣ - ٣٥٧

٥[٥]. لایحەی یەکەم: ١٣٣١/٧/١٤ (٦ی ئۆکتۆبری ١٩٥٢ زایینی): "لایحه ازدیاد سهم کشاورزان و سازمان عمران کشاورزی" کە بە قانوونی ٢٠٪ دەناسرا و چۆنیەتی پێکهێنانی شۆڕای دێهات.

لایحەی دووهەم: ١٣٣١/٨/٣٠ (٢٢ی دیسامبری ١٩٥٢ی زایینی)" "لایحه الغای عوارض و سوروسات در دهات.

پەسند واتە تەسویبی هەردوو لایحە پێکەوە لە مەجلیسی شۆڕای میللی ئێراندا: ٢٢ موردادی ١٣٣٢ (١٣ ئووتی ١٩٥٣ی زایینی). ئەم زانیارییانە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: ئەمیر حەسەنپوور، *دەروازە- کۆڤارا کوردییا زانستێن جڤاکی و مرۆڤی*، ژمارە ١، گوڵان ٢٠١٧، ئەستەموڵ، لل. ٩٨ و ٩٩.

هەزارساڵەی دوای پێکهاتنی سیستەمی فیئۆداڵی لە نێوان ئاغا و ڕەعیەت لە ئێران، بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە.

**کارتێکەریی قانوونەکە لە سەر خەڵکی بۆکان**

لەو سەروحەددە دا بەشێك لە خەڵکی بۆکان کە پێشتریش لەگەڵ ئاغاکاندا کەوتبوونە بەربەرەکانیی مافخوازییەوە، دەرفەتی ئەو قانوونەیان قۆستەوە و دووجار نوێنەریان هەڵبژارد و ناردیانە مەهاباد و تاران بۆ سکاڵا لە ئاغاکان لە پێناو بەربەست کردنی دەسەڵاتیان و نەهێشتنی زوڵم و چەوسانەو لەسەر کۆمەڵانی خەڵك. یەك لە داواکارییەکانیان ئەوە بوو لقی 'اداره ثبت اسناد و املاك' لە بۆکانیش بکرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی ئاسایی بتوانن کێشەی مڵك و ماڵیان لەوێ چارەسەر بکەن و ناچار نەبن بۆ هەموو کارێکی گەورە و بچووك بچنە مەهاباد، کە لە بارودۆخی ئەو ساڵانەدا بۆ خەڵکی دەست تەنگ و هەژار کارێکی هاسان نەبوو، یان لانیکەم دەبوو بە خەرج و مەسرەفێ بۆیان.

حاجی قاسمی کەریمی، بەرگدروو و خاوەنی کارگەیەکی قەند لە بۆکان، هەروەها سەیدمحەممەد ئەمینی هاشمی٦[٦] بۆ ڕاگەیاندنی سکاڵای خەڵك لە ئاغاکان، لە بەهار/هاوینی ١٣٣٢دا چوون بۆ تاران. لەوێ دوکتۆر محەممەدی موکری کوردی کرماشانی کە ئەو ساڵە کاندیدی هەڵبژاردنی ئەندامیەتی مەجلیسی شۆڕای میللی لە شاری مەهاباد و دەوروبەری(بە بۆکانەوە)بوو و خاوەن بیروبڕوایەکی پێشکەوتنخوازانەش بوو، یارمەتیدان بچنە لای دوکتۆر کەریمی سەنجابی (کوردی کرماشانی) کە ئەندامێکی دامەزرێنەری"حزب ایران" وەك بەشێك لە پێکهاتەی 'جبهه ملی' و بۆ ماوەیەك وەزیری فەرهەنگی کابینەی دوکتۆر موسەددیق و لەو کاتەدا ئەندامی مەجلیسی شۆڕای ئێران بوو. سەنجابی ڕێگەی بۆ کردنەوە بۆ ئەوەی بتوانن نامەی عەرزوحاڵیان بگەیێننە دەفتەری دوکتۆر موسەددیقی سەرەك وەزیران و ئایەتوڵڵا کاشانی سەرۆکی مەجلیسی شۆڕا. موسەددیق عەینی نامەکەیانی نارد بۆ وەزیری ناوخۆی ئێران (کە ئەودەم دەبێ دوکتۆر غلامحسین صدیقی بووبێت). لە نامەی نێرراو بۆکاشانیدا، حاجی قاسم باسی زوڵم و زۆری ئاغاکان لە خەڵکی بۆکانی کردبوو و بە ناو، ناوی هەندێك لە ئاغاکانی هێنابوو.٧[٧]

---

٦[٦] **برا گەورەی سەید عەبدولقادری هاشمی (سەیدی بەننا). سەیدی بەننا کەسایەتییەکی ناسراوی کۆمەڵایەتی لە ناو شار بوو، کە پێشتر وەک نوێنەری پەناهییەکان لە بۆکان، پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەوان بوو.**

٧[٧]. **ڕەحمان محەممەدیان، هەمان، ١١٣ - ١١٥**

دوکتۆر موکری و دوکتۆر سەنجابی دەرەتانیان بۆ حاجی قاسمی کەریمی پێکهێنابۆ ئەوەی لە سەر ڕادیۆ تاران پەیامێکی هاوخەباتی لەگەڵ خەڵکی بۆکان و ناوچەکە ودژ بە ئاغا و دەرەبەگان بنێرێت و پێیان ڕابگەیێنێت کە چیدی نابێ ئیجازە بە خاوەن مڵکەکان بدەن بیان چەوسێنێتەوە. هەروەها، حاجی قاسم پەیامێکی هاوشێوەی لە ڕێگەی ڕۆژنامەی 'جبهه آزادی' ئۆرگانی حزبی ئێرانەوە بۆ خەڵکی بۆکان نارد،ئەویش لە دوو توێی چاوپێکەوتنێکدا کە ڕۆژنامەکە لەگەڵی ڕێکخستبوو و هاوڕێ لەگەڵ وێنەیەکیدا بە جل وبەرگی کوردییەوە، لە لاپەڕە یەکەمی ژمارە ۱۸۳ ی ساڵی سێهەم (۱۳۳۲/۲/۳ی هەتاوی و ۱۹۵۳ ی زایینی)بڵاوی کردبووەوە.۸[۸] نوسخەی ڕۆژنامەکە گەیشتە بۆکانیش.

ئەو کار و خەباتانە، بۆ ڕەعیەتێك و خەڵکێك کە تا ئەودەم لە هیچ کوێ ناویان نەبوو و دەورێکیان لە بڕیارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا پێنەدەدرا، هیچی لە شۆڕشێکی مەزن کەمتر نەبوو. خەڵك لە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەر بە شادی و خۆشییەکی بێ وێنەوە شوێنی هەواڵەکانیان دەگرت. پەیامی حاجی قاسم ترسی لە دڵی خەڵکدا نەهێشت و ئاگری ڕاپەڕین لە ناو شاری بۆکان هەڵگیرسا. ئاغاکان لە ناوماڵیان خزان و لە ترسی قسەی خەڵك کەمتر لە ماڵ دەهاتنە دەر. بۆ پشتیوانی موسەددیق و یاسا پێشکەوتووەکانی، خۆپیشاندان دەکرا و خەریك بوو ترسی ساڵ و سەدە لە ئاغاوات بە تەواوەتی دەڕژا. حاجی قاسم لە ناوەڕاستەکانی مانگی گەلاوێژ، لە تارانەوە هاتبووەوە تەورێز و خۆی بۆ گەڕانەوەی بۆکان ئامادە دەکرد، دانیشتوانی شاریش بە گەورە وبچووکەوە ئامادە دەبوون پێشوازی لە ڕۆڵە قارەمانەکەیان بکەن.

لەو دۆخە هەستیارەدا بوو کە کۆدیتای ۲۸ ی گەلاوێژی ۱۳۳۲ڕوویدا، هەموو ڕیسەکانی خەڵکی کردەوە خوری و حکوومەتی شای دوای کۆدیتا سەرلەنوێ ئاغاواتی بە سەر چارەنووسی خەڵکدا زاڵ کردەوە. حاجی قاسم نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆکان و هەرلەوێوە ئاوارەی باشووری کوردستان بوو، شوێنێك کە تا سەردەمی مەرگ لێی مایەوە. ئاغاکان کە دەستیان بە حاجی قاسم ڕانەدەگەیشت، ماڵی خۆی و براکەیان۹[۹]ئاگر تێبەردا. عەبدوڵڵا ئێرانی و میرزا حەمە ڕەئووفی خەیات و عەلی میرەبەگ و حوسەینی تەهایی و برایمی ئەفخەمی و برایمی تەننازی و برایمی حەریری و عەبدوڵڵای سامبەگی ومەحموودی ڕەزایی و عومەری سوڵتانی و دەیان کەسی دیکە کەوتنە زیندان یان تەویلەی ئاغاکانەوە

---

۸[۸]. **ڕەحمان محەممەدیان، هەمان، ۸۹ - ۱۶۳**

۹[۹]. **برای بچووکی نەمر حاجی قاسم- کاک حوسەینی کەریمی، لە قوتابخانەی بۆکان، یەکەم مامۆستای من بوو کاتی کە لە پۆلی "تەهییە"ی پێش پۆلی یەکەمدا دەستم بەخوێندن کرد. دواتر لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا پۆلی 'تەهییە' ناوی 'ئامادەگی' لێ نرا.**

و نوێنەرانی ئاغاواتی دێبوکری بۆ عەرزی پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆدیتا، چوون بۆ تاران و قاسم ئاغای موهتەدی خیتابەیەکی بە تاو وتینی لەمەڕ وەفاداریی خۆیان بە تاج وتەخت و سەرکەوتن بە سەر 'خراپەکاران'دا،پێشکەش بە شا کرد.١٠[١٠]دەسەڵاتی بێ سنووری ئاغاوات لە ئێران گەڕایەوە دۆخی هەزاران ساڵەی خۆی و هەندێکیش ئەولاتر!

شارەکانی دەوروبەری بۆکان وەك مەهاباد و سەقز و سەردەشت و میاندواو هیچکامیان هەل و مەرجی بۆکانیان نەبوو و بە گشتی هیچکام لەوانە مڵکی ئاغاوات نەبوون؛ هەر بۆیەش لە ماوەی هەموو ئەو ڕاپەڕین و خەباتەدا کە خەڵکی بۆکان دژ بە ئاغاوات کردیان، هەواڵی هاوچەشن لەو شارانەوە نەبیسترا لەبەر ئەوەی ناتەباییەك بەو ناوەرۆکەوە لەواندا نەبوو و ئاشکرایە زەمینەیەکی عەینی بۆ ڕاپەڕینی ئەوتۆش،بوونی نەدەبوو. لەو شارانەداناتەباییەکان بەگشتی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا بوو و خەباتی سیاسی و حزبیی خەڵکی شارەکان بە گەرموگوڕی بەڕێوە دەچوو؛ حزبە نەتەوەییەکە واتە حزبی دیموکراتی کوردستان و تاقە حزبی چەپ کە حزبی توودەی ئێران بێت، هەروەها جبهە میللی و حزبەکانی پێکهێنەری، گۆڕەپانی سیاسەتیان داگرتبوو. بەڵام حیسابەکان لە بۆکان تا ڕادەیەك جیاواز بوو- خەڵکی بۆکان لەگەڵ دوژمنێکی خۆجێییش تێکەوتبوون: خاوەن مڵکەکان.

### ڕاپەڕین لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان

بەشێکی زۆر لە ڕاپەڕیوەکانی بۆکان، خۆیان لە بنەڕەتدا گوندی ی بوون یان کەس و کاریان لەگوندەکانی دەوروبەری شار دەژیان. هەروەها زوربەی دووکاندارەکان بژیوی خۆیان لە ڕێگەی ساتوسەودا لەگەڵ گوندییەکانەوە دابین دەکرد. گوندییەکانیش بە هەمان ئازارەوە دەیاننااڵاند کە خەڵکیبۆکان: چەوسانەوە و زوڵم و زۆری ئاغاوات ئەو دیاردە هاوبەشە بوو کە هەردوولایانی لێك گرێدەدا.خەباتی خەڵکی ناو شاری بۆکان گەلێك زوو باڵی کێشایە سەر گوندەکان.

لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت: گوندەکانی بەری ڕۆژئاوای بۆکانکە مڵکی ئاغاواتی دێبوکری و خزمی ئاغاکانی بۆکان بوون، تاك و تەرا نەبێت بە دەنگی ڕاپەڕینیخەڵکی شارەوە نەهاتن و بزووتنەوەیەکی یەکگرتووی وەرزێری لەو شوێنانەدا سەری نەگرت.ئاغاواتی دێبوکری خاوەنی شاری بۆکان و زۆرێك لە گوندەکانی ڕۆژئاوای شار بوون و دەرەتانیئەوەیان بە ڕەعیەت نەدەدا لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی شاردا یەك بگرن هیچ، تەنانەت گرووپی گۆپاڵبەدەستیان لێ

١٠[١٠]. **ڕۆژنامەی کەیهان، ٥ ی مانگی میهری ١٣٣٢و ٢٧ ی سپتامبری ١٩٥٣**

پێك هێنابوون كە دژ بە ڕاپەڕیوانی شار کەڵکیان لێ وەردەگرتن. لەکاتێکدا بەری ڕۆژهەڵاتی شار، واتە بەشی ناسراو بە فەیزوڵڵابەگی١١[١١] نەك هەر بە گەرم وگوڕی پێشوازییان لەڕاپەڕینی خەڵکی شار کرد، بەڵکوو بە هۆی پێداگری لە سەر مافەکانیان و داواکاریی گەلێکڕادیکاڵتر لەوان و لە گوندنشینەکانی دیکەی ناوچە و تەنانەت ئێران، بوون بە پێشەنگی خەبات لەپێناو دابەشکردنی زەویی ئاغاکان بە سەر ڕەشایی و جووت بەندەدا. ئەوە تەنانەت چەند هەنگاوێکیش پێشتر بوو لە داواکاریی خەڵکی شار و حزبە سیاسییەکان بە حزبی دیموکراتی کوردستان و حزبی توودەی ئێران و جبهەی میللییەوە.

هەوڵدان لە پێناو دۆزینەوەی هۆکاری ئەو جیاوازییەی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لەگەڵ ناوچەی دێبوکریو ناوچەکانی دیکەی شارەکانی دەوروبەر، ئەرکێکی گرنگە. بە بۆچوونی من، لەوێدا پرۆسەی تێپەڕبوون لە قۆناغی ئابووری-کۆمەڵایەتی سەردەمی عەشیرەتییەوە بۆ قۆناغی فیئۆداڵی، کە لە دووهەمیانداچەوسانەوەی وەرزێر لە لایەن خاوەن مڵکەوە زەق و بەرچاوە، لەمێژ بوو کۆتایی پێهاتبوو و پەیوەندی خوێنی لە نێوان سەرۆك عەشیرە و ئەندامانی عەشیرەتەکە، نەمابوو لەبەر ئەوەی عەشیرەتی فەیزوڵڵابەگی تەنیا بریتی بوو لە ئاغاکان و ڕەعیەت بەشێك لەو فۆڕماسیۆنە نەبوو. هەروەها بەشێك لە ئاغاواتی فەیزوڵڵابەگی خەڵکانی شارنشین و ڕووناکبیر و نووسەر و هونەرمەند

بوون و تەنانەت یەکیان هەر خۆی زەوییەکانی بە سەر گوندنشینەکاندا دابەش کردبوو. خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج ئەو ڕاستییە بوو کە هەندێك لە ئاغاکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی ئێران کەوتبوونە دژایەتییەوە لەبەر ئەوەی تەنیا ٦ ساڵێك پێشتر واتە دوای هەرەسی کۆماری کوردستان، حەوت کەسیانی لە سەقز و بۆکان ئیعدام کردبوو، ئەو شتە لە ناو ئاغاکانی دێبوکری ڕووی نەدابوو و بە پێچەوانە، ببوونە پێشەنگی سۆپای ئێران لە گرتنەوەی شاری بۆکان و مەهابادی سەردەمی هەرەسی کۆماری کوردستاندا.[١٢]

ئەو خاڵانە بە سەریەکەوە، ناوچەی فەیزوڵڵابەگییان کردبووە شوێنێك کە گەلێك لە ناوچەی دێبوکری جیاواز بوو.[١٣]لە لای دێبوکرییەکان و لە ناوچەکانی دەوروبەری مەهاباد و سەردەشت و سەقز، جووڵانەوەیەکی ئەوتۆ بوونی نەبوو، یان ئەگەر بوو، هەمەگیر نەبوو. لە گوندەکانی

-----

١١[١١]. **شوێنایەتی ئەو ناوچەیە لە باری جوغرافیاییەوە بریتییە لە چۆمی جەغەتوو لە ڕۆژهەڵات، شاری بۆکان لە بەری ڕۆژئاوا، گوندەکانی نزیک شاری سەقز لە باشوور و گوندەکانی نزیک شاری میاندواو لە باکوور. ناوەندی سەرەکی ڕاپەڕینیش لە گوندی یەکشەوە، ئاڵبلاغ، بەردەزەرد، جامەرد، تیکانتەپە و گوندەکانی دەوروبەریان بوو.**

فەیزوڵڵابەگیدا، ئاغاوەت ڕاونران، ماڵ و زەوییان لێ زەوت کرا، هەندێکیان موحاکەمەی شۆڕشگێڕانە کران تەنانەت لە گوندی بەردەزەرد پەنجەرەی ماڵیشیان دەرهێنرا. هێزی ئەرتەش بە فەرماندەیی سەرهەنگ موزەففەری زەنگەنە ڕاست هێرشی کردە سەر گوندی یەکشەوە و ئاڵبلاغ، ژمارەیەك لە ڕاپەڕیوانی گرت و کۆمەڵانی خەڵکی هەر ئەوێش بوو کە بە دەستی بەتاڵ بەرەنگاری هێزی ئەرتەش بوونەوە؛

تەنیا لەوێش بوو کە ژنان بەشداریی ڕاپەڕینەکەیان کرد وبە بەرد و دار و تەپاڵە، بە گژ چەکداری ئەرتەشی هێرشکاریی شادا چوونەوە.

**ڕەنگدانەوەی ڕاپەڕینەکان لە بیرەوەریی خەباتکارانی کورددا**

پریشکەی ئاگری ڕاپەڕین لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگییەوە گەیشتە هەندێك شوێنی دیکەی ناوچەکە واتە ناوچەی موکریان.مامۆستای نەمر هێمن باس لە "جووتیارەکانی کوردستانی ئێران" دەکات کە لە دژی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی دەرەبەگەکان ڕاپەڕین"١٢[١٤]. بەڵام نەمر مامۆستا کەریمی حیسامی،١٣[١٥] بەڕێز مەلا عومەری عەسری١٤[١٦] و نەمر مامۆستا ئەمیری حەسەنپوور،١٥[١٧]ڕاپەڕینەکەیان بە دیاردەیەکی "موکریانی" ناو بردووە.١٦[١٨]لە لایەکی ترەوە، نەمر مامە غەنی بلووریان لە دوو بەرگ بیرەوەری خۆی کە بەرهەمی وتووێژیەتی لەگەڵ کاك حامید گەوهەری و کاك برایم فەرشی، تەنیا دیاردەبە "ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی بۆکان"١٧[١٩] و "جووڵانەوەی جووتیارانی ناوچەی بۆکان و خەباتی جەماوەری شاری بۆکان"١٨[٢٠]دەکات.

---

١٢[١٤]. **هێمن، سید محمدامین شیخ السلامی. *تاریک و ڕوون*. بنکەی پێشەوا، ١٣٥٣، سەرەتا، ٣٨.**

١٣[١٥]. **کەریم حیسامی، *لە بیرەوەرییەکانم*، بەرگی١، ٢٠٦ - ٢١٨**

١٤[١٦]. **مەلا عومەری عەسری. *گۆڤاری گزینگ، ژ ٣٧، ٣٤- ٣٦***

١٥[١٧]. **ئەمیر حەسەنپوور. *گۆڤاری دەروازە، پێشتر و زیاد لە ١٢ نامە و ١٠ ئیمەیلێک کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ مندا ئاڵ وگۆڕی کردووە.***

١٦[١٨]**دیارە وتارەکەی کاک ئەمیر، خۆی گوتەنی، تەنیا "گوزارش"ێک بووە بۆ ناساندنی کارە سەرەکییەکەی خۆی لە سەر هەمان بابەت، کە تا ئێستا چاپ نەکراوە و هیوادارم بە زوویی چاوی هەموومانی پێ ڕووناک بێتەوە.**

١٧[١٩]***ئاڵە کۆک، پێشتر، ١١٩- ١٢٤***

١٨[٢٠]**سەدەی کارەسات، *٩٧- ١٠٦***

موکریان جوغرافیایەکی بەرینە لە شنۆ و نەغەدە و پیرانشارەوە تا میاندواو و ساینقەڵا و سەقز و بانەدرێژەی هەیە و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی نێوان بۆکان و سەقزیش بەشێك لە موکریانە. دیارە لە جوغرافیای تاریخیدا ئەو ناوچەیە گەورەتر یان بچووکتر بۆتەوە و لە هەندێك قۆناغدا تەنانەت مەراغەش بەشێك بووە لە موکریان. دیارە ئەو دابەش کردنە موتڵەق نییە، بۆ نموونە، لە نەخشەیەکدا کە کاك سولەیمان چووکەڵی ئامادەی کردووە ناوچەی بانە و بەشێك لە سەقز لە دەرەوەی موکریان دانراون[٢١] لە کاتێکدا مامۆستا حەبیبوڵڵا تابانی ناوچەی بانەی هێناوەتە ناو موکریانەوە بەڵام نەغەدە و میاندواوی بە بەشێك لە موکریان نەزانیوە.[٢٢]

هەرچۆنێك بێت، من دڵنیام ئەگەر مۆتەکەی کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و داردەستە گوێ لەمستە ناوخۆیی و خۆجێییەکانیان وا زوو سواری سەری ڕاپەڕینەکانی بۆکان وفەیزوڵڵابەگی نەبوایە و پێش ئەوەی هاوزنجیرەکانیان لە موکریان و ناوچەکانی دەوروبەر بەرەوپیری خەباتێکی هاوبەش بێن، تێکیان نەشکاندایە، ڕاپەڕینەکە نەك هەر پەرەی دەسەند و دەبوو بە موکریانی، بەڵکوو بە ماوەیەکی کەم سەرانسەری کوردستان و تەنانەت ئازەربایجانیشی دەتەنیەوە. بەڵام بە داخەوە لە ماوەی کورتی تەمەنی ڕاپەڕینەکەدا، ئەو شتە ڕووی نەدا و ڕاپەڕین لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و هەندێك گوندی بەربڵاوی دیکەی موکریاندا قەتیس مایەوە.

**جیاوازیی بۆچوونەکان**

من بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ئەو ڕاپەڕینە هەر لە ساڵانی سەرەتای ١٩٩٠ بەدواوە پەیوەندیم بە هەندێك کەسەوە گرت کە یەکیان نەمر کاك ئەمیر بوو. مامۆستائەمیر، بەگوێرەی نەریتی خۆی بۆ یارمەتیدانی بێدرێغی خەڵك، گەلێك یارمەتی منیشی دا و ڕێنومایی کردم. پەیوەندییەکان سەرەتا بە نامە بوون و دواتر بە ئیمەیل. لە ناو نامەکانی ئەو ساڵانەدا یەکیانم هەڵبژاردووە کە لێرەدا کۆپی دەکەم و دەیخەمە بەر چاو.

ئەو، کە هەندێك بەڵگەی لەسەر ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەکە، بۆ نموونە، شاماتی نێوان میاندواو و مەهاباد کۆکردبووەوە، لە سەر ئەوە سوور بوو کە ڕاپەڕینەکە دیاردەیەکی موکریانی بووە.، بەڵام

کەسێکی وەك من کەپەیوەندی ڕاپەڕینی گوندەکانی لەگەڵ شاری بۆکان بە کردەوەبینیبووو قارەمانانی وەك عەلی میرەبەگ و میرزا ڕەئووفی خەباتی ناسیبوو، کە وەك پێشڕەوانی خەباتی ناوشاری بۆکان لە پەیوەندی ناوچەی فەیزوڵڵابەگیشدابوون، بۆم ئەستەم بوو باوەڕ بکەم کەسانێك بە هەڵە، یان بە حیسابی کەم دیققەتی، ئەو ڕاپەڕینە بە 'موکریانی' ناوببەن.

دیارە من کە ئەم دێرانە دەنووسم ئاگاداری ئەوەش هەم کە وەرزێرانی کوردی هەندێك شوێنی وەك شامات و مەحاڵی نێوان مياندواو و مەهابادیش لەو سەروحەدەدا ڕاپەڕین و نەمر کاك ئەمیر بیرەوەریی چەندکەس لەوانی تۆمار کردووە، بەڵام لام وایە ئەوانیش درێژەی ڕاپەڕینەکەی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بوون- ناوچەیەك کە گوندەکانی لە مياندواوەوە دوور نین؛هەربۆیە، ئێستاش هەر ناتوانم ڕاپەڕینەکە بە دیاردەیەکی "پان موکریانی" بناسم. بە بۆچوونی من ناسناوی 'موکریانی' دان بە ڕووداوێك کە لە چوارچێوەی بۆکان و گوندەکانی بەری ڕۆژهەڵاتیدا قەتیس مایەوە و هەر لەو مەودایەشدا سەرکوت کرا، قەلب کردنی مێژوو، دەمارگیریی ناوچەیی و لە ئەنجامدا چەواشەکاری نەبێت هیچ نییە!

من لە بەهاری ساڵی ٢٠١٦ دا ئەو بۆچوونەی سەرەوەم بە پاراستنی ڕێز و حورمەتی کاك ئەمیرەوە، پێ ڕاگەیاند و گەورەیی ڕۆحی ئەو لەوەدا دەرکەوت کە بەو قسە توندەی من نەشڵەژا، لێم تووڕە نەبوو و تەنیا لەوەڵامدا بۆی نووسیم کە،

*"ڕەنگە پێویست نەبێ ئەوەی بڵێم کە ئەمن خۆم لە تەعەسوبی ناوچەگەری دەپارێزم و پێم وایە لە مێژە توانیومە تەواو خۆمی لێ ڕزگار بکەم. هیچ شتێك لەو دنیایەدا نییە کە پێم بسەلمێنێ یان بەرەو ئەو باوەڕەم بەرێ کە ناوچەی X یان وەرزێرەکانی لە ناوچەی فەیزوڵابەگی و وەرزێرەکانی باشترن."١٩[٢٣]*

من دەست بەجێ لە وەڵامدا بۆم نووسییەوە:

*"سپاسی زۆر کاك ئەمیر گیان. منیش دڵنیاتان دەکەم تەعەسسوبی ناوچەگەریم کەم تا زۆر نییە و ئەوەی لەسەر بۆکان دەینووسم لەبەر ئەوەیە شارەزای ناوچەکەم و بۆ نموونە، شارەزاییم لە سەقز یان مياندواو و مەهاباد و شارەکانی دیکە نییە. من کە دەڵێم فەیزوڵڵابەگی، لەبەر ئەوەیە ڕاپەڕینی ئەوێ پشت ئەستوور بوو بە ڕاپەڕینی خەڵکی شاری بۆکان و ئەو تایبەتمەندییەی لە بۆکاندا بوو و شارەکەی کردبووە کانگەی خەبات دژ بە ئاغاکان، بۆ نموونە خاوەن مڵك بوونی ئاغا لە شار، لە*

---

١٩[٢٣]. **ئیمەیلی ٢٠١٦/٦/١٥ی کاک ئەمیر بۆ من.**

*شوێنی دیکەی وەك مەهاباد و سەقزدا نەبوو. ئەو دوو ڕاپەڕینە لە پەیوەندێکی ئۆرگانیکدا بوون و لێك جیا ناکرێنەوە، ئەوەش لە شوێنەکانی دیکەی وەك شامات و گەورکایەتیدا نەبوو باوەکوو لەوانەشدا ئاگری خەبات بڵێسەی سەند و بەداخەوە سەرکوت کرا. موزەففەریش بە هەڵکەوت نەبوو خۆی و هێزی ئەرتەش چوون بۆ ناوچەی فەیزوڵلابەگی؛ هەروەها هێرشی ژنان بۆ سەر ماشێنەکەی و بە بەرد و تەپاڵە پێدادانی، ئەوە نەبوو کە لە شوێنەکانی تر ڕوویاندابێت.دیارە من ڕێزی زۆرم بۆ بۆچوون و ئەزموونی جەنابتان هەیە بەڵام ئێستاش بەهەڵەیەکی گەورە و چەواشەکردنی خوێنەری دەزانم ئەگەر ڕاپەڕینەکە بە ڕاپەڕینی هەموو موکریان بێتە ناساندن. دەشزانم مافی تەواوی کاك ئەمیرە ئەگەر بە پێچەوانەی من بابەتەکە ببینێت".* ٢٠[٢٤]

دوای ئەو وتووێژەش، چەندجار ئیمەیلمان لەگەڵ یەکتر گۆڕییەوە بێ ئەوەی نیشانەیەك لە دڵگیری بە سەر نووسینەکانی کاك ئەمیرەوە دیار بێت، تەنیا نووسیبووی لە سەر قسەی خۆی سوورە و داکۆکی لە هەڵوێستی خۆی دەکات. لە وەڵامدا بۆم نووسی:

*"هیوادارم لە بۆچوونەکانی من دڵگیر نەبووبێتن. من شتەکان وا دەبینم بەڵام دیارە مافی مامۆستایی و پسپۆڕایەتیش بۆ کاك ئەمیر دەپارێزم"* ٢١[٢٥]

یەك ڕۆژ دواتر، ئیمەیلی کاك ئەمیرم گەیشتە دەست کە نووسیبووی:

*"ئەمن بە راستی دەڵێم رەخنەم زۆر پێ خۆشە، بە بێ رەخنە گرتن راستی باش دەرناکەوێ. پێویستە زانیاری باش و تیۆری باش و رەخنەی بێ وچانمان هەبێ، و باشترە "رەخنەی بێ بەزەییانە" هەبێ(ruthless criticism یەعنی ئەوەی کە نیگەرانی سەرەنجامەکەی نەبێ و نیگەرانی وەی نەبی کە دەسەڵاتداران پێیان ناخۆش دەبێ)."* ٢٢[٢٦]

لە ئەنجامی ئەو پلیمیکە دۆستانەیە لەگەڵ کاك ئەمیردا، من گەیشتمە ئەم ئەنجامەی خوارەوە سەبارەت بە ڕاپەڕینەکە:

---

٢٠[٢٤]. **ئیمەیلی ٢٠١٦/٦/١٥ ی من بۆ کاک ئەمیر.**

٢١[٢٥]. **ئیمەیلی ٢٠١٦/٦/١٧ ی من بۆ کاک ئەمیر.**

٢٢[٢٦]. **ئیمەیلی ٢٠١٦/٦/١٨ ی کاک ئەمیر بۆ من.**

هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی، یان بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوان، لە هەندێك شوێنی دیکەی موکریان و تەنانەت شاری سنەشدا، گوندنشینانی ژێر ستەمی فێئۆداڵەکان لە خاوەن موڵکی خۆیان ڕاپەڕیون و هەر ئەوەش وایکردووە کاك ئەمیر یان کەسانیتر ڕووداوەکە بە موکریانی ناوببەن. باوەکوو ئێستاش لەسەر ئەوە سوورم کە ناوەند و کانوونی خەبات شاری بۆکان بوو و گوندنشینەکان چ لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و چ لە گوندەکانیتر، لە درێژەی خەباتی ئەواندا، لە ملهوڕان ڕاپەڕین. جا بەو تەعبیرە، هەرچەند کەم دیقەت و ناتەواویش بێت، سیفەتی موکریانی یان کوردستانی دان بە ڕاپەڕینەکە، بۆ کەسانێك کە لە دەرەوەی بۆکان سەیری مەسەلەکە دەکەن، بە هەڵە نازانم.

ئەو ئاڵوگۆڕی بۆچوونەم وەك نموونەیەك هێنایەوە کە بڵێم ئەو ڕۆحە گەورەیە بەو هەموو زانیاری و پسپۆڕایەتییەوە کە بووی، چۆن لەگەڵ تازەکارێکی وەك مندا بە نەرم و نیانی دوا و تەنانەت ئەگەر لاقیشم لە بەڕەی خۆم درێژتر دەکرد و ڕەخنەی توندم لێدەگرت، لێم تووڕە نەدەبوو هیچ، بەڵکوو خەجاڵەتی دەکردمەوە و بە میهرەبانی لەگەڵم قسەی دەکرد. کێ دەتوانێ کاك ئەمیر بێت؟<u>مەنتیقی سالم بە بێ ئەخلاقی سالم و ڕێبازی زانستی، ئەستەمە هەبێت.</u>

با سینگ فرەوانیی و ڕێزگرتن لە بۆچوونی دژبەرانمان لە مامۆستا ئەمیر فێر بین. با وەبیر خۆمانی بهێنینەوە کە ئێمە لە جیهانی نیسبییەتدا دەژین و بۆمان نییە دۆگم و موتڵەق بینیی سەدەکانی کۆن بهێنینە ئەمڕۆ و زیندووی بکەینەوە.

بۆ ناسینی ڕاستەوخۆی هەڵوێست و بۆچوونی زانستیانەی کاك ئەمیر لە خوارەوەدا کۆپیی دوو لاپەڕە لە نامەی ڕۆژی ١٩٩٥/٤/٢٨ی بڵاو دەکەمەوە کە هەر لە پەیوەندی ئەو ڕاپەڕینە شکۆدارەدا بۆی ناردبووم.

یادی مامۆستای کەم وێنە- دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوور،زیندوو بمێنێت!

**سەرچاوەکان:**

بلووریان، غەنی . *ئاڵە کۆک: بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم*. کۆ کردنەوە و ئامادە کردنی حامید گەوهەری. ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧

بلووریان، غەنی. *سەدەی کارەسات – مێژووی زیندوو، گفتوگۆ لەگەڵ غەنی بلووریان*. ئامادە کردنی برایم فەڕشی. سلێمانی: بنکەی ژین ، ٢٠٠٨

بهنود، مسعود. *از سید ضیاء تا بختیار – دولتهای ایران از اسفند ١٢٩٩ تا بهمن* ١٣٥٧ . چاپ سوم. تهران: انتشارات جاویدان، ١٣٦٩

تابانی، حبیب الله. *بررسی اوضاع طبیعی ، اقتصادی و انسانی کردستان در بمونه کردستان مکری*. چاپ دوم. انتشارات سیدیان، ١٣٣٨ ، ص ٥٣

چووکەڵی، سولەیمان. (ساڵ؟). *نەخشەی سیاسی دێمۆگرافیکی موکریانی کوردستان*. بە زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیسی

حسامی،کەریم، *لە بیرەوەرییەکانم*، بەرگی یەکەم، وەشانێن زئینا نوێ، ئووپسالا، سوێد، ١٩٨٦

عەسری ، عومەر. *گۆڤاری گزینگ* ، ژمارە ٣٧.

محەمەدیان، ڕەحمان. *بۆکان لە سەدەی بیستەمدا – کۆی ٨١ بەڵگە نامە* . بەرگی یەکەم. تاران، لۆڵە پشتی، ١٣٨٩.

هەژار، عەبوڕەحمانی شەرەفکەندی. *چێشتی مجێور*. چاپی یەکەم. پاریس، ١٩٩٧.

هێمن، سید محمدامین شێخ الاسلامی. *تاریك و ڕون*. بنکەی پێشەوا، ١٣٥٣.

**سەرچاوە: گۆڤاری دەروازە، ژمارە٢. نیسانی ٢٠١٨**

٢٣[١٢]. هەژار، عەبدوڕەحمانی شەرەفکەندی،*چێشتی مجێور*. چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧، ٨٣ ـ ٨٨

٢٤[١٣] لە ساڵی ١٣٥٨ و ٥٩شدا (١٩٨٠ی زایینی) کە ڕێکخراوی فیدائیانی خەلقی ئێران لە ناوچەی بۆکان بانگەوازی دابەشکردنی زەویی گوندەکانی دا، مێژوو دووپات بووەوە: تاقە شوێنێك کە بە دەنگی بانگەوازەکەوە هات، هەمان ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بوو کە نەریتێکی شۆڕشگێڕانەیان هەبوو. گوندنشینانی چەند گوند، بۆ نموونە گوندی "حەسار"، کە مڵکی یەك لە بنەماڵەکانی ئاغاواتی فەیزوڵڵابەگی بوو، زەوییەکانی ئاغایان بە سەر خۆیاندا دابەش کرد و حاسڵیشیان هەڵگرت. "کومیتەی وەرزێریی" ڕێکخراوەکە ڕاستەوخۆ هاوکاری وەرزێرانیان دەکرد و منیش لە ڕێگەی هەڤاڵانمەوە ئاگاداری کارەکان بووم.

٢٥[٢١] بڕوانە "نەخشەی سیاسی و دیمۆگرافیکی موکریانی کوردستان".

٢٦[٢٢]بڕوانە "بررسی اوضاع طبیعی، اقتصادی و انسانی کردستان در نمونه کردستان مکری" (١٣٣٨). جێگەی سەرنجە کتێبەکە وەك پایان نامەی زانکۆی نووسەر بۆ زانستگەی تەورێز نووسرا و لە تەورێزیش چاپ کرا. دوور نییە ئەو هەڵاواردنە ئاکامی گوشاری ئەوان بووبێت.

---

٢٣

٢٤

٢٥

٢٦



## بابەتی سێزدە: هەڤپەیڤین لەگەڵ ئالان حەسەنیان لە سەر: بزووتنەوەی وەرزێران لە موکریان ۱۹۵۲ ـ ۵۳



ئالان حەسەنیان و حەسەن قازی

بینەرانی خۆشەویست بەخێر بێنەوە بۆ بەرنامەیەکی دیکەی ' ڕاوێژ'. لە ' ڕاوێژ' ی ئەمجارە دا میوانداری دەکەین لە ئالان حەسەنیان کە کاندیدای دوکتورایە لە ئەنیستیتووی لێکۆڵینەوەکانی عەرەبی و ئیسلامی، ناوەندیی لێکۆڵینەوەی کوردی لە زانکۆی ئێگزێتر لە وڵاتی بریتانیا. دیارە ئێمە لەو بەرنامەیە دا باسی نووسینێکی بەڕێزیان دەکەین سەبارەت بە ڕاپەڕینی جووتیارانی کورد لە ناوچەی موکریان لە ساڵی ۱۹۵۲ و ۱۹۵۳ من خۆشم چاڵاکانە لەم بابەتە دا بەشداری دەکەم . زۆر زۆر بە خێر بێی.

**ئالان حەسەنیان :** زۆر سپاس کاک حەسەن گیان، سڵاو لە تۆش

**حەسەن قازی:** زۆر سپاس، کاک ئالان پێم خۆش بوو بەر لەهەموو شت لەوەڕا دەست پێ بکەین کە بەڕێزت سەردێری ئەوەت بۆ نووسینەکەت داناوە: "بزوتنەوەی وەرزێرانی کورد لایەنێکی وونبوو لە خەباتی کورد لە ئێراندا". مەبەستت لە لایەنی وونبوو چییە؟

**حەسەنیان:** پێشەکی زۆر سپاس ، ئەو سەردێڕە کە هەڵبژێردراوە لایەنی وونبوو ؛ ڕاستە لە زۆر شوێن دا، لە زۆر گۆڤار دا، لە زۆر لێکۆڵینەوە دا زۆر بە کورتی باس کراوە کە لە ماوەی ساڵی ١٣٣٠ ، ١٣٣١، ١٣٣٢ی هەتاوی ڕاپەڕینێك هەبووە لە مەنتەقەی موکریان بڵێین لە بەینی بۆکان و مەهاباد دا، ڕاپەڕینێکی جووتیاران هەبووە بەڵام هیچ لێکدانەوەیەکی ئەوتۆی لە سەر نەکراوە بە گشتی کە هۆکارەکانی چی بووە، دەستکەوتەکانی چی بووە ، چی بووە بە هۆکاری ئەوەی کە ئەو ڕاپەڕینە سەر نەکەوتووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کە سەر نەکەوتووە و نەیتوانیوە سیستمی دەرەبەگایەتی لە کوردستان بڕووخێنێت، بەڵام خۆ هەر دەسکەوتی هەبووە. ئەو دەسکەوتانە چی بوونە؟ دوای ئەوە شتێکی دیکەش هەیە ئەگەر بە شێوەیەکی مێژوویی بڕوانینە ئەو ڕاپەڕینە ئەو ڕاپەڕینە بووە بە هۆکار یا دەسپێکی ترێندێك ، شێوازە ڕێکخستنێکی تازە لە جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دا. ئەو شێوازە تازەیە چییە؟

**قازی:** دیارە دەگەینە سەر چوارچێوەکەی لەو پرسیارە ئەمن تەنیا مەبەستم لە سەر دێری نووسینەکەت بوو کە دەڵێی وونبوو یانووردتر سەروبەندێکی وونبوو لە مێژووی کوردی دا.بەڵام ئەو قسەیەی کە ئەوە بوو بە ترێندێکی تازە دیارە ئەگەر ئەوە لە بارەی ڕێکخراوەیی و ئۆرگانیزسیۆنی ڕا باسی بکەین ئەوە دەگەڕێتەوە هێندێك زەمانی پێشووتر یانی ئەو زەمانی کە لە ساڵانی ١٩٤٠ی زایینی دا کە ' کۆمەڵەی ژیانی کورد ' پێك دێ. دەکرێ بڵێین ئەو دەمی لە هێندێك لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا ڕێکخستنی نوێی سیاسی پێك هاتووە.باسی ئەوەشت کرد لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوە کەم کراوە ئەوەش بە تەواوی دروستە. بەڵام لەو ساڵانەی دوایی دا، یانی لە ماوەی بیست سی ساڵی ڕابردوو دا، نەمر مامۆستا ئەمیری حەسەنپوور کە بە داخەوە ماوەیەکی هێندە لە مێژنییە بەجێی هێشتووین لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بەر بڵاوی سەبارەت بەو حەرەکەتە کردووە کە بەخۆشییەوە تا ئەو جێگای کە ئەمن ئاگادار بم ، دیارە بۆخۆی کە هێشتا لە ژیان دا بوو هەمووی هێشتا تەواو نەببوو بەڵام، ئێستا هەموو بەشەکانی هاوژینی بەڕێز دوکتور موجاب تەواوی کردووە و بڕیارە بە زوویی بە زمانی فارسی چاپ ببێ. دیارە ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی هەموو لایەنەیە لەو بارەیەوە.

**حەسەنیان:** منیش ویستم باس بکەم، مەبەستم ئەوە نەبوو بڵێم هیچ باس نەکراوە.

**قازی:** ڕەنگە مەبەستت لە سەرەتاوە بێ؟

**حەسەنیان** : بەڵی، دەنا خۆ زۆربەی ئەو دۆکومێنت و دەیتا سەرەکییەکانی  هەر وەك لە نووسینەکە دا یەك بە یەك ئیشارەی پێ کراوە من لە ئەو شتانەی کە کاك ئەمیر دەستی خستووە و هەر وەها خەڵکی دیکەش توانیویانە کەلکیان لێ وەربگرن، من کەلکم لەوانە وەرگرتووە بۆ بەشی هەرە زۆری.

**قازی:** دیارە ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لێ کردووە کاك ئەمیر و مامۆستا ئەنوەری سوڵتانی  تاڕادەیەك و هەر وەها لەو ساڵانەی دواییتریش دا چەند کەس لەوانەی کە بۆخۆیان لەو بزووتنەوەیە دا بەشدار بوون لەوانە، ڕەحمەتی حەمەدەمین شەشە یا حەمەدەمینی ئەحمەد پوور، یەکێك لەو کەسانە بووە؛ گۆڤارێك دەردەچوو لە شاری مەهاباد بە ناوی  ' پەیامی کوردستان ' ، چاوپێکەوتنێکی دوور و درێژیان لەگەڵ کردووە لە سەر تەجروبەکانی خۆی لەو بزووتنەوەیە دا. لەو لێکۆڵینەوەیەی کە مامۆستا حەسەنپووریش کردویە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردووە و هەر وەها بەڕێز مامۆستا مەلا عومەری عەسری کە ئەویش لە ناوچەی بۆکان دا لەو بزووتنەوەیە دا بەشداری هەبووە ئەویش وەختی خۆی نووسینێکی هەبوو لە گۆواری ' گزینگ ' دا کە لە سوێد دەردەچوو. و لەو ساڵانەی دواییشدا ڕەحمەتی ڕەحمانی محەمەدیان دوو بەرگ کتێبی بڵاو کردووەتەوە سەبارەت بە بۆکان  [وەك لێرە دەیبینین ] لێرەش دا چاوپێکەوتنێك کراوە لە گەڵ ڕەحمەتی عومەری تیکانتەپە [ بابامیری ]، کە کاك عومەری تیکانتەپەش کە یەکێك لە هەڵسووڕاوانی سەرەکی بزووتنەوەکە بووە لە لادێکانی دەوروبەری بۆکان، لە لادێکانی مەنتەقەی فەیزوڵابەگی.
ئێستا ئەمن پێم خۆشبوو لەوەڕا دەست پێ بکەین. دیارە باسێك هەبوو لە نێوان مامۆستا ئەمیری حەسەنپوور و مامۆستا ئەنوەری سوڵتانی دا سەبارەت بە نێولێنانی ئەو بزووتنەوەیە مامۆستا ئەنوەری سوڵتانی پێی وا هەبوو، پێی وایە ئێستاش کە لەبەر ئەوە ناوەندی ئەو بزووتنەوەیە هەم لە بۆکان بووە و هەم  لە دەوروبەری بۆکان دروستتر وایە کە بەو شێوەیە  ناوی بهێندرێ نەك ئەوەی بە هەمووی بگوترێ ' موکریان '. بەڵام، لە دوایین نووسینی مامۆستا سوڵتانی لە گۆواری ' دەروازە ' دا کە لە بەر دەستی جەنابیشت هەیە لەوێدا باسی ئەوەی کردووە کە بەو ئاڵوگۆڕە فیکرییەی کە لەگەڵ مامۆستا حەسەنپوور کردوویەتی ئەویش قەبووڵی کردووە کە دەکرێ بگوترێ ' بزووتنەوەی وەرزێران لە موکریان ' چونکوو ئەو ناوچانە هەموویان دەکەونە موکریان. جا پێم خۆش بوو بۆچوونی جەنابت لەو بارەیەوە بزانم دوایە دێینە سەر ناوەرۆکی نووسینەکەی بەڕێزت.

**حەسەنیان:** من ئەوەی کە خوێندمەوە زۆر سپاس بۆ مامۆستا ئەنوەری سوڵتانی کە بە ڕاستی ئەو ئاڵوگۆڕەی نامە و ئی مەیلەی لەگەڵ کاك ئەمیر کردوویانە بڵاو کردووەتەوە و خوێنەری کوردیش مەجاڵێکی بۆ دروست دەبێ کە بزانێ ئەوان چۆنی بۆچوون. بە ڕاستی زۆر زۆر جالبە ئەوە دڵفرەوانی

هەر دوو لا نیشان دەدات کە لە عەینی حاڵ دا کە بیر و بۆچوونیان لەو بارەیەوە زۆر جیاوازە بەڵام توانیویشیانە زۆر بە جوانی قسە لەگەڵ یەك بکەن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن. سەبارەت بە لۆکالیتی شوێنەکە من خۆم شەخسەن زۆر گرینگیم پێ نەداوە هەر بە 'موکریان' نێوم بردووە، ئەوە بەو مانایە نییە کە نە ئەم لایە نە ئەو لایە، یانی هەم بۆ خۆم ئاسان کردووەتەوە و بۆ خوێنەرێکی غەیرە کوردیش ڕەنگە بە لایەوە زۆر موهیم نەبێ کە ئەوە لە مەنتەقەی بۆکان بووە. بەڵام، ئەوەی کە دەری دەخا ئەوەیە کە ڕووداوەکە زۆر زۆر لە مەنتەقەی بۆکان بەر بەرینتر بووە چونکی وەختێکیش لێکۆڵینەوە لەوە دەکەی کە هۆکارەکەی چی بوو ؛ کە دەگەڕێیەوە بۆ هۆکاری سەرنەکەوتنەکەی ...

**قازی:** پێش ئەوەی باسی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنەکەی بکەین دەبێ باسی ناوەرۆکەکەی بکەین بۆ ئەوەی سیستماتیك بچینە پێشێ.

**حەسەنیان:** بۆیە دەمەوێ باسی ئەوانە بکەم باسی شوێنەکەیتان کرد، ئەویش ئەوە دەگرێتەوە کە زۆر بەربڵاو بووە بە ڕاستی ئەوە یەکێك لە هۆکارەکانی بووە.

**قازی:** زۆر باشە، ئەو مەنتەقانەی کە بزووتنەوەکە گرتوویەتەوە ، بەڕێزت لە نووسینەکەت دا لە ڕووی لۆکالیتییەوە کوێ و کوێت دیاری کردووە؟

**حەسەنیان:** لۆکالیتی بەشی فەیزوڵا بەگی سەقز [بۆکان] دەگرێتەوە، هەر وەها ' شامات ' ناو دەبەن ،جا ئەمن بە گشتی بە موکریان ناوم بردووە.

**قازی:** ئەمن مەبەستم ئەوە نییە. مەبەستم ئەوەیە ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە بەڕێزت کردووتە لە مەر ئەو بزووتنەوەیە لە چەند جێگا بووە؟ یەك لە نێو شاری بۆکان بووە، ئەو بزووتنەوەی کە لە ناو شاری بۆکان بووە داوخوازی ئەو بزووتنەوەیە چ بووە تا ئەو جێگای کە بەڕێزت بزانی ؟

**حەسەنیان:** دوو داوخواز هەبووە، یەکێکیان کە جووتیارەکان بەرزیان کردووەتەوە

**قازی:** ئەمن باسی نێو بۆکان دەکەم

**حەسەنیان:** بەڵێ ئەمنیش باسی نێو بۆکان دەکەم ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ' حاجی قاسم ' . ئەو بۆ خۆی جووتیار نەبووە، یەکێك لە بازاڕییەکانی نێو شاری بۆکان بووە بەڵام ئەویش بەش بەحاڵی خۆی کێشەی لەگەڵ دەرەبەگەکانی ناو بۆکان بووە .کێشەکە لە سەر ئەوە بووە کە لە ساڵی ١٣٣٠ دا مڵکیان پێ فرۆشراوە ، بە تایبەتی لە ساڵی ١٣٣١ کە ' موسەدیق ' قانوونی سەدی بیست دەردەکا. لە ئێران دا هەمیشەی کێشەی ئەرز هەبووە. چونکە ئەگەر تەواوی ئێران لە بەرچاو بگرین بە کوردستانیشەوە هەشتا لە سەدی خەڵك لە گوندەکان دا ژیاون لەو سەردەمە دا ئەگەر زیاتریش نەبوو بێ. جا لە بەر ئەوە نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکی زۆر زۆر گەورە هەبووە. ئەمە بە گشتی لە ئێران ، لە کوردستانیش وەزعەکە زۆر زۆر خراپتر بووە، بواری نادادپەروەری بۆ وێنە زۆر ڕسووماتی ناشیرین هەبووە کە ئاغا سەپاندوویەتی.

**قازی:** ببوورە ئێستا ئێمە هێندێك لە باسەکەمان دوور دەکەوینەوە. ئەمن دەمەوێ سیستماتیك بڕۆین. لە نێو بۆکان کێشە لە سەر چی بووە ؟ کێشەی سەرەکی؟

**حەسەنیان:** کێشەی سەرەکی لە سەر ئەوە بووە کە مڵك فرۆشراوە بە خەڵك لە لایەن ئاغاوە بە زەبری دەوڵەت ئەو کاتە لە دەوڵەتی شاهەنشاهی دا ' موسەدیق' سەرۆکوەزیر بووە. بەڵام ئەو ئەرزانەیان بە نێو سەبت نەکراوە. چەندین ساڵ خەباتیان کردووە، داواکاریان کردووە، سەری دادگایان داوە بەڵام ئاغاکان سەرەڕای ئەوەی کە پارەی مڵکەکانیشیان وەرگرتووە ، مڵکەکان نەکراوە بە ناوی ئەو خەڵکەی کە پێیان فرۆشراوە. یەکێك لەوانە'حاجی قاسم' ە کە مرۆڤێك بووە لە بازار کاری کردووە و کەسێکی ڕۆشەنبیریش بووە لە سیاسەتیش دا بەشدار بووە، سەر بە جەبهەی میللی موسەدیق بووە تەنانەت بۆ ئەو کاتە زۆر شتێکی گەورە بووە وەك باس دەکرێ چووەتە سەر ڕادیۆ تاران و قسەی بۆ خەڵکی کوردستان کردووە کە کاتی ئەوەیە داوای مافەکانمان بکەین و زۆر خۆڕاگر بین لە سەر داواکانمان.

**قازی:** لە مەنتەقەی بەری فەیزوڵابەگی بۆکان کە مەرکەزەکەی پێم وایە ' تیکانتەپە ' و ' ئاڵبلاغ ' بووە زیاتر لەوێ داوخوازی سەرەکی چ بووە ؟

**حەسەنیان:** داوخوازی سەرەکی لەوێ زۆر گەورەتر بووە. بۆ لەوێ زۆر گەورەتر بووە، هەق هەر هەقە ،داخوازەکە هەر وەك شار بووە بەڵام لەوێ گەورەتر بووە و هەر مەسەلەی ئەرز نەبووە. مەسەلەی لا بردنی ئەوەی کە پێی دەڵێن سووروسات .

**قازی:** یانی لە پارلمانی ئێران بە پێشنیاری موسەدیق دوو لایحە پاسند کراوە

**حەسەنیان:** یەکێك لە وانە قانوونی سەدی بیست بووە ، یەکێکی دیکەشیان ئەوە بووە کە ئەو هەمووە سووروساتە نابێ بمێنێ. یەکێك لەو دیاردە ناشیرینانەی کە ئاغا و دەرەبەگ بە سەر جووتیاری کورد دا سەپاندبوویان قانوونی ' شەوی یەکەم ' بووە.

**قازی:** دیارە ئەو ووتەیەی جەنابت قسەی لە سەرە. ' شەوی یەکەم' بەو مانایەی کە ئەگەر یەکێك بووك دەگوێزێتەوە شەوی یەکەم بووکەکە بچێتە لای ئاغا. ئەوانەی کە لەو مەنتەقەیە ژیاون لە هەرێمی موکریان ، ئەوە نەدیتراوە ئەوە دەبەمە ژێر پرسیار، لە جێگایەك مامۆستا ئەمیر حەسەنپووریش ئاماژەی بەوە کردووە ، بەڵام ئەو ڕێفرێنسەی کە دەیدا مەڕبووت بە ئاغا و جووتیارانی کورد نییە. کەیسێکی ئەرمەنی یە وا بزانم.

**حەسەنیان:** ئەوە زۆر باوە بووە نەك هەر لە ناو ئاغا ودەرەبەگی کوردستان دا ، تەنانەت لە فەڕانسە دا کە سیستمی فئودالی زۆر بە قووەت بووە .

**قازی:** بەڵام لە نێو ئاغا و دەرەبەگی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە دا ئەو مەسەلەیە یەك لەو شتانە نەبووە کە ڕووی دابێ. فەرموو بەردەوام بە.

**حەسەنیان:** من بۆ خۆشم بە منداڵی هەر چەند ئێمە لە شار ژیاوین، بەڵام ئەو شتانەم بیستووە.

**قازی:** ئێستا بێینەوە سەر ئەو دوو لایحەیە، یەکیان نەهێشتنی سووروسات وەك گوریسانە و هێلکانە و ... بووە

**حەسەنیان:** یانی بە هەموو جۆری جیاواز ماڵیات لە خەڵك وەر دەگیرا و کاری زۆرەملی یان بە جووتیاران دەکرد.

**قازی:** ئەی لایحەکەی دیکە؟

**حەسەنیان:** ئەویدیکەشیان قانوونی سەدی بیست بووە . ئەو قانوونی سەدی بیستە بریتی بووە لەوەی کە بیست لە سەدی ئەو داهاتەی کە ساڵانە دەگەڕێتەوە بۆ ئاغا بیگێڕێتەوە بۆ خەڵکی گوند. لەو بیست لە سەدە نیوەی بۆ جووتیارەکە بووە کە ژیانی خۆی پێ باش بکات و دە دەرسەدەکەی دیکەشی ئەوەیە کە هەلومەرجی نێو دێهات ، مەدرەسە و ڕێگا و بە شێوەی جۆراوجۆر کەلکی لێ وەربگیرێ.

**قازی:** شتێکی دیکەشی تێدا بووە کە لە هەر دێیەك دا شووڕایەکیش دروست بکرێ.

**حەسەنیان:** بەڵێ. لەو شووڕایەش دا هەم ئاغا و هەم جووتیارەکان پێکەوە ببن و مەجاڵێك بۆ ئەوە دروست ببێ وەکوو ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن دێمۆکراسی مەجالێك دروست ببێ بۆ بریار دان کە بە جۆرێك لە جۆرەکان ، ئاغا و جووتیار ، چونکە واقعییەت ئەوە بوو کە هەم ئاغا هەبوو، هەم جووتیاریش هەبوو. هەموو بۆ ئەوەی کە کێشەکان کەم کرێنەوە .

**قازی:** دیارە توندوتیژ بوونی کێشەکە هەم لە ناو شاری بۆکان و هەم لە ناوچەی فەیزوڵابەگیش هەبووە. دوایە لە 'شامات" و ' محاڵ ' و ' شاروێران ' یش ئەو بزووتنەوەیە هەبووە. کە بە پێویستی ئەوە نەبووە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکتری بووبێ چونکوو وەك دەردەکەوێ بە پێی قسەی ئەو تێکۆشەرانەی کە لە حەرەکەتەکە دا بەشدار بوون ، ئەوانەی کە لە ناوچەی شامات و محاڵ و شاروێران لەو جووڵانەوەیە دا بەشدار بوون ، پاشتر لەو کادرانە بوون کە لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کاریان کردووە و ئەو زەمانەش زەمانێك بووە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەو ناوچەیە بە تەواوی لە ژێر تەئسیری بۆچوونی ' حیزبی توودەی ئێران ' دا بووە، بەڵام بزووتنەوەی بۆکانێ دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەك لە ژێر تەئسیری جەبهەی میللی ئێران دا بووە. بو وێنە حاجی قاسم کەریمی بۆ خۆی ئەندامی ' حیزبی ئێران ' بووە.

**حەسەنیان:** دیارە قسەکەت ڕاستە، بۆ ناوچەی بۆکانیش . ئەمن لەوەیدا کە خوێندوومەتەوە، پێشتریش باسمان کرد ئێوەش گوتتان ڕەنگە گەورە کردنەوەیەکی زۆر گەورە بێ ، حیزبی توودەدا لەو سەردەمەدا ئەوەی کە دەڵێن ئەندامێکی زۆری زۆری وەرگرتووە، بۆچی؟ یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوە بوو کە دوای ڕووخانی کۆمار بە ڕاستی دەوڵەتی شاهەنشاهی زەبر و زەنگێکی زۆری دروست کرد لە کوردستان و مەجال بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان نەبوو ، یەکێکی دیکەشی ئەوە بوو گۆیا، ئەوەیان نازانم چەند ڕاستە، وەك دانی ئیمتیازێك بە شوورەوی بە کشانەوەی شووڕەوی لە ئێران حیزبی توودە کەمێك دەستی بازتر بێ. ئەمە چ ڕادەیەك ڕاستە نازانم.

**قازی:** نا ئەوە سپێکولاسیۆنە .

**حەسەنیان:** بەڵام شتێکی دیکە لەو بوارە دا گرینگە ڕۆڵەکان ئەوە بووە کە بە ڕاستی مامە غەنی، کاك غەنی بلوریان زۆر کاراکتێرێکی موهیم بووە. چۆن کاراکتێرێکی موهیم بووە ڕۆڵی نێوانگیری بینیوە. باس دەکرێ بە خەڵکی گوتووە لە سەر داواکانتان شێلگیر بن بەڵام بە شێوەیەکی مەدەنیانە. چونکە قانوونێك هەیە ئێستەکانێ وەرن بڕۆنە ئیدارەی پۆست و موخابرات لەوێ مان بگرن.

**قازی:** یانێ ئەگەر کۆی کەینەوە سەر یەك دەکرێ بڵێین ئەنگیزەی سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە لە هەموو جوغرافیای ئەو شوێنانەی کە ڕووی داوە پەسند کرانی ئەو دوو لایحەیە بووە لە مەجلیسی شووڕای میللی ئێران بە پێشنیاری دوکتور موسەدیق .

**حەسەنیان:** دەقیق ئەوە بووە. ئەوەش کە جووتیارەکان پێیان لە سەر دا گرتووە، بە ڕاستی هیچ توند و تیژی نەبووە، بەڵام کە لە دوای پەسند کرانی ئەو لایحانە و بە قانوون بوونی ، هەرچەند حەولیان داوە بە شێوەی قانوونی کە مافەکانیان وەربگرن نەیانتوانیوە مافەکانیان وەربگرن.

**قازی:** پێش ئەوەی بگەینە ئەو کارانەی کە جووتیاران بە کردەوە کردوویانە بە تایبەتی لە ناوچەی فەیزوڵا بەگی کە بە پێی ئەو چاوپێکەوتنەی کە لەگەڵ خودالێخۆشبوو عومەری تیکانتەپە [ بابامیری] کراوە و لە کتێبی ' بۆکان لە سەدەی بیستەم دا' لە نووسینی ڕەحمان محەمەدیان، ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی دا بڵاو کراوەتەوە و هەر وەها نووسینی مەلا عومەری عەسری ش ، لەوێ نیشانەی تایبەتی یان هەبووە، دەسماڵێك هەبووە لە ملیان هاڵاندووە و هەر وەها حەمەدەمین شەشە [ ئەحمەد پوور] یش لە چاوپێکەوتنەکەیدا بە درێژی لە کارەکانی خۆیان دواوە. دیارە مامۆستا ئەمیر حەسەنپوور بۆ لێکۆڵینەوەکەی لەگەڵ ٣٠ نەفەر قسەی کردووە کە زۆربەی ئەوانە ئەو دەمی بۆ خۆیان لە بزووتنەوەکە دا بەشدار بوون یا لەو سەوبەندی دا ژیاون و لە ڕووداوەکان ئاگادار بوون. پێش ئەوەی بگەینە ئەوانە، لێرە دا پرسیارەکەم ئەوەیە جەنابت بۆ ئەو نووسینە دیارە کە قالبێکی تیوریکت بە کار هێناوە ئەگەر بکرێ لە سەر ئەو لایەنە هێندێك بدوێی.

**حەسەنیان:** تیورییەکەی تیوری ' سۆسیال مووڤمنتس' ە بڵێین ' بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی یە. دیارە سۆسیاڵ مووڤمنت لە شێوەی خەباتی مەدەنیانە دا ، واتە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بە شێوەی مەدەنیانە.

ئەوی دیکەشیان 'ڕێلاتیڤ دیپریڤەیشن ' بووە یانی هەتاوەکوو ئاستی سەختییەکانی ژیان بەرز ببێتەوە لە کۆمەڵگا دا، خەڵك لە سەختی و نارەحەتی دا بژین هۆکاری بەرخوەدان و ڕاپەڕین بە دژی دەسەڵات زیاتر دەبێ. دروست ئەو حاڵەتەش لە نێو جووتیارانی کوردستان دا هەبووە . خۆ ئەو حاڵەتە لە تەواوی ئێران دا دەتوانین بڵێین فەرقێکی ئەوتۆی نییە. دەبینین سیستمی فێئۆداڵی لە ئێران دا ، لە کوردستان و لە شار و مەنتەقەکانی دیکەش هەر وەکوو یەك وا بووە بەڵام کە دەگا بە ئاکارەکانی ، ئەوەی کە دەبێتە هۆکاری زوڵم و زۆر لە کوردستان بە چەندین هۆکاری جیاوازن. یەکێك لەوانە ئەو بوو کە دەسەڵات بە چەندین شێوە دەستی ئاغاواتی باز کرد بوو . یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان ئەوەیە کە ئەو هەلومەرجە سیاسییەی کە لە کوردستان دا هەبوو بە تایبەتی دوای کۆماری کوردستان وای کرد بوو ئاغاکان زیاتر دەستیان باز بێت بۆ بە ڕەوایی پێدان بە زوڵم و زۆری خۆیان. ئەرتەشیش زۆر لە خزمەتیان دا بوو چونکە دەبینین بە ڕاستی لە حاڵەتێك دا بە جۆرێك لە جۆرەکان ' موسەدیق ' ، نەك ڕاستەو خۆ نەهاتوونەتە خوارەوە چونکی تواناى ئەوەشیان نەبوو لە کوردستان ڕاستەوخۆ پشتیوانی ئەو جووڵانەوەیە بکەن بەڵام بە شێوەی قانوونی حەولیان دەدا پشتیوانی لێ بکەن.

**قازی:** دیارە ئەوە زۆر شتێکی چاوڕاکێشە کە دەبێ لە بەرچاومان بێ. لەو سەردەمە تایبەتییە دا یانی چەند ساڵ دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە ڕاستیدا ڕەفتار و ئاکاری مەرکەز لە کوردستان دوو جۆر بووە. یەکێك ئەوانەی کە سەر بە حکوومەتی دوکتور موسەدیق بوون ، یا عونسووری تودەیی، چونکە دەزانی ئەو زەمانی حیزبی توودەی ئێران سازمانێکی نیزامی هەبوو و ڕێکخراوەیەکی زۆر بەهێزی هەبوو لە ناو ئەرتەش دا. بۆ نموونە لەو چاوپێکەوتنەی کە ڕەحمەتی حەمەدەمین شەشە کردوویەتی باسی ئەوە دەکا کە چۆن ئەفسەرێکی توودەیی کە لەو مەنتەقەیە دا بووە هاتووە یارمەتی کردوون دوای ئەوەیکە خەڵکەکە و خزم و کەسوکاری کاك حەمەدەمین یان وەدەر ناوە هاتووە یارمەتی کردوون. یانی مەبەستم ئەوە بوو سەرنجت ڕابکێشم کە ئەو دەمی دوو حاڵەت هەبووە ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لایەنی دەربار و ئەرتەش ئەوە ئەوان بوون کە پشتیوانی ئاغاوەت بوون.

**حەسەنیان:** هەر وەك لە چاوپێکەوتنەکەی ڕەحمەتی حەمەدەمین شەشە دا دەخوێنینەوە باسی ئەوە دەکا کە ئێمە لە ماوەیەك دا بە جۆرێك لە جۆرەکان دەسەڵاتمان بە سەر ناوچەکە دا هەبوو.

**قازی:** باشە ئەگەر دەکرێ ئەوەش زیاتر شی بکەیەوە کە لەو ماوەیە دا کە ئەو خەباتە کراوە دەسکەوتیان چ بووە، وا دیارە لە هێندێك جێگا ئاغاوەتیان دەرپەڕاندووە، بۆ ماوەی شەش مانگێك کاری ئاوا کراوە.

**حەسەنیان:** دەسکەوتەکان زۆر زۆر جیاواز بوون. یەکێك لە دەسکەوتەکان دەتوانین بڵێین جۆرێك هەست بە ئازادیی کردن بووە لە باری دەروونی یەوە. ئەو باری دەروونییەش چی دروستی کرد بوو ، سووروسات نەما بوو، یانی جووتیار هێزی دێتەوە بەر کە لەوەدوا چی دی کار ناکا بۆ ئاغا بێ بەرانبەر. بارە کۆمەڵایەتییەکانیشی، سەرەڕای ئەوەی کە بڵێین بووە یان نەبووە تا چ ڕادەیەك بۆ نموونە ' شەوی یەکەم ' یا زۆر شتی دیکە ئەوە نامێنێت بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ، ئەمن بە ڕاستی لە لێکۆڵینەوەکەشم دا تا ڕادەیەك ئەو مەرحەلە زەمانییە شەش مانگەم بە گشتی بڵێین شەش حەوت مانگە ، لەگەڵ ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی ڕوویدا لە ماوەیەکی کەم دا دەکرێ بڵێین هێندێك وێکچوونیان هەیە چونکە خەڵك هەستی دەکرد بە جۆرێك لە جۆرەکان دەسەڵاتی هەیە بە سەر خۆی دا. لەوەدا ئەوە یەکێك لە دەسکەوتەکانی بوو. یەکێك لە دەسکەوتە قانوونییەکانیشی ئەوە بوو کە سیستمی دەسەڵاتی ئاغا نەما، یانی نەك بەتەواوی نەمابێ بەڵام بە شێوەی سێمبۆلیك نەما.

**قازی:** بەڵام ئەوە سەرنجی تۆی ڕاکێشاوە کە لە زەمانی کۆماری کوردستان دا کەمترین حەولێك نەدراوە بۆ ئەوەی ئەو ' موناسەباتی ئەرزی 'یە لە کوردستان دا بگۆڕدرێ؟ تەنانەت لە بەرنامەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان یش دا نەبووە ، لە کاتێك دا هاو تەریبی ئەوە فێرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان لە ئازەربایجان بەرنامەیەکی زۆر ڕادیکاڵی ئەرزی هەبووە بە دژی خاوەنملکان. ئەوە بە چی دەبەستییەوە؟

**حەسەنیان:** ئێستا ئەوەت عەرز دەکەم . پێم خۆشە پێش ئەوە سێ نموونە بێنمەوە لە زەمانی مەشرووتەوە با بڵێین تا سەردەمی کۆماری کوردستان لە ئێران دا کەسانێك پەیدا بوون کە هەم بە شێوەی سیاسی و ئێدێئۆلۆژی و هەم وەکوو حەولدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەك بۆ کێشەی جووتیار – ئاغا/ دەرەبەگ لە تەواوی ئێران دا هەوڵیان داوە، چ لە ڕاپەڕینی جەنگەڵ، ئەوەی میرزا کووچیك خان هەر وەها چەندین حیزبی سیاسی لە ئێران لە زەمانی شۆڕشی مەشرووتەوە هەوڵیان داوە، ئەوەی فیرقەی دێمۆکرات خۆتان فەرمووتان، سیستمی دەرەبەگایەتی نەهێڵن، بەڵام کە دەگەینە کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە خەباتەکە خەباتێکی زۆر بەر بڵاو بووە، بە جۆرێك لە جۆرەکان دەستکەوتی بووە تەنانەت بۆ ماوەی ١١ مانگیش بێت دەسکەوتێکی کوردی دروست بووە، بەڵام ئەو داوخوازە بەرز نەکراوەتەوە. ئەوەش هۆکارێکی هەیە، چونکە لە زۆر شوێنەکان دا دەبینی وەکوو ئایدۆلۆژی لە نووسینی ڕێبەرە کوردەکان دا ئەڵێن کە بۆ وێنە " ئەرز بۆ ئەو کەسەیە کە

دەیکێڵێت "، بەڵام ئەگەر بڵێین بۆچی لە کوردستان دا ئەو ڕەنگدانەوەی نەداوەتەوە لە سیاسەت دا، لە نێو حیزبە سیاسییەکان دا، لە بەرنامەی حیزبە سیاسییەکان دا، ئەویش ئەوەیە کە پێی دەڵێن ناکۆکی. لەبەر ئەوەی لە کوردستان دا دەرەبەگ دوو ڕۆڵیان گێراوە، یەکیان ئەوەیە کە بە ڕاستی زۆر بەربڵاو بووە ستەمکار و چەوسێنەرەوە بوونە، بەڵام دەبینین لە زۆر لە ڕاپەڕینەکانی کورد دا پێش کۆمار دەرەبەگ ڕێبەرایەتییان کردووە ، لە سمکۆ وە بگرە، لە حەمە ڕەشید خانەوە بگرە، لە مەنتەقەی مەریوان و هەورامانەوە. لە زۆر شوێن دەرەبەگان و ئاغاکان ڕێبەرایەتی شۆڕشیان کردووە، کە دەگاتە زەمانی کۆماری کوردستانیش دەبینین هێزێکی زۆر لە نێو کۆمار دا کە دەسەڵاتیشان زۆر بووە هەم لە باری هێزی سیاسییەوە و هەم لە باری ماڵی و ئابووری و چەکداریشەوە ئاغاکان بوونە. جا لەبەر ئەوە دەبێتە کێشەیەکی گەورە، نەیانتوانیوە ئەو داوایە بەرز کەنەوە . بو وێنە لە کۆمەڵەی ژیانی کورد یش دا دەبینی لە نووسراوەکانیان دا مەسەلەی نادادپەروەری و نابەرانبەری کۆمەڵایەتی لە کوردستان زۆر جار بەرز کراوەتەوە ئاغاکانیش بەرپرسیار بوونە بەڵام لە کۆمار دا ئەو ڕەنگدانەوەی نەبووە. لە بەر ئەوەی کە دەبینی یەکێك لە هێزە گرینگەکانی نێو کۆمار ئاغاکان بوونە.

**قازی:** جا ئەوەی کە زۆر سەرنجڕاکێش بێ نەك تەنانەت هەر لە مەنتەقەی بۆکان ، یەکێك لە هەڵسووڕاوانی سەرەکی بڵێین ڕەحمەتی عومەری باباميری بۆ خۆی ووردە مالیك بووە، بۆخۆی ئاغا بووە. یا لە ناوچەی شاماتی هاوکاری هەر نزیکی ' حەمەدەمین شەشە ' و ' سوڵتان قۆیتاس ' و ئەوانە سوڵتانی شێخ ئاغایی [ سوڵتانی حاجی باغر] بووە ، عەولاغای شێخ ئاغایی بووە ، مارف ئاغا بووە کە دژی مام و بابی و ئەوانە کاریان کردووە. یانی ئەوەی کە جەنابت دەڵێی دەتوانێ تا ڕادەیەکی زۆر ئەو مەسەلەیە شی بکاتەوە.

**حەسەنیان:** بەڵام کێشەکە ئەوەیە، ئەوەی کە کاك ئەمیری حەسەنپووریش زۆر زۆر جوان بەرزی دەکاتەوە ، یا هەر کەسێکی دیکەش کە ئەو بیروباوەڕە قووڵەی بە بەرانبەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەبێ، ئاغامان هەبووە لەگەڵ شۆڕشیش بووە بە دڵێکی پاکەوە، ئاغامان هەبووە زۆریشی خزمەت بە شۆڕش کردووە، ئاغامان هەبووە لە ڕاپەڕینی جووتیارانیش دا بەشداری کردووە و قوربانیشی داوە و شار بەدەریش کراوە بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لایەنی تیورییەکەی بۆ دیتنەوەی کێشەکە، دەزانم ئەو پرسیارەت نەکردووە بەڵام پێم خۆشە باسی بکەم کێشەکە تاك نییە لە ناو سیستمی دەرەبەگایەتی دا، ئەڵێ کێشەکە سیستمەکەیە، سیستمەکە نەخۆشە کاری بەوە نییە کە چەند دانە ئاکتری باشیشی هەبێت، هەر چەند دانەشی هەبێت سیستمی

دەرەبەگایەتی سیستمێکی چەوسێنەرە. جا لاچوونی سیستمەکە حەلە نەك لابردنی ئەم ئاغا و ئەو ئاغا. ئەمە ئەوەیە دەنا زۆر ئاغامان هەبووە، دەرەبەگمان هەبووە کە بەشدارییان کردووە لە شۆڕشەکان دا و قوربانیشیان داوە.

**قازی:** ئێمە دەزانین کە ئەو حەرەکەتانە لەو چوار نوختەیە کە لە بەر چاو بگرین ، پێت وایە سەبەب چ بووە نەکراوە بکرێتە یەك ؟ یانی لە بەر چی هەمئاهەنگی پێویستیان لە نێوان دا نەبووە؟ دیسان لەو قسانەی لەو چاوپێکەوتنانە دا کراون هاتووە بۆ وێنە حەمەدەمین شەشە دەڵێ ئێمە پێوەندیمان هەبووە لەگەڵ حاجی قاسم بەڵام دوو دیتنی جیاوازمان هەبووە. دواتر دێینە سەر ئەو مەسەلەیەش. بەڵام جەنابت چۆنی لێك دەدەیەوە، بۆچی هاوئاهەنگی پێویست نەبووە لەو سەروبەندی دا ؟

**حەسەنیان:** مرۆڤ دەتوانێ ئاماژە بە چەند شت بکا. یەکێکیان، دەبێ بگەڕێینەوە پێشتر، خواست هەبووە،خواستی هاوکاری و بەشداری کردن بە تایبەتی لەو سەروبەندە دا حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان تاقە حیزب بووە لە کوردستانی ئێران دا. بەڵام هەلومەرجێکی ئەمنی زۆر قورس بە سەر کوردستان دا زاڵ بووە.

**قازی:** لە هەلومەرجێك دا کە تەواو لە ژێر تەئسیر و لە هاوکاری دا بووە لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران. ئەوە دەبێ تەئکیید بکرێ لەو چوارچێوەیە دا.

**حەسەنیان:** بە تەئکیید. زۆر دۆکومێنت هەیە کە ئاماژە بەو ڕاستییە دەکا.

**قازی:** یانی بۆ وێنە دوکتور قاسملو لە ڕاستیدا کۆمیتەی ئەیالەتیی کوردستان ( کاك) ی حیزبی توودە لە تاران وەك ئەندامێکی حیزبی توودە ناردوویەتە سابلاغێ بۆ ئەوەی چالاکی بکا.

**حەسەنیان:** من ئەوەم لە نووسراوەکە دا باس نەکردووە.

**قازی:** مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بە گشتی باس بکەین لەو سەروبەندی دا حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بە تەواوی لە ژێر تەئسیری بیری حیزبی توودەی ئێران دا بووە. هەموو لایەنێك ئەوە دەڵێن.

**حەسەنیان:** ئەوە دەقیق وایە ، ئەوە یەکێك لە لایەنەکانی. یەکی دیکەش ئەوەیە کە قسە کردن بە ناوی حیزبی دێمۆکڕات هەر ئیمکانی نەبوو.

**قازی:** یانی مەبەستی من لە داگرتنەوەی ئەو قسەیە ئەوەیە ، بۆ ئەوەی بزانم نەزەری جەنابت چییە، کە ئەوە دەتوانێ سەبەبێك بووبێ لە بەر هاوکاری نەکردنی جەبهەی میللی و حیزبی توودە لە ئاستی سەرتاسەری دا، لە تاران دا، دەزانی حیزبی توودە یەکێك لەو تێندێنسانە بووە کە زۆر جار گوتوویە کە کارەکانی موسەدیق پرۆژەیەکی ئەمریکایی یە و حیزبی ئێران و جەبهەی میللی ئێرانیش بەو شێوە ڕاستەوڕاست ئەوان حیزبی توودەیان بە هۆکارێکی محەلی سیاسەتی شووڕەوی داناوە لەو وەختە دا. مومکینە نەبوونی ئەو هاوکاری و ناهەمئاهەنگییە هۆیەك بووبێ لە بەر نێوانی حیزبی توودە و جەبهەی میللی لە ئاستی ئێران دا.

**حەسەنیان:** ئێستا ئەگەر ئەمن زۆر بە کورتی ئیشارە بکەم بە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی جوولانەوەکە...

**قازی:** جارێ نەگەیشتووینە ئەوێ ئەو زوڵم و زۆرەی کە ئاغاکان کردوویانە بە چ شیوەیەك بووە؟ دیارە لە بۆکان ئێلخانیزادەکان خاوەنی ئەو قەسەبەیە بوون و لە لادێکانیش زیاتر لە مەنتەقەی فەیزوڵابەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی یانی هێندێك لە ئاغاکانی فەیزوڵا بەگی لە سەرکوتی ئەو ڕاپەڕینە دا بەشدارییان کردووە، ئەگەرچی لە زەمانی کۆماری کوردستان دا زۆر لە کەسایەتی ئەو عەشیرەتە لە کۆمار دا بەشدار بوون. ئەگەر هێندێك باسی ئەوە بکەی کە هەڵسوکەوتی ئەوان چۆن بووە لە ئاست داوخوازی وەرزێران؟ و پشتیوانی ئەرتەش کە بەلایەنگری دەربار دژی جووتیاران بووە!

**حەسەنیان:** ئەوە دەگاتە مەرحەلەکانی دوایی چونکی بەڕاستی دەبینی لە ماوەیەکی کورت دا، لە شەش حەوت مانگ دا جووتیارەکان توانیویانە بە جۆرێك لە جۆرەکان خواستەکانی خۆیان بچەسپێنن بەڵام کە دەگەینە کاتی دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ ١٣٣٢ ( ئووتی ١٩٥٣)

**قازی:** ئەوەشت لە بیر بێ کە ئەم بەرنامەی ئێمە دروست لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ ( ١٩ی ئووت)، ساڵڕۆژی کودەتا بە دژی موسەدیق بڵاو دەبێتەوە.

**حەسەنیان:** هەڵسوکەوتی ئاغاکان لەگەڵ ئەو هەلومەرجە ئەوە بوو، مەجالێکیان بۆ دروست بوو لە ڕاستی دا ئەوانیش بۆ خۆیان گەیشتبوونە ئەو قەناعەتە کە سیستمەکە خەریکە لە دەستیان دەردەچێت چونکێ سیستمێکی سیاسی لە تاران، لە ئێران دا دروست ببوو کە لە بەینی شا و دەسەڵاتی سیاسی دا کە بڵێین سەرۆکوەزیران موسەدیق بوو، وای لێ هاتبوو بە جۆرێك لە جۆرەکان پاڕلمان کەوتبووە ژێر هەیمەنەی موسەدیقەوە. ئاغاکانیش لە کوردستان بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەو نائومێدییان تێدا دروست ببوو بۆیە خۆیان لە ماڵ دەشاردەوە، خۆیان زۆر دەر نەدەخست، بەڵام دوای کودەتاکە یەکێك لەو نامانەی نووسراوە دەری دەخا کە چۆن ئاغاکان دەچن بۆ سەقز بۆ لای سەرهەنگ موزەفەری

**قازی:** دیارە موزەفەری بۆ خۆشی کورد بووە

**حەسەنیان:** بەڵێ کوردی کرماشان بووە دەچن بۆ لای ئەو، هێزیان دەداتێ، چەك و چۆڵیان دەداتێ.

**قازی:** ئەو دەمی ئەو فەرماندەی پادگانی مەهاباد بووە

**حەسەنیان:** بەڵام نامەکە پێم وایە لە سەقز نووسراوە کە ئاغاکان هەموو پێکەوە دەچن چەند سەد هەزار تمەنێك خڕ دەکەنەوە دەیدەن بە موزەفەری وەکوو بەرتیل کە قەناعەتی پێ بێنن ئەویش تانك دەنێرێتە سەر لادێکان کە جووتیارێك کە نە چەکی پێ بووە، هیچیان پێ نەبووە ، لە هەموو بەڵگەکان ڕا دەردەکەوێ تەنێ پێمەڕە و شەنە و داسیان بە دەستەوە بووە، شتێك بە نێوی چەکیان نەبووە. هەر لە چاوپێکەوتنەکەشدا لە ڕەحمەتی حەمەدەمین شەشە پرسیار دەکرێ چەکتان هەبوو ؟ دەڵێ چەکی چی بابە لەو کاتە دا هەر چەك نەبوو. بەڵام موزەفەری هێز دەنێرێتە سەریان، تانك دەنێرێتە سەریان ، خەڵك فڕێ دەدرێتە نێو ڕوبار، چەندین ئافرەت لە ترسی دەستدرێژی کردنە سەر خۆیان خۆ فڕێ دەدەنە ناو ڕۆباری بۆکان

**قازی:** دیارە گرینگە ئەو شتانە باس بکرێ بەڵام یەك شتێش هەیە لە سەر هەر ڕووداوێك کە ڕیوایەت دەگێردرێتەوە

هەمیشە دەکرێ زیادەڕۆیی و زیادەگۆیی تێدا بکرێ، ئەوەی کە مەعلووم بووە لەو جەرەیاناتە دا چەند کەسێك کووژراون بە تایبەتی لە بۆکان چەند کەسێك کووژراون و تەنانەت یەکێك لەوانە کەسێك بووە کە لایەنی ئاغاکانی گرتووە گۆیا باپیری فەردێك هەیە بە ناوی عەلی جەوانمەردی کە ئێستا لە ڕادیۆ و تێلێڤیزیۆن دا قسە دەکا گۆیا باپیری ئەو بووە. [١]

دوایە شتێکی دیکە کە زۆر چاو ڕاکێشە بە باوەری من ئەویش ئەوەیە دەزانین ڕەحمەتی حاجی قاسمی کەریمی وەکوو سەرۆکی حەرەکەی نێو شاری بۆکان چووتە تاران و لە ڕۆژنامەی جەبهەی ئازادی ئۆرگانی ناوەندی حیزبی ئێران دا وێنەیان بڵاو کردووەتەوە و هەر وەها لە گەڵ دوکتور کەریم سەنجابی وێنەی هەیە و چەند نامەیەکیشی کە بۆ موسەدیق و کاربەدەستی دیکە نووسیوە لە موقابیل ئاغاکانی بۆکانێ دا واتە ئێلخانیزادەکان لە جێگایەکدا ئاماژە دەکا بە پێوەندی چەندێك لەوانە یا موشەخستر لە باسی قاسم ئاغای ئێلخانیزادە دا ئاوا دەڵێ [٢]. و لەچەند جێش دووری خۆی لە حیزبی توودە و پارتییەکانی دیکەی دژی حکومەت زەق دەکاتەوە.
هەمان شت قاسم ئاغا و ئاغاکانی دی کە چوونە تاران دوای کودەیتا لەویش ئەوان حاجی قاسم و هاوڕێیانی تاوانبار دەکەن بە دووپاتکردنەوەی مێژوو و وەدیهێنانەوەی نەخشەی ساڵی ١٣٢٤ واتە کۆماری کوردستان[٣] و هەر دووك لا ژارگۆنەکانیان دەبێتەوە یەك لەو چوار چێوەیە دا.

**حەسەنیان:** دەقیق وایە ئەو دیسکۆرسە هەبووە و هەر لایەی بە شێوەیەك هەوڵی داوە . ئەوەش کە باس دەکەی زیادە ڕۆیی دەکرێ ڕاستە، هەمیشە دەسەڵات چ دەسڵاتی مەرکەزی بێ چ ئاغاوات کە گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی خۆی لە سەرەوە دیتووە و بۆ ماوەیەك ڕاپەڕینی بە دژی کراوە بەڕاستی ئەو پەڕی توند و تیژی بەکار هێناوە. جا نازانم تا چ ڕادەیەك زیادەڕۆیی یان کەم ڕۆیی کرا بێ بەڵام زۆر زۆر هەقایەت و داستان گوتراوە، خۆت دەزانی لە کوردستان شتەکان دەماودەمە، بۆ وێنە کەسانێك وەکوو کاك حەمەدەمین شەشە وتو وێژیان لەگەڵ کراوە دیارە وەك شتێك ڕێکۆردێکی ئەو کاتە بە دەستەوە نییە.

**قازی:** ئەو کارانەی کە ڕەحمەتی ڕەحمانی محەمەدیان کردوویە لەو دوو بەرگەی کتێبی بۆکان دا [٤] ، حەولێکی یەکجار زۆری داوە، بەڵگەی زۆری کۆ کردووەتەوە و لە خۆیەوە شتی نەگوتووە، چووە بەڵگەکانی ڕەسمی ئێرانی هێناوەتەوە ، باسی ناوەرۆکی ڕۆژنامەکانی کردووە، تێلگرافەکانی دیوەتەوە، باسی ئەوەی کردووە کە لە بۆکان کێ هێرشی کردووەتە سەر ئاغایەك و بریینداری کردووە. جا گشت ئەوانە بە دەستەوەیە، ئەگەر ئەوانە کۆ بکرێنەوە سەر یەك زانیاری باشیان لێ دەردەکەوێ. ئەگەر لێرە دا هاوکارانمان بتوانن بەرگی ئەم گۆوارە نیشان بدەن. ئەوە گۆواری ' دەروازە' یە، ئەوە ژمارەی یەکەمێتی کە ڕەحمەتی مامۆستا ئەمیری حەسەن پوور سەرنووسەری سەرەکی ئەو گۆوارە بوو و لەو ژمارەیە دا بابەتێکی دوور و درێژی نووسیوە بۆ ناساندنی بەڵگەکانی ئەو بزووتنەوەیە [٤] و بە دەرکەوتنی کتێبی مامۆستا ئەمیر حەسەنپوور بە زوویی زۆر لە لایەنەکانی ئەو بزووتنەوەیە ڕوون دەبێتەوە، دیارە ئەوەی کە نەسلی پێشووی کەسانێك لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەکە دا

بەشدارییان بووبێ لە وانەیە لە کۆمەڵی کوردستان دا بگوێزرێتەوە بۆ ئێستا بەڵام نابێ وا بێ چونکوو وەکوو ئەتۆش باست کرد لێرە باسەکە شەخسی نییە بەڵکوو مەبەست لە سیستمێکە. یانی سیستمی ' ئاغا و ڕەعییەتی ' کە ڕەنگە ووردتر بێ لە زاراوەی ' دەرەبەگی ' سیستمێکی چەوسێنەر و دژی ئازادی و دژی ئینسانی بووە و ئەوەی کە کەسێك بۆ خۆی ئاغا بووبێ ئەوە شتێکی دیکەیە، بۆ وێنە ئەمن بۆ خۆم وەبیرم دێ زۆر بە باشی کە دیارە ئەوە لەو چاوپێکەوتنانەی کە بۆ مامۆستا ئەمیریش ناردراوە باس کراوە ، کاك حەمەدەمین شەشەش لە چاوپێکەوتنەکەی دا باسی ئەوەی کردووە، چەندێك لەو تێکۆشەرانەی ناوچەی شامات و محاڵی ئەوانە هاتنە ئەو دێیەی کە ئێمە لەوێ ئاغا بووین، هاتنە دێیەکەی ئێمە و سەرەڕای هەڕەشەی ئاغاوەتی دیکە ئەوان لەوێ بوون و لەوێ حاوانەوە. ئەمن بۆ خۆم لەگەڵ یەکێك لەوانە گەورە بووم بە ناوی مەلا ڕەحمانی پیرە باب، یەکێك لەو کەسانە بوو کە لە گوندەکەی خۆی دەر کرا بوو. ئەگەرچی ئەمن پێشینەی ئاغایەتیم هەیە بەڵام ئەو دەمی هەڵوێستمان دژی ئاغاوەت بووە.

**حەسەنیان:** یەکێك لە لایەنەکانی کە چۆن ئاغاکان هەڵسوکەوتیان کرد بەڕاستی ئەوەی لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینە بوو بە تایبەتی ئەوەی بە جۆرێك لە جۆرەکان بەشداری کرد لەو ڕاپەڕینە دا ، بەڵام وەکوو ڕێبەرایەتیش نەبێ بەڵام ڕۆلێکی تایبەتی گێڕا بێ خەڵکانێکی زۆر دەر کران لە لادێکان. لە ڕیوایەتەکان دا کە دەگێڕدرێنەوە منداڵی چووکە لە سەرمان ڕەق هەڵاتوون.

**قازی:** بۆ وێنە ئاغایەك لە دەورو بەری نەغەدە و مەهاباد دێیەکی ئاوەدان کردەوە بۆ ڕاگرتن و حاواندنەوەی بەشێکی زۆر لەو خەڵکەی کە لە شامات دەر کرابوون بە ناوی دێی ' داشخانە ' ، داشخانەیان ئاوەدان کردەوە بۆ ماڵە دەرکراوەکان

**حەسەنیان:** لە نزیك ' میاندواو ' ە ؟

**قازی:** نەخێر لە نێوان مەهاباد و نەغەدە دایە.

**حەسەنیان:** چونکە ئەوە کاك حەمەدمینیش باسی دەکا دەڵێ لە مەنتەقەی میاندواو بووە.

قازی: نا، ئەو باسی ئەوە دەکا، ئەو ڕوداوەش زۆر چاوڕاکێشە، لەو چوارچێوەیەدا چاوڕاکێشە لە مەڕ هاوژینی کوردەکان و ئازەربایجانییەکان، دەڵێ ژمارەیەك لە کوردە دەرکراوەکان چوونە دێیەك

له دەورو بەری ' مياندواو' لەوێ ئازەربايجانييەكان زۆر بە جوانی وەريان گرتوون و له ژێر تەئسيری فيكری فيرقەی دێمۆكڕاتی ئازەرنايجان دا بوون.

**حەسەنيان :** ئەوەش خۆی بيرەوەری مێژووييە، دەبينی ئازەربايجانييەكانيش وەكوو كوردەكان ئەوانيش حكوومەتەكەيان سەرەونخوون كرا بوو.

**قازی:** ئێستا وەختمان كەم ماوە، ئێستا ئەگەر بتەوێ ئەوقسانەی كە كران كۆ بكەيەوە سەر يەك ، ئايا بەردەوام دەبی له سەر ئەو لێكۆڵينەوەيە يا هەر بەو نووسينە تەواوی دەكەی؟

**حەسەنيان:** ئەم نووسينە وا بزانم پێشتر باسم كرد فەسڵێكە له تێزەكەم. هيوا دارم له داهاتوو دا بتوانم، چونكێ ئەگەر بتەوێ درێژە بەو كارە بدەيت بە ڕاستی يەكێك له بەربەستەكان كاری مەيدانی يە. بۆ منيش كاری مەيدانی كردن له حاڵی حازر دا مەجالی نييە، چونكێ كاری مەيدانی دەبێ له نێوخۆی ووڵات دا بكرێ.

**قازی:** تێزی دوكتورايەكەت چييە ؟

**حەسەنيان:** تێزی دوكتورايەكەم له سەر ڕاپەڕينی گەلی كورد له كوردستانی ئێران دايە بە گشتی له دوای كۆماری كوردستانەوە تا مێژووی ئێستا واتە تا ئەم ساڵانەی دوايی له چوار مەرحەلەی زەمانی جياواز دا. يەكێكيان بە تايبەتی ئاوڕ دانەوەيە له ڕاپەڕينی چووتياران و پێم خۆشە ئەوە زياتر ڕوون كەمەوە بۆچی ئەوەم كردووە بە يەكێك له فەسڵەكانی تێزەكەم ، له بەر ئەوەی دەبينين كە ئەو ڕاپەڕينی جووتيارانە دەيسەلمێنێ كە خەباتی گەلی كورد له كوردستانی ئێران تەنيا خەباتی نەتەوەيی نييە، ئێمە خەباتی چينايەتيشمان هەيە . خەباتی چينايەتيش دەتوانين بڵێين هەرچەند پێشووتر له مێژوو دا له شێعر و كتێبی مێژوويی دا باس كراوە كە تاكە كەس بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئاغا، دەرەبەگ ڕاوەستاوە، بەڵام ئەوە بۆ يەكەمجار بە شێوەيەكی ئاوا بەربڵاو دەستەجەمعی كار كراوە، هەرچەند ئێمە دەڵێين ئەوە ڕێبەرايەتييەكی يەكگرتووی نەبوو بەڵام بە جۆرێك له جۆرەكان ڕێبەرايەتييەكيان بۆ خۆيان دروست كرد بوو ، مەنتەقەيەكی بەربڵاوی گرتەوە لەسەر ئەساسی چينايەتی. مەبەستم ئەوەيە بڵێم ڕاپەڕين و خەبات له كوردستانی ئێران دا تەنيا نەتەوەيی نەبووە، تۆوی چينايەتيشی هەبووە.

**قازی:** زۆر سپاست دەکەم بەڕێز حەسەنیان بۆ بەشداریت لەو بەرنامەیە دا، داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەم.

**حەسەنیان :** زۆر سپاست دەکەم.

**قازی:** بینەرانی خۆشەویست، بەم شێوەیە ' ڕاوێژ' ی ئەمجارەشمان کۆتایی دێ تاکوو ' ڕاوێژ' ێکی دیکە لای ئێوەمان خۆش.

[١] وەستا ڕەسووڵ لە ئاڵبلاغ بە دەستی خەڵك کووژرا . وەستا ڕەسووڵ دوو کوڕی بوو ناویان منستەفا و کەریم بوو. کوڕێکی ئەو کەریمی وەستا ڕەسووڵە بە ناوی کاك عەلی جەوانمەردی ، ئێستا بێژەری دەنگی فارسی تەلەفزیۆبی ئەمریکایە. ڕەحمان محەمەدیان، بۆکان لە سەدەی بیستەم دا (٢)، بڵاوکەرەوەی کولە پشتی، ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی. لاپەڕەی ٨٩

[٢] " لە سەردەمی حزبی هەڵوەشاوەی کۆمەڵە [ی ژێ کاف ] دا، قاسم ئاغا یەك لەو کەسانە بوو کە چوو بۆ مۆسکۆ و فەرمان و میداڵی پێ درا، ئینجا گەڕاوە و ئاڵای کۆمەڵەی نارده بۆکان. دوای هاتنەوەی هێزەکانی دەوڵەت یش ، چەکەکانی بە تەواوەتی نەدایەوە هێزەکانی دەوڵەت و ئێستاش پشتی بە هەمان ئەو تفەنگانە و ئەو دراوە گەرمە کە لە خوێنی میللەت ناویەتە سەر یەك و مەئموورانی سپایی و مەدەنی ترساندووە و کردونیەتە دیلی خۆی .... "
نامەی سەید محەمەد ئەمین هاشمی و حاجی قاسمی کەریمی بۆ ئایەتوڵا ئەبولقاسمی کاشانی سەرۆکی مەجلیسی شووڕای میللی. سەرچاوە : ڕەحمان محەمەدیان، بۆکان لە سەدەی بیستەم دا، پەخشانگا کولە پشتی، چاپی یەکەم ١٣٨٩ . ل. ١١٣

[٣]: " ...... ئێمەی نۆکەرانی شا, ئەو بارودۆخە پڕ مەترسییەمان بە چاو دەبینی و یارییەکانی پشت پەردەمان بە وردی سەیردەکرد و دەمانزانی مێژوو دووپاتدەبێتەوە نەخشەی ساڵی ١٣٢٤(١٩٤٥) بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر دێتەوەدی. ڕەعیەتی هەژاریان فریوداوە و دە داویان خستووە و نزیکە نیشتمانفرۆشان هەوساری کارەکان بگرنە دەست و هەتا ئێمە وەخۆبێینەوە کە نە لە ڕەز نیشانێك ماوە و نە لە ڕەزەوان ....."
سەرچاوە روزنامە کیهان, تهران ، یەکشەمە ٥ مهرماه ١٣٣٢( ٢٧سپتامبر ١٩٥٣ )

[٤] ڕەحمان محەمەدیان. بۆکان لە سەدەی بیستەم دا. کۆی ٨١ بەڵگەنامە، بەرگی یەکەم، پەخشانگای کولەپشتی، ١٣٨٩ی هەتاوی، ٤١٦ لاپەڕە.
ڕەحمان محەمەدیان، بۆکان لە سەدەی بیستەم دا (٢) مێژوو، سیاسەت، فەرهەنگ، ئەدەب، بڵاوکەرەوە ' کولە پشتی، ١٣٩٤ی هەتاوی، ٤٧٠ لاپەرە

تێبینی: ئەو بەرنامەیەی ڕاوێژ لە ١٢ی ئووتی ٢٠١٨ ئاستە کراوە و لە یەکشەمە شەو ١٩ی ئووتی ٢٠١٨ تیلێڤیزیۆنی ستێرك بڵاوی کردووەتەوە. بۆ تەماشا کردنی ڤیدیئۆی ئەو بەرنامە دەکرێ سەری حیسابی ' ڕاوێژ' بدەن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی یووتیوب دا.